شیعر و شاعیریی و خوێندنەوەیەك بۆ بەرهەمە شیعری "بەرەواژ"ی نارین ڕەستەم-١-... سۆران محەمەدەسوورە

-1-

یەکەم: شیعر و شاعیریی

ا

ژانری شیعر ئەمڕۆ لە هەر ژانرێکی تر نزیکە لە تاک، لە ڕووحی تاک گەرا دادەنرێت و دەی ئەنجنرێت. شیعر وا لە شاعیر دەکات تەواو بیرکەرەوەی خۆی بێت. ئەو ژانرەیە کە بەردەوام تەفان بەسەر خۆیدا دادەکات و بەردەوامیش پێووشکێ ئاگرینەکانی بەسەر کڕگەی ئەو کەتوارەدا پەرش دەکاتەوە کە تێیدا دەژێت، هەر بۆیشە شیعر ئەو ژانرەیە کە خۆی دەکوڵێنێت بە خۆی، ئەو ژانرەیە کە هەردەم لەنێو درووستکردنی مەتەڵدایە. بۆیە شیعر مەتەڵی مرۆڤەکە.
شاعیر نانووسێت بۆ ئەوەی ستایش و دەستخۆشیی وەربگرێت، بەڵکوو دەنووسێت بۆ ئەوەی شتێی خۆی پێ فرچک بدات. شاعیر مینا مەڵەتکەیەکی بەزەر لەشیر گیراوە و لەمەکان تارێندراوە. بۆیشە تا دەمرێت ئەم شیرە، ئەم بڕووحییەی، کە دیوەکەی تری ژیانە و شاعیر لەگەڵی لە کێبەرکێدایە، نەک وەک گۆڕبوون، بڕکوو وەک فڕدراو، فڕدراو بۆ ژیان نەک فڕدراو بۆ بەزراو لە ژیان، دەیبینێت. بۆیە هەمیشە بەدوای ئەوەیە کە لەو ژیانەدا لە هەر وێنە و چرکەساتێک، تامەزرۆی مەکەمژیەکی لێبکات، بڕام نەک مەکەمژیەکی وشک، بڕکوو مەکەمژینێکی مەتەڵاویی. بۆیە شیعر دەبێت هەر ئەوشتە بێت کە لە مەرگەوە دێت، نەک لە ڕووناکیی، چون ڕووناکیی ئامانجکەیەتی. بۆ مانایەکی تر بۆ شیعر، دەبێت لە تاریکایی و مەرگدا بۆی بگڕیین. هەر ئەمشە وادەکات شەیدای چنگکردنی جوانیی شیعر بین. چییەتیی جوانیی و نەمربوونیشی نادەزرێتەوە. هەموو شتێک بۆ دەزێنەوە و پگەیشتنی، جادووکەی بۆتاڵ دەبێتەوە، شیعر ئەو ژانرە تاقانەیەیە کە لەدەرەوەی ئەمەوە خۆی دەژێنێت و شاعیریش تەنێ بەزمان دەهێنێت و وێنا دەکات. چونکە ئەوەی کە دەستی شاعیری بەردەکەوێت، شەوە نییە، بەڵکوو ڕووحی شیعرە، هەر بۆیەشە سیلان یەژێت: "شیعر پێوەندی بەدەستلەدانەوە

هەیە". (شێخانی. 2017: 297) ئەوەی دەستی لێدەدرێت، ئەو شیعرەیە کە تا سەر ئاسکان نا، بەکوو بەنێو ڕووحی خەیدا بردوویەتییە خوارەوە. ئا ئەمەیە گەوهەر و جادووی ئەم ژانرە.
شاعیر زاندنی ئەو هاوڕدانیە بێ دەستلێدان، دەستلێدان هاوکاتە بە زاندنی شاعیر و کەوتنە نێو ژیانەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لە ڕووحی خودایان و دێبلندیی خۆی غەیانەت بکات. لە ڕگەی شیعرەوە "کردنەوە" دەکەوێتە مانای خۆی، کەواتە شیعر کردنەوەیە، کردنەوەی دەرچەیەکە بەووی ئەو ژیانەدا، کە ئەمە تێیدا لە تەقەڵا داین بۆ ئەوەی ژیان بژنین. لەنێو پانتایی نووسینیشدا هەر شیعر ئەو ئەرکەی وەئەستێ گرتووە. بۆیە ئەمە ئەرکێکی خودایانەیە. بەڵام ئاخۆ هاوڕدان و نووسین دەبێت بەرەو کۆی ئاسوودەیی ئەو ژیانەمان بەرێت کە دەمانەوێت بیژنین؟ ئەمە پرسیارێکە کە شاعیر بەجێی دەهێڵێت و لێدەگەڕێت ئەوەی کە زایەندراوە، ڕیسی گەوهەری خۆی بێت.
شیعر وادەکات بۆپسانەوە شاعیر، شاعیر بێت، چونکە شاعیر هەڵگیراوەی شیعرە و دێیکاتێ منداڵی دمدمیی، کە هەردەم بەماڵێ و ئاواییی شێیتانی وەک ئەو ناگرێتە خۆی. بۆ؟ چونکە ناکرێت منداڵی پرۆمیسەس و دیانیسەس بیت و ئاوایی لێبارت بکرێت. کەوایە شاعیر ئەمڕۆ بەرپرسیارە لە ژیاندنی ئەو ژیانەی کە دەمانەوێت تێیدا ڕابمێنین و بیژنین. شاعیر ئەو مرۆڤەیە کە هەوڵدەدات، دەست بۆ ئەو مەتەڵ/ هەڵنەهێنراوەیە بەرێت، کە شیعر و ژیانە. کەوایە شیعر و ژیان یەک واتان. چونکە شیعر هەردەم وەک منداڵێک، کە ئاوایی نەیگرتووەتە خۆی سرک و بۆپسانەوە، لاسارانە ژیان دەژنێت. بەبێ شیعر مرۆڤ کەرتێکی داگیرکراوە لەلایەن شتەکانی دەوروبەریەوە. وەک لە دیمانەکەی نێو بەرەواژدا، شاعیر نموونەی کوپە شیرک لە ژیانی منداڵییدا دژنێتەوە و دەڵێت: "شاعیر بە کوپکی پەوە دەست دەکات بە نووسین، دەبێ لەوە بەئاگا بێت تا دەگاتە لای خوێنەر، بەتاڵ نەبێتەوە." (ڕەستەم. 2021: 60)

ب
مرۆڤ بە کەوتنە نێو ژیانیەوە بێ لێدایکبوونیەوە تووشهات و سەرگەردان بوو، هەر بۆیەشە تا ئێستاش پرسیارەکانی ئەو مرۆڤە هاوەدراوە، فڕێدراو و نەفرەتلێکراوە، هەمان پرسیاری سەرەتای ئەفسانەکانە، پرسیاری گەلگامێش، لەرە چیدەکات؟ تەبای کێیە؟ مردن چییە و ژیان چییە؟ دڵگڕانەت بەدوای ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە ئاخۆ دەکرێ نەمریی بەدەست بهێنین؟ مرۆڤ چییە و دەکرێ واوەتر لەو مرۆڤ بڕین و فانیی نەبین؟ ئاخۆ ئەو مرۆڤە کێیە کە دەپرسێت و مەتەڵ هەدەهێننێت و دادەهێنێت؟

ئەم مرۆڤە جگە لە شاعیر کەسێکی دیکە نییە. چونکە شیعر، لە لێدایکبووونی یەکجارەکیی هەڵدەگرێتەوە. بۆ؟ بۆ ئەوەی لێدایکبووونەوە بکاتە سووڕی نوێبووونەوە. بۆیە گۆڕانی زمانیش، ڕێتم و سیستەمێکی وەها لە خۆیدا بەرهەمهێناوەتەوە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی هەمیشە مرۆڤی نوێ، چاخ و سەردەمی نوێ بۆ جیهانێک ببەخشێت، کە مایل بە ترازانە. لەوا، زمانی مرۆڤ زمانێکی شیعریی سەرشتێ و بۆهیچ ڕاستاییەکدا پەنهانایەنێت ئەگەر لەگەڵ خۆی ڕاپێچی نەکات. هەرچەندە پرسار لەلای زۆر لە مرۆڤەکان هەیە، ئەمە شتێکی غەریبە و غەریب نییە. بۆ؟ غەریبە بەوەی کە منداڵیی هەر کەسێك شاعیرێك تێیدا جەماوە، بەڵام خۆڕانەهێنراو و لەخۆنەگەیشتوو. غەریب نییە، چونکە شیعر منداڵیی شاعیرەکەی خۆی نەکوشتووە، هەڵی گرتووەتەوە و ڕۆژ و ساڵان بۆپسانەوە لەگەڵ ژیان لە پەیوەندیی دەستلێداندا هەشتوویەتییەوە، دەستپێکی ئەم هەنگاوەش لەگەڵ چارنووس بڕانبڕکێیی و زۆرانبازییەیە، دەستپێکێک، کە نە پادشایی و هێز، نە ئۆنکیدۆ"هاوە" و نە کەمەنگێ لەی دەستبەر ناکرێت، بەڵکوو ئەوەی دەکرێ سەبووریێک بەم مرۆڤ/منداڵە سەراسیمەیە بداتەوە؛ شیعرە، کەوایە شیعر بە لەدایکبوونەوە دەژێت، لەکوێدا لەدایکبوون نەبووە پرسی شاعیر، لەوێدا منداڵیی شاعیرێکی جەماوە، دەبێتە شتێکی غەریب، کەیش لەدایکبوونەوە بووە سووڕی ژیانی بەردەوامیی شاعیر، لەوێدا منداڵیی شاعیرێك هەیە، کە بەردەوام لە پەیوەندیی دەستلێدان بەژیاندنەوە دەژێت. کەوایە شیعر دەتوانێت مرۆڤ لە لێدایکبوونە چارنووسخوداییەکەی بستێنێتەوە و لە ڕەگەیەوە خۆن و پرسیارەکانی خۆی بخزێنێتە نێو ژیان و ببێتە دیوی ئەودیوی ژیانی هەرەوەزیی، لێرەوەیە کە "شیعر عیلەتێکی ترسناکە" (هاو. 2016: 65).

ئەمە بەناو شاعیرانمان خۆریکی هەڵقوڵاندنی ژیانی تێکڕایین، واتە بۆهیچ شێوەیەك ناتوانن لەنێو بازاڕی قسەی سووادا، تەنها خۆسنووردارکان بێنە دەرەوە، ئەمەش وادەکات لەدایکبوونەوە نەبێتە پرسی شیعرییان، کە ئەمەش ڕوونەدات، ئەوە شیعر وەك لەدایکبوون خۆی بەبەریی دەکات لەو مرۆڤە، کە گەرەکیەتی نانەزگێنیی بە شیعرەوە بکات. گەوهەری "شیعر ئەو شتەیە کە دەکۆشێت بۆپسانەوە خۆی لە شتەکانی دیکە جوودا بکاتەوە" (کارسون. 1397: 64)، شیعر بازاڕی بژێویی نییە، کەچی بازاڕی ئەوان بازاڕی هەرەوەزییە.

لەو دەمەی شیعر دەبێتە ستاندنەوەی ڕووحی هەرەوەزیی لە شاعیر، چونکە شیعر هەڵگرێنی زمانە، بە ماڵە ئەبەدییەکەی شاعیر، ئەوە ڕەك شاعیر هەمان چارەنووسی ئەدیپستی پێدەبڕێت. چارەنووسێك کە لەمنداڵییدا بە پەیوەندیی بە دەستلێدانەوە بە ژیان مەراییکراوە و

منداڵیی شاعیریش، ئەو مرۆڤە ژیاندۆست و مەیلەژیانەیە، کە بەم بەدبەختیی و بێپەنایییەی، مینا کەسێک، کەسێک بەم هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەی، ئەوا دەیانەوێت دنیایەکەی خەیانی بەووودا بکەنەوە، کە لێی بێبەرییە؛ ژیانێکی ناشاعیرانە، ژیانی ناشاعیرانە واتە دابڕانی هەمیشەیی مرۆڤ/شاعیر لە پرسیاری منداڵیی خۆی لە ژیان و دونیا. بەڵام شاعیر بۆیە بەرنەفرەتکەوتووە، چونکە شەیدایە، شەیدای ژیان و بێندانەکە بەرگەوە/ بە هەردەم لەدایکوونەوە مەیلی بکات، بەڵام هەردەم لە دەستپێکانگەیشتندا بێت، بۆیە هەردەم شاعیر دووبارە لە پەناگەی ئەوانی تر -بازاڕ و هەرەوەزیی-. ئەو بێ بەردەوام ژیاندنەوە، دەبێت دەنگی خۆی بەسەر ژیان و گۆی دونیاوە زایەڵەدار بکات.
شاعیر ئەم مرۆڤە دانەسکناو، ئەڵبەر و بێنوانووەیە، کە هەردەم بانگەشەی نوێبوونەوە، جیاوازنووسین، کاژ فەدانێک دەکات و دواجاریش لەسەر هیچ تەنافێکی نمایش نییە، بەشوێک دەکرێ بەین: ئەو شاعیرێ ئەو کەسێ نییە، کەچاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت، ئەبازرگ، یان ئەبەردکی هەقیقەتدزەرمان پێبناسێنێت و پێمان بڵێت، ئەوە منم، کە دەرگاتان بۆ دەشکێنم، نا. بەکوو ئەو منداڵییە گەورەبووەیە کە چارەنووسی نەمریی شیعر چاوی بەزەیی لێستاندوونەتەوە. هەر ئەمەشە ئەم پەیوەندییەی شیعر و شاعیریی، لەگەڵ شیعر و منداڵیی ئەدیپەست لێکگرێدەدات.

ج

بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەیلی ئەدەبی شیعری کوردیی، لەلای دوو لایەن دەگیرسێنەوە، لە لایەنی یەکەم تەدگەین کە تێگەیشتنێکی زۆر سوواو و مردوویی بۆ شیعر هەیە، تێگەیشتنێکە دەتوانین بۆ هەڵاتن لە شیعر یان مردووشۆریی ناوی بنێین. ئەم مردووشۆرییەی شیعری کوردیی لەخۆرپەچانەوەی لایەنی بازاڕیی و لایەنی هەڵگرتنەوەیە. بۆیە تێگەیشت بۆ شیعر، تێگەیشتنێکی هەرەوەزییە و لە گۆهەر یان چییەتی شیعر دەسەمەتەوە. شیعری ئەم قۆناغەی کە بۆ شیعری گۆنج ناوی دەهێنرێت، بەشێکی هەرزەری بریتیی شنگەیی و نووزانەوە و هاوکات مردووشۆریی، کە بەجێگەیاندنی وەسیەتنامەی هەمان نەریتی باو، هەمان ڕیتم، شێوە و زمانی شاعیرانی باوە، کە ساڵانێکە تاقەتمان لەم بەردەوامنووسینی ئەم لایەنە چووە.
هەبەت لەتەك ئەم لایەنەدا، کە بە هەڵاتن لە شیعر ناومان هێنا، لایەنێکی تر خوویایە، کە بە لەدایکبوونەوە ژیان دەژنن. ئەمە لێرەدا ئاماژە بەو ناو و بەرهەمانە نادەین، بۆ ئەوەی خوێندنەوە بۆ بەرهەمەکان ببێتە سەرباس، نەك ناوهێنانیان، بۆیە ئەمە لێرەدا

تەنێ ئەم بەرهەمە شیعرییەی "نارین رێستەم" بەر چاو دەخەین و لەم نووسینەماندا دەپەژێنە سەری.
بەرهەمی شیعری باش هەمیشە ئاو بەختەم پێدەدات کە بیری لێبکەمەوە، بخوێنمەوە و بنووسم. ئەم بەرهەمە شیعرە "بەرواژ" بەرهەمێکی شیعرییە و نە شیعر و گفتوگۆیەکی لەخۆگرتووە. بەرهەمێکە بە قەبارە گچکە و بە باڵای شیعر دەوەمەند و تەر. ئەم بەرهەمە ساڵی 2021 چاپ بووە و لە بڵاوکراوەکانی نووسیارە.
ئاوەڕۆی لەم بەرهەمەدا "بەرەواژ" دەیینین غروورگرتنی شاعیرێکە بەدەم تەفانی دەڕەقیی سەردەم، کە هەم ناسکیی خۆی وەک شاعیرێکی باو دەکوژێت و هەم تەگەیشتنیشی بە شیعر دەباتەوە لایەک کە زۆربەی شاعیرانی ئەمڕۆ پێنای لێدەگرن. بۆیە خوێندنەوەی شیعر و بەرەواژ، کاوەژنیەکە بە ژیانی تاریککراوی خەمان. ژیان، کە لەمڕۆدا بە دەنگوباس، مۆبایل، مۆکیاژ، بوودڕووبوون، فیلمی تووركیی و مردووشڕیمان گۆیوتەوە.
شیعرەکانی نێو ئەم بەهەمە لەنێو واقیعی ژیاندان، بەڵام نەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. ئەگەر لە شیعرەکان ورد نەبینەوە و بەسەریاندا تێبپەڕین، ئەوە بەر ئەم واقیعە ناکەوین، چونکە ئەم واقیعە بەرگێکی سووریالیی لەخۆیدا وەرپێچاوە. هاوکات سووریالیی و واقیع تێیدا وایکردووە، کە شیعرەکان لەنێو مەترسیی ڕۆژی ڕەشدا، ترس و دڵەاوکێ، یان تراژیکمیدی بن. بۆیە دنیایەکی سارد و بزربوون، ترس و گرمڕەبوون بووەتە کەشی شیعرەکان. بۆیەشە دەبینین هەندێکجار تەنانەت گرتێسك "عەجیب و غەریب" ئاوقای خۆنەر دەبێت و بینەقاقای دەگرێت.
ئەگەر بێت و باسی ئەو دەنگانەی شیعری کوردیی بکەین، کە دەکەونە نێو ڕۆبازی سووریالیزمەوە، ئەوە بەگشتیی دەنگێکی نێر دەبیسترێت، بۆیە نارین ڕاستەم یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بکوژ، یان کەلێنی ئەم دەنگە گشتییەی نێرە، هەرچەندە خۆی وەك دەنگێکی ژن ئینکاریی دەکات، چونکە شیعر ڕەگەزی نییە. لە شیعری "شەرەپشیلە"دا، کە خاوەن فۆرم و تەکنیکێکی جوان، ناوەرۆکێکی قووڵە دەڵێت:
"لە کن عەریزەنووسی ناسنامە
کە قەڵەم گەیشتە سەر ڕەگەز
سەرەوخوارم کردەوە،
فرمێسکێکی لێ کەوت:
نییەتی.
دەرکراین." (هەمان: 30)
ئەم کۆپلەیە چەند لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت، کە دەکرێت ئەم کۆپلەیە لێدان بێت لە جیاوازیی ژن و پیاو، هاوکات لێدان بێت لەو

جیاوازییەی کە لەنێو دونیای ڕۆشنبیری کوردییدا بەنێوی خانمەنووسەر سەری هەڵداوە. سەرباری ئەوە هەخنە لەوە دەگرێت ئەگەر جیاوازیی هەگەزیی هەبێت، ئەوە هەگەزی سێیەم، یان با بڵێین "نێرەموك" لەسەر ناسنامەکەی دەبێ چی بنووسرێت! کە ناشنووسرێت.
لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمەش ئەو جیاکارییەی ژنەشاعیر بەهەند وەربگرین، ئەوە دەبینین بابەتی شیعرەکانی ئەو خانمەشاعیرانە زۆر لێکنزیکە، دڵداریی بەشە هاوبەشەکەیەتی یان هەر لە بابەتی کچێنیی، عادەبوون و شەوی بووکێنییدا ماوەتەوە. تەنانەت ئەگەر پەیبەتەوە بێ بابەتی نیشتیمانیی و ئازادیی ئەوە جەلاد و چەوسێنەرەوە هەر تەنیا داگیرکەرە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بەرەواژدا ئازادیی، جەلاد و داگیرکەر دەسەڵاتی خۆیەکییە، بابەتەکانی کچێنیی، عادەبوون و فێمینیستبوون لەگەڵدا نییە، تەنیا دەنگێکی شیعریی هەیە، دەنگێك کە بە ئارەزوو بێ ژیان بارگاویی کراوە. بۆیە بە خوێندنەوەی بەرەواژ یەکڕاست لەنێو شیعردایت، لەنێو شیعردابوون لەنێو ژیاندابوونە. سوودوەرگرتنیشی لە سووریالیزم، یان سووریالیزم بوونی، ئەوە لەپێناو خزمەتکردن و نوێخوازییدا قووچ دەبێتەوە، "گۆران"ی شاعیر هەرچەندە کە خۆی شیعری سووریالیزمی نەنووسیووە، بەڵام بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە بێ ئەوەی ئەدەب تازەبکرێتەوە ئەوە سووریالیزم دەبێتە هۆی ئەم لایەنە گرینگەی ئەدەب. (پیربا، 2021: 129) هەبەتە ئەگەر ئەو جیاکارییە هەگەزییە بکەین، ئەوە "نارین" وەك یەکەم شاعیر لە بەستێنی ئەدەبی سووریالیزمی کوردییدا دەگیرسێتەوە. هەر بۆیەشە ئێم بڕەمە هەر لێ پزدانیدا، شاعیرێك/منداڵێکی کونجکاویی و زیت، چاوکانی دێ دنیای دونێ، ئەڵێ و بیانی بیو.
ئەم منداڵەی کە لەنێو ئازار، ساردیی و دڕندەییدا لەدایکبووە، بەڵام نایەوێت نێ خۆی لەنێوبان بکات و نێ خۆیشی تەدا سووگووم بکات، بەڵکوو دەیەوێت لێ ساتەوەختەکانی سەردەمکۆی تێبگات، ئەو تێنووێتییەی هەیە بێ تێگەیشتن، واتای ئەوە نادات کێ دەزانین بەڵکوو واتای ئەوە دەدات لێی تێبگەین، ئەمەش وادەکات لێ مڕگەسات، ئاڵۆزیی و دڕساردیی ئاوازی سەردەمی خێت وەخێ بکەوێت و دەنگێك بخەیتە گوێچکەی سەرگەردانیی، خەمساردیی و نەبانیی ئەوانی دیکە، خودی ئەمەش تێگەیشتنێ لێ شیعر.
خاڵێکی سرنجراکێشی دیکە بە بەراورد بە شاعیرانی تر ئابوردووە، بێ ئەمکبوون بەرانبەر ئابوردوو لێ شیعردا، نمەککردنی ژیانێ. شاعیر لەهەر کەسێکی تر بەتەنگاوەترێ بێ بیرکردنەوە لێ ئابوردووی خۆی، چونکە بیرکردنەوە لێ ئابردوو خۆتێگەیاندنە لەێ ئێستا، خۆتەیارکردن و خەماندنی داهاتووە. هەر بۆیە ژیانی ئابوردوو،

لەلای شاعیر گرینگییەکی زۆری پێدراوە، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ئێستا و داهاتوو بووەستێنێت، فەرامۆش بکات، ئەمەش بە هەبوونی هەخنەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دژ و ژینگەی سەردەم، بەتایبەتیی لە شیعرەکانی "شەپشیلە، ئێکسپایەر و بووکەڵەی سووپەرمان تاد دا.

دووەم: ئەشکەوتەکەی نارین ڕەستەم
"بووکەڵەی سووپەرمان" وەك نموونە
هەر منداڵێکی کورد، لە خەیاڵدانیدا سووپەرمانێك هەیە، دەیەوێت هەردەم بەهانای دیترانەوە بچێت، ببەخشێت و جیهان لەدەستی شەیتان ڕزگار بکات، بەڵام منداڵە سووپەرمانەکەی شیعری "بووکەڵەی سووپەرمان" سووپەرمانێکی تێکشاو و شکستخواردووە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە سووپەرمان بانمرۆڤ و شکستنەهێنەرە.
"جامخانە بە تۆپێکی فووتبۆڵ زرمەی لێ هەستا،
بووکەڵەیەکی سووپەرمان دەرپەڕی.

بەسەر کۆگەیەکی وشکدا دەفڕێت
هەور دەگوشێت، بروسکەیەك فڕێ دەدات و
هیچ نابارێت." (هەمان، 20)
شاعیر، تێڕوانینێکی هەشبینانەی بێ کۆمەڵگەی کوردیی و دونیای کوردیی هەیە، لەم کۆمەڵگەیەدا تەنانەت ئەگەر سووپەرمانیش بیت، سووپەرمانێکی شکستخواردوویت و دەرنابەیت، هەر بۆیەشە شاعیر سوود لە وشەی بووکەڵە وەردەگرێت و دەیخاتە پێش وشەی سووپەرمانەوە. بە مانایەکی تر، ئەگەر بیبەستینەوە بە کۆمەڵگەی کوردیی، ئەوە ئەم کۆمەڵگەیە بەو دژە جڵگیر و نەزۆکە ڕازییە، پرسیاری نییە و ناشیەوێت کەسێك پرسیاری لێبکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو کۆمەڵگەیە باوەڕی بەوە هێناوە، کە ناتوانێت و ناشیەوێت بگۆڕێت.
"زیندانێکی نهێنی دەدزێتەوە،
گوریس هەڵدەدات
زیندانییەکان دەیکەن بە جڵانە." (هەمان، 20)
لەم کۆپلەی سەرەوەدا، دەبینین کە سووپەرمان پەتێك بۆ زیندانییەکان هەڵدەدات، بەڵام زیندانییەکان لە خەون و بیری ئازادییدا نین، بۆیە پەتەکە دەکەنە جڵانە. ئەگەر بەراوردی بکەین بە شکەوتی پلاتۆن، ئەوە لە شکەوتەکەی پلاتۆدا کەسەکان زنجیرکراون و ناتوانن ڕوو وەربچەرخێنن، واتە بیرکردنەوە و زانینیان نییە، یان کانتۆکراوە، بەڵام لە زیندانەکەی نۆو شیعری "بووکەڵەی سووپەرمان"دا زیندانیەکان زنجیرنەکراون، واتە دەتوانن بیربکەنەوە، کەچی لەگەل ئەوەشدا نایانەوێت بەرەو ڕووناکیی، بەرەو

زانین بۆن، ئەمە گوزارشتکی ئەمۆیی دڵخی کۆمەگەی کوردییەۆ، کە دەستبەسەر نییە و خۆی دەستبەسەر کردووە، کەواتە دەستبەسەریی هەقیقەتی ئەوە. کەواتە ئەم زیندانیانە لەنۆو ئەم هەقیقەتەدا کە ئەگەر تاۆیش بۆت، هەر بۆی شیرینە، خۆشخەیاۆترە، چونکە مەحکوومە بە خۆدەستبەسەریی، بەوەی کە زانینکی هەیە کە قەدەریەتی لە زیندانداا بژۆت. هەر بۆیەشە ئەم سووپەرمانە لەوەها کۆمەگەیەکدا دەبۆتە بووکەۆە، هەرچەند ئەگەر هەور بگوشۆت و بروسکەش بهاوژۆت، ئەوە کۆمەگەیەکی وشك هەیە و هیچ دڵپکك ناباڕۆت، هەبەت ئەگەر بیبەستینەوە بە کوردەوە، ئەگەرنا ئەم ەشبینییە گشتییە و تایبەت نەکراوە بە کورد، بەڵام ئەمە دەتوانین دەرك بەوە بکەین، کە کۆمەگەی کوردیی، کۆمەگەیەکی داۆووخاو، ملکەچبووی نۆو خۆافیات و وەهمە، دەستبەسەرە بە وەهم و دابونەریت.

“لە قاوەخانەکان…
بە ەحەتی قاوە دەژنن دەمی پکەنینەوە،
نەوەك بخەوۆت:
دەیخواتەوە و ھنج دەدات
سووپەرمان، پەتیەکی پدا دەدات.
لەناو جامخانە شکاوەکە دەنیشۆتەوە،
پارچەشووشەیەك هەدەگر
قڵی هەدەکات، دەماری نییە.” (هەمان: 20)
ئەوەتا بە ەحەتیی قاوە دەژنن دەمی پکەنینەوە، کە نەخەوۆت، کەچی ھنج دەدات، پکەنینیش نەك سارد و وشك، بەکوو سووپەرمانیش دەستەوەستان دەبۆت، قڵی خۆی بۆ خکوژیی هەدەکات، بەام چیبکات، سووپەرمانەکەمان بووکەیەك زیاتر نییە تا دەماری هەبن.

ماویەتی…

گوتاری شیعری لای (د. وریا عومەر ئەمین)… غازی حسەن

ناونیشانی لکۆینۆ (گوتاری شیعریی الی د. وریا عومەر ئەمین).

□□بازی لەکۆینەوە
شیکردنەوەیەکی وەسفییە، گوتاری دەقی شیعری شی دەکاتەوە. ئەم لێکۆینەوەیە
هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی زمان و دەق و گوتار بەیەکەوە.
بایەخی ئەم لێکۆینەوە لەوەدایە لایەنێکی پراکتیکی شیکردنەوەی دەقی شیعریی و
چۆنیەتی بەرهەمهێنانی گوتاری شیعریی بەرجەستە دەکات و کار لەسەر ئەرکی زمان
لە بەرهەمهێنانی دەق و گوتاری شیعریی دەکات.

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن...

GhaziHassan_WryaDownload

کۆک لە یادی ١٢هەمین ساڵڕۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە ئوستورالیا



“کودەتای پڕستگا”.. شەماڵ بارەوانی

کتێبەکە حەقیقەت .شایەنی هەوڵستە لەسەرکردن و خوێندنەوەیە، “کودەتای پڕستگا”چارەسەرکی بوونگرایانەی ئاینە.
بە هەگچارەیەکی وجودیانە بە ئایین و هەگەانەو وەرگەانەو کودەتاو شەشک لەدژی کاهینەکان و مەعبەدکان، لەفەندەمێنتالیزم و سەلەفیزمی ئایینی، لە کەلەپوورو ابردووگەرێتی، لەتراژیدیای ئایدیەلەژیاکان، لە دەگم و تەگەیشتنە سەتحیەکان، لەو مەعبەدانەی پێن لە دەمارگیری ئایینی و اسیزم و ق، خاین لە خەشویستی و مرۆقایەتی.

“کودەتای پڕستگا”
پێمان دەبێت چارەسەرکی وجودیانە بکەشکانی مرۆقایەتی بدەزینەو و بە وجودیەت کەشکانی مرۆقایەتی چارەسەربکەین.

شەشکی وجودیانە، شەشک ویژدان بنەمای بەت، شوشک مرۆڤ بکات بە پوور، شوشک تێگەیشتنک بنەتە بوون، چیتر بوونی مرۆڤ پش ماهیەتی بخرەت، مرۆڤ پش ئاین، مزهب، نەتەوە و ەنگ و گزکی بخرەت و تنها مرۆڤبوونی مرۆڤ بە پوور و چاو بکرەت و لەبرچاوبگیرەت، مرۆڤ یەکمین و دواهمین شت بەت.

"کودەتای پرستگا"
پمان دەت پویستمان بە ئاینکیترە، ئاینکی وجودی، ئینسانی و ئخلاقی، ئاینک پرستگاکی دە بەت و کعبکی مرۆڤ و پغمبرکی ویژدان.

ئاینک وجودی مرۆڤ لەبرچاوبگرەت، چاوی خواست و حزو ئیرادە و ماف و ئازادیکانی تاک بکات و بوونی مرۆڤ بە تەواوی مانا بەرزو پیرز بنرخنەت. چیتر بە ناوی ئاینەوە لە ئازادی مرۆڤ نەدرەت، ئازادیکانی تاک دەستی بسەردانگیرەت و سربستیکانی ژن دەستبسەرنکرەت و مرۆڤبوونی مرۆڤ پشێ نکرەت. ئاقی مرۆڤ لەقاب نەدرەت و ویژدانی مرۆڤ خەفەنکرەت.

چیتر لژر ناوی مزهب و لژر پردی ئاین و بە پاساوی ئاینی مرۆڤ بە کیلە و بکانیزە نکرەت. خنە بەقە و جیاوازیکان دەمکوت نکرن.

ئاینکی وجودی، وجودیەتک، مرۆڤ بکات بە گوهری ژیان و سنتری بوون. ویژدانی مرۆڤ بکات بە ئایین و دە بە پرستگا.
وجودیەتک، هگری پیامکی ئخلاقی و ئینسانی بەت، لخمی مرۆڤکان کم بکاتەوە و ئازارکانیان سبکات و لە کیلایەتی فیکری و جستەیی و دروونی زگاریان بکات.

مرۆڤکان لە ئشکوتی تێگەیشتن و بیری دگمایی و چقبستوویی دید و بستەکی ئقە و لە دەستی پرستگاکان زگاربکات و مرۆڤ بنەتدەر و تکە بە فزای ژیانیان بکات.
مرۆڤایەتی لگشی معبدکان قورتاربکات، ئو معبدانی بژ ناوی خداوەند بەرز ادگرن و بشو مرۆڤکانی لدەدزن!

ئو پرستگایانەی لەلایک بانگشەی خشویستنی خداوەند و مرۆڤایەتی دکن، لەلایکیترەوە تی دمارگیری ئایینی و قی مزهبی و پتای پرتەوازەیی لە نەوان مرۆڤکان بەو دکنەوە!

"کودەتای پرستگا"

پەمان دەبەت مەعبەدکان بنەمای هەموو کۆشکانن، بتوەت باوەڕبەخنیت و باوەداربیت، مەرجی یەکەم بۆ باوەڕبوونتە بە مەعبەدکان.
کفرکردن بە مەعبەدکان و جادانی بە باوەڕی لە هەمبەر مەعبەدکان، ڕوکنی باوەڕ و پشمەرجی ئیمانە.

کودەتای پەرستگا"
پەمان دەبەت ژیانی ئەمە بە فیقە و فەتوا و تێگەیشتنی کاهینەکان لاقەکراوە. ژیانمان مەحکومە بە فیقە و بڕیار و ئەحکامی فەقێ و پیاوانی ئایینی و کاهینەکان. بە شافیعی و ئیبنولتەیمیەکان. بە عن عنەو قیلەو قالەکان.
نەک فەلسەفە و فەیلەسوفەکان ،بە ئیبنولباجە و ئیبنولتوفەیلەکان. بەعیرفان و عاریفەکان، بە مەلاناو هەلاج و ئیبنولعەرەبیەکان.

"کودەتای پەرستگا"
وەکو کیرکگاردسەرین پەمان دەبەت (گرنگ نییە، باوەڕمان بە چی هەیە، گرنگ چۆنیەتی ئەو باوەڕهێنانەیە)،

تاچەند باوەڕەکەت، لەگەڵ مرۆڤ دۆستی، لەگەڵ ژینگە دۆستی، ژیان دۆستی و ئاژەڵ دۆستی، لەگەڵ مرۆڤ دۆستی دەگونجێت و بڕکەوتنی لەگەڵ ویژدان و مەڕاڵ و ئەخلاقی مرۆڤایەتی نابەت.
تاچەند باوەڕەکەت جێگای فرە باوەڕی تێدا دەبێتەوە ئەوەندە لە باوەڕەکانی تر دەگرێت. ئەوەندە لە ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ویژدان و هەڵبژاردنی ئەوانیتر دەگرێت. باوەڕەکەت تاچەند باوەڕی بە پەکەوە ژیان و بیری ناتوندوتیژی و تولەرانس و ئەبازی مرۆڤایەتی هەیە.

تاچەند باوەڕی بە پلوالیەتی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، ئەوەندە گرنگە. جا خوام دەکرد باوەڕ و ئەقیدەکەت، ئایین و ئیمانەکەت، مەزهەب و قەناعەتەکەت بردەک، خاچەک، بتەک و درەختەک دەبوو. گرنگ ئەوەندە لە مرۆڤایەتی بگریت و باوەڕت بە خۆشەویستی و برایەتی و تەبایی و یەکگرتوویی نەوان مرۆڤەکان هەبێت.
Shamal Ismael Kareem
نەک ئەقیدە و باوەڕەک بێت، لە پێناویدا، سەری مرۆڤەکان ببڕدرێت و خەڵکی پە بکرێت بە کێلە و پێی لە مرۆڤایەتی و کەرامەت و ئازادی و ژیانی مرۆڤەکان و ئەقڵانیەت و شارستانیەت و هەموو بەها و جوانیەکی بوون و مانایەکی ژیان بدرێت وجودی پە وێران بکرێت.

“کودەتای پەرستگا”
پەمان دەبەت ئەمە نوێژخوێنمان بۆدەست هەنا،وەلێ نوێژکەمان لێدەستدا.
مەعبەدمان بۆنا، ئەفسوس مرۆڤایەتیمان ماند،“

کودەتای پەرستگا”
وەکو هەرمان هسە دەبەت(ئاوەی دوێنێ خەمربوو، ئەمڕۆ بووە بەخەل).
ئاوەی پەشووتر تابوو بوو، ئێستا ڕەوایە.
مرۆڤ لە جیاتی ئاوەی بەناوی خوداوەندێ ئازادبکرێت، کەچی بە پێچەوانەوە دەکرێت بە کۆیلە.
ئایین لە ئایینی خوداوەند و مرۆڤایەتیەوە، بووە بەئایینی کاهین و فەقێکان.
مەعبەدکان بوون بە جۆرێک لەفرۆشگاو دووکانی سیاسی و مالی بازرگانی کردن. باوەڕ بووە بەبە باوەڕی.

“کودەتای پەرستگا”
پەمان دەبەت دەبە لە مەعبەدکان بەندەر و بەین بەناو وجود، تەنها بۆدەرچونت لە مەعبەد نەبەت، لە وجودی خۆت تەناگەیت.

“کودەتای پەرستگا”
پەمان دەبەت گەلان بە دوای ئیسلامدا لە بەدبەختی سەلمان فارسیێ، نێك لە ناو دووتوێی کتێبەکانی ڕازی، لە مەنفای ئەبی زەڕ، نێك لە قوڕیشی بوونی خەلیفەکان، لەکوخەکەی عەلیێ، نێک لەناو کەشک و تەلاکانی مەعاویه.
لەسەرخاچەکەی هەلاج، نێك لە ناو ئەقیەتی ئیبن سینا.

“کودەتای پەرستگا”
پەمان دەبەت خوداوەند پەیستی بە دروستکردنی مەعبەد نییە، بەکو ئەو پەیستی بەدروستکردنی مرۆڤ.

“کودەتای پەرستگا”
پەمان دەبەت لە تەکستەوە بە وجود، لە مەژووەوە بەواقیع، لە داخران و تاکەهەندی جیهان بینیەوە، بە ناوئاپڕای ماناکان، لە خەتمی نبووەت و قفڵکردنی فیکرو قەدەخەکردنی تەئویلکردن و داخستنی دەرگای تەفسیرە نوێکان، بە کرانەوەی ئەقڵ و کردنەوەی لوغز و کەدی چەمکەکان و سەرەتاو دەسپەکێکیتری خوێندنەوەی دەقەکان.
لە تەتالیتاریەتی ئایینیەوە، بەرەو پلورالیزمی ئایینی.

“کودەتای پەرستگا”

پەمان دەڵێت کێشەکە ئەوە نییە، کەمرەفەکان لەئایین دەرچوون، بەڵکو تراژدیایەکە دەرچوونی ئایینە لەمرۆڤ بوون.
"کودەتای پەرستگا"
پەمان دەڵێت:سودی چییە ئاینت هەبێت و ویژدانت نەبێت. مەزهەبت هەبێت و مرۆڤ بوونت نەبێت. سودی چییە ئایین لە جیاتی ئەوەی مرۆڤ ئازاد بکات و بەرگری لە ئازادیەکانی تاک بکات، بە پێچەوانەوە مرۆڤ بە ئایین بکرێت بە کۆیلە و لە ئازادیەکانی بدرێت.

"کودەتای پەرستگا"
بانگەوازیکردنە بە ئایینێکی تر و ئاشنابوون بەخوداوەندێکیتری جیاواز لەوەی کاهینەکان و مەعبەدەکان بە خەڵکیان ناساندووە. ئەو مەعبەدانەی ڕۆگەی خودا ناسی و ئینسانیەتیان لەبەردەم مرۆڤەکان شێواندووە وندکردووە.

"کودەتای پەرستگا"
داوای ئایینێکیتردەکات، ئاینێک مرۆڤ تێیدا گەوهەربێت.
ئایینێک لە جیاتی ئەوەی ڕێ فەری مرۆڤەکان بکات، فەری خۆشەویستی یەکتریان بکات. لەجیاتی ئەوەی داوای بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکان بکات، مرۆڤەکان لە کۆیلایەتی ئازادبکات.
ئاینێک، ڕێز لە جیاوازیەکان بگرێت و باوەڕی بە ئاشتی و پێکەوژیان هەبێت. ڕۆگەزپەرستی ڕەتکاتەوە و بە چاوێکی یەکسان سەیری هەموو مرۆڤەکان بکات.
ئایینێک، لەبەر بەچونی جیاواز و لەسەر ئایینی جیاواز، بڕیار و گیاو پیس سەیری هیچ کەسێک نەکات.

کودەتای پەرستگا"
پەمان دەڵێت مەعبەدی پەڵەمبەر مرۆڤ.
پەڵەمبەر ئایینی بە خزمەتی مرۆڤ هێنا…کاهینەکان مرۆڤ دەکەن بە خزمەتکاری ئایین.
پەڵەمبەر لەمرۆڤایەتی دەگەڕا لەناو ئایینەدا.. وەلێ کاهینەکان لە خشتی پەرستگا.

پەڵەمبەر دەڵێشتە هەموو پەرستگایەک..... کاهینەکان تەنها دەڵێن بە یەک پەرستگا.
Shamal Ismael Kareem
"کودەتای پەرستگا"
پەمان دەڵێت گرنگ نییە تۆ ئایندار بیت، ئەوەی گرنگە تۆ مرۆڤ دڵست بیت، گرنگ نییە تێکستێ ئایینیەکان ئەزبەرزکەیت، گرنگ مرۆڤایەتی و

مرۆڤ بوونت لە بیرنەکەیت.

"کودەتای پەرستگا"
خوداوەندێکیترمان پێدەناسێنێت،
خوداوەندێک، نەپەرویستی بە ترساندن و نەیش بە تیرەر و کوشتن و تەقاندنی مرۆڤکانە.
نەپەرویستی بەگوتەبژ و نەبە فەقە و کاهین و پیاوە ئاینیەکانە. نەپەرویستی بە شمشێرو نەبە دەزێخ و نەبە زەر لێکردن و ناچارکردنی مرۆڤکانە.

خوداوەندێکی میهرەبان، لەسەر ێیشی درۆژ و شەروالی کورت هیچ کەسێک سزانادات. لەسەر ئەنجامنەدانی نوێژو نەپەرستنی خۆی، لەپەچینەوە لە هیچ کەسێک ناکات.

خوداێکی بە سۆز و میهرەبان، خوداێک هەموو مرۆڤکانی خۆشدەوێت. بە جیاوازی دروستی کردوون، بێ جیاوازیێکانیشی خۆش دەوێت. خوداێک لە ڕەخنە و بیری ئازاد و لەپرسیار و گومان و ئایین و دیدی جیاواز ناترسێت.

خوداێک، ڤەی لەبەرتەسکردنەوەی سنووری ئازادیێکانە، ڤەی لەقوتکردنەوەی بت و دروستکردنی مەعبەدەکانە، ڤەی لەسانسەر و بەکافرکردنی عەلمانیەت و بە تابووکردنی دیموکراسیەت و بە بڤکردنی مەدەنیەتێ و بەهەرتەقکردنی ئازادیێکانە. ڤەی لە دەستوەردان لەژیانی تایبەتی مرۆڤکان و بیروباوەڕی خەڵک و هەڵکەشانە.

"کودەتای پەرستگا"
پەمان دەڕەت فقهی فەقەکان و
قسەی کاهینەکانمانکرد بە ئایین وئاینی خوداوەندمان کەمرۆڤایەتییە لەدەستدا.
خوداوەند ئەقڵ و ئیدراک، ئازادی و ئیرادەی بە ئەمە بەخشی و مرۆڤکانی بە ئازادی دروستکرد و ئازادی پێدان، وەلێ فەقە و کاهینەکان، ئاخوند و مەعبەد و پیاوە ئاینیەکان، ئەو ئازادیێان لە مرۆڤکان زەوتکردو بە ناوی ئاسمانەوە، دەستیان بەسەر زەوی و مرۆڤ بونی مرۆڤکانداگرت.

خێان لە هەموو شتێکی مرۆڤکان هەڵقورتاندو دەستیان لە هەموو تایبەت مەندیێکی مرۆڤکان وەردا.
لەمسیقا ژنین، جە وبەرگ و چنیەتی خوتن، سمە کورتکردن و ێیش

تاشین، شەوازی نان خواردن و هەڵکردن، چونە سەرئا و سەکسکردن، لە خۆشەردن و فتبەڵەنکەردن، ئابووری، زانست و خوێندن، سیاسەت و حوکمکردن، لەیەکەم چرکەساتی لە دایکبوونتەوە، تاکەتا هەناسە و مردن، تاخستنە ناو تابووت و ژێر خاککردن، لە هەموو شتێک وازت لێناهێنن و دەست لەبوونت وەردەدەن.

"کودەتای پەرستگا"
پەمان دەڵەت کاتی ئەو هاتووە ئایین لە دەست کاهینەکان و پێغەمبەر لەئایینی مژووویی و خوداوەند لە مەعبەدەکان دەربهێنین و مانەپەڵکردنی پیرەزیەکان و هاستیەکانیان لە بسنینەوەو دووبارە پەناسە بە چەمکەکانی باوەڵو پەرستش و ئایین و ئەخلاق و ئەقیدە و بەهاکان بکەینەوەو پەناسەکان دابەژێنەوەو وشەی کفرو کەیلایەتی و تەی ەق و بیری هەگەزپەستی و ناوی جەنگ، لە فەرهەنگی مروقایەتیدا بسەینەوەو لە جیاتی ئەوەی هەندەی خەریکی باسکردنی تەوحیدی خوداوەندبین، هەوەی تەوحیدکردن و یەکگرتنی مرۆڤکان بدەین.
لەجیاتی ئەوەی هەندەی شەڵ بە ناوی ئاسمانەوە بەرپابکەین و ژیانی ئەرە بە ناوی بەهەشتەکەی ئەولاوە بە دەزخ وەران و مرۆقایەتی خەڵتانی خوێن بکەین،
با ئاشتی لەسەر زەوی بەرقەرار و بەهەشتێک بە مرۆقایەتی لەرە دروست بکەین.

مرۆقایەتی ئاشنای چەمکی هەژایی بوون و ئاشنای تولەرانس و لەبوردەیی و پێکەوژیان و خۆشەویستی و یەکترقبوڵکردن بکەین.

ماوەتەوە بەم
عەبدولەزاق جوبران/
مرۆڤکی مرۆڤ دەست و نووسەرێکی جوان نووسە.
ئەو لەکتێبەکان و نووسینەکانیدا،
داوای بە مەدەنەکردنی ئاین و بە سەردەمیکردنی ئایین و گونجاندنی ئایین لەگەڵ دنیای تازەگەریدا دەکات.
داوای شەڵش و کودەتا بە سەر کاهین و مەعبەدو فیقه و کەڵەپووری ئایینی و دووبارەو
پەداچوونەوەو هەموارکردنەوەو خوێندنەوەی تێکستەکانی ئایێندەکات.
لە هەگەی وجودیەتێکی ئینسانی ئەپستراکت و هووت، وجودیەتێک لەگەڵ بەهاکانی ئینسانیەت و پەنسیپەکانی مرۆقبوون یەکدەگرتەوە و مرۆڤ دەکات بە ماک و بنەما؟و پەوەرو سەنتەر.
Shamal Ismael Kareem
"کودەتای پەرستگا"

داوای خوێندنەوەیەکیتری ئایین، دوور لەو خوێندنەوە فقهیە کلاسیکیە مەزهەبیە سیاسیە مێژوویی‌ی پێشووتری ئایین دەکات.

جوبران بانگەوازی بو هاوانگەیەکی مرۆڤانە و وجودیانەی هاوبیانە دەکات، وجودیەتێکی باوەڕداری لەشێوەی وجودیەتێکی کیرکەگاردسەرین،

نێک وجودیەتە بە باوەڕیەکی سارتەر، وەک ئەو هاوانگەیەکی زەر باهاو ئەخلاقی و مرۆڤ دەستانەو جوانی هەیە بە مرۆڤ بوون، ئەو لەجوغزێکی تەسک و گوشەیەکی دخراو هاوینێکی ئایینی و دیدێکی تاریکی ئایدیلێژی و مەزهەبی و لەسەر بنەمای هێش-سپی ، باوەڕ- بە باوەڕ، بەهەشت دەزەخی..
لەمرۆڤ ناوانێت، بەڵکوو جوبران لە دیدێکی هیومانیستانەو مرۆڤ دەستانە مرۆڤ دەبینێت.ئەو بەچونی وایە کە هەرگیز خوداوەند لەسەر بە باوەڕی مرۆڤ سزا نادات و کەشێی خوداوەند کەشێی باوەڕهێنان یاخود بە باوەڕی نیە لەگەڵ مرۆڤکان،
بەڵکو کەشێی ئەو زاتە ستەم و دادپەروەریە، کەشێی نوێژنەکردن و نەچونە مەعبەدنیە، بەڵکوو کەشە بابەتی باپەندنەبوون بە ئەخلاق و مەڵاڵی مرۆڤدۆستی و جێبەجێکردنی بەهاکانە لەناومرۆڤدا.

بەیە ئەو بە پیاوئاینیەکان و فەقێ و کاهینەکان دەڵێت بەسیەتی چیتر خەتان لەخەتانەوە مەکەن بە نوێنەری خوداوەند و سەبەری ئاسمان و دەرگاوانی دەزەخ و پسوولەی چونە بەهەشت و دەزەخ بەمرۆڤکان مەفرەشنەوەو بەهەشت و حەقیقەتکان تاپێی سەرخەتان مەکەن.

بەهەشت و هەزامەندی و میهری خوداوەند زەر لەوگەورەتر کەئەو لەو سنورەتەسک و هاوینە مەزهەبی و ئایدیلێژیداخراوە دەیبینن. میهرو سەزو لێبوردەیی و بەهەشتی خوداوەند، تەنها تایبەت بەکەسانێک و وەولکی ئایینێک و گرووپێکی فەندەمێنتالیست و مەزهەبێکی دیاریکراونیە، بەڵکوو هی هەموو مرۆڤکانە، بوودی، جو، مەسیحی، زەردەشتی،کاکەیی، ئێزدی و موسەمان، هی هەموانە.

سیکولەرو ئەتەست و گومانگەراکانیش، بەڵێ هی ئەوانیشیە. خوداوەند، هیچ کات لایەنگری گرووپێک، لە دژی گرووپێکیتر نیە، شەڕی ئایینێک لەدژی ئاینێکیتر ناکات و لە بەر جیاوازی مەزهەب، ئیدیلێژیاو ئایین و هەگەز و نەتەوە، جیاکاری لە نێوانی مروۆڤکان ناکات و هیچ لە مرۆڤ نابەتەوو جاێ جەنگ و نەفرەت و کەرب وکینە و لایانگری

بەکەسانێک،
لەدژی ئەوانیتر نادات و دڕگای ڕەحمەت و بەهەشتە فراوانەکەی بەخەڵکانێک بخاتە سەرپشت و بڕووی ئەو هەموو ملیارەی تری مرۆڤایەتی دابخات.!
..
شەماڵ بارەوانی

ڕەواهو تەبڵانی، حەقەهو ترمزی، باشیان لەدەست ئەمدا لە پاپۆ هەتا دەرزی... شەماڵ بارەوانی

لەماپۆی(دابڕان)، کاتێک،
ئەو نووسینەم:(مەدەلێکی نوێی ئیسلامگەراکان بە باڵا پۆش کردنی خانمان …!
بە دروشمی "لەدوای ڕەمەزانیش لەچکەکانمان لانابڕین" یەکەمین فیستیڤاڵی ڕەکخراوی مەلای گەورە بەبەشداری زیاد لە 300 کچی تازەی باڵا پۆش لەشاری سلێمانی بەرەوڕوو،) بینی،

لەگەڵ وێنەی کەمەڕەک کچی تەمەن هەرزەکار و مناڵ و بە ئەزموون، کەکەوتوونەتە داوی ئیسلامی سیاسی و بە فاقی ئیدەلەژیای ئیسلامی سیاسی وەبوون.

نەمزانی نە بیدەمە قاقا و پێ بگەرووم بگوڕنم، بە ئەو ئەقڵیەتە ساواو پڕۆژە مەهزەلە و منالانەیەی تاجی قوخستنە سەر و لەچکی سیاسی ئیسلامی سیاسی و تەر تەر پێبکەنم، یان بە ئەو هەموو کچە هەرزەکارە بە پاکگراوەند و بە ئەزموون و بە ئاگایەی کوردی هاونەتەوەو هاوزمانی خەم بدەمە پەمەی گریان و تەر تەر بگریم،

ئەو هەموو هەرزەکارەی، کە کەوتوونەتە داوی ئیسلامی سیاسی و بوون بە قوربانی ئەجێندای نەیاری نەتەوەکەم و پڕۆژەی تەعریب و لەچکی

سیاسی.

بەڵاستی تووشی شکبووم.
تکایە: ئیسلامی سیاسی کە ئەو هەموو دژایەتی و ئازادیی کارکردن و چالاکی نواندا و پڕۆژەی بەتەعریبکردن و بە ئیخوانیزەکردنی کۆمەڵی کوردەواری و تاکی کوردیتان پەدراوە، بە ئەوەی هیچ کەسێک هەست بە ترس و بڕپرسیارەتی و خەمخۆری بکات، لە بڕامبەر ئەجێندا داعشی و پڕۆژە تەعریبەکەی ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەستاو ئایندەی وڵات و ڕەحی لەبوردەیی و گیانی پێکەوە ژیان و چەمکی پلورالیەت و یەکتری قبوڵکردن و کۆمەڵی کراوەو پێیان بڵێت لە پشت چاوەکانتان دوو بڕە و سڕووی دەمتان لوتێک هەیە.

هەر هیچ نەبێت، ناوی کەسانێکی وەکوو مەلای گەورە ناشرین مەکەن و پێیان بڵێن ئازاد بن وەکوو ئەوەی هەندێ ئازادن لەوەی بەدەی خەتان لەمینبەرەکانتان و کەناڵەکانتان و لەسۆشیال میدیا، جوێنی مزرو نەفرەتی خوداوەند و چی بە ڕەزیلێک هەیە، بە گونیە، بە پیکەوەژیان و ئایینەکانی تڕو شوێنکەوتووکانیان و بە مڕۆڤ و لائیک و سیکوڵاستەکان و کچەمەدڵ و هەموو جیاوازیەکان بنەرن.

وڵە لەویان ئازاد نین، ئەوەی ئیسلامی سیاسی، بۆن و بەکاهی دێی خەتان ناوی مەڵایەکی مڕۆڤ دۆست و کورد پەروەری لەنموونەی گەورە، تەکەڵە بە ئیدولۆژیای ئیسلامی سیاسی پڕۆژەی تەعریب بکەن.

بۆیە لەهەر هەنگاوێکی گەوجاندنی تاک و چالاکیەکی لەخشتەبردن و فیستیقاڵێکی ئەقڵ فڕاند و لەچکی سیاسیدا، گونجاوتر و جوانتر و باشترواید، ناوەکی بکەن بە ڤیستیڤاڵی یەکخراوی سەید قوتب و مەودودی و حەسەن بەناو قەرزاوی و مەلا عومەری تاڵیبانی و ئەبوو عومەر شیشانی و زەینەب غەزالی و ئامینە ئەردوگان.

نەک ناوێکی وەکوو ئەوزاتە عەزیزم و ئەو مەلا ڕووناکبیر و بیرمەندو خوێنەوارو مڕۆڤ دۆست و زانست پەروەر و کوردپەروەرەی لە نموونەی مەلای گەورەی کۆیە، گەاو ناشرین کەن.

من لەشوێنی بنەماڵەی مەلای گەورەبم، ڕێک سکاڵایان لەسەر تەماردەکەم، لەسەر ئەو بە ڕەزیەی کەناوی مەلایەکی کوردپەروەری وەکوو مەلای گەورە، بە پڕۆژەیەکی تەعریب و لەچکی سیاسی ئیسلامی و بیری عروبە ناشیرین دەکەن.

کاکە

کچکانی ملای گورە و ئەوا جلیزادەی کچە هونەرمەند تابلۆکێش و فاشیونیستی نوێی مەسعود محەمەدی بیرمەند و کوێی ملای گورە، ئەو لچکە سیاسی و ستایلە سیاسیەی لچک و لچکیان نەکرد و نایکەن، ئیتر ئەوەی ئیسلامی سیاسی ئەو خەڵکردنە چاوی خەڵکەتان لچی!؟
کوڕە ملای گورە هەرباوەڕی بە ڤیوایەت و شت نەبووە،
(ئەواهو تەبەانی، حەقەهو ترمزی
باشیان لەدەست ئەمدا لە پاپەڕە هەتا دەرزی)

بەڵێن تەزەک ڕوانین و جیهانبینی ئەو زاتە و تەفسیرو هەموو بڕهەمەکانی (حکایات خەون و کەرامات"، "دیاری ملا محەممەدی کۆیی"، "عەقیدەی ئیسلام"، "نوسکەرەوە"، "فەی فەی قەل فەی"، "تەفسیر قورئانی پیرز "و
المصقول فی الأصول"، "القائد فی العقائد"، "الكلام الجديد"، "حقيقة الايمان"، "المشاهد"، "الإله والطبيعة والعقل والنبوة"، "المعجزات والكرامات"، "حقيقة الاسلام"، "أبهى المآرب وإثبات الواجب"، "كشف الأستار فی مسألة الاختيار"، "ضياعان عظيمان"، "الأشخاص الستة"، "الحدس سلم الإرتقاء"، "خراب العالم"، "غايتي وأملي فی علمي وعملي" لەگەڵ "الوسيلة في علم أصول الفقه".) ئەو ملا بیرمەندە ڤیفەرمخوازە ڕەشنفکرە بخوێنەوە. تاباشتر بیناسن، کەهەر گیز نەتان ناسیو.
ئەوەی ئیسلامی سیاسی و ملای گورە، نەوانتان ئاسمان و ڕەسمان جیاوازە، یان کورد وتەنی و حەشتر و حەمام و کوجا و مەرحەبا.
کوڕە ملای گورە دیارە وەکوو ئەوەی ئەوەی ئیسلامی سیاسی، لینگاوقوچ لەی حاڵی بوون، هەرباسی لچکی بە ژن و کچی کورد کردووە!
لەکاتکدا بە پێچەوانەوە:
(یەکێک لەو بابەتانەی کە ملای گورە زەر ئاوەی لەداوەتەوە؛ بابەتی ئازادیی ژنان و خوێندنیان بووە. یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی لەم بوارە نای، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٦ کچی خەی ناردە مەکتەب. پێشی وابوو کە دەبێت کچان لە گەڵ کوڕان لە مەکتەب لەسەر یەک کورسی دابنیشن و ئەوانیش وەکوو کوڕان خوێندەوار بن و فێری زانست ببن)

ئەوەهزلەیی ئیسلامی سیاسی شتێکیتری تری هەنامەوە یاد، کەمێک ملاو هاوڕێی سەردەمی فەقیاتیم، کە سەربەئیسلامی سیاسین و باوەڕیان بەیەک دەڵ لەو هەموو شیعرە غەزەلی و دەداریانەی ناو دوو تۆی دیوانەکەی مەحودی کەلە شاعیر و گورە ئەدیبی کورد نیە،

کەچی بەرلەچەندساڵەکە لەهەولێر
هەمان شێوە، ڕۆکخراوێکیان بەناوی(مەحوی)دانابوو،
لێژنەر ناوی مەحویدا، خەریکی بەاوکردنەوەی بەرنامەی ئیسلامی سیاسی و ئەجێندای تەعریب و بیری ئیخوانچیەتی بوون.
وەکوو ئاوەی بەیت مەحوی شاعیر و ئەدیب، کاتی خۆی دەستڕاستی حەسەن بەنای دامەزرێنەری ڕۆکخراوی ئیخوانولموسلیمین، باشترواية بەین(موفلیسین) بووبێت.

هەربۆاستی ئەوانە موفلیسن، هیچ پرۆژەیەکی جدی ژیانیان لا نییە، دەن و خۆکەی بە کەمۆک بابەتی سادەو کەسی و شتی تایبەتی مرۆڤکان، لەوێنەی لەچک و سیواک و بڕە هەگرتن و مەکاپ کردن..تاد. سەرقاڵ دەکەن.

وەکوو بەیت: لەو سەردەمی جەنجاڵی و
Shamal Ismael Kareem
ئەو هەموو قەیرانەدا،، خۆکەی هیچ کێشەیەکی نەبێت، تەنها کێشەی لەچک و ێیش و سیواک وچی و چی ئیسلامیەکان نەبێت!

هەربۆاستی
ئیسلامی سیاسی، خاوەن دیدەکی داعشانە و ڕوئیایەکی تابەیت تەتالیتارانە و پەپلیستانەو لەهەمانکاتدا هەندە خاوەنیمەوانینیکی تابەیت تەسک و تاریک و داخراو ئەقڵیەتەکی منانە و تەگەیشتنەکی هەرزەکارانەو سادەن.
جیهان و ژیان لەکۆ و ئەمانە لەکۆ!

مردن تە لەکۆی؟ جەهل کوشتمی!

بەچی ئەمە دژی شەی ڕوسیاین، بەام بە تورکیا بەدەنگین؟…

□□زا بـــــاروچ... و. لـــــه ئه□مانییه‌وه: هیوا ناسیح

((□□زا باروچ، به□ه‌چه□ه‌ک کوردی باکوری کوردستانه، دکتۆرای له ک□مه□ناسی سیاسییدا له ئه□مانیا به ده‌ستهێناوه، له ئێستدا ئه‌ندامه له سه‌نته‌ری لێکۆ□ینه‌وه‌ی ک□مه□ناسی له شاری فلۆره‌نسی ئیتالیا. ئه‌و پسپۆ□یی له گه‌لانی بۆ□ات و به تایبه‌تی له سه‌ر گه‌لی کورد هه‌یه، زۆر وتار و لێکۆ□ینه‌وه‌ی زانستی له گۆڤار و رۆژنامه به‌ناوبانگه‌کانی وه‌ک زه نیویۆرک تایمزدا بڵاوکرد□ته‌وه))

ئ□مه هۆرشی □وسیا له قاوده‌ده‌ین، به□ام بۆمبارانی تورکیای ئه‌ندامی ناتۆ □وی لێوه‌رده‌گ□ین، ده‌باره‌ی ده‌بۆمراڵی وڵاتانی رۆژئاوا.
وا ف□□که شه□که‌ره‌کان و چه‌کی قورس به‌کار ده‌ه□نرێت، بۆمباران ده□کرێت، خه□کی سیڤیل ده‌کوژرێن و بریندار ده‌کرێن. له سۆبه‌ری جه‌نگی □وسیادا دژ به ئۆکراینه، ف□□که جه‌نگییه‌کان و بۆف□□که‌وانه‌کانی تورکیا وا جارێکی تر ده‌ڤن به سه‌ر کوردستاندا. پاش رۆژانێکی زۆری بۆمبارانی ئاسمانی و زه‌مینی شه‌وی دووشه‌می جه‌ژنی هه‌ستانه‌وه‌ی مه‌سیح سوپای تورکیا ده‌ستی کرد به هۆرشێکی به‌رفراوان به ناوی چنگی قفڵ له □□ژئاوا و باشوری کوردستان. ئایا ئه‌مه یاخیبوونه له ک□مه□گای نۆ□ده‌وڵه‌تی؟ نه‌خێر. ناوی هۆرشه□کان به‌فه‌رمی گوایا بریتین له (جه‌نگی دژه تیرۆر). وته‌بۆژی ئاکه‌په ئومه‌ر چه□لیک ئاماژه به ماددەی ٥١ جاڤ□نامه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتوه‌کان دا، که‌وا (مافی داکۆکی له خۆکردن)ی تۆدا نوسراوه. به‌و مانایه‌ی، که سه‌روه‌رێتی نه‌ته‌وه و سنووری وڵاتی تورکیا له مه‌ترسیدایه.
له‌باره‌ی ئه‌وه‌ی ئایا هیچ هه□ه‌شه‌یه‌کی واقعی و جدی سه‌ربازی له‌سه‌ر تورکیا هه‌بێت، بۆ ده‌نگی لێکرد. له میدیاکاندا لێره‌و له‌وێ هه‌وا□□کی کورت له پەراوێزدا ده‌بینین، که باس له ئۆپه‌راسیۆنێک بۆ سه‌ر پێگه‌کانی پارتی کرێکاران ده‌کات. خۆکه□کردن هه‌یه له باره‌ی ئه‌وه‌وه، که تورکیا ئه‌ندامی ناتۆیه و به‌م هۆرشه□ مافی گه‌لان پێشێل ده‌کات.
له کاتێکدا هۆرشی □وسیا بۆ سه‌ر ئۆکراینه هه‌ر زوو له قاودرا و ک□مه□□ک سزای خرایه سه‌ر، که‌چی به‌رامبه‌ر هۆرشی تورکیا بۆ سه‌ر کورده‌کان که ده‌یان سا□ه به‌رده‌وامه، له لایه‌ن هه‌مان (پارێزه‌رانی به‌هاکانی رۆژئاواوه) چاو داده‌خرێت! سه‌رۆکایه‌تی ئه□مانیا به‌رده‌وام

لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تورکیا یەکتر دەبینین و جەخت لەسەر گرنگی هاوبەشێتی و پەیوەندی نێوان تورکیا – ئەمانیا دەکەنەوە. ئێستا تورکیا، کەوا ڕوسیا جەنگی لە دژی ئێمە دەکات، گوایە نێوەندگیرێکی گرنگە.
لە ئوکراینە ئێکراینەییەکان دەکوژرێن، بەڵام لە کوردستان (تیرۆرستەکانی پارتی کرێکاران)، نە سزا دەخرێتە سەر وەاتە دەست و هاوبەشەکەمان، نە ڕێگای ئەمنیش بێ کوردەکان دەکرێتەوە لێوەی دەرباز بن، کاتێک لە بەمباکانی تورکیا هەبێن. لە کاتێکدا سنور بێ هەڵاتوان و پەنابەرانی ئێکراینی لە کاتی خێدا دەکرێتەوە، دەبێت پەناخوازان و هەڵاتوانی کوردەکان لە سنورەکانی بیلاروسیا و پۆڵەندا گیربخێن، لە دەریای ناوەڕاستدا بخنکێن، یان لە ئەمانیا مافی مانەوەیان پێنادرێ و دەگەڕێندرێتەوە، ئەمە دەبێ مەراییەکە، کە ئەستەمە تەحەمول بکرێت.
تاوانە جەنگییەکانی ڕوسیا کە دژ بە مافی گەلانە، هەرش بێ ناو ئێکراینە، کەمەکۆزی، کۆگۆەکان، بەمبارانەکانی سەرجەم شارەکانی شێکێکی ئەخلاقی بەدوای خێدا هێنا، چونکە ئەوروپا زۆر دەمێکە جەنگی وای بە خێیەوە نەدیوە. بەڵام لە بری ئەوەی کە گفتوگۆ بەدوای خێدا بهێنێت، چ سیاسەتێک پێویستە لە ئێستادا، چارەسەریی ناوەند لە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤدا ناکرێت و لەپێشینەیە، لە بری ڕەوشەکە هەمن بکرێتەوە، یەکەم جار دێن پێ چەکی دەکەن. لێرە دەردەکەوێت کە لایەنی میلیتاریزەکردنێکی بێ ئەملاولا بەسەر ئەرکە ئەخلاقییەکەدا دەدەن. دیارە ئەمە بەدڵی لێبییەکانی چەکفرێشتنە لە تەواوی جیهاندا، لە پێش هەمووانەوە سەرکردەکانی جەنگ، وەک لە تورکیادا، کەوا ئەم دیسکورسە (گوتار)ە بێ بەرژەوەندی خێیان بەکاربهێنن. پشتیوانی تورکیا بە پێدانی چەکوچێ و تەکنیکی نوێ لە لایەن ئەمانیاوە، وا دەکات، تورکیاش هەمان کار لە کوردستاندا بکات، کە ڕوسیا لە ئێکراینە ئەنجامی دەدات. جەنگ بەسەر تەواوی دانیشتوان بە بەردەوامی و لە دەرەوەی سنوری وەاتەکان بەرپا بکات.
کاتێک هاوکات ناوی جەنگ و هەرشەکان بە (داگیرکاری ڕوسیا بێ ئێکراینە) و (بوونی تورکیا لە سوریادا) بهێنرێت، کاتێک هەردوو تۆندوتیژییەکان لایەکیان بە جەنگ ناوبنرێت و لە لایەکی تر بە ئێپەراسیۆنی سوپا، کاتێک بە کوژراوەکانی ئێکراینە بوترێت قوربانییەکانی جەنگی ئێکرانی و هی کوردەکانیش بە تیرۆریستەکانی پارتی کرێکاران، ئیتر ڕێک لەم کاتەدایە، کە ئێمە تێدەگەین، کە پشێلکردنی مافی گەلان ڕەوایە، ئەگەر لە لایەن ئەندامێکی ناتۆوە ئەنجام درا، چونکە هاوبەشی خێیانە.

بەمبای تورکی خەڵکی سیڤیل بەڕێکەوت ناکۆژێت
حکومەتی تورکیا دەتوانێت لە دەمێکەوە بۆ هیچ کێشەیەک دژێن (فرۆکەی بۆفرۆکەوان)ەکانی و فڕۆکە جەنگییەکانی بەسەر هەموو پارچەکانی کوردستاندا بفڕێت و بۆمبارانیان بکات، وەک لە ئێستادا و لە ناوچەکانی مەتینا، زاپ و ئاڤاشین و هەروەها لە رۆژئاوای کوردستاندا و شاری کۆبانی دەیکات. ئەم هێرشانە هەمیشە دژ بە پێگەکانی شەڤان و گەریللا کوردەکان نییە، وەک دەگوترێت، بەڵکو خەڵکی ناوچە سیڤیلنشینەکانیش دەگرێتەوە. ئەمە چەند نمونەیەکی پشێلی مافەکانی گەلانە لەلایەن هێزەکانی هەوایی تورکیاوە لە ساڵانی ڕابردوودا: لە ئابی ٢٠١١دا لە ناوچەی کورتەکی باشوری کوردستان. چوار مانگ دواتر لە ڕۆبوسکی لە سەر سنوری ئێراق – تورکیا، یان ساڵی و لە ٢٠١٥ دا و لە ناوچەی زارگەلی باشوری کوردستان. ئەم هەموو جارانە خۆ بە ڕێکەوت نین، کە بۆمبەکانی تورکیا خەڵکی مەدەنی دەکوژن.
ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەی تورکیا دژ بە کوردەکانی دراوسێ لە لایەن دەستە هاوبەشەکانی ڕۆژئاواوە (ئەندامانی ناتۆ – و.) هەمیشە یان چاوی لێنوقێنراوە یان ڕاستەوخۆ پشتگیرش کراوە! کاتێک هێزەکانی کوردەکان بە سەر قەڵەمەوتی (دەوڵەتی ئیسلامی)دا سەرکەوتن و بزوتنەوەی کوردە فێمنیستەکان دیموکراتیەت ئازادی ژنانیان بە دەستهێنا، سوپای تورکیا، کە دووەم گەورەترین هێزی ناتۆیە، گەورەترین هێرشی بە هاوکاری هێزە ئیسلامییە تیرۆریستە بەکرێگیراوەکانی نزیک لە خۆیەوە دەستپێکرد. بەم شێوەیە شاری فرەکولتوری و تا ئەوکاتە پارێزراوی جەنگی سوریا، شاری عەفرین ساڵی ٢٠١٨ بووە شانۆی شەڕێکی سەخت و بە هێزی هەوایی و زەمینی، داگیرکاری و دەربەدەرکردن و زەوتکردن. لەو کاتەوە شارەکە بە پشێلکاریی مافی مرۆڤ و وەک داگیرگەیەک لە لایەن تورکیاوە بەڕێوە دەبرێت.
دەکرا لە باشترین حاڵدا پێش لە ڕووداندی پشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ وەک گولەبارانکردنی ژنە سیاسەتمەدار هێڤین خەلەف لە کوردستانی سوریا لە لایەن هێرشی تورکیاوە ساڵی ٢٠١٩ بگیرێت، لای کەمی پێویست بوو کە لە قاوبدرێت، سزای بخرێتە سەر، ئەم شتانە لای ئەوروپاوە وەک شتێکی ئاگوزەر نەبووە، بەڵکو حساباتی سیاسی لە پشتەوە بووە. بەمەدا مامەڵەی ئەوروپا – تورکیا بە پەناخوازانەوە بەدیارکەوت. بۆ ئەوەی تورکیا زیاتر و بەردەوام پەناخوازان لە ئەوروپا بە دوور بگرێت و ڕێیان لێبگرێت، بۆ ئەمە ڕەخنە گرتن لە تورکیا، جارێ ئەگەر هەر بگیرێت، و لەسەر سەرکێشییەکانی زۆر بە وریاییەوە دەردەبڕێت. لە پێش هەموو شتێکیشدا لێکتێگەیشتن و

ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت. ئەمەش هەر لە پێدانی چەکوچڕ بە دێکی فراوانەوە بە تورکیا، وە قەدەغەکردنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ئەمانیا و تا دەگاتە ناردنەوەی کوردەکان کە هەڵاتون بۆ تورکیا، کەوا سزای زیندانیی درێژ چاوەڕوانییان دەکات، خێی دەبینێتەوە.
کوا (سیاسەتی دەرەوەی فەمنیستی) حکومەتی ئەمانیا لە کوێدا خێی دەبینێتەوە؟
دواجار و لە ئێستادا کە جەنگی دژ بە ئۆکراینە بابەتی مڕاڵ و ئەرکەکانی هێناوەتەوە پێشەوە، کاتی ئەوە هاتوە، کە جەنگەکان بە ناوی خێیانەوە ناوبنرێن، بە چاوپێشین لەوەی لە لایەن ئێمەوە یان هاوبەشەکانی ناتۆوە، یان کەسانی تڕەوە بەرپا دەکرێن. سیاسەتی دەرەوەیی فەمینیستی، کەوا حکومەتی ئەمانیا بانگەشەی بۆ دەکات، دەبوایە دەمێک بوایە هێرش و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لە لایەن تورکیاوە ڕەخنە بکردایە، گفتوگێی سزادانی بکردایە، کاری بکردایە بۆ ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی لە تورکیادا، هەمئاهەنگی لەگەڵ پارتی ئێپزسیۆنی هەدەپە بکردایە، هاوکار و پشتیوانی لە دەستپێشکەرییەکانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کۆمەڵگای ئەوێ بکردایە. پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ نوێنەرانی کوردەکانی ناوچەکە سازکردایە، چارەسەرێکی سیاسییانەی بۆ کێشەی کوردەکانی میانگیری بکردایە و جیاکاریی و تاوانبارکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی لە ئەمانیادان بوەستاندایە.
وە لە پێش هەمووا بۆ هەموو هەڵاتوان و پەناخوازان هەمان پاناگە و پارێزگاری چوونیەک فەراهەم بکرایە، وەک ئەوەی ئێستا بۆ هەڵاتوانی جەنگی ئۆکراینە دەکرێت، کاتێک ئەمانە هیچی ڕوونەدا و نەکرا، ئەوا ئێستا حکومەتی ئەمانیا ڕاستگۆیی خێی لە پەیوەند بە ئەرکی ئەخلاقی و بگرە سەرکۆنەکردن و دژ بوون بە جەنگی ئۆکراینەش لە دەست دەدات.

ڕۆزا باروچ
و. لە ئەمانییەوە: هیوا ناسیح

سەرچاوە: ڕۆژنامە و سایتی (Die Zeit) ی ئەمانی، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە.
https://www.zeit.de/zett/politik/2022-04/kurdistan-tuerkei-russland-ukraine-doppelmoral-
westen?utm_referrer=https%3A%2F%2Fl.facebook.com%2F

ڕەوشی درامای کوردی بەرەو کوێ؟... حەیدەر عەبدولڕەحمان

لەو ڕۆژانەدا زۆتر لەڕۆژان قسە و باس لەسەر پرسی درامای کوردی دەکرێت، چونکە ئەو چەند بەرهەمەی ئێستاو لەچەند ساڵی دواییشدا نمایش کران، ئومێدێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو بۆ ڕزگار بوونی درامای کوردی لەو حاڵەتە چەقبەستووەی درامای کوردی دەمێکی دووڕە بەدەستیەوە دەناڵێنێ.
ئەوەی بینیمان پێمان دەڵێ، جارێ کاتی زۆرمان لەبەردەم ماوە بتوانین بەو توانستە دیاری کراوەی هەمانە، بتوانین ئەو زەمینە لەبارە بۆەخسێنین، ئەو تەمو مژە خنکێنەرەی درامای کوردی بەئاسانی بۆەوێنینەوە.
پێشم وایە دەبێت هەموومان بۆ گرژ بوون بوێری ئەوەمان هەبێت دان بەو واقیعەدا بنێین ئەگەر بەراستەقینە نیەتمان گۆڕینی ئەو واقیعە نەخوازراوەی درامای کوردی و گەڕانەوەیەتی بۆ ڕەوشی تەندروست و ڕاستەقینەی خۆی، ئەوە دەست لەو چەند ئەزموونە شکست خواردووانەی ئەو چەند ساڵە بشێین و سوود لەهەڵەکانیان وەربگرین، ئەگەرنا بەردەوام بوون و خولانەوە لەهەمان بازنەو خۆ هەڵخەڵەتاندن لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تیبەتیەکان، ئەوە ئاستەنگەکانی بەردەم درامای کوردی قوڵتر دەکەنەوە.
بۆ هەر ئامانجیکی چاکسازی ئایندە، دەبێت ئەو چەند ئەزموونە بکەینە نموونە و گرنگترین هەڵەکان دەست نیشان بکەین، بۆ دڵزینەوەی ئەو هەڕاتەش ناتوانین ڕاستیەکان بناسینەوە.
من لای خۆمەوە و لەڕگەی بەسەرکردنەوەو پێدا چوونەوەم بەو بەرهەمانە کەمەڵ هەقیقەتم بۆ یەکلا بۆوە وەك:

1. هەندێ لەو بەرهەمانە هەندێ هاوکێشەیان گۆڕیوە و دەریان خست کە پرسی دارایی پرسێکی بنەڕەتی نیە لەچارەنووسی دراما، ئەگەر ئەو دارایە وەك پێویست بۆ کاری بەرهەمهێنانی دراما بەرجەستە نەکراو بوو بەسەرچاوەیەك بۆ گەندەڵی و چاو تێبڕین.
ئامانج لەدەستپێکی هەر کارێکدا چارەنووسی بەرهەمی لەسەر وەستاوە، ئەگەر ئامانج داهێنان و پێشکەوتن بێت شتێکەو

ئەگەر ئامانجیش لەکێ کردنەو تێپەڕاندن بێت بێ گەیشتن بەئامانجە مادییەکە ئەوە شتێکی تڕە.
لە ڕەوشی درامای کوردی و لەسەردەمی نوێ دا زۆرن ئەو بەرهەمانەی نەك هەر تەنها بوون بەمایەی بەهەدەر چوونی زۆر دەرفەت و متمانە، زەرەرو زیانێکی گەورەشیان بەبەهاو ئاستی هونەریی دراما گەیاند.
بۆیە ئێستا پێشبینی گەورەی شکست هێنان لەو بەرهەمانەدا دەکرێت، کە گەورەترین یودجەیان بێ تەرخان دەکرێت، نەك بچووکترین بودجە.
لەسیسەمی بەرهەمهێنانـدا لای ئێمـە، گـرێ بەسـت لەگـەڵ دەرهێنەردا دەکرێت نەك لەگەڵ بەرهەمهێنەر، دەرهێنەریش دەست کراوە دەبێت لە پرسی دارایی و مەزاجیەت و تەوزیف کردنی پارە بێ بەرهەم وەك پێویست، بۆیە پرسی دارایی زۆر جاران کاریگەری دەبێت لەسەر چارەنووسی بەرهەم.
لەو بەرهەمانەی بودجەی گەورەیان بێ تەرخان دەکرێت، کەمەڵ ئەلەقاتی گەندەڵی هاوبەش دروست دەبێت، لەنێوان ئەوانەی بودجە دیاری دەکەن لەگەڵ دەرهێنەر، ئەوانیش بێ بەرژەوەندی خۆیان چاوپۆشی لە نەبوونی دەق یا کەمو کوێیەکانی دەکەن، کاتێك کە کارەکە کەوتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، چار نامێنێ تەنیا تەواو کردن نەبێت بەهەموو کەم و کوێیەکانیەوە.
سەیرە بوجە بێ بەرهەمێك خەرج بکرێت ، کە دەقی نەبێت و کەس نەزانێ ئەو دەقە باسی چی دەکات !

2. دەرهێنەر:

زۆربەی ئەو درامایانەی بەرهەم دەهێندرێن دەرهێنەری پڕۆفیشنالی تایبەت بەدراما نین، بەڵکو ئەکتەری بواری شانۆ، کاری تەلەفزیۆنین ، بەهۆی پەیوەندی تایبەتی هەلی ئیش کردنیان زۆتر لەو دەرهێنەرە پڕۆفیشنالانە دەست دەکەوێ کە هەندێ جار وەك ئەکتەری لاوەکی لای ئەو دەرهێنەرانە کار دەکەن.
دەرهێنەری وا هەیە لەژیانیدا شتێ لەئەلف و بێی دەرهێنان نازانێ، بەڵام ئەم سەرکێشیە دەکات و زنجیرەی دوورو درێژی دراما ئەنجام دەدات، بێباك لەئاکام و ئەو بەرپرسیاریەتە قورسەی دەکەوێتە سەر شانی.
زۆر لە دەرهێنەرانی ئێمە کەوتونەتە ژێر کاریگەری بەرهەمە بیانیەکان و لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی کولتووری تورکی، بەمەش لە ڕاحیەت و خەسڵەت و کولتوری نەتەوەیی و کەمەڵایەتی کەمەڵگەی کوردی و کێشەو ئاریشاکانیان دوور دەکەونەوە، هەر

چیەك بکەن ناتوانن گوزارشت لەو کەمەگەیەو خواستەکانی بکەن.
لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی ناوازەو دیار فۆرم و روخساری دراماى کوردی دەرکەوت و رووی دراماى کوردی ناشیرین نیشاندا.
هەندێ لەو دەرهێنەرانە ویستیان بە تەکنیك و وێنەگرتن و کوالیتی رەونەقدار بینەر چەواشە بکەن، بەڵام بینەری هوشیار درك بەراستیەکان دەکا.
کاتێك تەکنیك دەتوانێ شوێنی خۆی بگرێت، کە بێ خزمەتی دراما تەوزیف کرا نەك بێ چەواشە کردنی چاو بەکار بێت.
هەندێ دەرهێنەری تر هەوڵیان دا هەست و کەوت لەگەڵ ژمارە دا بکەن و زۆرترین ئەلقە لە زنجیرەیەکدا بەرهەم بهێنن، بەڵام چونکە تواناو دەسەڵاتی دراماى کوردی توانایەکی دیاری کراوە، وەك ئاى زۆر لەخۆ کردن و دروست کردنی پینەو پەڕۆ تەنها لەپێناو دەستکەوتنی زۆرترین بڕی بودجە بوونە هۆکار بۆ سەقەت کردنی زنجیرەیەك.
3.سیناریۆ
کێشەیەکی بنەڕەتی دراماى کوردی کێشەی قەیرانی سیناریۆیە کە تا ئێستا وەك بڕشاییەکی بەر فرەوان لەپانتایی دراماى کوردی دا دەردەکەوێت.
بێ پێکردنەوەی ئەو بڕشاییە تا ئێستا زۆر لەدەرهێنەران پشتیان بەتوانای خۆیان بەستووە، کە هەم دەرهێنەرو هەم سیناریۆ نووس و هەندێ جار ئەکتەریش بن .
رەنگە نووسینی سیناریۆ و دەرهێنان و نواندن بەیەکەوە ئەرکێکی قورس بێت، بەڵام هەندێ لە دەرهێنەران بەناچاری یا بێ بەرجەستە کردنی تواناین ئەو کارە دەکەن.
هەندێ جار کێشە لەوەدا دروست دەبێت کە دەرهێنەر توانای نووسینی سیناریۆی نیەو تەنیا پشت بەوێنەو هەندێ کورتە دیالۆگی لاوەکی دەبەستێت، بی بایەخدان بەدروست کردنی گرێ و چارەسەر کردن و قوڵ بوونەوە لەکاراکتەرو دروست بوونی ململانی و بونیاتی درامی,
هەموو ئەمانە وا دەکەن کە دراماکە رووبەکی رووکەش وەرگرێت و هەموو توخمەکان بەکەم وکوڵی بمێننەوەو درامایەکی بێ رەگو ریشە بێت.
لەژێر بەرهەمدا هەر سێ رەگەزی دەق، سیناریۆ، دیالۆگ تایبەتمەندی و کاریگەری خۆیان هەیەو ناکرێت هیچیان فەرامۆش بکرێن .

4. ئەکتەر:
داخەکەم زۆر لەئەکتەرە سەنگینەکانی بواری شانۆ دراما بەها هونەرییەکانیان لە بەرهەمی ئەو چەند ساڵەی دوایی دا بەنرخێکی هەرزان لە دەست دا، بەهۆی لاوازی باری ئابووری و نەبوونی هەلی کار کردن.
ئەکتەری ناسراوی وا هەیە خۆی بە کۆمەگەی دراما زانیوە، کەچی بۆ بڕۆ پارە لە بەرهەمێکدا بەشداری کردووە بۆ ئەوەی دەق ببینێ، لە ناوەڕاستی بەرهەمدا پەشیمان دەبێتەوەو رادەکاو کار بەجێ دەهێڵێ.
بۆیە ئەو حاڵەتە نامۆیەی ئەمڕۆکە هاتۆتە پێشەوە، لەخراپی دروست نەبووەو زۆرێك لە دراما کارەکان خۆیان هەڵکاری راستەقینەی ئەو پاشەگەردانیەن.
کاتێك ئەو هەڵکارانەی ئێستا لەپشت درامای کوردی دا نەبووەو ئامانج تەنیا لەپارەدا کۆ نەبێتەوە، زۆر بەرهەمی بەپێز لەدرامای کوردی دا دروست بوونە، کە بە بەرهەمی زێڕین ناو دەبرێن.
لەقۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی درامای کوردی دا، بەو تەکنیك و کوالیتە لاوازو پەپووتانەی تەلەفزیۆنی رەشو سپی دراماکانی وەك مەرەزە، جەنابی موفەتیش، پیسکەی تەپیر، باوەژن خوا بناسە، لالۆ کەریم، مەسەلەی شارێك، فیلەکەی خاوەن شکۆ، خولەی چەخماخەو دەیان بەرهەمی نایاب، پاشان لەسەردەمی تەلەفزیۆنی رەنگاو رەنگ دا، بەرهەمەکانی وەك هەبوو نەبوو، تاپۆ هەقی چیە، گەردەلوول، مەمی ئالان، گەڕەکەکەمان، ئارەزوو.
ژانرە ـ کە بە سونبولی درامای کوردی دەژمێردرێت وهەڵگری کۆمەڵێ پرسی نەتەوەیی وروژێنەری لەسەردەمێکی زۆر هەستیاردا خستە روو، ویستی بڕۆ کۆشەی گەورەی ئەو نەتەوەیە کۆڕەوەری و نەزانین و نامەعریفەت و نەخوێندەواریە، دەبێت کار بۆ هێنانە پێشەوەی نەوەیەکی چاوکراوەو هوشیار بکرێت، بتوانێت بەرەنگاری هێزی ستەمکاری وداگیر کاری بێتەوە.
هەکاری سەرەکی لەسەرکەوتنی بەرهەمەکە ئەو حەماسە نەتەوەییە شۆشگێڕیە و ئەو نواندنە بەهێزەی ئەکتەرەکان بەگشتی و جیهاد دێپاك بەتایبەتی بو، کە ببوو بە دایناموی زنجیرەکە، بەهاوکاری موزیکە وروژێنەرەکەی سەباح رەئووف.
لەوەتەی زنجیرە درامای ماڵەکەی مەعروفیش لەنووسینی ماهیر حەسەن و دەرهێنانی رەحیم زەبیحی نمایش کراوە، تاوەکو ئیستا دەیان زنجیرە دراما هاتوون،

تا ئێستا وەک ای هەموو ئەو هەوڵانەی ئەنجام دراون، بەتەرخان کردنی بوجەی زەبەللاح و کادیری تەکنیکی پێشکەوتوو بۆ ئەو زنجیرانە، کەچی هیچ لەو زنجیرانە نەیانتوانیووە لەرووی هونەریی و بابەتەوە لەئاستی ئەو زنجیرەیە تێپەڕنن و بەو راددەیە تینوویەتی بینەر بشکێنن کە پێویستە.
بۆیە پێویستە ئەو هونەرمەندانەی کار لەسەر بەرهەمهێنانی دراما دەکەن،بەر لەوەی ڕەنج و ماندوو بوونیان لە ئاکامێکی نەرێنی بەهەدەر بچێت، هەق وایە سوود لەئەزموونی ئەو کارانەی وەك ماڵەکەی مەعروف وەربگرن و بەدوای ئەو نهێنیانەدا بگەڕێن کە فاکتەری سەرکەوتن و مایەی وەرگرتنی بینەرن .
بۆ دروست بوونی هەر بەرهەمێکی دراميش، گرنگە هەمو ڕەگەزوپێکهاتەکانی کارە هونەرییەکە لە بەرچاو بگیرێ بە یەکسانی، نەك بایەخ بە ڕەگەزیك بدریو ئەوانی تر فەرامۆش بکرێن و هاوسەنگی دراماکە تێك بچێت .
بۆ نموونە چەند بایەخ بە وێنەگرتن دەدرێت، ئەوەندەش بە دەق،چەند بە شێوە، ئەوەندەش بە ناوەرۆك.

حکومەتی هەرێم ئەتوانێ ژیانی هاوڵاتیان دابین بکات..!… عوسمان حاجی مارف

"حکومەتی هەرێم ناتوانێ ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان دابین بکات و ناگاچارە گۆڕانکاریێ بۆ بغدا" ئەمە پەیامی بافڵ تاڵەبانییە، کە لەکاتێکدا حزبەکەی خۆی یەکێکە لە حزبە پێکهێنەرەکانی حکومەت و قوبادی برای جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمە، پەیامێکی لەم چەشنە جێگای تێرمان و قسەکردنی جدیە.
گەر ئەم مەسەلەیە لەو ئاماژەیەو قسەی لەسەر بکەین، کە بافڵ ئاوڕادەگەیەنێت ئیتر حکومەتی هەرێم ناتوانێ بژێوی خەڵک دابین بکات، واتە لەپێکهاتەی حکومەتی هەرێمدا بۆ ئاشکرا ئاوڕ دەخاتەوە بەرچاومان کە حکومەتی هەرێم توانای بەڕێوەبردنی کەمگەی لەدەستداوە،

ئەستاش بەرامبەر ئەو دۆخەی کە بافە دێموکرات ئاماژەی پێکات، دەبێت تەنها یەک ڕێگە هەبێت بۆ ڕزگاربون لە نەتوانینی حکومەت بۆ دابینکردنی ژیانی هاوڵاتیان، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی بە ئەملاوئەولای حکومەتی ئێستای هەرێمە.
پێویستە سەبارەت بەو ئاماژەیەی بافە دەیخاتە بەرچاومان ئەو ناکۆکیە دیاری بکەین کە دەرگیری بوون، چونکە ئێگەر بافە پێیوایە ئێم حکومەتە ناتوانێ بژێوی خەڵک دابین بکات، ئاخۆ دەبێت چی ڕێگەی ئەوەی لێگرتبێن کە دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەی ئێم حکومەتە ڕابگەیەنێت، خۆی و قوبادی براشی دەست لەکاری سیاسی بکێشنەوە؟، هەروەها لە تەواوی پێڕەوی سیاسی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتداری حزبەکەی لە کوردستانداء، پێویستە پاشکشەی حیزبەکەی و سەبونی حزبەکەی لە کاری سیاسی ڕابگەیەنێت. گەر ئەو کارەش ناکات ئیتر ئەو ئاماژەیەی کە حکومەت ناتوانێ بژێوی هاوڵاتیان دابین بکات قسەیەکی بەماناو مزایەدەی سیاسی و خەدزینەوەیەکی ڕیسواو بەشەرمانەیە لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ژیان و گوزەران و پەداویستیەکانی هاوڵاتیانداء. هەروەها ئامادەنیە هیچ ڕوشوێنەک بگرێتەبەر کە بگاتە ئەو ئاکامەی پێگەی حیزبەکەی لەق بکات وە بەخشی کۆتایی بە ژیانی سیاسی بهێنێت، چونکە ئاشکرایە کە بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی پێشمەرجی هەموو ڕووداوو قەیرانێکە.
دەموەت بەم دەربارەی دۆخی ئێستای کوردستان و قەیرانێک کە حکومەت دەرگیریەتی، لەو شوێنەوە دیاری ناکرێت کە بافە دەڵێت حکومەت ناتوانێ بژێوی خەڵک دابین بکات، چونکە لە نێوان ئەوەی حکومەت ناتوانێ بژێوی دابین بکات یان بڵێین نایەوێت بژێوی خەڵک دابین بکات، دوو مەسەلەو دوو ئاراستەی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت. من وای دەبینم کە حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان خاوەن ئیمکاناتێکی بەشوماری وەهان کە بە جۆردێیی و تاڵانی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان دەستیان کەوتوە، گەر مەبەستیان بێت، دەتوانن باشترین خۆشگوزەرانی بە هاوڵاتیان دەستەبەر بکەن. بەڵێ ناکۆکیەکە لەوەدایە کە بافە و مەسعود، قوبادو مەسرور، نێچیرو بەرهەم، یەکێتی و پارتی کێشەکەیان ئەوە نیە ناتوانن بژێوی هاوڵاتیان دابین بکەن، بەڵکو وەک خاوەن هێزی میلیشیاو تاڵانچی و جۆردە و خاوەن سەرمایەیەکی بەشومار، بە هیچ جۆرێک بەتەنگ ژیانی هاوڵاتیانەوە نەبون و نین و کێشەیان ژیانی خەڵک نیە. هەر بۆیە گەر بەراستی نیایانتوانیایە ژیان و گوزەرانی خەڵک بەهەوبەرن لە ناچاریدا ئێم کاسبیەیان نەدەکردو حکومەتەکەیان هەڵدەوشاندەوە، بەڵام ئەوەی کەمن دەڵێم نایانەوێت،چونکە لەو بیرکردنەوەیەدان کە نەک حکومەتەکەیان هەڵناوشێنەوە بەڵکو وەهایان داناوە کە

دەستاتەکیان هەتاهەتایی دەبێت.
هەروەها باسکردنی گۆڕانەوە بۆ بۆغدا و بەستنەوەی چارەنوسی خەڵک بەبۆغداوە هێندە ئاماژەیەکی نابەجێیە، جگە لەوەی کە نایانەوێت وەڵام بە گوزارشکردنی بژاوی و پەداویستیەکانی خەڵک بدەنەوە، بەڵکو چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە بارمتەو قوربانی ئەو مامەڵەو کێشمەکێش و گەمە سیاسیانەی کە لۆگۆی هەڵە سیاسی و قەومی و تائیفیە میلیشیایانەی عێراقدا دەیکەن.
بافڵ و حزبەکەی لە نێو ئەو هاوکێشە سیاسیەی کە ئاوۆگۆی بە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکەو عێراق و کوردستان هاتووەو پێشبینی ئاوۆگۆی زیاتریش دەکرێت، هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەیی و گەڕانی هاوسەنگی هێزەکەی، پێگەیەکی وەها توندو پتەویان نیە کە بتوانن لە نێو جەنجاڵی هەلومەرجی ئایندەی ناوچەکەدا چارەنوسی هێزەکەیان دیاری بکەن، بەتایبەتی لەبەرامبەر پارتیدا، هەر بۆیە بافڵ لە هێندە حاڵەتدا وەک قومارچیەک وەرەقەی دەڕاندن فڕێ ئەدات و قسیەک بەبێ ڕونکردنەوەو نەخشەیەکی دیاریکراو دەخاتە ناو مەیدانی کێشمەکێشی لایەنەکانەوە.
بافل بەمەبەستی شکاندنی پارتی یان، خەڵکردنە چاوی خەڵک بێت، پێش هەموو شتێک واقعیەتی بێتوانایی و بوونی حیزبەکەی دەخاتە ڕوو، کە پاش سی ساڵی دەسەڵاتیان، جگە لە ڕاگەیاندنی بنبەستبونی حیزبەکەی لە نێو هاوکێشە سیاسیەکاندا هیچی ترمان پێناڵێت. واتە بافڵ و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بە جۆرێک لە حاڵەتی بێئاسایی و دیارنەبونی چارەنوسی هێزەکەیاندان، لە نێو ئەو ئاوۆگۆو پێشهاتە سیاسیانەی کە لە ناوچەکەو عێراق و کوردستان ڕوددات بە تایبەتی لە هەلومەرجی شەڕی ئەکرانیا و ئاکام و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە بگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەمانایەک یەکێتی نیشتمانی وەک هێزێکی میلیشیا پێگەو ئیعتبارە سیاسیەکەی ئێستای لەو ئاستەدانیە کەبتوانێ لە مەیدانی ئەم ئاوۆگۆیەدا جێگایەکی باشتر لە دەخی بنبەستی ئێستای بەدەست بهێنێت، هەروەها بافڵ و سەرکردایەتی یەکێتی جگە لە پەیوندی بە کەماری ئیسلامی ئێران و خەبەستنەوە بە سیاسەت و چارەنوسی ئێرانەوە لەم کەنوبەینەی کەشمەکێشە جیهانیەکانی ووڵاتانی زلهێزی دنیا هێگایەکی تریان نیە، هەربۆیە یەکێتی بەئەوەی هیچ تەرح و هێگایەک بگرێتەبەر بە ناچاری کەوتۆتە بەر سیاسەتی چاوەوانی و تەماشاکردنی ڕوداوەکان کە ئاخەڕەوی ئایندەی هێزەکەی بەرەو کوێ دەبات..!. هەربۆیە قسەکانی بافڵ حسابێکی جدیان لەسەر ناکرێت و سەرکردایەتی یەکێتیش یەکێنین و هەر کەسێکیان پێشنیارو قسەیەکی جیاوازی هەیە، وە تەنها لەهەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی و سەروەت و سامانی خۆیان و

حیزبەکەیاندان، تا ئەوەی بیر لە ژیانی هاوڵاتیان بکەنەوە.
دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو کە وەک پاشکۆ بوون بە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە مەیداندا بووون، وە لەو ڕێگایەوە وەک هەزی میلیشیاو مافیا و تاڵانچی ئیدارەی کوردستانیان گرتەدەست و بونە بەشێك لە واقعیەتی ئەو گۆڕاوو ناجێگیریە سیاسیەی ئەمڕۆ، کە کوردستان و عەراقی پێ لە قاڵب دراوە.
خوێقاندنی کارەسات و چوارچێوەیەکی تەواو نەشیاو بە گوزەرانی هاوڵاتیان لە پێناو جەردەیی و دزی وتاڵانی و قەرخکردنی تەواوی سەروەت و سامانی کوردستان لەڕێگەی دەسەڵاتکەیانەوە پێناسەو کارنامەی سیاسی کوردایەتیکەیان بووە، دامەزراندنی دەسەڵاتداریەتی هیزی میلیشیاو خولقاندنی نائاسودەیی و وێرانکاری و ئاوارەیی و دەربەدەری و هەژاری، کە وایان لە خەڵک کردوە نەفرەت لە بونیان بکەن. حزبەکانی کوردایەتی هەر لەسەرەتاوە نمونەی بەباکترین و نابەرپرسیارترین و نائینسانی ترین دەسەڵاتی سیاسی بون و هەن. خولقێنەری فەزای کێنەپەرستی و دژی ژنان، کە دەبوا هەر لەسەرتاوە فرسەتی دەسەڵاتداریەتیان پێ نەدرایە، ئەستاش تەنها هەر ئەو ڕێگایە کارسازە کە هەڕچون و خرەشان و ئاپەرینی جەماوەری لە هەر ئانوساتێکدا بەت پەویستە بەر بە هەناسەی ئەم دەسەڵاتەی کوردایەتی بگرێت.

دیوانی مات... سەباح ڕەنجدەر

ا
دەکودای تاریکییەك ژایە ماڵەکەم
هەڵانەی بریندارکردم
باڵندەی بەرەو ساردایی زستان کۆچیانکرد
دیوانێکی ماتیان بە باڵ نووسی و پەڕەکانیان کردەوە
لەناو لکوپێپی درەختی حەوشەیان دانان
ئاماژەی کەوانەی ڕووناکیان کرد
پێیدا دێینەوە
ئاسۆ گەورەبوو
وێنەیەك لە ئەلبوومی خزانی هەدەبژێرین

لە دەرگای ماڵی دەدەین
قەزاخەی پەمە دەکرێنەوە
خەندەیەك گەشیان دەکات
چاو دەگەشێنەوە
ئاسمان بە تەواوی جریوەی دێ
زەویش گوڵایەڵی دەبێ
ئەستێرە و مرۆڤ لەبەر چاوان ڕاناکەن
ڕۆژێ چەند جارێکیش پرچی ئەستێرەی ماڵ
بەسەر دەرگا و پەنجەرەدا دەکرێتەوە

ئـ

ئاژەڵی ترسناك زوو لەخەوهەڵدەستێ و بە باریکە ڕێگادا دێت
دەمی دژی بەرانبەر من دەکاتەوە
ئاوازە تەواوبووەکانم نەگوتران
ئاواز دڵی گۆرانی ڕووندەکاتەوە
دڵکودڵی تاریکی کۆڵی پێدام
چاوتان داخەن بە تەنیا دەڵێم و سێاو لە گۆڕ دەکەم
پەنجەکانم بە ناوچەوانم شۆڕبوونەتەوە
ب

شکۆمەندییەك لە تیشکی پاراودا هاوار هەڵدەدا
دیوانی ماتی تێدا دەپارێزم
بە تەنیا و بێچەك سەرنجی دەن
سێبەری خوداوەندم خستووەتە سەر کانییەکی ساکار
لە هێزی هاوار خوێقاندوومە

ت

بە کەوانەی ڕووناکی نا
بە پەنجەرەیەکدا هاتنەوە
نزیکیان بەفر باری
دیمەنێکە کێ دەیەوێ بەشداری تێدابکات
پاشان شەی سنوورێك بکەین و بیبەزێنین
شاری حەوت دەرگا بیناەکەین
دەرگای یەکەم خەون
دەرگای دووەم وەرز
دەرگای سێیەم شایی

دەرگای چوارەم یاد
دەرگای پێنجەم سەز
دەرگای شەشەم شاد
دەرگای حەوتەم سەباح سابیر حەسەن
بە تەنیا و بێچەك سەرنجی دەن
ماڵك ژمارەی هەنگەکانی پەلکەزێینە بینای کردووە

پ

مرووڵەکان بە زەویم بزانن شارم لەناو دانێن
داهەکەرخەر بانگ مەکەنە لای خەتان
لە ئەستێرە دابەزیو بە زمانی ناسیاو بلاوێننەوە
هێلکە شەیتانەکە گێ نییە
لەو وەرزە تێپەڕە پیر پیشانت دەدا
ئاوێنەیەك بەرانبەرت ڕوخساری بە فەرامۆشی گەیشتووە
زمانی ناسیارە

ج

بەسەر پشتی ئەسپێکی دارینەوەم
کەترێکی باگران بەسەرمدا دێت و دەچێ
دەنووکی داخراوە
گرانی لە پەی دەژێ
لوم هەڵنایەوە
ئاوی خدری بێ هێنابووم دەستنوژ بشم
دیواری ماڵ پێبوو لە کاتژمێری قورمیشکراو
کات بزرنەکەم
ناوی ڕاستەقینەم دیوانی ماتە
نزیك پەنجەرەی کراوە دەخوێنرەمەوە
تکایە دایکم و منداڵەکانم بە مردنم نەزانن
هەموو ڕووداوێك دەکرێ ڕووبدات

نیسانی 2022 هەولێر

پـــاش گـیشتنـــی عابـــاکـی شـو... سروشت نـوزاد

من ئـوم بـ ئاسانی وـنا دـکرـت
دـگمـن نـبـت ـووـ و هیچ کـس وـرناگـــم
کاتـک
بـاـندـ کـچـریـیـکان دوور دـــن و
ئاسمانـکـ دـخـنـوـ.
هـروـها ئـوـش بـ ئاسانی وـنا ناکرـت
دـگمـن نـبـت بـسـر خـمدا دـنیشمـوـ
ـوو لـ شیعر وـرناگـــم
کاتـک
ئـتـمبـلـکـ لـ دامـنی ـگاکـدا لا دـدات و
منداـان
تـنانـت هیچ منداـک لـ دـرـوـ نین.

:

ئـمـ دـستـپـکمـ
ـوخسارـکی تر،
ماسیـیـک کـ هـدـت و فرتـ دـکاتـ وشکانیـیـوـ.*
هـموـوان وـک مرـقـک دـمناسن، ناوم بـسـر ـگـزی خـمدا دـشـکـتـوـ
بـو سروشتـی
کـ دای دـکـنم و ـنگپـیوو، ـگاکـ بـرـو کار دـمئاژوـت.

سپـدـیـکی زـین با یـکانی لـ شان دـکات، دـریا دـزـکان بـ خـبـر دـن، پاش تـ اامان، نـخشـکانیان لـ بن دـست دـنـن و بـ دـریاکـدا هـدـگـن، ـک و ـوان، بـو کـشتـیانـی کـ دـکـکن و پتر لـ قـبـارـی خـیـان، هـستی دـاو لـ گیرفانیـان، گـرانیـیـکـان تـوـ هـدـدـن...

سـرـتای ـزـ، لـ ژـر تیشکـی خـرـکـدا پـدـشتـکـ ـوو لـ ئاسـ ـاوـستاوـ، هـواسراو بـو خاچانـی بـ بـ پـروا لـ هـوادان. لـوـ سـروـرـک بـ دیار پـرزینـکـوـ باـکانی دـکاتـوـ و سـبـرـکـی خـی ـادـخات، چـشنی پردـک وـک ئـوـی وا بنـوـنـت ئازادیـیـکـ و درـژ دـکشـت.

بەهام ئەستا، ئەستاش تەنانەت کە تابووتەکە یاخود شیکپۆشەک،
مردووان وەک ئارەق
بەنەوچاویدا دەچەقێنەوە.
دەزانم هەوا قورس، تیشک تەنگەو شیکپۆشەک فریوودەرانە لە ئاوێنەدا
دادەنیشێت،
لە ناگەهت هووەن هەوان درەختەکە نەختێك لە خەیدا پشوو دات.
ئەستا ئەستایە و بە هیچ سەر سامییەک، تەنانەت هیچ نیگایەک
غەریبانە تەی ناوانێت.

ئەرە شەقامە، ئەو هەگایەی هاستە و هاست بە ئاهاستەی شارەکەدا خەی
لە دەخوەت.
لەو لە دامەنی هەگاکەدا و بە تەنیشت ئەو گەیانەی کە وەریون،
نەناسراوەکە دەرگای گەنجینەکەی دەکاتەوە و خەی هەدەژێت.
گەنجینەیەک بەو بیرانەی لە هەلانەکە دەنە دەر و بە تاریکییەکەدا
هەدەگەڕێن،
نەناسراو وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبێتن...
پەخەفگەلەک بەو خەونانەی جار نا جارێک
لە بەردەمی منداڵەکە دادەنیشن و لە بیری دەکەن ناونیشانی خوداکە
بپرسن.

بەهام باڵندەکان دەگەڕێنەوە، خەونەکانیش،
ئەوانەی وەک ئەوەی هەرگیز نەتوانن لە جێیەکی دیکەدا بن...
لە دامەنی هەگاکەدا و بەو شەقامەی هاستە و هاست هووە لە شارەکە
خەی لە دەخوەت، ئەوانی دیش تەپڵە دەبن، هەپەکراو بەو خەونانەی
بەسەر خەیاندا دەچەمێنەوە:
سەرنشینانێک کە هیچ کات دەرگای هەڵە ناکەنەوە. بەهەدا
وەرناچەرخێن.
هووە لە خەیان هانامێنن تا نەناسراوێک ببینن.

منیش پێ و پەناوی ژیریم، پێنجەرەیەک لە چاومایە،
هووە لە ناوەوە وەستاوم و
با یەک نابینم لە نەو دەشت.

پاش کرانەوەی دەریا، ئەمە بایە دەفیشکێنەت
کەهگەیەک باڵندەکان بە شەویدا دەنیشنەوە
منداڵەکە لە باوەشی زمانەوە، گلەر دەبەتەوە خوار.
دیوارەکە لە دەستمدا چەکەرە دەکا و بەسەر ناوما هەئەزنەت.
یاخود سەبەرەکی بەرین، بەو باهانەی

لەژێریدا کە چەماوە و دەستی مەژووم،
دەستی ئێستام، دەرگایەک داووخاو بە ڕووی خەمدا،
دەبێت بپرسم: ناوم بەسەر زمانی خەمدا دەشکێتەوە لەو پەرژینەی
کە دەیپێشم و هەنگپێیو، هێگاکە بڕەو ماڵ دەمئاژوێت.
پاش گەیشتنی عاباکەی شەو: ئاخە هەورم بە هەدادان کە دەگرمێنم؟

سروشت نەوزاد

- دەڵێ شیعرێکی (بیلی کۆلینس)ە بە دەستکاریییەوە وەرگیراوە.

بیرەوەرییەکانی فاقیەکی گوومەا...7...شەماڵ بارەوانی

بەشی حەوتەم/

هێگاکانی ناسینی خودا، بە قەد ئێستێرەکانی ئاسمانن...!
لەبەشی پێشوو ئاماژەم بەوەکرد، کە تەنها ئەوە قورئانیەکانن،
وەکوو پرۆتستانەکانی ناو مەسیحیەت، جێگای هیوا و ئەو کەمەیە کەسە
جوان بین و بزوتنەوە ئیفرمیست و چاکسازییەن، کە بتوانن
کاریگەریگەریەکی بەهێز و خڕایان هەبێت و لە هەناوی ئیسلامدا
شەشێک و کودەتایەک و نوێگەرییەک بڕپا بکەن.

دەمەوێ سڕپاس و خواس سەبارەت بە دیدگا و تێوانینی قورئانیەکان
و قورانیەکانیەکانتان باشتر پێدەناسێنم، کە منیش هێژگارێک
قورئانی بووم...

وەلێ مادام باسم لە پرۆتستانتەکان کرد، بۆیە پێم باشە و بە گرنگی
دەزانم لەو بەشەی بیرەوەریەکانی فاقیەکی گوومەادا، هەندێك باسی
پرۆتستانتییەکان بکەین و زیاتر لە بارەیانەوە بدوێین و باشتر بە
خوێنەرانی ئەو بەشەی بیرەوەریەکانی فاقیەکی
گوومەا...بیبیاناسنین.

پرۆتستانتییەکان کێن..؟
هەڵبژاردەت، وشەی(پرۆتستانت)، لە پێڤەی "پرۆتەستی (Protest)ئینگلیزییەوە هاتووە و بۆ واتای: ناڕازی بوون موعارزەبوون و ئیدانەکردن بەرهەستیکردن دێت.

پرۆتستانتییەکان، سەرەتا پێیان دەگووتن(ئینجلییەکانیان)، وەلێ دواتر و بە گوێرەی تێپەڕینی ڕۆژگار و سەردەم، ناوەکەیان لە ئینجلییەکانەوە، گۆڕا بۆ پرۆتستانتییەکان و ئیدی بۆ شۆڕش، لە پاڵ هەردووک مەزهەبی:کاتۆلیك و ئۆرتۆدۆکس، ئۆوانیش بوون بە مەزهەبێکی تری دیار و کاریگەری نێو ئاینی مەسیحیەت و کریستیانەکان.

بزووتنەوەی چاکسازی پرۆتستانەکان، کۆشیشێک بۆ ناو (مارتن لوتەر) دایمەزراند، چۆوسانەوە و ستەمی کڵێسا و پیاوانی ئایین و کۆشیشکان، هەموو سنووردکی تێپەڕاندبوو و گەیشتە ئۆپۆزسیۆنی خۆی، پاپاو پیاوانی ئایینی سەرو کلکیان لەگەڵ ستەم و جەوری و، کڵێسا دەستیان لە گەڵ چینی دەرەبەگ و پاشاکان تێکەڵ کردبوو و بە ناوی عیسا و ئاین و ئاسمانەوە، خەڵکیان لە سەر زەوی دەچەوساندەوە و ستەمێکی زۆریان لە مرۆڤکان دەکرد.

ئیتر لە مناڵدانی ئاینی کرسیتیان و هەناوی کڵێسا و مەسیحیەتدا، بزووتنەوەی ئیسڵاحی(پرۆتستانتییەت) لەدایک بوو، ئەو بزوتنەوە ریفۆرمیستەی وەکوو ئاماژەم بۆکرد(مارتین لوتەر) دایمەزراند و ڕابەرایەتی دەکرد.

مارتین لوتەر پیاوێکی ئایینی و لاهوتی و کۆشیشێک بوو لە سالی(١٤٨٣)زایینی دا لەدایك بوو. لە ساڵی(١٥٤٦)یش، ماڵئاوایی لە ژیانکرد و کۆچی دوایی کرد.

مارتن لوتەر ڕیفۆرم خواز و چاکسازیخوازێک بوو، ئەو دژی بیروباوەڕەی پاپای کاتۆلیکی بوو، کە پاپا ئەو دەسەاتەی هەبەت و بتوانەت ببەت بە نوێنەر و سەبەری خوداوەند و لە جیاتی ئاسمان پسوولەی لەخشبوون و غوفران بە مرۆڤکان دەربکات و مەتەی چوونە بەهەشت بە خەڵکی بفرۆشتەوە و بازرگانی بە ئایینەوە بکات و بە دەی خۆی خەڵکەکیش بە کافر و هەرتەقکات و بیانرەت بە جەحیمی خوداوەند و دەڵکانی دەزەخ.
Shamal Ismael Kareem
مارتین لوتەر بەوای بە هیچ واستە و وەسیلە و نوەندگیریێک نەبوو

لە نێوان زەمین و ئاسمان، یان خوداوەند و مرۆڤەکان.
مرۆڤ دەتوانێت یەکسەر پەیوەندی لەگەڵ خواوەند ببەستێت. ئەو قەناعەتی مارتین لەتەربوو.
ئەو باوەڕی وابوو کە
"مرۆڤ بە باوەڕی دڵەوە و هەر لەسەرگای دڵەوە، لە خوداوەند نزیك دەبێتەوە، نەك بەو کارانەی کە کڵێسا بە سەریدا دەیسەپێنێت".
مارتین لەتەر هەموو جۆرە نوێژ وپەرستش و ڕیتوال و سونەتێکی بە پێی قاتیکان و ڕۆماو پاپا و کڵێساکان و هەموو دەسەڵاتێکی پاپا و کڵێساو کۆشیش و چینی ئەکلیرۆسەکانی هەت دەکردەوە و دانی بە هیچ گووتە و بڕیار و بکە و نەکە و فەرمانێکی پاپا و پاتریکەکان و پیاوانی ئاینی دا نەدەنا.
ئەو لەسەر پرۆتستانتبوون و نەچوونە ژێر باری بڕیارەکانی پاپا و کلێسا و دژایەتی کردنی بە دەسەڵاتی پاپا و کلێسا و پیاوانی ئایینی، لەساڵی ١٥٢٠ی زاینی، لەتەر، لایان ڕۆماوە: بڕیاری دادگایی کردن و هەموو سوتاندنی کتێبەکانی و بە بەشکردنی لەوانە و گووتنەوەی بە دەرچوو.

مارتین لەتەر دەیگووت: "کتێبی پیرۆز بە تەنها تاکە سەرچاوەی سەرەکی ئایینی مەسیحییەتە". ئەو قسەکانی پاپاو چینی ئەکلیرۆس و هەموو شتێکی تری ڕەتدەکردەوە.
پرۆتستانییەت، وەکوو ئاماژەم بەکرد، لە مناقەدانی کاتۆلیکەوە لەدایک بوو، لەمەزهەبی کاتۆلیکدا، پیاوانی ئایینی و کۆشیشکان بڕیان نەبوو، ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنن.

مارتین لەتەر دژی ئەو تێگەیشتنە وەستایەوە و، پرۆتستەی ئەوەی کرد و گووتی کۆشیشکانیش دەتوانن وەکوو هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنن.

بە شێوەیە مارتین لەتەر، سەرەڕای ئاستەنگ و ڕەگری و ناخۆشیکان، کەسی نەداو بەردەوام بوو لە بەرەوکردنەوەی ڕەبازە ئیساحی و مەزهەبە تازەکەی و بیرو ڕاکانی دژ بە کڵێساو پیاوانی ئایین، تاوەکوو سەرەنجام وایلێهات هەوادار و لایەنگرانی زۆر لەدوای زۆر دەبوون و گوتەکان و بیرو باوەڕ و ڕەبازە تازەکەی زیاتر لە ناو خەڵکی بەناو دەبوویەوە و خەڵکێکی زۆر ڕوویان لەو تێگەشتنەی لەتەر دەکرد، سەبارەت بە ئینجیل و کڵێساو پاپاو پیاوانی ئایینی و مەسیحیەت و ئەستا مەزهەبی پرۆتستانت،
بە دووەم گەورەترین ڕەباز و مەزهەبی مەسیحیەت دادەندرێت لەسەر ڕووی زەوی و پەیڕەوی شوێنکەوتەو ژمارەی باوەدارانی لە سەرتاسەری

جیهاندا، بە(٨٠٠) ملیۆن کەس دێنە ژمارتن.

هەبەت لۆپاۆ مارتین لۆتەر، (قسەجۆن کالڤین John Calvin-١٥٠٩ بە ١٥٦٤ زایینی ژیاوە)
ئەویش تیۆلۆژیست و کەسایەتییەکی تری کاریگەر و دیاری نێو مەزهەب و هەبازو هەوەی پروتستانییەت بوو، لەرەو قسەکردن لەوبارە بە کەتادێنم و چیتر ناتوانم لەسەر ئەو بابەم و ئەو پوختەیەک بوو سەبارەت بە پرۆتستانیت.

ئینجا بابینەو سەر باس و خواسی قورئانیەکان،
من سەرەای ئەوەی دوای ئەوەی کەلەژی شەریعەم تەواوکرد، دەستبەرداری قەناعەتی قورئانی بوونیشم بووم.
وەلە من ئەستاش هاوەڵی قورئانیم زەرن، تائەستایش هەر هاوەڵین و زەر یەکتریمان خۆش دەوێت و سەرەای گەانی هزر و دیدم، وەلە ئەمە هەرکەنتاک و پەوەندیمان هەیە و هیچ لە برایەتی و هاوەڵیەتیمان نەگەاوە.

بەاستی قورئانیەکان مرۆڤی ئەقڵانی و هەمن و لەسەرخۆ و جوان بینن. ئەوان وەکوو سەلەفیگەرا و مەزهەبیگەرا و وئیسلامگەراکان جیقەدان تەسک و دید داخراو نین، کاتێك دەبینن موسەمانێک دەستبەرداری ئایینەکەی دەبێت، یان ئایینەکەی دەگۆڕێت. هیچ پەی تووڕە و قەس نابن و بە شتەکی زەر ئاسایی و ئازادی تاک و مافەکی سروشتی هەر کەسەکی دەزانن، کە بەپەی قەناعەتی خۆی بژیت و هەبژەرت. ئینجا مەولانە وتەنی ڕەگاکانی ناسینی خودا هەندە زەرە، بە قەد ئەستەرەکانی ئاسمان.
ناکرێت تەنها مزگەوت، یان کلەسا، یان ئاتەشگا و مەعبەدێکی دیاری کراو بکەیت بە ڕەگای ناسینی خوداوەند و گەیشتن بە ئەو. ئایینەکەی ئەو مالی حەقیقەت و هەموو ئەوانەیتر ڕەتکەیتەوە. ئەوە پەچەوانەی یاسای سروشت و پلورالیەتی ئایینی و جیاوازیەکانە. تەنانەت پەچەوانەی پەکەوتەیان و ویستی ئەزدانە.

قورئانیەکان لەو سەنگەیەوە:
ڕوانگەیەکی بەرز و لیبەڕاڵانە و هیومانیستانە و جوانیان بە مرۆڤ و ژیان و ژن و گەردوون هەیە. شلەقە و تەگەیشتنەکی هیومانیستانە و ئەقڵانیانە بە تەکستەکانی قورئان دەکەن و باوەڕیان بەو تەفسیرە:حەرفی، مەژووویی، فیقهی، مەزهەبی، سەلەفی، ئایدیەلۆژی و سیاسی و حزبیە نییە، کە بە درۆژایی مەژووی ئیسلام بە تەکستەکانی قورئان کراوە و دەکرێت.

ئەوان باوەڕیان وایە، ئایین بەتاک و نیشتمان بە هەموانە و نابێت ئایین هەرگیز، تەکنە بە کایەی سیاسەت و کۆمگەی حوکومەانی و کاری دەوڵەتداری بکرێت. ئەوان بە هەموو شێوەیەک دەوڵەتی سیوکراتی دەتەدەکەنەوە. بیردەزی داروینیان سەبارەت بە پەرەسەندن(ئیفۆلیشن)قبووڵ و بەچوونیان وایە: قورئان پشتگری ئەو تیورەی داروین دەکات و تیئۆرکەی داروین هیچ دژایەتیکیشی لەگەڵ ئەو دروست بوون و خەڵقەی ئادەم نییە، کە لەقورئان باسکراوە.

چیرۆک/ شەقامە بازنەییەکان (3)... ڕەسوا بەختیار

لەوانەیە بپرسن، بۆچی تا ئێستا هیچ کام لەپاڵەوانێک دیار نییە، بۆیە هەموو ئەوانەی لەشەقامە بازنەییەکان دەژین، هەموویان پاڵەوانی سەرەکین، یاخود هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لەڕۆژان ئەگەر بەرەکەوتیش بە، لەسەر شەقامە بازنەییەکان تێپەڕیوون، یان ئەوەتا بەهەی کارێک ڕوویان لەو شەقامانە کردووە، پاڵەوانەکان جەراجەرن، وەک ڕەنگەکان هەر یەکەو مانایەک دەبەخشێ، زەرجاران ئەو ڕەنگانە داهەنانیان هەناوەتەکایەوە، کەچی نکۆڵی دەکا و دەڵێ:
-من خۆکی ناو شەقامە بازنەییەکان نیم.
-تۆ پرسیارت کردووە، لەکوێ لەدایکبووم؟
خۆکی شەقامە بازنەییەکان گوێ بەم قسانە نادەن، بەڵکو پێیانوایە تۆ بێشکی دانەبەاوی ئەو نەوندەیی، بۆیە دەبینی هەموو ئەوانەی بەئەسپ خۆکی ئەوە نین، هەندەکیان دوای بیست ساڵیش دەبێ، شوێ زاریان وەک خۆکی شەقامە بازنەییەکان نەکردووە، بۆیە ئاسایی چۆن قسە دەکات ئەوان بێشوەزاری شەقامە بازنەییەکان وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام دەتەنگ دەبن کاتێک یەکێک لەدانیشتەانی نەو ئەو شەقامە بازنەییانە دەوەستند دەبێ، کەچی بێشەوازەکی ناشیرین، باس لەشەقامە بازنەییەکان دەکەن.
جۆرن و بەنە و یاد، حزبی نەتەوەی و ئاینی، چالاکی مەدەنی و خۆرخوازی، جوانی و ناشیرین، ڕۆژانە لەسەر ئەو شەقامە بازنەییانە دەبیندرێ، هەوادار و دژەکان هەردەم لەگەڵ یەکدا هاوەڵن، زەر بەکەمی رق و قینەیان بەرامبەر یەکتر هەیە، سەردەمانێک ڕاپورت

نووسین دژ بەیەک باو بوو، کەچی لەکەتایدا گەیشتنە ئەو بڕوایەی هەموومان خۆکی شۆقامە بازنەییەکانین، بەیە ئەمجارەیان بەدۆکی فراوانەوە گوڵیان بە بڕوونی یەکتر دەگرت.
ئیبراهیم ئەندامی یەکێک لەحزبە ئاینییەکان بوو، سەرەتای جۆش و خرۆشی باوەداری وایلێکردبوو سەاوی لەزەرەک لەهاوەییەکانی نەدەکرد، چونکە پێیوابوو سەاوکردن لەوانە جایز نییە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە سەینەوەی ئەو بڕوونە، هاتوە وەک پێشتر سەردانی هاوەییەکانی دەکرد، بگرە وایلەهاتبوو گشتی دەرەوەی وەاتیش لەگەڵ ئەوانە دەکرد، کە سەردەمانێک پێوابوو جایز نییە سەاویان لە بکات، بەو پێیەی ئەوانە لەنەو حزبی نەتەوەیی و چەپدان.
شاکر: بە سەردەمانێک سەاوت لەئەمە نەدەکرد و خەت لالووت نیشان دەدا؟

- (بەپێکەنینەوە) ئەمبەستت ئەوەیە، ئەو ڕۆژگارە گەمژە و گەل بووم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، سەیرم کرد، ئەوانەی بەو شێوەیە فێریان دەکردین، لەگەڵ کەسانی گومەاش دانەنیشن و بێشداری خواردن و خواردنەوەشیان دەکەن، دەزانی ڕۆژگارێکی سەیر بوو کاتێک بیری لەدەکەیتەوە یان ئەوەتا دەبە پێبکەنی یان بگرێی بە ئەو عەقڵە پووچەی هەمانبوو، واز لەمە بێنە سەردانی برای خەمم نەدەکرد، کەچی ئەو هەردەم بەپێکەنینەوە لەڕگەکان بەڕەو ڕووم دەهات.
- تە ئێستا باوەداریت گەڵانکاری بەسەردا هاتووە؟
- نەخێر، ماوەیەک بە ئەوەم بوو، تە بەهەنمە سەر بیروباوەڕی خەم، کاتێک نەمتوانی، پەمباش نەبوو، هاوەیەتیشتان لەدەست بدەم.
زۆرێک لەوانەی لەحزبە نەتەویەکان بوون، بڕق و قینەوە دەیانوانیە هەوادارانی حزبەکانی دیکە، هەیانبوو ملی نزیکترین هاوەیی خۆی دەشکاند، ئەمەش تەنیا بە دەستخێشیەک بوو، سەردەم تێپەڕی زۆرێک لەو بابەتانە بوو بەبەرژەوەندی و کار و هەیەک بە دەوەمەندی، تا وایلەهات لەگەڵ هەوادارانی حزبەکانی دیکە کەمپانیا دابنێن و بە هەڕ پرژەیەک پشکی هاوبەشیان هەبە و سوێند بەسەری یەکتر بخۆن، سەرەڕایی گشتکردن بەیەکەوە، خەڵکە نزیکەکانی خۆیان لەهەموو کەمپانیا و شوێنکدا دادەزراند.
خەڵکی ئەم دەڤەرە، بەقسەی خەڵکی دەڤەرەکانی دیکە بێ، نازانن ئەتەمبەڵ باژێن، ڕاستە ئەتەمبلی بەهاداری دوا مەیلەتان هەیە، بەڵام شتێکی وای لە نازانن، تەنیا بە ئەوەی

ئەمبەڵی دوا مەدیلیان هەبە، هەندەکجار وەک ئەوەی بەیەکتر نیشانی بدەن، خەیان بە دەوەمەند دەزانن، ئەوە بۆشکیان، بۆشکەی دیکە هەمن هەمن بە کارەکانیان ئەمبەڵ لەدەخەن، ڕاژ نییە لەسەر شکانەوە کۆشەی گەورە ڕوو نەدا، بەڵام لەکۆتایدا یەکتر ماچ دەکەن وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ، هەندەکجار لەشقامە بازنییەکان لەیەکتر دەنە خوارەوە، هەزار جۆن بەیەکتر دەدەن، کەچی کاتێک یەکەکی کەمێک ماقووڵە دەتە بەینیان داوای لێبوردن لەیەکتر دەکەن، سەیرەکە لەوەدایە، دەبن بە برادەر، بە هەندێک بابەت ڕاوەژ بەیەکتر دەکەن لەپرسە و تازیە و خۆشییەکاندا بەشداری دەکەن، هەموو کات سوپاسی ئەو ڕەکەوتە نالەبارە دەکەن.
کۆشمە کۆشمی ئەو شەقامە بازنییانە کۆتایی نایەت، زۆرێک لەماستەرپلان دانراو، زۆرێک لەڕەکخراوەکانی چالاکی مەدەنی و ژیار و ڕۆشنبیری دانراو، تا هیچ نەبێ کۆشکی بچووکی ئەو شەقامە بازنییانە چاڕ بکەن، بەڵام هەموو ئەوانەی بەو کارانە هەڵدەستان هیچیان یەکێک لەو ژاوەوانانە نەبوون، کە لەشقامە بازنییە لاوەکی و سەرەکییەکاندا سەری هەڵدابێ، هەموو ئەوانەی باس و خواستەکان دەخەنە ڕوو، یان ئەوەتا بەدوای کارێکی دیکەدا، کەچی لەشقامەکانی خەیدا نابووت دەبیندرا، بەڵام لەو لاتەوە پەیانگوتبوو: بۆ لەشقامە بازنییەکان لەدووتەیی مەدەنی و ڕۆشنبیری و ژیاریدا خەت بنوێنن، ئەوان زۆر حەز بەقسەی بریسکەدار دەکەن.
ئەو نازانی بەدەڕژایی مێژوو، زۆر هاتوون خەیان بەپاڵەوان زانیووە، کەچی شەقامە بازنییەکان کردووینەتە پەندی زمانێ.

چیرۆک/ ئاوی ژیان... جەلال عەبدوڵا ساڵح

ئێلیسا کاتێک بووە پارێزەر لە تەمەنی بیستو پێنج ساڵی دا شووی کرد بە میستەر دانیاڵ لەپرسراوی دادگای شاری قانکەڤار. دەیقد پانزە ساڵ لە ئێلیسا گەورەتر بوو. ئەو کاتەی دەیقد لەسەر کۆشەی

مۆک میستەر دانییاڵی کوشت جەیسنی کۆی تەمەنی هەشت ساڵ بوو. دووای بیست ساڵ جەیسن تۆڵەی باوکی کردەوە و کارەکی براکەی دەیقدی کوشت. ئەلیسا شوی کرد بە دەیقد. دەبوایە ئەو کارەی بکردایە بە ئەوەی جەیسن نەکوژرێت.
دەیقد جگە لەوەی ئەندامی پەرلەمان بوو. لەپرسراوی شارەوانی شارەکەی و خاوەنی سامانێکی زەر و کەمەنێک پرۆژەی گەورە بوو.
دەیقد گەایەوە ماڵەوە. ئەلیسای ژنی دەیزانی پلانی داناوە جەیسنی کوری بکوژێت پرسیاری لە کرد :

- ئایا قومارەکەت دۆڕاند؟ شپرزە دیاریت!
- هەواڵم زانی کابرای تاوان بارت ڕزگار کردووە! گرنگ ئەوەیە پارەیەکی باشت دەست کەوت؟ ئەلیسا پێی وت:
- دەیقد تۆ بە بە بەگە قسە دەکەیت. ئەو کابرایە هەندەی تۆ تاوانبار نەبوو. بگرە تاوانیشی نەکرد بوو؟
- چۆن تاوانی نەکرد بوو؟ پۆلیس بەسەر تەرمی کابرای کوژراوەوە گرتبووی؟
- بۆی بۆی ڕاست دەکەیت! بۆماوە دەمانچەکە هی تۆ بووە؟ تۆ دەبێت لە دادگا بەرگری لە خۆت بکەیت؟
- تۆ خۆزانی منی؟
- بۆ دەزانم بۆماوە من دادوەرم! ناتوانم چاوپۆشی لە قاتل بکەم!
- لە دوای بەیاری دادگا جەیسنم وەک نوێنەری خەم لەگەڵ پیاوەکانم نارد تا ئاگای لە هەموو شتێک بێت؟
- قسەی مناڵانە دەکەیت دەیقد! دەزانم کە بەرنامەت داناوە بیکوژیت. ئایا تۆ نەبووییت مەردەکەمت کوشت ؟ ئایا دەتوانێت تاوانێکی کە ئەنجام بدەیت؟
- ئایا چەکی لەگەڵ خۆی برد؟ وتم نەک لە بیری چوبێت هههههه
- دەزانی تۆ زەر کەری! بە بە چەک چۆن شۆڕ دەکرێت؟ جەیسن گەمژە نییە دەزانێت چی دەکات لەگەڵ دووژمنەکانی دا!

شەو هەواڵیان گەیاندە دەیقد پاپۆڕەکەی تەقێنراوەتەوە و هەموو پیاوەکانی کوژراون. ساڵی ۱۹۹۳ دادگا بەیاری بیست سال زیندانی بە دەیقد دەرکرد. دوای چوار مانگ جەیسن کوژرا. ئەلیسا سەری خۆی هەڵگرت و پاش دووساڵ لە شوێنی پاپۆڕەکە تەرمەکیان دەزیەوە.

- !

غوربەت

مراسیمی ۱ی ئایار ۲۰۲۲ لە شاری تۆرنتۆ/کەنەدا

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

بەیەکەیزی و جەشدانی خەباتی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش بە بەدیهێنانی دنیایەکی یەکسان و باشتر، ڕێکخستنەکانی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی) مەراسیمێکی شکۆدار لە Thomson Memorial Park ڕێکدەخات.
بەم شێوەیەی خوارەوە و بەوهیوایەی هەموو ئازادیخوازان و ئاپۆرانی جەماوەری و یەکێتیە کرێکاری و حزبیەکان بتوانن بەشداری تێدا بکەن.

۱- پیشانگەیەکی وێنەیی بە خەباتی جەماوەری و کرێکاری لە کوردستان، عێراق، ئێران و کەنەدا و دنیا نمایش دەکرێت.
۲- مەزکتابی ڕاگەیاندن و نوسراوی مارکسی و بڵاوکراوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی بەزمانەکانی کوردی،عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی.
۳- بەشی وتارخوێندنەوە جگە لە وتاری ڕێکخراوەیی مەراسیمەکە کۆسایەتی و نوێنەری ڕێکخراوی جەماوەری لەکەنەدا بەشدار دەبن.
وتار بێژەکان:

1. وتاری ڕێکخەری مەراسیم
2. John Clarke. Packer Visitor in Social Justice at York University.
3. Nawzad Medhat from socialist action
4. Kiri Vadivelu from Scarborough
   - Member of Acorn Canada
   - Member of Municipal Socialist Alliance
   - Running for Councillor Ward 21 in Toronto

٤- شیعر و قەتعنامە و مایکی ئازاد .
٥- بەشی مۆسیقا و گۆرانی بە دی جەی لە لایەن بەهێزان گۆران باهیر و شەماڵ ڕەسوڵ ئامادە دەکرێت.

٦- هەرکەس و بەخواردنی خۆی بەشداری دەکات و خواردنەوەش لەوێدا دەفرۆشرێت.
بژی ھاوپشتی و چینایەتی کرێکار
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ کۆنگرەی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق/ کۆنگرەی
حزبی حیکمەتیست(خاتی ئاسمی)/ کۆنگرەی

"پەروەردەی ئیسلامی"، پرسیارکوژی و گومانکوژی... شەرکی کرمانج

ئەم وتارە کە بەشی چوارەمە لەو زنجیرەی وتارەی کە دوابەدوای هەرشەکانی هەندێک کەس و لایەن بە سەر نوسەر و ئوناکبیری کورد کاک شەرزاد حەسەن وا خەریکم دەیانبووسم. کاک شەرزاد لە کۆنگرەی بەنداما لەسەر هەندێک توێژینەوەی من گوتبوی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە قوتابخانەکانی کوردستان مرۆڤی داعشئاسا بەرهەمدەنن (تکایە بە پێناسەی داعشیزم و ئیسلامیزم تەماشای بەشی یەکەم بکە لەم زنجیرە وتارە کە لەژێر ناونیشانی "من بووم بە نێک شەرزاد حەسەن" بڵاوبۆتەوە).
لە بەشی یەکەمدا پێداگریم لەسەر ئەوە کرد کە هەندێک لە دەقەکانی کتێبەکان بە ئاشکاوی بە منداڵان دەڵێن ئەو کرستیانانەی لەگەڵتاندا ئەژین لەم وڵاتە دوو بژاردەیان هەیە، یان سەرانەی کرستیانبوونیان پێدەن یان دەبێت بیانکوژین. لە بەشی دووەمیش بە نیشاندانی چەند دەقێک لە کتێبەکان نیشانماندا کە منداڵان و خوێندکارانی کوردستان لەمیانی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە جیاتی قبوڵکردنی فرەیی و ئازگرتن فەری بەنرخکردنی ئایینەکانی دیکە دەکرێن. ئەلبەتە بەشی سێیەم باسم لەوە کرد کە چۆن لە ئەگەری کتێبەکاندا ئیسلام وەک ئایین بەسیاسیی دەکرێت و منداڵانی هەرەمی کوردستانیش دەکرێن بە ئیسلامیی، واتە چۆن ئیسلامیزم وەک ئایدیۆلۆجیایەک لە قوتابخانەکان بڕەوی پێدەدرێت. ئەمەش خەی لەخەیدا بنەمایەکە و هەوڵەکە بۆ بەداعشکردنی منداڵان.

ئەم بۆشە هۆکارێکە بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەوەی داخۆ پەیام و بۆهاکانی نێو کتێبەکانی "پەروەردەی ئیسلامی" چ جۆرە مندالێک، خوێندکارێک، مرۆڤێک، یان نەوەیەک، بەرهەمدەنن. هاوکات، هۆکارێکە بۆ گۆڕینی خوێندنی ئایین لە قوتابخانەکانی کوردستان لە پەروەردەی ئیسلامییەوە بۆ ئایینناسی. پاڵنەری سەرەکیش بۆ ئەم هەوڵە ئەوەیە کە پەروەردەی ئایینیی کار و ئەرکی قوتابخانەکانی کوردستان نییە.

گرنگی توێژینەوە لە پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانە (مینهاجی دیراسی) لەوەدایە کە لانێو هەموو ئەو کتێب و زانیاری و زانینانەی (مەعریفانەی) لەبەردەستدان کتێبەکانی قوتابخانە لە هەر هەموویان کاریگەرییان لەسەر منداڵان و لاوان زیاترە. ئەمەش بە سوکو سانایی بە ئەوە دەگەێنێتەوە کە بە بێجگە لە دەق و پەیامەکانی ناو کتێبە مەنهەجییەکان هیچ کتێب و زانیارییەکی دیکە لەم دنیایەدا نییە کە هەموو منداڵ و لاوێک پێی ئاشنا بێت، چونکە خوێندن، وەک زۆربەی وڵاتانی دیکە، لە کوردستانیش بەزۆریی (ئیلزامییە). ئەمەش وای کردوە کە خوێندکار حەزبکات یان حەزنەکات ئەوا زانیاری و مەعریفە ئامادەکراوەکانی نێو کتێبە مەنهەجییەکانی بەسەردا دەبارێنرێت. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم زانیارییانە، وەک ئەو پێندەی دەگوترێت "فڕێدەون لە منداڵی وەک نەقشەهەگرتنە لەسەر بەرد"، جێپەنجەی خۆیان جێدەهێڵن.

پرسیارکوژی و گومانکوژی

ئەگەر دروستکردنی پرسیار و گومان و گەڕان بە دوای سەرچاوەی گرنگ و گەورە و جۆهەرییەکەی مرۆڤایەتی: ئەمە کێیە؟ لەکوێوە هاتووین؟ بەرەو کوێ دەچین؟ کێک و خەمی سەرەکی سیستەمی پەروەردەیەت ئەوە منداڵانی کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونیان بە قوتابخانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەیان دەستدەکەوێت و یەک دانە پرسیاری جۆهەری بە وەڵام لەلای منداڵەکان نامێنێتەوە. گومانکردنیش، کە جۆهەر و سەرەتای هەموو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکو و بەدواداچوونێکە، نێک لەلای منداڵان و خوێندکاران گۆشەناکات بەڵکو ئەگەر هەشبێت دەگمەنەوێتەوە.

پرسیار لەبەر ئەمەیە، داخۆ ئەو بانگەشەیەی ئەمە بنەمای لەسەر چ داناوە؟ بە پشتەاستکردنەوەی بانگەشەکە چاوێک دەخشێنین بە کتێبی "پەروەردەی ئیسلامی". منداڵانی کوردستان لە وانەی یەکەمی کتێبی "پەروەردەی ئیسلامی" بە پەلی یەکەمی بنەڕەتی پێیاندەگوترێت کە "خودا پەروەردگارمانە خولقێنەری ئاسمان، زەوی، مرۆڤ، گیانەوەر، ڕووەک، ئاو وە هەموو شتێک"ـە. سەرنجێک لە ناوەڕۆکی ئەم دەقەی سەرەوە بەدین بەمان دەردەکەوێت کە:

یەکەم، لە ڕۆژی یەکەمی خوێندن، منداڵانی کوردستان وەڵامی هەموو پرسیارە فەلسەفییەکانی مرۆڤایەتیان، کە مرۆڤکان هەزاران ساڵە بە دوایانەوە خەوداڵن، لە یەک ڕستەدا بە دەستدەکەوێت. چونکە ئەم دۆقەی سەرەوە وەڵامی هەر سێ پرسیارە گەورە فەلسیەکەی، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، داوەتەوە.
دووەم، ئەم دۆقە چەمکی فەلسەفی زۆر قوڵ و ئاڵۆز لە خۆدگرتووە کە لە توانای منداڵێکی تەمەن شەش ساڵیدا نییە کە بتوانێت بە سانایی تێیانبگات و هەرسیان بکات.
سێیەم، ئەم دۆقە منداڵی بەپرسیار و بەگومان لە پرسە فەلسەفییەکان بەرهەمدەنێت چونکە وەک گوتمان وەڵامی پرسە فەلسەفییەکانی بە ئامادەکراوی لە دۆقەکە دەستدەکەوێت. بەجگە لەمە ڕستەکە زۆر بەشێوەیەکی ڕۆهایانە (ئیتلاقیانە) داڕێژراوە.
ئەم هەڵسەنگاندن و ڕۆخنانەی سەرەوە لەوانەیە هەوبەدووی ڕۆخنە ببنەوە بەتایبەتی لەوانەی کە ئایینیان وەک ڕاستییەک و باوەڕێکی ڕۆها وەرگرتووە و لای ئەوان ئایین جێگای هیچ پرسیار و گومانێک نییە. بەنمونە، لەوانەیە کەسانێک هەبن ڕۆخنەبگرن و بپرسن ئەی باشە مەگەر خوا زەوی و ئاسمان و مرۆڤی نەهسکاندوە/نەخولقاندووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمە دەڵێین:
یەکەم، مەبەستی ئەم وتارە قسەکردن نییە لەسەر ئەوەی داخۆ ئەم دۆقەی کە لە کتێبەکە هاتووە ڕاستە یان هەڵە، بەڵکو زیاتر قسەکردنە لەسەر شێوازی داشتنی ڕستەکە/دۆقەکە، لەگەڵ ئەو پێیامانەی کە ئەم شێوە داشتنە دەیانگەیەنێت.
دووەم، کردنی پرسیارەکە بەمشێوەیەی سەرەوە لە چوارچێوەی پرسیارێکی پەروەردەیی-فەلسەفیی دەزگایەکی (ئینستیتێیەکی) حکومی سەربەخۆ، وەک وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم، دەردەچێت و دەبێتە پرسیارێکی ئایینیی-فەلسەفی دەزگایەکی ئایینیی، وەک مزگەوت. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی دیکە، ئایا وەزارەتی پەروەردە دەزگایەکی حکومییە یان ئایینییە؟ دیارە ئەگەر حکومەتی هەرێم خۆی بە حکومەتێکی نائایینی (مەبەست لە نائایینی دژە-ئایین نییە) دابنێت و وەک لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین، وەک بۆخۆی ئیدیعا دەکات، بەهۆبەبات ئەوا ئەوکات دەبێت پەداچوونەوە بکات بە شێوەی داشتنی نەک تەنیا ئەم دۆقە بەڵکو زۆربەی دۆق و ڕستەکانی کتێبی "پەروەردەی ئیسلامی"، کە دواتر باس لە هەندێکی دیکەشیان دەکەین.
پەداچوونەوەکەش کارێکی هەندە سەخت نییە. هەنگاوی یەکەم لەوە دەستپێدەکات کە هەر ئەستاکانە وەزارەتی پەروەردە دەستیداوەتە ئەویش بە هەوەدان بە گۆڕینی خوێندنی "پەروەردەی ئیسلامی" بە

"ئایینناسی" یە. مەبەستێکی سەرەکی ئەم وتارە خزمەتکردنە بەو هەنگاوە. هەنگاوی دووەمیش دەبێت ئەوە بێت داخۆ مەبەست لە ئایینناسی چییە؟ بە چەند نمونەیەک دەکرێت هەندێک تیشک بخرێنە سەر چۆنیەتی کارکردن بۆ ئاراستەی گۆڕینی وانەکانی پەروەردەی ئایینی بۆ ئایینناسی و گۆڕکردنی دۆگماکان لە خستەتە پرسیارکۆژی و گومانکۆژیەکانیان.

بۆ چاککردنی ئەم دۆگمایەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، دەستپێدەکەین. دۆگمایەک لە کتێبێکی پاڵی یەکەمی بنەڕەتیدا دەڵێت "خودا پەروەردگارمانە خولقێنەری ئاسمان، زەوی، مرۆڤ، گیانەوەر، هووک، ئاو و هەموو شتێک"ـە. ئەم دۆگمایە لە دیدێکی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە و نوسراوە کە دەکرێت شیاو بێت بە کتێبێکی ئایینیی کە لە دۆزگایەکی ئایینیی، وەک مزگەوت بخوێندرێت، بەڵام نوسینی ئەم دۆگمایە لە تەوێی کتێبێکی قوتابخانەیەکی حکومی نەگونجاوە. لە کتێبەکانی قوتابخانە حکومییەکان دەبێت ئایینناسی بخوێنرێن نەک پەروەردەی ئایینیی و ئیسلامی. ئامانج بە مانای ئاشناکردنی خوێندکاران بە هەموو ئایینەکانی دنیا لەسەروی هەمووشیانەوە ئایینی ئیسلام چونکە ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە.

لەوانەیە هەندێک کەس پرسیاری ئەوە بکەن باشە چۆن دەکرێت دۆگمایەکی ئایینی وەک ئەو دۆگمایەی سەرەوە لە جیاتی ئەوەی وەک دۆگمایەکی ئایینی وەرگیرێت، وەک دۆگمایەکی ئایینناسی بخرێتە نێو تەوێی کتێبەکان. لە وەڵامدا دەکرێت بڵێین ئەمە کارێکی زمانەوانی زۆر سەخت نییە. ئامانج بە داشتنەوەی دۆگمایەکە دەبێت، بەبێ ئەوەی تانە لە جۆهەری بەوای موسڵمانانیش بدرێت کە باوەڕیان بەوە هەیە کە خوا زەوی و ئاسمان و مرۆڤی خولقاندوە. داشتنەوەکەش دەکرێت بەمشێوەیە بێت: "موسڵمانان پێیانوایە کە خوداکەیان خولقێنەری ئاسمان، زەوی، مرۆڤ، گیانەوەر، هووک، ئاو و هەموو شتێک"ـە.

ئەم داشتنە، دۆگمایەکە لەو دەربڕە جیاوازانە پێکهاتووە کە داشتنەکەی پێشووتر هەیبوو. لە پاڵ ئەمیش دەرگای پرسیار و گومان لەبەردەم خوێندکاران داناخات چونکە ئەم دۆگمایە ئەو مانایە دەبەخشێت کە ئەوە لە دیدی موسڵمانانە کە خودا ئاسمان و زەوی و مرۆڤی خولقاندوە. دۆگمایەکە ئەم دیدەشی وەک هەقیقەتێکی نەهاوەرنەگرتووە. فەزاکانی ئەم دۆگمایە جێگای دیدی دیکەی تێدا دەبێتەوە و دەرگاش ئاوەڵا دەکات لەووی کەمێک پرسیار، کە گرنگن بە منداڵ.

کاریگەریی ئەم داشتنە لەسەر منداڵانی کوردستان بە زۆر شێوە دەبێت، لەوانە:

یەکەم، پرسیاری ئەوە لەلای خوێندکاران دروستدەکات کە ئەمە تاکە

دید نیە و تێگەیشتن و تێوانینی دیکەش هەیە بۆ ئەم پرسە گرنگەی مرۆڤایەتی.
دووەم، گیانی قبوڵکردنی دیدگاکانی دیکە لایەن خوێندکاران دروستدەکات چونکە دیدگاکە هاوبیگرانە دانەڕاوە.
سێیەم، هاڵی پێکەوەژیان و تەبایی لەنێوان ئەندامانی گەلی کوردستان لەنەوخێیاندا و لەگەڵ گەلانی دیکە دروستدەکات. ئەمەش بەوەی کە منداڵانی کوردستان هەر لە یەکەم هەڤ و یەکەم وانەی قوتابخانە بە گیانی فرە دیدگەیی گەشدەکرێن نەک تاکڕەویی کە دید و دەستپێکی دەقەکەی نەو کتێبەکەیە.
چوارەم، ئەم داشتنە دەبێتە بەردی بناغەی پێکەوەژیان و تەبایی ئایینی و ئایدیۆلۆجی لە کوردستان.
لە بەشی داهاتوودا هەندێک ئەنجامگیری لە گفتوگۆکانی ئەم بەشە دەکەین و چەمکگەلی وەک هاوبیگرایی و تاکڕەویی زیاتر شرۆڤە دەکەین.

شەرکە کرمانج

دەست بە ناوەکان مەبەن... سامانی وەستا بەکر

ئەبوو پاش ٣١ ساڵ لە حوکمڕانی خەماڵی ئەستا باس لە ئەزموونی سەرکوتوو و مەدیرنی کوردستان بکرایە نەک تا ئەستاش چاومان لەسەر ئەزموونی خەجێی و بەرەوپێشەبەری وەاتانی تری دنیابە.
گەلی کورد گەلێکی بندەست و چەوساوەی ناوچەکە بووە لە مێژەوە، زۆر تامەزرۆی ئازادی و حوکمی خەماڵی کوردی بووە، ئەبوو هەر بۆ تامەزرۆییەش، شۆڕشگێرانە هەڵپەی بووایە بۆ دروست کردنی موئەسەسات و حومەکی هاشید کە شایستەی گەلێکی ستەمدیدە و بندەست بووایە. حوکمەک کە تاکی کوردی هەستی بەچێژی ئازادی و سەربەخێی بیاردانی خەماڵی بکردایە، حوکمەک کە بەتەمەنکان بەنەوکانیان بووتایە دەستمان دامێنتان نەکەن ئەم سەربەخێیە لەدەستبەن و بگەڕێنەوە ژێردەستی شۆڤێنی و هەگزپەرستکانی نەتەوەکانی سەردەست، بەڵام مەخابن کەمن ئەو بەتەمەنانەی پێکەشی داوایەکی لەو جۆرە لە

نەوەکانیان بکەن چونکوم سەردەمی بندەستی حوکمی سۆڤینێکان ئازادی نەبوو بەڵام سک تێربوو، مەخابن ئێستا هەم سک برسییە و هەم ئازادیش سنوردار و لەقاچبیراوە.

دەسەڵاتی قوڵی خەڵکی:
دەسەڵاتدارانی هەرێم بەزارێبن و پێیانخۆش نیە پێیان بوترێ کە بە هزری خەڵکی وڵات بەڕێوەبەن، بگرە بە نەنگیشی ئەزانن بڵێن چەن نیشانەیەکی زەر دیارەیە کە تابەت ئەو جۆرە لە حومکڕانیە ژدتر و توندوتێژترئەکا و بەردەوامیش کاری لەسەر ئەکەن کە ئەیسەلمێنێ جۆری حوکمڕانی هەرێم خەڵکیە بەپلەی نایاب.
ئەگەر سەرنجێک بخەینە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێم زەر بەڕووی هەست بە بوونی "دەسەڵاتی قوڵ" ئەکەی، جەوهەری بابەتەکە ئەوەیە کە کەسانێك لە پشتی دەزگا و دامەزراوەکانەوە بەیارئەیەن و هیچ پەستێکی فەرمیان نیە لە دەزگاکانی تەشریعی، جێبەجێکار و دادوەریا. کەڵەکەی کەسانەکن بە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی سیاسیی و دارایی و کەڵەکەیەتی خەیان کارئەکەن، کەسپن لەبەردەم بەدیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، کەسپن لە سەر پروسەی سیاسی و حوکمی یاساو مافی مرۆڤ و ئازادیێکان، لە سەرووی لێپرسینەوەی فەرمی دەسەڵاتان.
تورکیا لەسەردەمی کەمال ئەتاتورکی نەتەوەپەرست و فاشیا هەندێ دەسەلاتی لەسەروی دەسەڵاتەکانی تر بەخشیە سوپا و جەنەراڵەکانی، بە پاساوی پارێزگاری کردن لە علمانیەتی تورکیا، بەڵام نەی بەخشیە کوێ و براو کەس نزیکەکانی خەی بەجیاوازی ئەوەی لای ئەمە.
ئەوەی لا ئەمە جۆرەکە لە حکومەانی وڵەی زەر کەمە تا ئاستی نەبوون، دوورنیە حکومەتی هەرێم تاکە دەسەڵاتبەت لەو جۆرە ئەویش ئەوێ کە خەزان زاڵ و لەپشترێ لە تایەفە و تایەفەش لە پشترێ لە خەڵ بە جێبەجێکردنی "دەسەڵاتی قوڵ" لەناو "دەوڵەتی قوڵ"ا، کە ئەمە بابەتێکی ناوازەو سەمەرەی بەڕێوەبردنە.
ئەگەر ڕاستگۆبین لەناو خەزانە دەسەڵاتدارەکانی هەرێما ئەتوانین بڵێوونی خەزانی بارزانی وەک داهێنەری ئەم جۆرە لە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتداری دیاربکەین، کوردەواریش ئەڵێ "گەورە ئاوەژەنە بچوک پێ تێئەخشێنە".
خەزانی بارزانی زەر بەپێنهانی و بە سەمینەوە بەردەوام خەریکی جێبەجێکردنی دەسەلاتی قوڵن، بەناچاری لەڕیا دوو نموونە وەرگرین کە تازەترین کارەکانی خەزانی بارزانین بە چەسپاندنی دەسەڵاتی قوڵی خەڵکی.

یەکەم: لەسەروبەندی کاندید کردن بۆ پۆستی سەرۆک کومار پ.د.ک وشیار زێباری کاندیدکرد، پ.د.ک لە هەموو کەس باشتر ئێزانی کە زێباری تەنا پێ، بەحوکمی ئەوەی متمانەی لەوەرگیراوەتەوە وەک وەزیر بەنام هەر کاندیدیان کرد، دڵگرانیش نەبوون کە دادگای فیدراڵی کاندیدبوونکەی هەوەشانەوە چونکوم پارتی یان ڕاستر بێین پارتی نا بەکو خەزانی بارزانی کاندید دەخوازێ شاراوەکەی خەیان ئامادەکردبوو کە ئەویش بەبەر ئەحمەد بارزانی وەزیری ناوخەیە، ئاخر لەدیدی خەزان و خەڵا بۆ جێبەجێکردنی دەسەاتی قوە باشترین کەسکان ئەندامانی خەزان پاشان تایەف و دواتر خەڵ و هەزن بۆپڵەبەندی، هەشیار زێباری ڕاستەخاڵی سەرکی پارتیە بەنام بارزانی نیە بەنام بەبەر ئەحمەد بارزانیە واتە لە ڕێزبەندی پڵەبەندیا خاڵێک لەپێشترە، واتا لەکاتێکا کە زەربەی دەسەاتە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لای خەزانی بارزانین و ئەوانەی بەفەرمیش لەژێر دەسەاتی خەیانانیە ئەوان لەڕێی جێبەجێکردنی دەسەاتی قوەوە کەسکی خەزانی خەیان بۆ پۆستە گرنگ و پێ بەهاکان داناوە، بۆیە بۆ تۆندوتەکردنی دەسەاتی قوە پۆیستیان بۆ کەسکی خەزانی خەیان یان خەڵی خەیانە بۆ پۆستی سەرکی کەمارکە ئەویش بەبەر ئەحمەدە.

ئەگەر بابەتەکە چۆسپاندنی دەسەاتی قوە نیە خۆ لەناو پارتیا بەجگە لەو هەموو کادرە پشکۆتووە، ئەو هەموو پرۆفیسەر و مامۆستای زانکۆیە، ئەو سەرکردایەتیە فراوانەی پارتی، ئەو خەڵکە نوخبە و ڕۆشنبیرەی کە پارتین و بۆ پارتی کارەکەن، لەوانەش لەپێشتر مەکتەب سیاسی پارتی خەڵکەکی تیایە کە شیاوی ئەو پۆستەن، هەر بۆ نمونە فازیل میرانی کە لای عێراقیەکان ناسراوە و گونجاوترە بۆ ئەو پۆستە، بەنام بەتەواوینی تەسکی خەزانی بارزانی میرانی ناکۆتە ناو چوارچێوەی چۆسپاندنی دەسەاتی قوەوە لەناو دەوەتی قوەا، هەرچی سەبارەت بەکادر و ئەندام و سەرکردایەتی سلەمانی پ.د.ک هەیە، ئەوانە نەک ناکۆنە چوارچێوەی چۆسپاندنی دەسەاتی قوەوە بەکو ئەوان بەر "نەفرەتی سلەمانی بوون" کەوتوون ئەگەرنا چەندین کەسانی شیاو بۆئەزموون و سەرکەوتوویان تیا ئەدزرێتەوە.

دووەم: ماویەکە ناوبەناو مەردمناڵێک بەناوی "مەلا مستەفا"وە لە شوێنە فەرمی و کەو داودزگاکانا بەشداری ئەکا و دەرکەوە، لە کەبوونەوە گرنگ و چارنووسازکانا بەشدارئەبە، ئەم مەردمناڵە یەکێکە لە دیارێترین دەرکەوتەی چۆسپاندنی دەسەاتی قوە، ئەم سەرەای ئەوەی ئامدەش ئەکرە کەببە بە کەسی یەکەم و گرنگی هەرەم،

لەم خاڵەیانا خەزانی بارزانی غەدر لە بارزانی باپیر ئەکەن، چونکە لەگەڵ هەر دەرکەوتنەکی ئەم مەردمناڵەیا چەندین ووشەی نەشیاو جنێو ئەوترێت و ووە لە بارزانی باپیرئەکات، بەمەش لە شکۆو خەبات و ماندووبوونی مەلا مستەفای باپیرئەیرێ، بەناڕاستەوخۆش لەبەهای یەکەک لە سەرکردە مەزوویەکانی میللەتی کورد ئەهێنرێتە خوارێ، کە ئەمەش باش نیە بەهیچ میللەتێک چونکوم ئەگەر بتووە گەلێک بەوخەنی ئەتوانرێ بەسەە هەکار ئەو کارەبکرێ کە یەکەکیان سووککردن و کەمکردنەوەیە لە خەبات و تەکۆشانی سەرکردەکانی گەلەک، دووانەکەی تریشیان بە بەهاکردنی مامەستا و لەبەرچاونەگرتنی ڕەی دایک و باوکێ.

دەسەڵاتی خەڵکی:
خەڵ هەمیشە گرنگی بە چواردەورەکەی خەی ئەیا کە پەکهاتوون لە خەڵکانی خەڵ و هەزەکەی خەی، لەوناو ئەوانەشا گرنگی زیاتر بە خزم و تایەفە ئەیات، لەناو ئەونیشا گرنگی هەڕ زەر بە خەزانە، ئەمەش یەکەکە لە دیارترین سیماکانی حوکمەانی هەڕەم.
دەسەڵاتی هەڕەم دەسەڵاتێکی خەڵکیە، خەڵ گرنگی بەچواردەورو شوێنی نیشتەجێبوونی خەی ئەیا ئەگەرچی لەسەر شان و حسابی خەڵکی تر و ناوچەیەکتریشبێ.
ئەگەر شوێنی نیشتەجێ بوون و هاتوچەی خەیان ببینی زەر بەڕووونی ئەزانی کە ئەمانە خەڵکەکن بە هزری خەڵ وەات بەڕەوئەبەن، چاویان تەنها ئەو شوێنانە ئەبینێ کە کەڵو کەبوونەوەی تیائەکەن و کەشک و تەلارو باڵەخانەی پەشەوازی میوانەکانیان و ڕەگەی هاتوچەی سەردانیکەرێ دەرکیەکانیان گرنگی پێئەیەن، لەباشترین کارەکانیشیان ئاوەدان کردنەوەی ناوچەیەک و وەلانانی نانی ناوچەیەکیترێ تا ڕاق و کینێ لەناو خەڵکا دروستبەت بە نمونە گرنگیان بە هەولێر و وەلانانی سلێمانی کاری حکومەتکی ڕەشید نیە هێندەی سیمای خەڵکانێکی خەڵکی و کاڤامی سیاسی پەوەدیارێ.

ناشرینکردنی ناوێ جوانەکان:
یەکەک لەقەزەونترین کارێ نابەرپرسەکانی دەسەڵاتدارانی هەڕەم ناشرینکردنی ناوەکانێ تاکو لەبەری ئەوەی خەڵکی نەفرەت لە سیاسیەکان بکاوێتێ داوی پلان بەداڕژراوی دەسەڵاتدارێ سیاسیێ بازرگانەکانەوێ و ئەوان لەبیرکەڕەن و تاوان بکەرێتێ ملی شارەکانەوێ.
لە دنیای سیاسیا دوو وەات کاتێ لەسەر هەر بابەتێک گفتوگۆبکەن ئەوا لە نوسین و دەربڕینەکانا ناوی پایتەختی وەاتەکێ بەکارئەهێنن

چونکە وا باوە دەسەلاتی جێبەجێکارو حکومەت لە پایتەختە، بەڵام لە کلتوری سیاسی هیچ وڵاتێکا نەبینراوە کە دوو شاری ناو وڵاتێک هاوشێوەی دوو وڵاتی سەربەخۆو جیاواز بەناوی شارکانێوە بانگی یەکتربکەن و لەو ڕێیەوە هەڕەشە و چەوتە و چەوسێنەی خەیان بەیەخەی شارکانا بسون.
پارتی و یەکێتی ماوەیەکە زۆر بەووڕی هەرچی دزی و گەندەڵیەکانیانە، هەرچی نەزانی و نەشارەزایی بەڕێوەبردنیایە، هەرچی ڕق و تەقیانە بەناوی سلێمانی هەوڵێرە ئااستەی یەکتری ئەکەن، بە نمونە داهات دیارنیە و حکومەت بڕێ بودجەی سلێمانی نانێرێت، بڕێ بەنزین و نەوتی سلێمانی نانێرێت و لەبازاڕی ڕەشا ساغی ئەکاتەوە، پارەی دەرمانی نەخۆشخانە و پرۆژەکان واژە ئەکات و پارەکەی سەرف ناکات کەچە دەسەلاتدارانی زەنی سۆز ئەڵێن "هەوڵێر" گەمارۆی خستۆتە سەر سلێمانی، لە ڕاستیا ئەم دەربەینەکی هەڵەیە.

پارەی سلێمانی دیار نامێنێت و بانکەکان چەکراون و سویلیان نیە بە دابەشکردنی مووچە، داهات ناگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت، کەچی دەسەلاتدارانی زەنی زەرد ئەڵێن "سلێمانی" داهات ناگەڕێتەوە، لەڕاستیا ئەمش دووبارە دەربەینکی هەڵەیە، ئەم ئاوەیە کە دەسەلاتدارانی هەردوو زەنی زەردو سۆز کاری بۆئەکەن، تا لەو ڕێگەیەوە کەمتر ناوی خەیان بهێنرێ و هەدوو ناوی شاری سلێمانی و هەوڵێر ناشرینکەن و خەڵکی هەردوو شار بکەن بە دوژمنی یەک و سەرقاڵبن و ڕق و بوغزیان لەدا لەدژی یەکتر دروستبێ، بەوجۆرەش ئەوان لەدزی و گەندەڵی خەیان بەردەوام ئەبن و دەستچۆرکانیشیان بەناوی هەردوو شاری سلێمانی هەوڵێرا ئەسوون.
بەداخەوە بەشێک لە مەدیاکارەکان جا بەنزانیبێیان بەرنامە بە داڕێژراوی حیزبەکانیان هەمان هەڵە ئەکەن و هەموو ئەو هەڵە و تاوانانەی پارتی و یەکێتی دەرهەق بەخەڵکی هەرێمی کوردستانی ئەکەن بەناوی سلێمانی و هەوڵێرە ئامژەی پێئەکەن، هەروەک ئەوەی ئەو دوو شارە دوو مرۆڤی تاوانباربن، ئەم لابری ئەوەی هەموو جارێ ناوی خودی دز و گەندەکارە بهێنرێ. لەڕاستیا ئێگەر خەڵکی ئاسای و عەوام بکەونە هەڵەیەکی لەو جۆرەو تێپەڕێ بەسەریانا تا ئاستێک ئاسایی بەڵام کاتێک نوخبێ و ڕۆشنبیرو مەدیاکار ئەو هەڵەیە بکات ئەوا ئەبن بەبەشێک لەو تاوانەی کە دز و گەندەکارەکان دژی ناوەجوانەکان ئەیکەن.
ئەوەی دەخۆشکەرە ماوەیەکە هەندێ کاری هونەری و درامای هاوبەش لەنێوان هونەرمەندانی سلێمانی و هەوڵێرا ئەکرێ کە ئەکرێ ببێتەوە هەوێنی گرێدانەوەی ئەو دوو شارە کە پارتی و یەکێتی بەزۆر لەهەوەی

دابەنیانان.

سامانی وەستا بەکر ٢٦-٤-٢٠٢٢ سوید-ستۆکهۆم

لە شازدەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی هونەرمەند ئازاد خانەقینی.. رێزا شوان

هونەرمەندی شڕشگێڕ و پێشمەرگەی دڵێر و تێکۆشەری شار و شاخ، جوانمەرگ (ئازاد وەهاب عەبدوڵڕەحمان) ناسراو بە (ئازاد خانەقینی) لە ساڵی (١٩٥٨) دا، لە (گەڕەکی پاشاوتگەی ئەوەند) لە شارێ جوان و قژشنگەکەی سەر (روباری ئەوەن) شاری شەهید (لەیلا قاسم) و شەهیدی فەرماندێ لیوا (حوسین مەنسور) و بە دەیان شەهیدی تر. لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و تێکۆشەری خانەقین لەدایک بووە. خێزانێک تا سەر ئێسقان کورد و کوردستان پارێزرن. کوردایەتی و خۆشەویستی بە کوردستان بووە بە گروپی خوێنیان. هەر لە منداڵییەوە جگەرگۆشەکانیان بە ڕەحمی کوردایەتی و هاوبەستەبوون بە کوردستان گۆش و پەروەردە کردوون. قوربانی و باجێکی قورسی ئەم هەڵوێست و ڕێبازیان دایەوە. سەرجەم ئەندامانی ئەم خێزانە، لە ڕۆژگارێکی زەر ترسناک و سەخت و دژواردا، لە شاری خانەقینی قارەمانەتی و مەردایەتی، ببوون بە چەقی چاوی بەعسی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنست.

خوالێخۆشبوو مام (وەهاب) ی باوکیان، کە سکرتێری سەندیکای کرێکارانی خانەقین بوو، کورد و کوردستان پەروەرێکی کەم وێنە بوو. منداڵکانیشی بە ڕێبازەکەی خۆی پەروەردەکردوون. ڕەوانشاد مامۆستا (جەبار) ی کوڕە گەورەی ئەم خێزانە، ئاوێش ڕەنگی گرنگی زۆری هەبوو لە، لە پەروەردەکردنی خوشک و براکانی بە هەستی کوردایەتی و کوردستان پەروەری. وەکو مامۆستایەکیش، چەندین نەوەی کوردی لە شاری خانەقینی بووکی گەرمیان، بە هەمان ڕێباز و ڕەحیەت پەروەردەیانی کرد. لەو سەردەمەدا مامۆستا جەبار ناوی هاندە لە براکانی و لە

منداڵەکانی خۆی، ناوی کوردی لێنان (ئازاد، بەرزان، هەڤاڵ، مەولەوی، گەران، دڵزار، هەژار، ساکار). کەواتا ئازاد خانەقینی و خوشک و براکانی، هەر لە منداڵییەوە، ئاڵف و بێی کورداێەتییان لە باوکیان و لە مامۆستا جەباری برایانەوە فێربوون.
لە ساڵی (١٩٦٤) دا، لە پاڵی چواری لقی (وەژێی) بووم لە (ئامادەیی موسڵا) لە کەرکوک. لە ڕێی بەرنامەی یەکێتری ناسین بە نامە لە ڕادیۆی کوردی بەغدا، یەکێک لەو ناوانەی خوێندرایەوە، ناوی (فەتحوڵا وەهاب عەبدوڵڕەحمان) لە خانەقین، کە ئەو کاتە تەمەنی لە دەور چواردە و پانزە ساڵان بوو، کە دووەمین براگەورەی ئازاد خانەقینی یە، نامەیەکم بە نارد، ئەویش وەاڵمی دامەوە. لەو ڕۆژەوە بووین بە هاوڕێ، بەکو بووین بە برای یەکتری و ئاشنایەتی و هاتوچۆی خزانیش زیاتر پەیوەندیمانی شیرینتر کرد. لە ساڵی (١٩٦٥) بە یەکەم جار، چووم بۆ شاری خانەقین بۆ ماڵی (فەتحوڵا)ی هاوڕێم. ئەو پێشوازیێ گەرمەی کە لێ منیان کرد، هەمیشە لە یادمە و لە یادی ناکەم. کە لە ساڵی (١٩٦٦) دا، لە (پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان ـ باقوبە ـ دیالە) وەرگیرام، جارێکیان لەگەڵ عەلی برام و دو هاوڕێی هاوخوێندکاری پەیمانگاکەمان، لە باقوبەوە، بە گەشتێک چووین بۆ خانەقین. سەرمان لە ماڵی (ئازاد خانەقینی) دا، زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێمان کرد و خوانی نیوەڕۆیان بۆمان ئامادەکرد. ئەو ساڵە تەمەنی (ئازاد خانەقینی) هەشت ساڵ بوو، تەمەنی کاک (بەرزان خانەقینی) بۆ بچووکیشیان شەش ساڵ بوو. چوین لەسەر ڕووباری سیروان بۆ لای (بەردە کۆنەکە) کە شوێنەوارێکی جوگرافی ناسراوە لە خانەقین. چەند وێنەیەکمان لەوێدا گرت. زۆر سوپاسی کاک (بەرزان وەهاب) دەکەم، کە دوو مانگ بۆر لە ئێستا یەکێک لەو وێنانەی بۆم ماسنجۆرکەم نارد. ئەوەشم لە یاد ناچێت کە مام (وەهاب) ی باوکیان، دوو جار بۆ دیاریی جوانەوە، وەکو سەر لە کۆی خۆی بدات، بۆ سەردانیمان هات بۆ پەیمانگاکەمان لە باقوبە.

ئەو کاتەی کە من ناسیانم، ماڵیان لە (گەڕەکی کرێکاران) ی سەر بە پالاوتگەی وەند بوو. بەشی هەرە زۆری گەڕەکەکەیان کورد بوون. لە نێوان شاری خانەقین و گەڕەکی کریکارانەدا، بازگەیەکی کونترۆڵ و پشکنینی پۆلیسی لێبوو، بریتیبون، لە چەند پۆلیسێکی بەعسی، کە زۆر رقیان لە کورد بوو. خێزانێکی گەڕەکی

کرێکاران، بۆ لێرەیەکی درێژی سەر بە کەمپانیای پاڵاوتگەی وەند، بە ناو شاری خانەقین دەهاتن و دەگەڕانەوە. پۆلیسەکانی ئەو خاکە، زۆر جار هەر بە تەشقەکە و لەمە و ئەزێتدان، خەڵکی ناو لە لێرەیەکەیان دادەگرت و لێیان مەکە دەبوونەوە، دووبارە فەرمانیان دەدا، دەی خەرا سواربنەوە.
پورە (مەکیە)ی دایکی ئازاد خانەقینی، هەزاران درود بە گیانی پاکی. وتی:" ئەو کاتە ئازاد و بەرزان تەمەنیان شەش و چوار ساڵان بوون، کە لە بازگەی پشکنینەکە دایان دەگرتین و دەیانوت دەی سواربنەوە، بە ئینقەست هاوارم دەکرد، ئازاد، بەرزان، دەستانم بدەنێ با سواری لێرەیەکەتان بکەم. چونکە دەمزانی کە ئەو پۆلیسە بەعسییانە، بە گوێ لێبونی ناوی کوردی زۆر قەرس و گرژ دەبوون".
ئازاد خانەقینی قەناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە خانەقین تەواو کرد، قوتابخانەی (ئامادەیی کشتوکاڵی) لە شارەچکەی (خانەس) ی سەربە دیالە، تەواوکرد.
ئازاد بەجگە لە رەحمە کوردایەتییەکەی، هەر لە منداڵیەوە خولیا و هەگری هونەری ڕەسەنی کوردی بوو. دەنگەکی زۆڵاڵ و سەدایەکی شیرین و خۆشی هەبوو. لە ڕۆژی (١/ ئایار/١٩٧١) دا، لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا، بە یەکەمجار، وەک ئێندامەک لە کورسی سرود و گۆرانی، بە شداری لەو ئاهەنگەدا کرد، کە لە لایەن کەمپانیای پالاوتگەی نەوتی خانەقین، بە بۆنەی (ڕۆژی کرێکارانی جیهان) بوو، سازکرا.
ئازاد خانەقینی، لە ساڵی (١٩٧٩) دا، لەگەڵ چەند گەنجێکی هاوڕێی کوردیدا، لە خانەقین، تیپێکی هونەریان بە ناوی (تیپی مۆسیقای خانەقین) بوو دامەزراند.
بە هەی دەرکردن و بەاوکردنەوەی کاستێکی گۆرانی بە زمانی کوردی. لە لایەن دەزگای ئەمنی بەعسی سەرکوتکەر و فاشیستەوە، توشی گرتن و ڕوانان بوونەوە.
ئازاد خانەقینی، لە ساڵی (١٩٨٠) دا، لە گوندی (توژەڵ) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد. بوو بە ئێندامی (تیپی مۆسیقای شەهید کارزان: ١٩٨١ـ١٩٩٠) لەوە لە ڕەی چەینی سرودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە، ڕێگەکی بەرچاوی هەبوو، لە جێشدانی خەبات و لە بزواندنی هەستی نیشتمانی و گیانی بەرگری کردن لە کورد و کوردستان. سرودەکانی هاوشانی چەکی پێشمەرگە، لە سەنگەردا بوون.
ئازاد بەجگە لە کاری هونەری، وەکو پێشکەشکارێکیش لە رادیۆي دەنگی کوردستان کاری کردووە. ئازاد کەسایەتییەکی سەنگین و

هەمن و لەسەرخۆ و هاوڕێ دەست بوو. لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) دا، بەردەوام بوو لە خزمەتکردن لە کاری هونەری و راگەیاندندا. چەندین ئاهەنگی سرود و گۆرانی پێشکەش کرد. لە (تەلەفزیونی گەلی کوردستان) یش، درێژەی بە کاری راگەیاندندا. لە ڕێی سرود و گۆرانییەوە خزمەتکی زۆری هونەر و کەلەپوری ڕەسەنی کوردی کرد. پەنجەمۆری لەم بواردا هەیە و کاڕەوە نابەت. ئەوەی ڕۆژەک ئازاد خانەقینی ناسیبێت، هەرگیز لە یادی ناچێت.
ئەمانە ناوی بەشێک لە سرود و گۆرانییەکانین (کرماشان کرماشان، کەکی قیوان، مەرزیە ئەی نازەنین، لە باغان ئاه و ناڵین دە،...بەدیان گۆرانی و سرودی تر).
خۆزانەکیان، لە شەش برا (جەبار، فەتحوڵا، عەبدوڵا، خالید، ئازاد، بەرزان) و پێنج خوشک (نەبیهە، مریەم، زەکیە، ئامینە، فرەسک) پێکهاتبوون. دایک و باوکی و پێنج لە براکان و خوشکە گەورەکیان، کەچی دواییان کردووە. هەزاران درووە بە گیانی باکیان. لە براکان تەنها کاک (بەرزان) یان ماوە، تەمەندرێژی بە دەخوازم.
کاک (بەرزان) یش سرودچێ و گۆرانبێژێکی بە توانا و ناسراوی کوردمانە، لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا، چەندین کلیپی گۆرانی کوردیی خۆشیان بە تەمارکردووە. بە شەوزاری (کەهەی) گۆرانی دەڵێت. شایەنی باسیشە کاک بەرزان لە ڕاپەڕینی ئازادکردنی شاری خانەقین لە (٢٠٠٣) دا، ڕێکی قارەمانانەی بەرچاوی هەبوو.

سەرجەم ئەندامانی ئەم خۆزانە کوردە تەکۆشەرمان، بە باکانە بە نهەنی و بە ئاشکرا، گیانبەخشانە لە ڕێخستنە نهێنییەکانی ناو شاری خانەقین و سڵەمانیدا، کوردایەتی و خەباتیان دەکرد و پێشمەرگەی نهێنی بوون و دژایەتی حیزبی بەعسی ڕەگەزپەرستیان دەکرد. خالیدی برایان کە پێشمەرگە بوو، لە ساڵی (١٩٨٤) دا، لە کەمینکدا لەناو شاری سڵەمانیدا، لە لایەن هەواگری و دایرەی ئەمنەوە شەهید کرا. (نووسەر) من و دایکم و خۆزانەکەم، لە کەرکوکەوە چووین بە پرسەی ماتەمینی شەهید خالید لە خانەقین. کە بنهەنی لە ماڵەوە دایان نابوو.
لە دوای شەهیدکردنی خالیدەوە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەدا، لە لایەن دایرەی ئەمن و بەعس لە خانەقین، فشارێکی زۆریان خستە سەر هەموو ئەندامانی ئەم خۆزانە کوردەمان و ناچاریان کردن، کە خانەقینی زێدی باب و باپیرانیان بەجێبهێڵن. لە شاری

سلێمانی نیشتەجێبوون. بەڵام هەڵۆش و راوانان و دڕبەدەری، تازقاڵەک کەڵەی پێنەدان و زیاتر و سورتربوون لە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری کوردستان.
ژنێکی ناسیاومان هەبوو ناوی (درەخشان شەریف) ە، ڕۆحی ڕەوانی شاد بێت. ئەو بەمانی گەیاندەوە، وتی:" مریەم خانمی ـ خوشکی گەورەی دووەمی ئازاد خانمی کە لە ژیاندایە ـ تازە هاتبووە کارگەی جگەرەی سلێمانی، هەشتا بە باشی نەماناسیبوو لە ساڵانی هەشتاکاندا، نیوچە مانگرتنێک لە سلێمانی لە دژی ستەمکارییەکانی ڕژێمی بەعس رویدا، رائید تاها کە ئەفسەرێکی ستەمکاری دایرەی ئەمنی سلێمانی بوو. هاتە ناو کارگەی جگەرەی سلێمانی، بە تووڕەییەوە وتی: ئەوە بە وا هاربوون؟ درەخشان خان وتی: مریەم خانمی بە زمانێکی باشی عەرەبی وتی: ئیوە بەبە تاوان بڕا، باوک و کەسوکارمانتان گرتووە، هیچ تاوانکیان نییە ئەمە ستەمە بە بڕیان نادەن؟ رائید تاها چاوی زەقاوە کرد و بە مریەمی وت: من أنت؟؟ مریەمیش بەبە ترس وتی: أنا بنت السلیمانیە. کە وای وت هەموومان چەپڵەیەکی درەژمان بۆی لێدا. رائید تاهاش هەڵۆشی کرد و بە سەرشێتیەوە ڕیشت. لەو ڕۆژەوە مریەم خانمی بوو بە خۆشەویستی هەموومان" ئەو قسەیە درەخشان خان بەمی گێڕامەوە.
ئازاد خانمی، ڕەشنبیر و نوسەر و شاعیریش بوو، چەند سرود و گۆرانییەکی، لە هونراوەی خۆیان. بە زۆریش بە شەوزاری (کۆهەوڕی) گۆرانی و سرودی دەچڕی.
لە کۆپڵەی یەکەم، لە هونراوەی (نەوای بەستون) لە نووسینی ئازاد خانمی کە بە گۆرانی و ئاوازیشەوە، تەماری کردووە، دەڵێت:
کرماشان کرماشان، ئەی دیارە خۆش و کەساران
قیبلەی عاشقانە بەستون و تاق وەسان
لە وەهاران وەهاران خۆشە دەشت و کەساران
بەهەشتی سەر زەمینە ئەیوان و قەسر و گەلان
ئازاد خانمی لە نەو غەم و ئازار و چەوسانەوەی گەلەکەیدا چاوی هەڵهێنا، دەڵێت:
من کوە غەم بیم، لە غەم بیم پەیدا
غەم ناوکم بۆی و غەم ناوم نیا
غەم چەپیە و پەم ئەی چارە سیا
ئەرای غەم خواردن سەر گەورە کردم
ڕەوانشاد ئازاد خانمی شانیەکیشی بە ناوی (ئەرا کی؟)

نووسی و دەرهێنرا.
لە ئامادەکردنی: تەها ئاغاجان و دەرهێنانی: جاسم وەندی. کە لە رۆژانی (٢٧ ـ و ـ ٢٨ ـ و ٢٩/ / ٢٠١٣) لە شاری خانەقین نمایش کرا.
ئازاد خانەقینی لە ساڵی (١٩٩٣) دا، لەگەڵ پەرلەمانتار خاتوو (پەیمان عەزەدین) دا، هاوسەرگیری کرد. دوو کچی جوانیان هەیە، گەورەکەیان هاوسەرگیریی کردووە.
ئازاد خانەقینی، لە بواری دەکیەمێنکردنی مۆژووی راکێیاندنی (یەکەتی نیشتمانی کوردستان) دا، شوێن پەنجەی دیارە، ئەو مۆژووی لە ساڵانی (١٩٧٥ـ ١٩٩١) لە چوارچێوەی پەرتوکەکدا، بە ناوی (مادەنا، مۆژوو و بیبلۆگرافیای راگەیاندنی یەکەتی نیشتمانی کوردستان) ی نووسی و باڵاوی کردەوە.
ئازاد خانەقینی لە رۆژی (١/ ئایار /٢٠٠٦) لە تەمەنی (٤٨) ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد، لە رێورەسمێکی شایستەدا، لە گەستانی شەهیدان لە سلێمانی بە خاک سپێرا.
بە داخەوە مەرگ بواری نەدا، ئەگینا ئازاد زۆری پەمابوو و زۆریشی لە خەیاڵدا بوو.
ئازاد خانەقینی، تەکەشەرێکی سیاسی سەرسەخت و پێشمەرگە و هونەرمەندکی رەسەنی شانشگێڕبوو (کەم ژیا و کەڵ ژیا) زۆری کرد و زۆری بەخشی، بەناو زۆر کەمیان بە کرد. هیچ کاتێکیش چاوی لە پەست و پایە و پاداشت وەرگرتن نەبوو.
وەک ئەمەک و رێزگرتن و بەرز راگرتنی رەگ و یادی ئازاد خانەقینی تەکەشەر، بەشی پەیکەرسازی لە ناوەندی چالاکی گەنجانی شاری خانەقین ـ سەر بە رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ـ لە لایەن هونەرمەندی پەیکەرساز (جەنگیز یازگی) یەوە، بە یارمەتی چەند هاوڕێیەکی، لە فایبەر گلاس، پەیکەرێکیان بە ئازاد خانەقینی دروست کرد، کە چوار مەتر بەرزە. لە ئێوارەی رۆژی سێ شەممەی (١٥/ ئاب/٢٠٢٠) لە گەڕەپانی (شەقامی سەرەکی خانەقین) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە نوسەران و هونەرمەندان و کەسوکاری جوانمەرگ و خەڵکی شاری خانەقین و شارەکانی تر، لە لایەن بنەماڵەکەیەوە، پەردە لەسەر پەیکەرەکەی لابرا.
لە شازدەمین ساڵڕۆژی یادی کۆچی دوایی جوانمەرگی رەوانشاد، ئازاد خانەقینی، هەزاران درود بە رۆحی رەوان و بە گیانی پاکی دانەرین. هەزاران چەپکە گوڵی گەش و رەنگاوڕەنگی کوردستان بە سەر مەزاری پیرۆزی دانەرین.

(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، بەجگە لەوەی کە لە نزیکەوە و دەمەکێ تەکەڵاوی و ئاشنابوونمان لە گەڵ خانەوادەی ئازاد خانەقینی دا هەیە. تا رادەیەکیش سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:
١ـ ئازاد خانەقینی ـ خەلیل عەبدوڵا ـ سایتی: خاک. مەژوو: (٦/ ئایار/ ٢٠١٧).
٢ـ وتەیەک بە زمانی عەرەبی بە ناوی (الارث الثقیل) لە نوسینی: خاتوو (ئامینە وەهاب) خوشکی ئازاد خانەقینی ـ کە لە فەیسبووکدا بڵاوی کردۆتەوە.
٣ـ سایتی: بنکەی روناکبیری گەلاوێژ. (١٩/ ئاب/ ٢٠٢٠).
٤ـ چەند زانیارییەکیشم بە تەلەفۆن. لە هونەرمەند کاک (بەرزان وەهاب) ی برای بچوکی ئازاد خانەقینی یەوە وەرگرت.

ڕزا شوان
نەرویج: ٢٥/ نیسان/ ٢٠٢٢

تەکە ناشارەزای لە نهێنی عەشق لەمەی ئەمە مەکە(*)... و: نەژاد عزیز سورمێ

گیانە تۆ
سۆز و دەردی
دڵی ئەمەت نەدیوە
تۆ
لە ئەمە بپرسە
کە نەت دیون ..

(بەڵ دڵبەر بڵێ بە خۆپەنهاندانی بمانکوژە
دڵ ویستی بە موراد بگا و
بە دەردی خۆی دوایی پێ بێ)(1)

بە شین و [illegible]ی گەرم و

هەناسەی ساردی ئەمە
پەمەکەنە

تۆ منالی
گەرم و ساردی دونیات نەدیوە .

(عەشق ئەوەیە
چاوی عاشق ببینی
بە ئەسرین تەڕ بووە و
خەتانی فرمێسکی
گریانی
خۆی بووە) (2)

تۆ کە لە نهێنی عەشق ناشارەزای
لەمەی ئێمە مەکە

ئێمە نووقمیگەشتین و
تۆ
دەریات نەدیوە ..

من لەبەر دام لە حاڵ و بار
با خەبەرت کەم
تۆ بڵ خەمی
تۆ دەردی دڵت تەنیا بیستووە
بەڵام نەت دیوە .

ئاماژە :
(*) ئەمە بەشێکە لە قەسیدەیەکی درێژتری شاعیری فارسیزمان(جەلالەددین عەزدی یەزدی)
کە لە لایەن هونەرمەندان (مەهدێ عەباسی و مینای دەریس) بە هاوکاری گرووپی نواك –
لە سترانێکی مەئاڵ سەفیدا بە تێکهەڵکێشکی باڵکێش و شایان کە دوو بۆگەی بە زمانی عەرەبی تێدایە و لەڵ لایەن خاتوو(مینای دەریس)ـەوەڵ گوتراوە – لەناو دوو کەوانە دانراوە –
تەواوی قەسیدەکە فارسی و عەرەبییەکەی دەقی ئەو سترانەیە لە یوتووب بڵاوکراوەتەوەڵ ،
هەر لەوڵوەش کراوە بە کوردی .

وەرگێ

بەوانە :
https://www.nabavi.co/blog/32354
1)) و (2) ی ناو کەوانە بە عەرەبیە و
لە لایەن (عەبدولقادر مەراغی)یەوە نووسراوە
خاتوو مینای دەریسی چیویەتی .

هیچ و سفرو هیچ... جەلال عەبدوڵا ساڵح

١

هەنگاوم نا و نجم دا
پارە و پوڵ و دراوم دەستکەوت
باخی پڕ لە میوەم دەسکەوت
تاووس و جووجەڵەی ڕەنگاوڕەنگم دەستکەوت
هەنجیری پڕ لە شیلەم دەستکەوت
ژنی جوانم دەستکەوت
پاشان
هیچ و سفر و هیچ

٢

دەریای سوورم بینی و ئاوی قاوەیم بینی
شەپۆلی قووم بینی هەنگاوی زەعیفم بینی
حووتی چوار چاوم بینی ماسی چوار شاخم بینی
بڕقی باڵدارم بینی
کیسەڵی دوو قاچم بینی
دوای ئەمانە
هیچ و هیچ و هیچ...

٣

لەسەر یەک گوڵزەمڕەم کوشت!

لەسەر تاریکی تفم لە کەان کرد
لەسەر جنۆک گوچکەی منا کم بی
لەسەر وشک بوونی نامەک نفرەتم کرد لە خەم و خاک
لەسەر سیاسەت دوورکەوتمەوە لە سیاسەت
لە سەر ئەنفال خوێندنەوەی کتێبم ترک کرد
لەسەر پارە بوومە جەلاد و سەرەک و ئەندامی پەرلەمان
لەسەر ژیان ئەملاو ئەولای مردنم ماچ کرد
لەسەر وشە گومم لە ئامۆژگاری نووسەرەکی شەت گرت
ئەی دوای ئەو
بەسەری کەتر درەناکەم
هیچ و سفر و هیچ

٤

لەبەر ئەوەی مرۆڤکی نامەم
واشتنگتەن دەری کردم
تەرەنتە اوی نام
مەکە ناردمی بە ماڵی وەهابییەکان
تاران ناردمی بە شەڕی حوسەینییەکان
لینین ناردمی بە کوشتنی (مەنشەفییەکان)
مووسەمان ناردمی بە ماڵی جووەکان
ئەی دوای ئەو

٥

لەسەر هیچ
فەی پیریم گرت
کرمی غەریبیم خوارد
میزی کەرم تام کرد
ئەسپەی خەیاەم کوشت
چەکی ئەمریکاییم ماچ کرد
پەاوی ووسم خستە سەرسەرم
ژەهری ئەمانیام وەک نوقوە خوارد
وەک سەگ دەمم کردەوە
نانی قەشەم قوت دا
بوم بە فەقەی ترسکی
بە زەمدن کاتژمەرم شکاند
مووسووەمان بووم بە ژن بوومە جوولەکە

مووسووەمان بووم بە مارکس بووم بە شویعی
خواناس بووم بە پارە بووم قاتیل
پاش ئەمانە
هیچ و سفر وهیچ

جەلال عەبدوڵا ساڵح

خوێندنەوەی گەمژانەی مارکسزووم... مەحمود عەبدوڵا

ئەبو بەکر کاروانی بەنمونە

دەبێت سەرتاپا ئاوەڵا بم لەبنەوە تا سیاسەتی اخوانەکان گەمژانەیە.چونکە وەک باربارا تەکمان دەڵێت:هەموسەردەمێک داب و نەریتی خۆی هەیەوسیاسەت بگۆڕی ئەوداب و،نەریتە دادەژرێت.بەڵام ئەوان بۆ موسەمانەکان بە ئاوازو گەمژانە لەوسەردەمەی ئێستادا،بگۆڕی سەردەمی سوڵتان سەلیم و مەلا ئیدریس سیاسەتی خۆیان داشتووە،بە لەژیکی نەکرایەتی سوڵتان ئیش دەکەن!
بەرلەوەی بزانین ئابردوچۆن بووە،دەکرێت لەئێستای ئەوەو بزانین،براموسەمانەکان،ئابڕدینیەکان تەنها وەک نەکەر ئەرکدارکراون بۆ خەلیفە و سوڵتانەکان.ئەوەی ئەوە دەیکەن لەخیانەت وجاشایەتی فیکری،وقیستیقاڵی بۆ تورککردن ونکۆڵی لەکولتوری خۆمان ،درۆکراوە ی نەکرایەتی سەعید نورسی و مەلا ئیدریسە،ئەوە پاشماوەی ئەو دەربارو نەکرانەن،.لەناو کوردا ئیسلامەتیتان کردە چەکی جاشایەتی.
خەریکی بە هەشکردنی تاکیکوردن.ئەگەر ئەوە لەئابردو ئێستادا نەکرێتیتان نەکردو،خۆڕە وەها بڕچی ئیش لەسەر پەروەردەکردنی کچانی کورد دەکەن لەسەر شێوازی ئیسلامی تورکی .ستایلی ژنەکەی ئەردەغان دەکەنە واجبی دینی کیژە کوردە کان.
ئەمە بڕخوایە یان بڕخەلیفە؟سەیرکەن چۆن،لەئابردودا نورسی دەگما خوداو خورما تەکە دەکات.دەڵێت ئەگەر سەیری مانگ بکەیت وەنەی خورمایەک دەبینیت!ئەوە اخوانەکان کتێب لەسەر کتێبی خالید

ئەرتوغرول دەکەنە کوردی کە ناسیۆنالیستێکی تورکە هەڤتان خواناسیە یان خالید ناسی و تورکناسی؟ئەزانن ئەوخالیدە چ ژەهرێکی ناسیۆنالیستیتورکی دژی کات ئەوانی دژی دەوڵەتی تورکن بە یاخیبوون دانەت،ودژی نورسی لەوانە نەبوو.خوێنەر بەدرێژی ئەوباسە دەتوانێت سەیری؟وتارێکم بکات لە کورستان پۆست. ئەم لینکە ی خوارەوە،خوێنەر حەپەسکانی خالید ئەرتوغرول.

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=89537

بەڵێ ئەوە ئیسلامی سیاسی سیاسەتی خەتان لەسەربنەمای نەکەرایەتی و گەمژانەوی خەلافەتی ئیسلامی تورکی داشتووە،واز لەئابردو بێنن،خەڵکی ئەستا هەموو،کەس دەزانێت ئەوی دەیکەن بە پێوەری ئەمەڕاشتیفیکریە و نەکەرایەتییە بەعوسمانیە نوکەن.چونکە تەنهالەوگەیەوە دەتوانن لەناوکورد پگەیکتان هەبێت،بەپاپشتی دارایی وئاتانیتر گەنج،ولاوی کورد پەروەردە دەکەن ،ئەوگەشتی نەکەرێتیتان داهێنا بەتورکیا لەسەرزاری عەلی قەرەداغی مەلا ئیبلیسی سەردەم ئاتان گەیاند کە نەکەری سوڵتانن.

دەوڵەتی عوسمانی ،لەمژودا بەپیاونەخۆشکە ناسراوە،ئەوە تەنها ئەقڵی نەخۆشە دەتوانێ بەرگری لەبکات.دەوڵەتی عوسمانی هەموو خەروبەرەکەی بەکورد سەپاندن باج،کەکردنەوەی سەربازو سەرانە بو،لەگەڵ دابەشکردنی موی پیامبەر!جەنگی بەردەوامی سوڵتانە خوێنمژەکان،تەنها بە ئەقڵ نەخۆش وفاشیستەکان جگای دەزێ،بەئەومرەقانەی لەمژودا دژین و لەواقیع نامکراون.سوڵتان محمد فاتیح چەن قوستەنتینیەی گرت؟فەرمانیدا سێ ڕۆژ سەربازەکان ئازادبن لەئابواردن لەگەڵ ژنە دڵمیەکان!ئەم ئەقڵ نەخۆشانە مشکە کیرانە ئەم فاتیحە داگیرکارو بەدەوشتە پیرەز دەکەن.هەربەڵاستی ئەمانە ویژدانیان بیمارە، نەخۆشن

بەر لەوەی بپرسین کورد کێیە و چی بوو دەبێت بپرسین فەتح چییە؟

کێشەی ئیسلامی سیاسی ئەویە مەژوو بەئیسلام دەستپێدەکەن،ئەوان گەربیان بکرێت نکۆی لە مژووی مرۆقایەتی دەکەن، و هەموشتێک دەگەڕێنەوە بەسەردەمی پەیدابونی ئیسلام.مرۆق حیزبی سەسینگی بیردێتەوە لەدەمانی ١٩٨٤ کە چەن دیکتاتۆرێت هەموشتێکی بەر لە شەش بسەتەوە،دونیا دابەشبکات بە پێش شەش و دوای شەش ،دونیای پێش شەش هەمووی نەزانی و چەوساندنەوەیە و دوای شەش هەموشتێک باش.ئەم فەمی حیزبێکی تەتالیتارە کە دیکتاتۆرێت هەموشتێک بگەڕێت زمان،مژوو ،غەریزە،دیارە ئەوش دەکرێت بەماویەک لەدەی

پەروەردەیەکی ئایدیالۆژی و خیانەت لەهۆشیاری! ئیسلامیەکات بەهەمان تەکنیک سەیری دونیا دەکەن،لای ئەوان چرکەساتی مژوو ئەو چرکەساتەیە کە گروپەکەی محمد هەدەکوتنە سەر کاروانەکی بازرگانی ئەو گروپە کە بەفەرماندەیی محمد ئەو کاردەکەن بە سریە نەخلە بەناوکراوە. ئیسلامیەکان بەوشەوەیە مامۆستا لەگەل مژودەکەن،سرینەوەی هەموشتەک پێش ئیسلام و دابەشکردنی دونیا بە پێش ئیسلام و دوای ئیسلام.سەردەمی ئیسلام و نکۆی لە هەر شتەکی پێش ئیسلام دەکەن.دیانەوەت هەموشتەک بگەن ،جگە لەخوێندنەوەی ئایدیالۆجی ئیسلامی هەموو خوێندنەوەو تەفسیرەکیتر بە دونیا دەتدەکەنەوە.

لەکاتێکدا بەشکی زۆری شریعەتی ئیسلام لە سەردەمی جاهیلی وەرگیراوە، ئەبەت بگۆڕی دونیابینی ئیسلامیەکان سەردەمی جاهیلیە، ئەگەرنا وەک وتم هەگ و ڕیشەی ئیسلام لەسەردەمی جاهیلیدایە هەربۆنمونە حەج، قەدەغەکردنی چوارمانگی جەنگ لە کولتوری سەردەمی جاهیلییە. بەڵام ئیسلام لەگەل ئەوسەردەمە سەنتەز دروستدەکات و فەرمکی پێشکەوتوتر پێشکەش دەکات. خوێندنەوەی دیالەکتیکانە بە مژوو ئەوێیە هەموو سەردەمەک لە جیاوازی و ناکۆکیەکانەوە بڕوا سەردەمەکیتر دەچێت،کە تێک هەڕەشە. نەوەک خوێندنەوەی ئیسلامیەکان کە هەوەدەن لە سەرتاوە دەستپێبکەنەوە،و نکۆی لەهەوەکانی پێشتربکەن .وەک ئەوەی مژوی بیرکردنەوە بەئیسلام دەستپێبکات، بە ئاگا لەوەی هەگوێشەی قورئان دەگەڕێتەوە بە سەردەمی سەمەیەکان و بابلیەکان عەرەب کە ئەوانیش سامین شریعەتکەیان،شریعەتی ئیسلام بەشکی لەیاساکانی عامورابی ئاودەخواتەوە. سەیرنییە ئیسلامیەکان ئەوەندە جەخت لە ڕاست دەکەنەوە و فەزڵی ڕاست دەدەن بەسەر چەپدا،واتا لای ڕاستی لاشەی مرۆڤ.لە ئاینی کۆنی کوردستان فەزڵی چەپ لەپێش ڕاستە! پەیکەرەکان ئەوە نیشان دەدەن، حاشا لەم بابەتە ناکرێت لە زەرەک لەو پەیکەرانەی خواوەندەکان خواوەندەکانی کوردستانی دێرین قاچی چەپیان لەپێشە! ئیتر ئاسایی ئەوە دەردەکەوێت پێشخستنی ڕاست جیاوازی و ناکۆکی کولتوریە نەک شتەکیتر،میللەتان و شارستانیەتەکان بەم شێوەیە لەنەو جیاوازی و ناکۆکی کولتوریدا ژیاون. ئەوە سروشتی شارستانیەتەکانە کە لە من منتیدا دەژین،هەموو شارستانیەتەکان هەوەدەن مژوو بەخێیان دەستپێبکەن، بە شارستانیەت ی ئیسلامیش هیچ ڕیزپەڕێک نییە. هەروەک چۆن خەرئاواش هەوەی سینەوەی شارستانیەتەکانیتر ئەدات .فەتح و داگیرکاری پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش هەبوو ئەستاش شارستانیەتی سەرمایەداری بەناوی ڕێگاری میللەتان و دیموکراتی لەهەوەی فەتحکردنی جیهانیدایە. تاادیەک ئەوە ئەنجامدراوە، بەڵام

دگماتیزمی ئیسلامی مشکی ئەم براموسڵمانانە فەتح نەبووە و داخراوە بەوی گەنجانکاری و نوێبوونەوە هەمیشە لە نوستالژیادا دژین ،دیانەوەت مژوو بوستنن و ژیان بگەڕێننەوە دواوە. دیارە وەک بەرنارد لویس دەڵێت :جەنگاکان جەنگی ئیمان و تەماح بون.هەموو فەتحەکان لەمژوودا پاساویان هەبە،لەژێرناوی خوادا،ئەگینا خودا تەنها پاساوەکە.فەتح لەپێناو داگیرکردنی زەوی تر و بردنی سەروەتی ئەوخاکی داگیر دەکرێت. دیارە هەمو ئیمپراتۆریە تەکانیش پاساویان هەیە و بەناوی خوایەک هەرشدەکەن سەر وەاتانیتر لەلایەک لەگەڵی خواکانەوە جەنگەکیان پیرۆز کردوە،لەلایەکیتر وەک جەنگەکی کولتوری لەگەڵ خوای بەرامبەر خودایەکیان ئاستکردەتەوە. بەڵام بەبێ هەبز هیچ خوایەک بەیاری فەتح نادات.پاشا ئاشوریەکان بەناوی ئاشوری خواوەند،یان ئیسلام بەناوی ئەڵا هەرش دەکە نە سەر وەاتی دیکە هەر یەک شتە لەناوەبەکدا،بەڵام فەرمی داگیرکاریەکان جیاوازە"فەرم ناوەبەک دەشارێتەوە" ،نکەی لەوەناکرێت جەنگاکان جەنگە ئیمان و تەماحبون و ئەستاش هەمان شتە.

عەرەب کاتێک لە جەنگی ئیسلامەوە یەکێتیەکیان پێک هێنا و پەلاماری وەاتانیاندا،بەناوی ڕزگاری وەک ئەمەی باسی دەکەن،بەڵام لەڕاستیدا عەرەب برسی بون،بەنان و گان پەلاماری وەاتی فارسیاندا،ئەوتا وەک عەبدولحسەین زەرنکوب دەڵێت :سەسەد هەزار ژن و منالیان بردەوە بەلای عومەر.لەگەڵ سامانکی زەری وەاتی فارس تا برا عەرەبکان لەناوخەیان دابەشی بکەن.ئەمەیە عەدالەت. ئەنوشیروانی ساسانی عادل بو یان عمر ئەوە با ئیسلامیەکان بچن مژوی ئەم پاشا ساسانیە بخوێننەوە کە خواکەی ئاهورامزدایە نەک ئەڵا ئەوسا دەزانن خواکان بەرهەمی کولتورن. خواکانی بەجیاوازی ژینگە لە خەسڵەتکانیان جیاوازن،نەک حەقیقەتی خەیان .تانی کەکولتوری خەڵکی عەرەبکانە دەبێتە خەسڵەتی ئەڵای محمدیش ،چونکە خودایەک بەتەواوی لە نەتەوەیەک جیاوازبێت و ڕووت بێت لەخەسڵەتکانی کولتورەکە جێگای نابێتەوە. وەک وتم تاکە پاساوی فەتح هەبز،فەتحکان شەرعیەت لەهەبز وەردگرن نەک خواکان. ئەو خوێندنەوە ئایدیەلژیە گەمژانەیە ی ئەبو بەکر کاروانی دەبێت وەک ڕوانگەیەکی کەسی سێربکرێت نەک واقیعی و مژویی.

وتراوە مژوو بەسەمهە یەکان دەست پێدەکات،ئەوسەمەیەکانن داهێنەری نوسین و خوێندنن نەک اللە!هەموو سەردەمێک بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە،یاساو سیستەمی حوکمڕانی بگۆڕی ئەوسەردەم دادەڕێژرێت.

نکۆڵیکردن لە بونی هەستی نەتەوەیی ،لەڕابردودا ،شتێکی ناواقیعیە،وە تەنها لەمشکی ئایدیەلژی جێگای دەبێتەوە. ئەوان کە

لێکۆڵینەوەی پرسی مشک شەردنەوە غەریزەش دەگەڵ ئاسایی پێیان وابێت،کە نەتەوە بونی نەبووە،لەم ڕوانگەیەوە کولتوری جاشایەتی فیکری بەاودکەنەوە.ئەگەر نەتەوە و هەستی نەتەوەیی نەبوە،ئەگەر عەروبە نەبووە خەڵک بە جەنگ عەرەب خەلافەت نادات نەتەوەیەکیتر،بۆچی لە سەردەمی خەلافەت هەر عەرەبە چاوەشکان نوێنەری خوان.بۆچی لەچوار خەلیفەی ڕاشدین کوردێک نەبو بەخەلیفە.بۆچی محمد قیبلەی گەی ئەگەر مسۆلە تەماح نەبوو،ئاخر داهاتی کەعبەی موسڵمانان هەردەبێت بچێتەوە لای نەتەوەی عەرەب. بۆچی ئیسلام ئەگەر مبەستی ڕزگاری بۆشریەتە لەکوفر بە دانی سەرانە واز لە وانە دەنێت موسڵمان نابن،ئەمە منیش نایەم،ئای مەعروف ڕەسافی عەرەبە کە وەک ڕەشنبیرێک ئەو ستەمە دەبینێت.عەرەب بەناوی خوداوە سرانەو سەبایاو کەنیزەکی دەوێت. با ئەبوبەکر پەمان بێت کە ئیسلام پەیوەندی بە عروبەوە نیە بۆچی ناوی شارەکوردەکان دەگۆڕن،مەگەر ئەمە سەینەوەی زمان و تەعریب نییە پێش بەعس!ئەڵخانیە عەفلەقی دامەزرێنەری بەعس دەڵێت :ئەمە قەرزاری محمدین،ئەوان دەرانن محمد چی بەکردون،بۆیە کوردە بەر نەزانێت چی بەسەر هێناوین. ئەبوبکر کاروانی دەڵێت:لەسایەی ئیسلام سەلاحەدین دەرکەوت،بۆیە ڕاستیەکەی ئەویە سەلاحەدین وەک ئەمبرا ئیخوانیانە ئیمانی بەکورد نە بو،لەژێر کاریگەری کولتوری داگیرکەردا ژیاوە.بەیە پایتەختەکەی کوردستان نییە.ئە ناکرێت چونکە عەرەب دوای کوردناکەوێت هەردەبێت کورد دوای عەرەب بکەوێت.زەر گەمژانەیە بۆیت نەتەوەو هەستی نەتەوەیی بونی نەبوە،دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە ئەوروپا وەک تیەر شتێکە و هەبونی نەتەوە لەواقیعدا شتێکیترە. کە پشتر نەتەوەکان بەناوی نەتەوە خەباتیان نەکردوە،مسۆلە ئەوەیە کە ئەونەتەوانە داگیرکراون لەژێر کاریگەری ئیمپراتەریەتدا بون و نەیان توان
توانیوە،چونکە سەردەمی ئیمپراتەریەت بووە، بۆیە نەتەوەکان پارەزگارییان لەهەبونی خەیان کردوە.ئەم ئیمپراتەریانەش هەر سەردەمەو لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەیەک دابوە،جگە لەکورد لەدوای ئیسلام ،تورک،عەرەب،فارس سودیان لە ئاین وەرگرتوە،بۆیە کوردە موسڵمانەکان تەنها سودیان بە ئاین هەبوە.خەلافەت بەخشی نادرێتە تورک یان فارس ،ئەوە ئەوکاتەیە کە خەلیفە لەگەندەیدا نقوم دەبێت و دادەزێت .خەلافەت دەکەوێتە دەست تورکەکان،بۆیە تورکەکان دیسان هەستی ئاینی بەکاردێنن و لەلایەن مەلا ئیبلیسی بەدلیسی کورد دەکرێنە سوڕی بەر لەشکر وەک چۆن ئێستا ئیخوانەکان بونە جاشفیکری ئەردۆغانو عوسمانیەتی نوێ.دیارە ئەبوبەکر کاروانی جیاوازی دەوێتی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیە ناکات،ئەوکات سەردەمی دەوێتی

نەتەوەیی نەبوو، بەڵام ئیمپراتۆریەت نەتەوەیی بووە. بە کورد نەبەتە سوڵتان،خۆ مەلا ئیدریسی نەگریس و نەکەری سوڵتان شەرعزان بو، بەڵام ئەو نەکەری سوڵتانی پێخەشتربو لەوەی ببێتە سوڵتان.ئەوکولتورە جاشایەتیە ئیسلام بەدیاری بۆ هێناین،کەشێ برا موسڵمانکانمان ئەویە کە پێیان وایە حەرامە کورد ببێتە سوڵتان. ئەی بۆچی هەموو میرنشینەکان لەناوبران؟بۆچی تا ڕۆخانی عەباسیەکان میرنشینەکان دەرنەکەوت،ئەم میرنشینانە دیاری ئیسلام نین عەبوبەکر، بەکو تەنها لە ئەنجامی نەمانی دەسەڵاتی ئیسلامی و لەبەشایی دەسەڵات دەرکەوتن،بەڵام دیارە بەهێی هەستی نەتەوەیی تورک و فارس و پەرش وبڵاوی کورد نەتواندراوە ببنە سوڵتان.ئەبەرە ئاینیەکانیش خائین بوون،مەلا ئیدریسەکان ئامادەنین داوای یەکگرتویی بکەن بە ئەوەی کوردێک ببێتە خەلیفە، بەڵام بە کردن بەنەکەری خەلیفەی بگانە هەموشتێک دەکەن. باشە بۆچی عەرەبەکان لەوپێی دەسەڵاتداری دا بە کوردو فارس دەکەن مەوالی و عەلوج با ابوبکر ئەومان بێون بکاتەوە . ئەگەر هەستی نەتەوەیی نەبوە بۆچی تورکەکان تورک دەنن بەکەرکوک و بولگاریا ئەمە تەتریک نییە.ئەی هەنانی هەزە عەرەبەکان و گەینی ناوی شارکوردیەکان تەعریب نییە؟ یانی چی منالیش دهزانێت عەرەب لەژەرناوی ئایندا تەعریبی کردووە،ئەی بۆچی خەلافەتی ئیسلامی هەزە کوردی نابات بە مەککە و جێگیری ناکەن .بۆچی ئەگەر بەزگاری هاتوون هەندە شار ی دەوەمەند دوجا ر فەتح دەکەن.بۆچی بەدرەژایی چەندین سەدە عەرەبەکان هەوڵی دامرکاندنەوەی شۆشە کوردیەکانیاندا دژی عەباسیەکان.بۆچی ئەبا عوبەیدەی جەراع لەشکری ناردە سەر کوردستان وەک ئەردەغان؟ئەم درە و دەلەسەو جاشایەتی فیکریە تاکەی. چەواشەکردنی مەژو بە ئەخلاقیە و هەوڵی سینەوەی میللەتەکە،ئەمە دەکەن تا وەک سوڵتان سەلیم کە بە مەلا ئیدریسی دەگوت :نەکەرە خەشوێستەکەم ئەردە داعش پێتان بڵێ نەکەرە خەشوێستەکانم .سەرەڕای هەموو ئەمانە گریمان هیچ یەک لەم شتانە نەبوو،ئەمە چ کەرەتیەکە بتانوەت کورد بگەڕێنەوە سەردەمی جەنگە و فەتح و داگیرکاری سوڵتانەکان وببنەوە نەکەری سوڵتانە خوێنڕژو دەندەکان.باشە ئابردو هەرچیەک بوبێت،ئەمە سەردەمی نەتەوەو گەلانە،ئەوە چەن نکۆیی لەهەستی نەتەوەیی دەکەن لەئەمەدا ،ئەی پیرە خائینان ئەگەر وانیە و ئاسیمیلە نەبوون بۆچی گەتان تە بەردەبێت بە مورسی بڵێم بە داگیرکردنی عەفرین و سەرکانی تەقەی سرتان دێت.بۆچی دژی داگیرکردنی بەرزایەکانی جەلانن بڵێم هەموو قەندیل بگیرە باکتان نییە.نەخێر ئەوە مەشکتان شەردراوەتەوەو لەژێر کولتوری داگیرکردا گەورەبوون و لەسەر حیسابی کورد وکنەتەوە درەژە بە پێگەی جاشایەتیتان ئەدەن.ئەوە هەر

لەبنەڕەتەوە نەکاری سوڵتانن،ئەبەرئەوەکانیش نەکەربون، ئەوە پاشماوەی نەکەرایەتی مەلا ئیدریسن و هیچیتر.
دیارە مەژوو دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ هۆشیاری،و بۆپێچەوانەشەوە. بەڵام خوێندنەوەی مێژوو بۆ توخمی ئۆقرە هەمیشە وەک چیرۆکی لەدەت. بەڵای ئیبن خەلدون بۆ بەشداری ئۆقرە لەلەکدانەوەی مێژودا ،مێژوو هیچ واتایەکی نابێت و خوێندنەوەکان بەمێژوو نازانستی دەبن. ئی ئێچ.کار لەو بارەیەوە دەڵێت:دەکرێت کتێبێکی مێژویی بنوسیت بێ ئەوەی هیچ ڕویدابێت.یان دەکرێت مێژوویەکی پێچەوانە بنوسیت.کەواتا بەشداریکردنی ئۆقرە لە لەکدانەوەی مێژودا مێژو دەکات بەزانست.هیچ کاتێک مێژووی فەرمی بە درۆو چەواشەکاری نییە. تاوەکو کتێبێک و خوێندنەوەی وەرگرتنی وەک مێژوو خیانەت لەهۆشیاری و خەڵکەتاندن.خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی بۆ مێژوو،مەترسیدار و خیانەتکارییە لەهۆشیاری گەلێک یان لەهۆشیاری مرۆڤایەتی ئەوەی ئیخوان دەکات سەبارەت بەمێژوو گەورانەوەی مێژویەوەک چیرۆکێکی پیرۆز و حەتمی و ئایدیۆلۆژیانە هیچ توخمێکی ئۆقڵانی تێدانیە. بەکورتی سەبارەت بە بەموسڵمانبونیکورد ،ودەوڵەتی عوسمانی ئەبوبکر کاروانی و مەلا ئیخوانیەکان خیانەت لەهۆشیاری کورد دەکەن. بەبۆای من بەشەڕفانەترین شت شۆاندنی مێژویی لەو شۆەی ئیسلامیەکان. کە سنوری مێژوو خۆافیاتیان نەهشتووە. بۆنمونە دەربارەی بۆئیسلامکردنیکورد مرۆڤ زۆر نازان نەبێت چۆن بۆوادەکات ئیسلام بەشمشێرو کوشتاربۆاوبوبێتەوە لەکاتێکدا خودی مەککە فەتحکراوە وو بەشمشێر .خۆر کورد وەها تامەزرۆبون بۆدینێک کە ئەستاش لەزمانەکەی تێناگەن.سەبارەت بەدەوڵەتی عوسمانی لە ئیسلامبولی پایتەخت سوڵتانەکانیزەکی دەفرۆشت.ئەبوبکر عەلی دیارە ئارەزوی کانیزەک و مناڵبازی و نێربازی عوسمانیەکانی گۆرەکە. سوڵتان ئەحمەدی عوسمانی تاکە ژنێک لەدەربارەکەیدا نەبو ،چونکە نێرباز بو!خەلیفە تورکەکانداگیرکارتاڵانچی و خوێنی بون ئەوە بەس نییە!باشە بە پۆوری ڕۆحی سەردەم ئەردۆغان دیکتاتۆرێکی لەمپەنی خوێنی نییە؟وەکیتر جگە لەسیاسەتی پارتکەو زاڵبە بەکورد چیان هەبوو.عوسمانیەکان تەنانەت لە ئەنادۆڵیش داگیرکاربون نێک کوردستان بەڵام سودیان لەنەکەرە کوردەکان وەرگرتوە بۆ فەتحی وڵاتان.
سێ تێزی سەرەتای ئیسلامیەکان لەبارەی ئیسلام و خەلافەت پێویستی بە لەسەروەستانە یەکەم تێزی نەتەوەیی نەبونو نەبونی هەستی نەتەوایەتی لەئابردودا
دووەم موسڵمانبونی کورد بۆئاشتی و دەخوازانە
سێیەم ئیسلام وەک ڕزگارکەرو نەهشتنی کۆیلایەتی

لە استیدا ئەم تەزانە سەقەت و بەبنەمان. لەسەردەمی عەباسیەکان شەشی کەلەکان ڕویداو،کوردیش بەشداربون! ئیسلام لە خودی نیمچە دورگە بەشمشێر بەناوبانگ نەک لەناو ناعەرەبەکان،وە ئیسلام ئیمپراتۆریای عەرەب بوو.

مەحمود عەبدوللا

کە دەڵێن... تەکست: د.چیا زەنگەنە... وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: پشکۆ ناکام

ئەمە نەتەوەیەکی دەڵاوین
خۆو بە سوار بوونی
قیتارەوە ئەبینین
بەڵام حەڵاڵ حەرام ئەکەین
حەرامیش حەڵاڵ ئەکەین
بە فتوایەک کە نازانین
لە کوێوە هاتوە ئەسڵ و فەسڵی
ئەمە نەتەوەیەکی"سواو" ین
چەپڵە بە هەر
گەجەر و گوجەرێک لەئەیڵان
بە فەرمان ڕواکانمان
ئەجەنگین
و
هەر " زەڵ" و کوڵە زەڵێک ئەپەرستین
ئەستاش ،شمشێر
تفەنگ
ئاڵا وەنا ئەکەین
خۆیش بە قاوەیەکی بەیانیان
و
پیاسەیەکی ئێوارانی

کەناری دەریا ئەبینین
و
بیر ئەکەینەوە چەن سواری تیارە بین…
"""""""""
ئەمە قورسایمان نیە
ئەمە " نەبوو"ین
بار گرانییەکین
بە ئینسانیەت
بگەن بوویەکی کەمەایەتین
چایی جوگرافیایین
چونکە تا ئێستاش
ئاواتەخوازین وەنەیەک
لەگەڵ :
ەابەر
سەرەک
خانەوادەکانیان
وەچەزاکانیان
دراوسێکانیان بگرین
چونکە ترسمان هەیە لە:
زەردەخەنە علوجەکانیان
بزە پە لە تەڵەکانیان
تا ئێستاش :
ویژدان
ەەوشت
بیر و باوەڕ
قەدەمەکانمان ئەفرێشین
بە کرێیان ئەیەین
ئەدزین و ئەیانکەین بە دیاری
لەو کاتەوەی باسی شەڕش
هاتە پێش و ئێستاش
ئەفیش بە دیوارەکانا هەڵئەواسین
و
هاواری پاەوانیەتکان ئەکەین
و ئەیانکەین
بە موعجیزەکانی سەردەم
ئەمە ،
بەڵێ ئەمە

بوونمان هەر نیە ، تا
ێیش و مەزار
دوعا و دەمانچە
مەزار و جادوگەری
ەاوچی حوکمان بکا
ئەوانە :
زەهریان لە جەستەی
نیشتمانەکەمان چانوە
لە ئەقڵمان
لە دەمان
لە خوێنمان چانوە

شیعر/ زەر لەتان جوانە... نەوزاد بەندی

(شیعری شەعبی بە دەروێشکانی حەشدی شەعبی و عەشایەری)

_

زەر لەتان جوانـــــــــــــــــــــــــە تاڵان و بڕە
ەەک ئەیتەقنە ەەژی ســـــــــــــــــــد درێ
ساڵ بەسەرئەبەن بە هەنگـــــــــــــــە شڵە
موچە بووەتە هـــــــــــــــــــــــــــــواڵی پڵە
بانکی حوکومیی ، چـــڕ و هـــــڕ و لات
هەرچی بەتەڵ شار ،بانکی حیزب ئەیـــبات
مەرگی خانەنشین ، ەەژی مەعاشـــــــــــە
بە خەرجی و ئاوی پرسەکەی باشـــــــــــە
ئەوەی زمانی بە دڕڕ بپـــــــــــــــــــــژێ
یان بە ەەوشتە یان خوێنـــــــــــی ئەژێ
یان ئەبە بڕە بەخـــــــــــــــوا ەادەێ بوو
ئەگین حوکمەتـــــی وا باش لە کوێ بوو؟
پەنجا فەوج خـــەریج ، بە کار و ئیشـــن

ئەویش دیزاینی قیتار ئەکەشن
ملیارێ دۆلار ، هی خۆکەی داماو
لە لوبنان ئەبێ بە پۆپەی خوراو
زۆر ئاسایی ، جۆکەی باس هەر نییە
لە ئاست خۆباتا ، ملیارێ چییە؟
زۆر لەسەرمان کەوت ئەژانی شاختان
بۆ ئاستی جوانێ دەروون و ناختان
چی بەرزایی ، کەشک و تۆلارێ
ملیۆنێ دۆلار بە یەک سەیارێ
کەمپانیا و زانکۆ و گومرک و دەرمان
هەمووی دۆلارێ و ئاخرەتێ گیرفان
ئەوەی سەر بە قوڵە دنێتە قاقا
کارەباکەی ، لەسەر دوو لاقێ
هەتا هەتایە نابێ بە یەک لاق
ئەهلی و حوکومی، عاشق و موشتاق
بەو حاڵیشەوە چەندەها ساعات
کارەبا ئەبڕن لە ماڵات و ماڵات
تا خۆک بۆنە ناو پۆژەوە
کارەبا و ئاوی شۆڕەو و ڕۆژەوە
پۆژیش تەنها مۆکەی ئەحزابێ
ئەویش بە سەوزە و نان و کەبابێ
مۆلیدەی گۆک بووە بە بزنس
ئیتر هەمنی و جوانەی بە یەک فلس
دوکۆ و نۆەی یەک ڕۆژ ئەوات
پیاو کە ئەیبینێ ، کۆڵ داخ ئەخوات
سی ساڵ زیاترێ ، هەرواێ و .. هەروا
خۆ خۆک ڕازیێ و .. وەزعەکە ئەوا
ئەگەر ڕازیش نین ، پۆژەمان هەس
ناوشار چاک ناکەین ، ئیتر بەهەوەس
هەتا هەتایە ، کارەبا وایە
بزنسێ و نابێ بەوا بە زایە
جاجاریش بە زەوق ، شەقوشاندنێ
پەرتی مامەستای پیەر شکاندنێ
یاخود ناردنی چەند چەقۆ کەشێ
بۆ ڕۆژنامەنوسێ ، بزانن کوێی ئێشێ
گەر پەویستی کرد ، بەناوی داعەش
ڕۆحی دەربەنن ،هەرچیش ئەبێ چش

لە پە لە باە و لەگەە مەدەـــــــ

شانۆی ئەوروپییە بەراییەکان

مێژوونووسی شانۆیی دەیقد گراندەر لەو باوەڕەدایە کە شانۆی ئەوروپی، لەگەڵ هامفرەی گیلبەرت و "گروپێکی بچووکی ئەکتەرە ئیمائیێکان"، (١) لەساڵی ١٥٨٣دا هاتۆتە کەنەدا. پێشتریش بەرهەمهێنانی مارک لێسکاربەرد بۆ شانۆی نیبتۆن لە فەرەنسای نوێ، لە چواردەی تشرینی دووەمی ١٦٠٦ و سامۆیێ دی چامپلەین لە پۆرت ڕۆیەڵ (کە ئێستا نۆڤەسکۆشیایە)، یانەیەکی کۆمەڵایەتییان دامەزراند لەژێر ناوی مەداڵیای بەختەوەری. ئەمەش لەمیانەی فەرمانکەوێ بوو کە لێسکابەرد سەرگەرمییەکانی خۆی نیشان دەدا کەلەلایەن ئەندامانی دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنساوە نمایش ئەکران و ووخساری خۆیان دەگۆڕی بۆجۆرێک وەکوو ووخساری خەڵکە هەسەنەکان و زیندەوەرە ئەفسانەکان دەردەکەوتن. ئامانج لەو کارە، ئاهەنگی گەانەوەی دامەزرێنەرانی دەوڵەتە ژێردەستەکان بوو لە گەشتێکی مەترسیدار. شۆنی دەوڵەتی ژێردەست و بەرهەمێکێ لە ساڵی ١٦٠٧ جەهێدرا و هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە هیچ چالاکییەکی شانۆیی نەبوو تا ساڵی ١٦٤٠. کە زیاتر وا دەردەکەوێ کە سەرگەرمی بۆباکانە، هەنگدانەوەی بەشێکی ژیانی ئیمپریالیستییانێ بوو.



باڵەخانەی نیبتۆن لە شاری کوبێک لە سەدەی هەژدەهەم کە شۆنی کێبوونەوە بوو و وەکو ڤینسە شانۆییەکانی بەرایی کەنەدا خزمەتی دەکرد.

لە ئەرشیفی نەتەوایەتییەوە وەرگیراوە.

کلاسیکە نوێیەکانی جیهانی نوێ

مەحاڵە لە وڵاتی کەنەدا بەچاکی گەشەی درامای زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەتەواوەتی لێک جودابکرێنەوە کە تراديسیۆنی شانۆییان وەکوو یەکە. لەهەندێ حاڵەتدا شانۆگەرییە ئینگلیزییەکە بە زمانی


فەرەنسی نمایش کراوە و بەپێچەوانەشەوە، کە تا ئەمڕۆش ئەم دۆخە لە شانۆی کەنەدی هەر بەردەوامە. ئەوەی بەهۆیی بتوانرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی لەسەرەتادا کاریگەریان هەبووە لە بەریتانیا و فەرەنسا، گاریگەریشیان بەسەر شانۆی بەرایی کەنەداوە هەبووە. ئۆانیش بەتایبەتی بریتیبوون لە مۆلێر و شەکسپیر و هەروەها پییر کۆرنی و جان راسین. ستایڵە ئەدەبییەکانیشیان هەر بەو جۆرە بوو کە لە دراما بەراییەکانی کەنەدا هەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە داستانی قارەمانێتی لە ئیشۆ سەرەتاییەکاندا بەرچاو دەکەوێ کە جەنگی جەنگاوەرانی ئیبراهیم بەنەمری نیشان ئەدا.

شتێکی تری هاوبەش ئەوەیە کە شانۆی کەنەدی لە ئارەزووەوە لەدایکبووە، کە تا چەند دەیە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتە ژێر دەستەکان، ئینجا ئەکتەرە پرۆفیشناڵەکان لە هەر (٣٠) سی دەوڵەتە ژێردەستەکانەوە گەیشتنە کەنەدا. ئەوکات ترادایسیۆنی نمایشکردنی سەرگەرمی و شانۆیی دەوڵەتی ژێر دەستەی ئینگلیزی و فەرەنسی دامەزرا. بەرهەمە(کارە) سەرەتاییەکان بەپانتایی هەردوو کۆمەڵگەکە نمایش دەکران، لە سەربازەوە تا دەگاتە بازرگان و سەوداچییەکان هەمیان تێدا بینیوە. بۆ نموونە لە هالیفاکس، گاریسن چەند شانۆگەرییەکی هەبوو هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٧٨٨ دا لەگەڵ شێردیان شانۆگەرییەکیان بەناوی قوتابخانە بۆ ئابووچوون نمایش کرد. ئەکتەرەکان ئەفسەر و کۆمەڵی ژنیان ئەبینی. گاریسن لە ساڵی ١٧٨٩ دا بوو بە خاوەنی هەڵی شانۆیی و شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیا وەک یەکەم کاریان لەو هۆڵە خستە بەر دیدی بینەران.

هاوبەرانی کۆساکان هەر زوو کەوتنە هۆگە گرتن لە گەشەی شانۆ بە زمانی فەرەنسی لە خاکی نوێدا. ئەمەش ئایرۆنییەکی وەک قوتابخانەکان کە لەلایەن کۆساکانەوە قڕخ کرابوون، دەبوایە ئەو شانۆگەرییانە نمایش بکرێن کە بەشێک بوون لەبەرنامەی خوێندن و شۆوازێک بوون بۆ نەپچڕان لەگەڵ دایکی خاک و زمان. کۆساکان لە دەوڵەتە ژێردەستەکاندا زۆر بەهێزتر بوون وەک لەوەی لەئەوروپا هەبوون. هاوبەرانی کۆساکان هیچ بەلایانەوە زەحمەت نەبوو نمایشەکانی مۆلێر قەدەغە بکەن بەتایبەتی لەو هۆرشانەی کە لە شانۆگەری "دووڕوو"دا دەیکاتە سەر هاوبەرانی کۆساکان. لە ووداوێکی بەناوبانگ لە ١٦٩٣-١٦٩٤ دا حاکمی گشتی فۆنتناک لەلایەن قەشەی ساینت ڤالیەرەوە بەرتیلی پێدرا بۆ قەدەغە کردنی نمایشی ئەم کارە ناوبانگ زڕاوە. کۆساکانی ساینت ڤالیەر لە هەموو بوارەکاندا شانۆی قەدەغە کرد.

دوای داگیرکاری بەریتانییەکان، مۆلێر جارێکی تریش لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە بەزمانی فەرەنسی هاتەوە سەر شانۆی جیهانی نوێ. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵە شانۆییەکان ببینرێ کە

سەربازان و خەڵکی سیڤیڵ پێکەوە کار دەکەن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانیان. لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەم، لە کۆنسێرتدا دوو گروپ(کۆمەڵە)، تیپی ئاێن بۆ کاری کۆمیدی و تیپی لاوە کەنەدییەکان نمایشی شانۆیان ئەنجام ئەدا. (٢)هەردوو لاشیان مۆلێریان نمایش دەکرد و هەروەها تیپی ئاێن جگە لە مۆلێر، شەکسپیریشیان نیشان دەدا. لە وەرزی نمایشی ١٧٨٩-١٧٩٠ دا، ئەم دوو گروپە کاتەکانیان لەنێوان خۆیاندا ڕێکخستبوو.



هۆڵی ئۆپرای نوێ لە شاری داوسن لە ئەرشیفی "یۆکن"ەوە وەرگیراوە

بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆ

کڵێساکانی پرۆتستانت و کاسۆلیک بەهیچ شێوەیەک پشتیوانیان لە شانۆ نەدەکرد. ئەوان هۆڵەکانی شانۆیان دەشوبهاند بەوەی کە بۆ بەدەوشتی بنیاد نراون. بەڵام لە ناوەڕاست و ئەتلەنتیکی کەنەدا، شانۆ لەهەر جێگایەک بواری بۆ بڕەخسایە نمایش دەکرا وەکوو مەیخانەکان و بەگشتیش هەر پیاوان ڕێگەیان تێدا دەگرا. لە هالیفاکس سەربازەکان هۆڵێکی نوێی شانۆیان بنیاد نا و لە ساڵی ١٧٨٩ بە نمایشکردنی شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیای شەکسپیر کرایەوە. هەر زوو دوای ئەوەش شارلەتاون هۆڵی شانۆیی تێدا کرایەوە و دوای ئەوانیش لە شاری سێین جۆنز هۆڵێکی تر کرایەوە.

یەکەمین باڵەخانەی تایبەت بە نمایشی کاری هونەری لە ناوەڕاستی کەنەدا لە هۆڵی شانۆی پاشایەتی بوو لە شاری مۆنتریاڵ و هۆڵەکانی پاشایەتی سێرک – کە هەر زوو ناوەکەی گۆڕا و بوو بە هۆڵی

شانۆی پاشایەتی – لە شاری کوبێک (هەردووکیان لەساڵی ١٨٢٥ دا دامەزران). هاوکات تیپێ هونەرییێ کۆچەرییەکان لە فەرەنسا کۆتنێ دەرکەوتن و بەمەش کۆساکان زیاتر پەست و تووڕە دەبوون. لەگەڵ بنیادنانی سیستمی هۆڵی شەمەندەفەر کە بووە هۆی گەشەکردنی زیاتر و زیاتری گۆشتی تیپە هونەرییە بێگانەکان بێ کەنەدا، جۆرێک لە کلتووری ئیمپریالیزم (جووتبوون لەگەڵ نوخبەی لووت بەرز) کە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی کارەکتەری شانۆی نەتەوەیی بەهەڵواسراوی هێشتەوە.

ستایڵی شانۆگەرییەکان

هاوکات لەگەڵ هاتنی هونەرمەندە ئەوروپییەکان، سیاسەتی ئەوروپیش دژایەتی دەکرا و هەر زوو کاریگەری ئابەرانی کۆساڵاواز بوو و زیاتریش لاواز بوو وەختێ شانۆ بووە ئامرازێکی سیاسی. ئێک هەروەکوو بارودۆخی ئەوروپا، کە ئێستا لە سێ بەشی فراوان پێلین کراوە، ئایین، پەروەردەیی، سیاسەت و سەرگەرمی. یەکەمین بەش لەسەر بەرفراوان بوونەوەی سیستمی قوتابخانە ئاینییە فەرەنسی زمانەکان بەردەوام بوو، بەتایبەتی لەنێوان مەسیحییەکان (ئەوانەی بەردەوام بێباکانە لیبڕاڵترن لە فەرمانەکانی کاسۆلیک). دراماى سیاسیش دیسانەوە لەنێو فەرەنسی زماندا لە شێوەی وتار هاتە مەیدان و لەسەر ووبەری ڕۆژنامە سیاسییەکان بڵاو دەبۆوە، هەندێجاریش لە شێوەی دراماتیکی بەو مانایەی کە لە کێبوونەوەکاندا بەدەنگی بەرز دەخوێنرانەوە (وەک خەمڵێنراوە ئەوکات سێدا پێنجی خەڵک خوێندەواریان هەبووە). سەرگەرمیش لە ئەمریکاوە گەیشت و لەشێوەی گەشتی تیپەکان کە میلۆدراما و سێرکیان نمایش دەکرد وەکوو تیپی جۆن ب.ێکێتسی ئەمریکی کەلە شارەکانی مۆنتریاڵ و کوبێک لە ساڵەکانی ١٧٩٧ و ١٧٩٨ دا نمایشیان ئەنجامدا.

شانۆنامەنووسەکان

ئەگەر نووسین بێ ئەوانەی لە خوا سێ ئەکەنەوە، بێ سیاسییە فۆڵبازەکان، یان بێ جەماوەری بەربڵاو بنووسرێ، ئەوا دراماتیستە ناوخۆییەکان زۆر قەرزاری ئەوە بوون کە چییان بێ ترادیسیۆنی ئەوروپی و ئینجیل نووسیوە. ئیلیزا لەینسفۆرد کوشینگ ئایەتە بەتاڵەکانی دراماى کتێبی پیرۆز"ئەسسەر"ی لەساڵی ١٨٣٨ و ڕوحی چارڵس هۆقیسێگ لەساڵی ١٨٥٧ و داستانی نیشتمانی فلیکس پۆوترەی لویس فرێشیت لە ساڵی ١٨٦٠ نووسی، بەڵام ناکۆکی سیاسی بەچاکی و بەزیندوویی بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە شانۆگەرییەکەی فرێشیت بەناوی پاپینۆ و کارە ساتیرئامێزەکانی وەک دراماى هۆرمی

هیو سکۆبی بەناوی فشاری خۆزان لە ساڵی ١٨٣٩دا، دیاربووون.
هەر زوو ئەکتەرە هەوەسکارەکان قایل نەبوون بە زەخیرەی کلاسیکی نوێ و دەستیان کرد بە تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ نووسەرە خۆماڵییەکان. لۆوماوێدا هیچ حاڵەتێکی بەرچاوی وا لەئارادا نەبووە، جگە لە فلیکس گابریاڵ مارچەند کە بوو بە سەرۆک وەزیرانی کوبەک لە نێوان ١٨٩٧- ١٩٠٠ ، کە بەناوبانگترین شانۆگەری ئەماسی ساختەی نووسی، کەلە دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە لە شاری کوبەک بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش کراو و چەندین جاریش دووبارە کرایەوە. شەقامی کۆمیدیای فەرەنسی بە بینەرانی کوبەکیی خواستراو و بارهێنرابوو.
لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا، لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، گەڵێ بابەتی جێراوجێر نمایشکران کە ئاستەوخۆ پەیوەست بوون بە بینەرانەوە. هەرچەندە چوون بۆ بینینی شانۆ تا ئەو کات چالاکییەکی نوخبەوی بوو(بە زۆری لە شاری کوبەک) شانۆگەرییەکان کەوتنە بایەخدان بە کەسایەتی و ووداوە ناوخۆییەکان لەچەشنی تێکۆمسییە و لەورا سیکەرد و هەروەها جین ئاببەرقاڵ. ولیەم ویلفرێد کامبێ کە تا ئەوکاتیش زۆر بە توندی لەژێر گاریگەری شەکسپیر دابوو، شانۆگەری کۆشکی دێلارد ئێرمیکسی نووسی.
هەرچەندە بۆگانەکان بەردەوام دەهاتن بۆ ئەوەی بە کەنەدییەکان نیشان بدەن کە چی پێویستە لەسەریان و " بەڕاستی دەبێ چیبکەن" و هەندێجار وەک بزوێنەرێک بۆ کارامە کردنی ناوخۆ هەفتاریان دەکرد. بۆ نموونە گەشتەکانی سارا بێرنهاردت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە هەسوڵاوێک بوو بۆ دروست کردنی سیستەمی ئەستێرەی هونەر کە گەلێک کەسی هاندا دەست بدەنە قەڵەم کە پێشتر بیریان لە نووسین بۆ شانۆ نەکردبووە.
شانۆ تا ئەو کاتەش بەزۆری مەسەلەیەکی بەرز و جوان بوو لەگەڵ هەندێ جیاوازی سەرنجڕاکێش. ئاشووبە هەگەزپەرستەکەی ساڵی ١٨٦٠ لە ڤیکتۆریا، وەختێ هەشپەستەکان ئاڵای خۆیان کردەوە بۆ دانیشتن لەسەر ئەو کورسییانەی کە بۆ سپی پێستەکان تەرخانکرابوو لە شانۆی ئیمپریالی ڤیکتۆریا.(بڕوانە بەگەنامە بایەخدارەکان – شانۆ لە ڤیکتۆریا ١٨٥٠) و نمایشکردنی های ئیقەر لە شاری ئەلبێرتا لە ١٩٠٢ کە بە هۆلکە بارانی نمایشکەران کۆتایی هات. زۆر شتی سەیریش هەبوو وەکوو ئەوانەی کە کۆساکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. قەشەکانی کوبەک کەوتنە سەرزەنشت کردنی "بێرنهاردت"، قەشەکانی ئۆنتاریۆش دەربارەی ئەو دیمەنانە دەدوان وەک ئەوەی کەلە ئەنجومەنەکاندا بینیبویان. ئاڤ ج.پ.سیلیکۆکس لە ساڵی ١٨٨٣ دا دەڵێ: " بەهۆی قەومی "لوت"ەوە تەنانەت لەشەرماندا سوور هەگەڵان، وە گوێیەکانیشیان لەشەرماندا کەڕ بوون". سەرباری ئەم ژەهرانەش،

نوخبەیەکی کۆمەڵایەتی وەکوو دەفرین خانم و ئۆرۆ گرەی پشتیوانی شانۆیان کرد لە شێوەی پێشبڕکێی سەرگەرمی و چاودێریکردنەوە.
کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شارەکانی سەرتاسەری کەنەدا پەرەسەندنی بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆیان بەخۆوە بینی. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٣-١٨٩٢ چل هۆڵی زیاتر لە هەزار کورسی کرانەوە. کە ئێستا بەهۆڵی شەمەندەفەرەوە بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەم هۆڵانە مێواندارى بەرهەمی ئەو تیپانەیان دەکرد کە سەرک و بەتایبەتی سەرکی گەڕەک کەلە شاری وینیپیگەوە دەستی پێکرد. هەروەها تیپێ خۆجێیە پارەدارە پرۆفێشینالەکان لەشارەکانی وینیپیگ و ئێدمەنتۆن دامەزران. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و لەشاری کوبێک شانۆگەرییە نمایش نەکراوەکان کەوتنە بەر بوونەوە. لە ساڵی ١٨٦٨ وە تا ساڵی ١٩٠٠ سەد و شانزە شانۆگەری بەر بوونەوە کە تەنها چل دانیان نمایش کرابوون.



ئاغایەک لەگەڵ خانم گرەی ئەچنە ناو هۆڵی شانۆ (ئەرشیفی نەتەوایەتی)

سەردەمی زێڕین

شانۆ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم زۆر چالاک بوو. مێواندارى گەڵ ئەکتەر و تیپی بیانی و ناوخۆیی ئەکرد، ووودانی دوو جەنگی جیهانی و داهێنانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینجا دەستیان کرد بە پێداگری لەسەر بینینی خۆیان لەسەر تەختەی شانۆکان. هەرچەندە هۆڵەکانی شانۆی کۆمیونیتییەکان لەسەرتاسەری وڵات خەریکی چالاکی نواندن بوون، بەڵام زۆربەیان لەشێوەی بەرهەمهێنانی شانۆیی لەدەرەوە دەهێنران. بەڵام هونەرمەندە شانۆییەکان وەکوو مەریۆ دانیسێن لەسەر درامای ڕادیۆی کەنەدی و (دواتر تەلەفیزیۆن) کاری دەکرد و بۆ ئێوارانیش لە شانۆکانی کۆمیونیتی و زانکۆکان بە خۆایی و بێبەرامبەر نمایشی دەکرد وەکوو هۆڵی شانۆی هارت هاوس.
لە شانۆ و درامای کۆمیونیتییەکان پێشبڕکێ هەبوو وەکوو فیستیڤاڵی

دراماى دەمینین کەشانێى کەنەدى سازى ئەکرد لەمیانى مەشق و ڕاهێنانى ئەو ئەکتەر و نووسەرانەى کە لە توانایاندایە سەرکەون بێ پاڵەوانێتى شانۆیەکى بەڕاستى کەنەدى. چالاکییە شانۆییەکان پڕۆگرامى دراماى لە زانکۆکان داشت و بەرهەمى تیپە شانۆییە گەڕۆگەکانیش کەوتنە گەشتکردن بێ مەبەندە بچووکەکان بەتایبەتى بێ مەبەندى ئیلیزابس ستڕلینگ هاینس بێ بەدەستهێنانى خەاتى شانۆیى ئیدمنتۆن، هەروەها خەاتى ئیلیزابس ستڕلینگ هاینس کە بەخەاتى ستڕلینگ ناونراوە، یەکەکە لە دامەزرێنەرانى (مەبەندى بانف)ێ بێ هونەر.(٣)
مامۆستاى شانۆ هارمان ڤێدن ڕایگەیاند؛ "لەو بۆوایەدا بووە کە ئەوەێ ستایڵێکى شانۆییە کە گوزارشتى لە ڕوحى کەنەدییەکانى باکوور و " سەمفۆنیاى دەربەینخوازى" کردووە. هونەرمەندەکانى تریش بە ئاراستەى داهێنانى شانۆى ڕەسەن کەوتنە کارکردن. دەرا ماڤەر موور کۆمەگەى شانۆى نوێى لەگەڵ چەند شانۆنووس و ئەکتەرى تردا دامەزراند وەک جۆن کڵێتەر، لیستەر سننگلەر، ماڤەر موور . وە هەروەها باوە پییر و ئیمێى لێگاوتش تیپى دى سان لێرانییان لەگەڵ جین گاسکۆن و دەنیس پۆلێتیەر و جین لویس ڕۆکس، دامەزراند.
لەو ماوەیەى ئەو دوو تیپە و ئەو تیپانەى لەوان و لەدەوروبەرى ئەوانەوە لەدایک بوون وەک ڤیستیڤاڵى ستراتفەرد (٤) و شانۆى دو موند نۆڤ، داهێنانى شانۆییان ئەنجام ئەدا، کارەکتەرێکى بچووک و نامۆ کە بەرگى کاندیانزى لەبەر بوو لە مۆنتریاڵ موژدەى لەدایکبوونى جۆرێکى ترى شانۆیدا. فریدێین داهێنەرى گراتین گلیناس، منداڵ خستنەوەى تیک-کڕاک ،کە کۆمیدیاى کانداینیسى هێنایە بوون و ..تاد، شانۆنووسەکانیش وەکوو مارسێڵ دوبێ فرانگۆیس لێرانگەر، کە شانۆگەرییەکانى لەوێدا نمایش کراون.



دیمەنێک لە شانۆگەرى مارش هەى لە فیستیڤاڵى شانۆیى لەساڵى ١٩٩٦

شانۆى هەرێمایەتى و شانۆى ئەڵتەرناتیڤ

لە کۆتایی دەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، شانۆی هەرێمایەتی لە زۆربەی ناوەندی شارەکان لەسەرتاسەری کۆنەدا دامەزرا. ناوەندی شانۆی مانیتوبا(١٩٥٨)، شانۆی یانۆ هونەرییەکان (١٩٥٨)، شانۆی نیپتۆن (١٩٦٣)، هۆڵی شانۆی ڤانکووڤەر (١٩٦٣)، شانۆی ستێدێ (١٩٦٥)، شانۆی گۆڵب (١٩٦٦)، شانۆی نیوبرۆنزویک (١٩٦٨)، شانۆی گالگاری (١٩٦٨). شانۆی ئەلتەرناتیڤ و ئەزموونگەری لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا سەری هەڵدا. ژمارەیەک شێوەی بەرهەمهێنان لە تۆرۆنتۆ (١٩٥٩)، شانۆی پاسی مورۆ (١٩٦٨) و شانۆی فاکتری(١٩٧٠)و لەبەشی فەرەنسی(گروپی کار) کە جەختیان لەسەر گەشەکردنی شانۆی کەنەدی و هەندجاریش شێوازی دۆکیمێنتەری دەکردەوە و داهێنانی بەکارهێنان ئەنجام دەدا.
لەسەدەمین ساڵیادی دروستبوونی کەنەدا، لە ساڵی ١٩٦٧ تۆکانی زیاتر درا بە پشتیوانی نووسینی شانۆ و بەرهەمهێنان، لەوانە شانۆگەرییەکانی جۆرج ڕایگا، جەیمس ڕینەی و جۆن هاربۆرت. ساڵی ١٩٦٨ شانۆگەرییە دوو پەردەییەکەی مایکە ترامبڵی لەسەر شانۆی مۆنتریاڵ نمایشکرا، کە بووە هۆی پشکۆشکردنی جوال(دایاڵۆگی (شێوە ئاخاوتنی) چینی کرێکاری کوبێک بوو) بە شانۆی کوبێک.
لەدەیەی حەفتاکان لەگەڵ بڵیاری گەشەپێدان و بڵاوپێدانی شانۆی کەنەدی، گرنگی شانۆی بچووک هاتنە دەرکەوتن. شانۆی تاراگۆن کە بیل گلاسکۆ و جینی هاوژینی دایان مەزراندبوو، کەوتنە پشتیوانی کردنی نووسەرانی ئینديڤیجوال لە چەشنی دێیڤد فرەنچ، دێیڤد فریمان، مایکە ترەمبلەی بە وەرگێڕانی هەریەک لە(گلاسکۆ و جان ڤان بورک)، کارۆڵ بۆت، شارۆن پۆک، ئیریکا ڕیتەر، ئانن ستراتن، دودیس تەمسن و جۆیسن شەرمان. هەروەها لەساڵی ١٩٧١ جان گڕی و لاری لیللۆ شانۆی تەماهنۆسیان لەشاری ڤانکووڤەر دامەزراند. شانۆی ئازادی تۆرۆنتۆش دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی کارە ئەزموونگەراییەکانی تەم هێندری و مارتین کینچ و جان پالمەر و هەروەها ئێندراس تان و دەرچوانی تری زانکۆی ساسکاچوان، شانۆی شەقامی ٢٥یان لەشاری ساسکاتوون دامەزراند. ساڵی ١٩٧٢ لە هەرەمکانی ماریتامیز هەریەک لە کریس بروکس و لین لوند شانۆی مەمەرتراوپسیان دامەزراند و ئینجا هەریەک لە ئێقلین گاربۆری، تەم میللەر، سارا لی لویز شانۆی پۆری دەریایان لە هەرەمی نۆڤاسکۆشیا دامەزراند کە شانۆیەکی ئیستعرازی جەماوەری بوو بە توژی گەنج. هەر لە هەمان ساڵ لە هەرەمی ئەلبەرتا، دەگلاس ڕیسک و لوسیل واگنەر پێڕەکانی شانۆی ئەلبەرتایان دامەزراند وەک شانۆیەک بە بینەری گەنج، کە دواتر گەشەی پێدرا بە شانۆیەکی هەرەمی گەشەسەندوو بە گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی کاری نوێ لە میهرجانی

پلەی رایتس. لە شاری کالگەریش شانەی پەمهاوس لە پاشماوەی شارەوانی پەمهاوسی مژوویی هاتە دامەزراندن. سالی ١٩٧٣ لە مانیتەبا، وەرشەپی شانەی مانیتەبا دامەزرا، کە دواتر بوو بە شانەی پیریەر ئەسکسچەینج و دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی کاری تازە و میهرەجانی بلیسش لە وەرزی هاوین لە شارچکەیەکی ئەنتاریە هاتە بەڕێوەبردن. لە سالی ١٩٧٤ و لە شاری برەنزویک شانەی جەماوەری ئەکەدیا دامەزرا. سالی دواتر ژمارەیەک تیپی شانەیی هاتنە دامەزراندن لەوانە شانەی ئەزموونگەری مەنتریاڵ (کەدواتر ناوەکەی گۆدرا بە شانەی ئەزموونگەری نەقیە)، شانەی نەتوەرک، شانەی نەرترن لایت لە ئیدمنتەن؛ شانەی بەلفری لە ڤیکتۆریا، شانەی کەنەدی مەزن لە ئۆتاوا. شانەی کاربەن ١٤ لە مەنتریاڵ. سالی ١٩٧٨ پەکهاتنی گەلە شانەی وەرزشی لە کالگەری، وەرکشەپی شانەی ڕۆژئاوایی لە ئیدمەنتەن، شانەی رایزینگ تاید لە ساین جان، شانەی ناکای لە شاری وایت هەرس بەخەو بینی.
شانەی بزووتنەوە کەڵایەتییە جەماوەرییەکان ڕۆکی گرنگیان لەمەژووی شانەی کەنەدی گەاوە بەجۆغدکردنە سەر داگیرکردنی پانتایی هەزی کەڵایەتی و سیاسی شانەی کەنەدی. سالی ١٩٧٧ شانەی کاتالیست لەلایەن ژمارەیەک لە خوەندکارانی خوەندنی باڵای زانکۆی ئەلبەرتا هاتە دامەزراندن. سالی ١٩٨٤ گراوند زیرە پرەداکشن لەگەڵ کەمپەگە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بەئامانجی گەیینی کەڵایەتی، کەوتە کارکردن. سالی ١٩٧٩ شانەی نایتوود ژمارەیەک شانگەری سەبارەت بە پەروەندەی بەهەزی فیمینیستی، چەشنی شانەنامەی (هاوڕێ لە کاتی ناڕێک ئەجندای ناوازە)، بەرهەمهێنا.
بزووتنەوەی شانەی کەنەدی، سەرکەوتنی جەماوەری گەورەی لەساڕێکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ لەسەرتاسەری کەنەدا بەدەستهێنا. شانەنامەی (بیەی بیشەپ دچەت بە شەڕ) بە گەشتێکی نیشتمانی لەگەڵ ژمارەیەک ئەکتەر و داهێنەر وەک جان گرەی، ئیریکا پیترسن؛ لە ڕێگەی ماگی و پییەر بەهێنانەپێشچاو و نواندنی لیندا گریفتس بە نیشاندانی چیرۆکی سەرکەوتنی کەنەدا ترودۆ و وێیواردی هاوسەری، توانی سەرنجی هەموو جیهان ڕابکێشێت.
بەهاتنی دەیەی هەشتاکان، شانەنامەکانی جەرج ف وۆکەر و شارن پڕۆک لە سەرتاسەری کەنەدا و دەرەوەی کەنەداش هاتنە نمایشکردن؛ وەک شانەنامەکان نمایندەی ئەلتەرناتیفی نوێ بوون هەنگاویان نا بەرەو دامەزراندنی شانەی هەرمایەتی و هەروەها بەرەو شانەی بەریتانی و ئەوروپی و ئەمریکی و دەرەوەی ئەوانش. تیپەکانی وەکوو نەسیسەری ئەنجێ ١٩٨١ و شانەی ڕیپەیر ١٩٨٢ ئەزموونگەراییانە لەگەڵ بەرهەمهێنان لە شوێنە دەزراوەکان بە شێوازی تازە و داهێنەرانەی

شانۆ، کەوتنە کارکردن. ساڵی ١٩٨٦ دانیاڵ مەکلفەر لەسەگەی شانۆنامەی دە دە کامیرا، توانی مۆنۆلۆگە ئاساییەکان و لوغزە سایکۆلۆژییەکان بخاتە بەرچاوی بینەر.
لە شارەکانی مۆنتریاڵ و تۆرۆنتۆ و ڤانکووڤەر، گۆڵە شانۆی تایبەت بە گۆشەپەنادانی کاری کلتوورە جیاوازەکانی دانیشتوانی کەنەدا پێکهێنرا؛ وەکوو وەرگێڕانی شانۆی بلاک (١٩٧٢) و شانۆی تەسری دونیا (١٩٨١) و پەڕژەی شانۆیی کاهووت (١٩٨٦) و تیپی شانۆیی ئەبسیدیان(٢٠٠٠) و تیپی شانۆیی فوجینی ئاسیایی- کەنەدایی (٢٠٠٢) و شانۆی نیوەرلد (١٩٩٤). هونەرمەندانی بەرچاوی شانۆی کۆمایەتی، جیاوازی درامیان لەمیانی گێڕانەوەی چیرۆکانیان دەربارەی خەڵکە بنەچەتی و موهاجیرەکان و کۆشفکردنی کارتێکردن و پێکدادانیان لەگەڵ کەمەگەی مەوجود، نیشان دەدا. شانۆی نەیتیڤکانی کەنەداش دەگەنە جەماوەرێکی بەرین لەکەنەدا و دەرەوەی کەنەدا لەمیانی کارەکانی تەمسن هایوەی، مەنیکا مەجیکا، دانیال دەیڤد مەسس، درو هەیدن تایلەر،ماری کلەمەنتس، کەنت ویلیەمز، و زۆری تر.
بزووتنەوەی فرینج کە میهرەجانی ساڵانەی شانۆیی لە ئیدمنتۆن دامەزرا، وەک مەگەی کۆشەندی شانۆی نوێ کە هەموو هاوینێک لەسەرجەم شارەکانی کەنەدا، دەتە سازکردن.
لە ساڵی ٢٠٢٠، شانۆی کەنەدی بەهۆی پەتای قایرەسی کرۆناوە داووخا. کۆڵە چینەوە سەریهەڵدا و بەخەرایی بەجیهاندا بڵاوبۆوە، بووە هۆی داخستنی شوێنە گشتییەکان وداخرانی شارەکان. بەیە زۆرێک لە تیپە شانۆییەکان هەوڵیاندا بەرهەمەکانیان لەسەگەی ئۆنڵاینەوە نمایش بکەن بە ژمارەیەکی کەم لە ئۆکتۆر، یانیش بەهۆی پڕۆگرامی زووم کە ئۆکتۆرەکان بەهۆی ئینتەرنێتەوە پێکەوە لەڕایەدان، نمایشکانیان بخرێنە سەر سکرینی کۆمپیوتەرەکان. بەڵام بەهۆی کۆشی دارایەوە، هونەرمەندانی شانۆیی بە ماوەیەک ڕووبەڕووی بێکاری بوونەوە.(٥)

پڕاوێزکان وەرگێڕ ئامادەی کردوون:.

(١)ئۆکتۆری ئیمائییەکان بەو هونەرمەندە و ئۆکتۆرانە دەوترێت کە لەگەڵ هونەرمەندە هاوپیشەکانیان لەشوێنکەوە دەچوون بە شوێنکی تر یانیش نمایشی شانۆییان ئەنجام دەدا. ئەم ئۆکتۆرانە خۆشی لە جۆژن و کار و نمایشی سەرشانە وەردەگرن کە زۆربەی کات نمایشکەیان کۆمیدیین وەک ئاماژە بە ڕووداوێکی فاشل یان نالۆژیک یان دروستکراو.
(٢)ئەم تیپە لە شاری مۆنتریاڵ لە هەرەمی کوبێک لەساڵی ١٨١٧ دامەزرا. بەیوبەری تیپەکە کاپتن جۆزیف بوو. یەکەم بەرهەمیان

شانۆگەری گریگەری وەسکەر مزنەکە و پاشان دۆقکی مەلەریان نمایش کرد. پاشان گەلە کاری ئیستیعرازییان ئەنجامدا. لەساڵی ١٧٨٩-١٧٩٠ تیپەکە دەچێتە شاری کوبەک و دوای چەندین شوێنی کاتی، لەساڵی ١٨٠٤ هەڵی شانۆی پێتۆگەنیان وەک بارەگای تیپ دروست کرد.
(٣)مەبەندی بانف بە هونەر مەبەندکی کوتەتە شاری بانف لە هەرێمی ئەلبەرتا و لەساڵی ١٩٣٣ لەلایەن زانکۆی ئەلبەرتاوە دامەزراوە. پڕۆگرامە هونەرییەکانی وەکوو نمایش و شۆکاری و میدیا و مۆسیقا و ئەدەب و ئەدەبی نەیتیڤ و تیا دەخوێنرێت.
(٤)فیستیڤاڵی ستراتفەرد، فیستیڤاڵکی شانۆییە کە لەنەوان نیسان تا تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک لە شاری ستراتفەرد لە هەرێمی ئۆنتاریۆ دێتە سازدان.
(٥)ئەم نووسینە لەسەر استیدا پڕە لە ناوی کەس و تیپ و شوێن و ووداو، کاتێک ویستم پەراوێزیان بە بنووسم، بینیم هەویرەکە و ئاو زۆر دەکەشێت. بۆیە جگە لەم دوو سێ پەراوێزی سەرەوە، ئیتر وەکوو خۆی لەی گەیام تا ئۆگەر خوێنەر ویستی زانیاری لەسەر هەر ناو و ووداو و تیپێک دەست بکەوێت، دەتوانێت لەگەڵی گووگڵەوە ئەو کارە بکات.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

سەرچاوەی ئەم نووسینە ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدییە
http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

---

لیبڕاڵ، فاشیی، چەپی دەستاتخواز... زاهیر باهیر

چەمکێك نییە ناوی حکومەت و دەوڵەتی دیمۆکراتی بێت مەگەر لە لای لیبراڵەکان و سۆشیالدیمۆکراتەکان و چەپە دەستاتخوازانی ئۆنتی فاشیی. حکومەت یا ڕاستتر دەوڵەت کە مانایەکی فراوانتر و هەمەلایەنە دەگەیەنێت هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەکن کە داپڵاسەر و سەرکوتکەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کۆمایەتییەکی زۆر کەم و

سیستەمی کاری کرێگرتە و کۆیلایەتییین. بە ئەمەش دوو جار، دوو شەواز لە حوکمڕانیی بە گوڕەی پێویستییان، دەگرنەبەر . شەوازەکیان ئاوایە کە ئەمڕۆ لە زۆرێك لە ئەورووپا دەبینین کە ناوی دەوڵەتانی دیمەکراتیی و مەدەنی و پێشکەوتوویان بەسەردا بڕاوە ، شەوازی دووهەمیان سەرکوتکردن و کوشتن و بینە ئاشکراکەیە، کە لە ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوای ناوین وڵاتانی دیکە دەیانبینین.
ئەم دوو شەوازە وەکو وتم خزمەتی دەسەڵات و مانەوەی دەکەن کە پێویستە بە مانەوەی سیستەمەکەوە بە ئەمەش حکومەتکەران یا دەوڵەتکان پێلینە کراون: ئەمیان فاشیزە و ئاویان لیبراڵ و ئاوی تریان چەپە. ئاوەی کە لیبراڵ دەکاتە فاشی و " دەوڵەتی فاشیی" دەکاتە لیبراڵ و چەپ، تەنها و بە تەنها بە و ئاستی بڕگریکردنە [مقاوەمەیە]. لە هەر شوێنێك بڕگریی و بگژاچوونەوەی خەڵکی بە دەستپێوەگرتنی مافەکانیان و بەدەستهێنانی مافی زیاتر و یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی، بڕدەوام بوو، ئاوە کام لەو دەوڵەتانە چەپن و لیبراڵکی باشن بە سە و دوو دەبنە دەوڵەتێك یا خود حکومەتکی فاشییی لە بڕانبڕیانا. لەم بارێاوە بە دیان نموونەمان هەیە.
لەلایەکی دیکەوە ئەم بڕە فاشیی و لیبراڵ و چەپی دەسەاتخوازە، بە بڕدەوامی لە بەهێزکردنی یەکدیدان. ئاوەی کە پێی دەوترێت فاشیی، لیبراڵ و چەپ بەهێز دەکات و هاوکاتیش چەپ و لیبراڵیش فاشی و فاشییەت بەهێز دەکەن، کە لە ناوڕاکدا هەمویان ئامانجی سڕاکییان دەستگرتنە بەدەوڵەتاوە و پارێزگارییە لە سیستەمی مەوجوود، بێیە هیچ جیاوازییەکیان لەو بارەو نییە .
هەر با تەماشای فڕانسا بکەین ئاوەی ئیمانوێل مایکڕانی هەنایە سەر حوکم لیبراڵەکان نەبوون بەڵکو لی پان و حیزبەکەی بوون کە بووە هەی یەکگرتنی چەپ و نقابە و لیبراڵ و سۆشیالدیمەکرات لەژێر دروشمی ئانتی فاشیدا و لە مەترسی هاتنە سەرحوکمی فاشییەتدا دەنگ بە ماکڕۆن درا و هەنرایە سەر حوکم . پاش 4 ساڵ حوکمڕانی ماکڕۆن نێك هەر هیچی نەکرد بە کرێکاران و کەمەنەتی ئاو نەتوانی کە لاو جێگیر بووبوون بە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەوە، بەڵکو زەر شتی خراپتری کرد و ویستی بیکا وەکو ڕیفڕمی کار و سەر کار، لەدان لە نقابەی کرێکاران ، بڕزکردنەوەی ساڵی تەمەنی خانەنیشیکردن ، زیاتر فشار و بەستدانان بە سەر موسڵمانان ڕەگریکردن لەیان بە بەکارهێنانی یاسای دژە تیرۆر، هەموو ڕەگرییەك لە کچبڕان و پێناببڕان و زۆری تر، لەگەڵ ئەمانەشدا هەستا بە 4 ساڵی دیکە ئەم کابرایە هەڵدەبژێرێتاوە و دەتاوە سەر حوکم . بۆچی؟ چونکە چەپ و نقابە و سۆشیالدیمەکرات پێیان باشترە کە دەنگ بە شەیتانی بچوك

بدەن تاکو شەیتانی گەورە، دەنگ بە مەترسی کەمتر یا بچوکتر بدەن تاکو لە بە مەترسی زیاتر یا گەورە تر.
بەم شێوەی ئەنتی فاشیی کە ئایدلۆژیی هەناوی چەپەکان و دروشمی سەرکیبانە ھەی خراپی خەیان لە هەموو شوێنکی ئەم جیهانەدا بینیوە و دەبینن. بە نموونە لەم جەنگی ئەمەی ڕوسیا و ئۆکرانیادا، پشتگیری لە حکومەتی ئۆکرانیا دژ بە ڕوسیا دەکەن لە ژێر ناوی ئەنتی فاشیستدا، ئەنتی ئیپریالیزم دا ، هەندکیشیان پشتگیری لە پوتین و دەوڵەتی ڕوسیا لەژێر ناوی ئەنتی ناتۆ ، ئەنتی غەرب ، ئەنتی سەرمایەداریدا، دەکەن.
بە کورتی ئێوانەی کە ئەنتی فاشین و ئەنتی ئیمپریالیستین مەرج نییە ئەنتی سەرمایەداریی بن ، بەڵام هەمو ئەنتی سەرمایەدارییەك بە هیچ جۆرە گومان و دڵە ڕاوکێیەك دژ بە فاشیەت و بە ڕایسسیزم و هەموو جۆرەکانی جەنگن، چونکە دژانن لەگ و ڕیشەی و ئێوانە لە خودی سیستەمەکەدایە، پێچەوانەی ئێوان، ئەنتی فاشیی، کە ئاوا تەدەگەن کە جەنگ و بە کاری و نایەکسانی و نادادوەری کەمایەتی هی دەوڵەت و حکومەتی خراپن، گرفتەکە حکومەت و دەوڵەتی خراپن نەك خودی سیستەمەکە.

Zaherbaher.com
زاهیر باهیر
23/04/2022

خوێندنەوە و ئالف و بێی دزێخ... شوان عەباس بەدری

ئەمن کتێب خوێندنەوە دەرگای ژیانت بەڕووڕا ئەکاتەوە ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە ، کتێب خوێندنەوە هەنگاونانە بە ناو جیهانی خەمکی و گۆشگیری ، کتێب دەرگایەکە بە ناو جیهانکی جەهەنەم ئاسای تاقەت پروکێن ، کە دەسکی ئەو دەرگایەت بادا و هەنگاوت نایە ئەو دیو دەرگاکەوە ، ئیدی جگە لە تاریکی و ڕەشبینی و نائومێدی و لە هەمووی سامناکتر هەش هیچی تر نابینیتەوە و ئەو کرانەوەی هەش و تەگەیشتنەش لە ماهیەتی ڕاستقینەی ژیان ، ژیانت دەکات بە

دڕۆخێکی بەکۆتایی و بەمانا و کۆسایەتیت یا هزرت یا دەروونت پێ ئەبەت لە خەمۆشی خەواردنەوەی سووچی تەنیایی ، تەنیاییەک کە گەر ئاگاداری نەبیت وەک خورێ ، هەدی هەدی ناخت ئەخوات و چڕ هیچ مانایەکی بۆت نامێنێ .
زەر جار دووچاری یاخیبوونێکی پێ لە هەڵەت ئەکات و زەر جاری تریش بە بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت تەماڵنت بێ با ئەدات و لێناو زیندانی وەهمدا یەخسیر ئەبیت .
کتێب و خوێندنەوەی زەر یەکەمین و دوایەمین دوژمنی مرۆڤ ، هەموو ئەلف و بێیەکی ناو کتێب و نووسینەکان جەرگ کەڵەپچییەکی تایبەتی نەبینەراون کە قوبڵەستی خیانەت ئەکەن و هەڵتئەدەنە ناو ئوقیانووسێکی بێ کۆتایی مەرگەب و قەڵەم و ئایدیا و هەزری جەراوجەری پێ لێ درێ و بەرژەوەندی .
نووسەر و بیرمەندەکان درێزترین تاکەکانی ناو کەمەڵگەن و کەمەڵگە بەرەو هەڵدێرەکی سامناکی پێچاوپێچ دەبەن و هەر وەک سیستەمە تەتالی و دیکتاتەری و ئایدلۆژییەکان لە هزر و کۆسایەتیت دائەماڵن و ئەتکەن بە کۆیلەیەکی گوێایەڵی قەڵەمکانیان .
هۆشنەبیر و قەڵەم بەدەستەکان لە بەردوشنەکانی کەمەڵگە سەرتاپیاکانی مرۆڤ زەر دێندەترن و بەردەوام بێ ئاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێی نووسین و قسەکانیانەوە مەشکت ئەشێن و بێ کام لایەنە سیاسییەی بیانەوێ ، بێ شووەی نوکە قەڵەمکانیان و نووکی شمشێری زمانیان پەلکەشت ئەکەن و تەش مەئاسا تەنها سەرئەلەقێنی و چەپڵە لێئەدەی .
نە ببە بە دەن کیشەتی ناو هەمانەکەی سەرڤانتەس و نە ببە بە گورگی بیابانەکەی هەرمان هسە و نە سیزیفەکەی کامە ، بخوێنەرەوە و ماوە ماوە لە خوێندنەوە خۆت دابڕە تا ژیان نەبەت بە زیندانێکی ژەنگاوی بەمانای بچڕ و سادق هیدایەت ئاسا بەردەوام لە چاوەوانی مەرگدا دووکەڵی جگەرەکەت بێ با نەدەی !
فەلسەفەی خوێندنەوە واتە گەیشتن بە کێناری ئارامی ، بەڵام زەر جار لە ناو ژاوەژاوی فیلەسوفە هەمچەشنەکاندا وون ئەبیت و هەتا ئەبەد ناگەی بە کێنارە ئارامەکەی هزر و دەروونت !
وون بوون و وەهم و قوبەستکردنیش ئا لەو ژاوەژاوەوە دەست پێئەکات و هەندێک جاری دیکەش هۆشیاری زیاد لە ئەندازە ئەبەتە جەلادێکی قامچی بە دەستی بێ بەزەیی و ناخت شەقار شەقار ئەکات .
خوێندنەری ناشی کۆیلەیەکی دەستەمۆیە و خوێندنەری جدیش زیندانییەکی ئەبەدی ناو زیندانە دێرخ ئاسا بەمانای ژیانە !

شوان عەباس بەدری



گران بۆ دوای بۆهاکـــــــانی جوانیدا لە شیعری گەراندا-3-… نووسینی/ عەتا قەرەداخی

(بەشی سێیەم)

گەران بە متمانەو دڵنیاییەوە پێداگری لەوە دەکات، ژن کە هەماو لـوتکەی جـوانیە ئـەوی چـاوەڕوانی مـەرگ تەنیـا بـە دەرکەوتـن و خۆنیشاندانی دەگـەڵتەوە بێ ژیان. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ڕۆگایەك هەیە بێ رزگاربوون لە مردن یان بەلایەنی کەمەوە بێ دواخستنی مردن کە ئەویش جوانیە. جوانیش وەکو پێشتر ئاماژەمان بێ کرد لای گەران دوو سەرچاوەی هەیە کە ئەوانیش سرووشت و ئافرەتن. گەران لەمە زیاتر دەڵێت:

ئیتر رابوورد من پیر ببم، یان دەم بمرێ
یا بلووری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ.

واتە شاعیر باس لە مانەوەی هەتاهەتایی ونەمری دەکات. تەنانەت باسی مانەوەیەك دەکات کە بەهەزو بە چالاکیەوە بمێنێتەوەو هەرگیز نەگـاتە قـۆناغی پیـری. ئەمـەش مـۆتیـف و پاڵنەڕێـك لـە پشتیـەوە

راوەستاوە کە جوانیە بە تایبەتیش جوانی ئەوی ژن. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا لە رووی ڕاستیەوە ئەگەرێکی لەم جۆرە چاوەڕوانکراوە، یان ئەوەی شاعیر باسی دەکات بەرهەمی خەیاڵ َو ئەندێشەو نائاگایییەو لە ڕاستیدا دروستکردنی یۆتۆپیایەکە؟ ئەوەی زەمینەش بۆ دروستکردنی ئەم یۆتۆپیایە فەراهەم دەکات جوانیە. ئەوە ئاشکرایە کە جوانی خێی شتێکی نەمرە، بەڵام ئەوی ژن کە لێرەدا بەرهەمهێنی ئەو جوانییەیە کە ئەوی چاوەڕوانی مەرگ زیندوو دەکاتەوەو دەیگەیەنێتە ئاستێك کە باسی ئەوە بکات جاڕێکی تر نە پیری لێی نزیك دەبێتەوەو نە مردن لە دەرگای بدات، خێی بابەتێکە ملکەچی مردن و نەمانە. کەواتە ئەگەر جوانی ژن بتوانێت نەمری بەوی پیاو بدات، مانای وایە دەشێ نەمری لە سەرچاوەی مردوو یان لەناوچووەوە بەرهەمبهێنرێت. لێرەشدا ئەو پرسیارەیە خێی دەسەپێنێت؟ ئایا شتێك هەیە ناوی نەمری بێت؟ ئایا ئەوەی نەمری بەرهەمدەهێنێت چیە؟ ڕاستە لێرەدا و لە چوارچێوەی ئەو دەقە شیعریەدا جوانی بەرهەمهێنی نەمریە، بەڵام جوانی خێی بەرهەمی سەرچاوەیەکی نەمر نیە.
ڕاستە شاعیر باسی نەمری و مانەوەی هەتاهەتایی دەکات و ڕەتی دەکاتەوە جاڕێکی تر ئەو پیر ببێت، یان دێی بمرێت. ئەمەش بانگەشەکردنی نەمریە. بەڵام دواتر ئاشکرا دەبێت کە نەمری لای گۆران نەمری جەستەو مانەوە نیە لە ژیاندا، بەڵکو بەدەستهێنانی نەمریە لە ڕێگای داهێنانەوە. سەرچاوەو مۆتیڤی داهێنانیش لای ئەم شاعیرە جوانیە. سەرچاوەی بەرهەمهێنانی جوانیش سرووشت و ئافرەتە. واتە ئەو باسی بەدەستهێنانی گەوهەرو ماهیەتی نەمری دەکات لە ڕێگای داهێنانەوە. ئەوەتا دەڵێت: ئەمجا ئەی یار، ئەی خوا.. ژنی عەشقم، ئەی ڤینووس
ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج توالێت ئابنووس
هیچ نەبێ بێ .. بێ خاتری جاهی ئەپۆلۆ
مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ.
شاعیر لە وەسفێکی بەرزدا ئەوی یار دەدوێنێت، جاڕێك بە خواوەندی جوانی و دێداری ناوی دەبات و دەمێك بە بەژن لە عاج و توالێت لە تەختەی ئەبەنووس دروستکراو وەسفی دەکات، کە مەبەستی لەم جۆرە وەسفەش ئەوەیە ئەوی شاژنی عەشق بەرزترین نموونەی جوانیەو بەو جوانیەش ئەمی لە کەناری مەرگەوە گەڕایەوە بێ ژیان. بەڵام ئایا ئەم شێتی ژیانەو هەرچەندێك بێت دەیەوێت بژی، یان بە واتایەکی تر، ترس لە مردن وای لێدەکات کە پەنا بێ هەر شتێك ببات کە بەژیانیەوە ببەستێتەوە؟ یان لە پشتی ئەم دوو بڕچوونەوە شتێکی تر هەیەو ئەو دەیەوێت لە پێناوی ئەوەدا بژی، یان لە ڕاستیدا ژیانی ئەو لەوێدا

بە زیندوویی دەمێنێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەش بەرووڕی دەردەکەوێت، کاتێ ئەوی شاعیر رووداوەکانە شاژنی عەشقی و تەنانەت بەجۆرێك لێی دەپارێتەوەو داوای لێدەکات لەبەر خاتری ئەپۆلۆی خواوەندی شیعرو حیکمەت یارمەتی بدات بۆ ئەوەی توانای شیعر بەرهەمهێنانی بەردەوام بێت. ئەو هۆزەك بۆ بەرهەمهێنانی شیعر دیاری دەکات و بە مەلی شیعر ناوی دەبات کە دەشێ بە فریشتەی ئیلهام ناوببرێت یان پێی بگوترێت هۆزی بەرهەمهێنانی شیعر. ئەمی شاعیر یەك ئامانجی روون و ئاشکرای هەیەو ژیان و زیندەگانی و مانەوەی تەنیا بۆ ئەو ئامانجە دەوێت، کە ئەویش بەردەوامبوونی فریشتەی ئیلهام بەخشی شیعری ئەوە. واتە ژیان و خۆزگەی مانەوەو ترس لە مردن و دەستگرتن بە ژیانەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە بەرهەمهێنانی شیعر بەردەوام بێت. کاتێکیش بەدوای جوانیدا وێلەو دەیەوێت پێی بگات هەر لەبەرئەوەیە کە بۆ ئەو جوانی بەشکە لەو هۆز و پاڵنەرەی کە دەرگای داهێنانی شیعری ئەم بە کراوەی دەهێڵێتەوەو بەردەوام دەبێت لە داهێنان. بوون و مانەوەو نەمری ئەمیش تەنیا لە داهێنانایە نەك لە مانەوەی فیزکیدا و بەردەوام بوون وەکو هەر مرۆڤێك یان هەر ئەفریدەبوویەکی تری بۆ بەرهەم. بە مانایەکی تر، شاعیر تا ئەو کاتە خۆی بە زیندوو دەزانێت کە توانای داهێنانی هەبێت. هەر لێرەشەوە لە کاتێکدا ئەمی شاعیر هەستی بە نزیکبوونەوەی مردن کردبێت، دەشێ بینین یان هەستکردنی ئەم بە ئەوی شێوەژنی شۆخ، ئەو مەترسیەی کەمکردبێتەوە. واتە ئەوی ژن بە هەموو ئەو جوانیانەوە کە ئەمی شاعیر وەسفی دەکات ئیلهامی داهێنانی پێبەخشی بێت ئەوەش بە گوێرەی ئەمی شاعیر گۆڕانەوەیەتی لە کەناری مەرگەوە بۆ ژیانی پڕ لە چالاکی و جوڵەو بەرهەم. واتە لێرەدا جوانی ئەوی ژن هەم ئیلهام بەخشی شیعرە، هەم دەشێ وەکو پاڵنەری گۆڕانەوەی ئەم بۆ ژیان و بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژیان سەیر بکرێت.

گۆران بۆجگە لەوەی کە ئافرەت یان ژن بە جۆرێنەرو مۆتیڤی درۆژەدان بە ژیان و تەنانەت گەیشتن بە نەمری دەزانێت، کاتێك دەبێت بە پاڵنەری داهێنان. ئەمەش لە کاتێکدا کە ئەو داهێنان بە بنەمای سەرەکی دەزانێت بۆ بەدەستهێنانی نەمری، کە دیارە مەبەست لە نەمریش مانەوەی ناوە. دیسان نەك هەر ئافرەت دەچوێنێت بە هۆگەزە جوانەکانی سرووشت، بەڵکو ئافرەت وەك هەندێ لەو هۆگەزە جوانانە یان بەرهەمی ئەو هۆگەزە جوانانە دەناسێنێت. بۆ نیشاندانی ئەم پێشکەشکردنە، گۆران لە هەڵبەستی" شەوێك لە عەبدوڵا" دەڵێت:

ئافرەت: چرای کێوی ئاهەنگ
لەنجەی جووڵان، مۆسیقای دەنگ

یەکێ قژ زەرد، یەکێ چاورەش
یەکێك لێو وەك گوڵ – غونچەی گەش
یەکێك جوانی وەك هەتاوە
تین و تیشکی لە پێش چاوە
یەکێك مانگی شەخ و شەنگە
سیحری جوانیەکەی بێ دەنگە
یەکێك شەوەی دوان خەشە
جوان نیە، بەڵام جوان پێشە.
ئاشکرایە کە گۆران ئەم هەڵبەستەی لە چ کات و دۆخێکدا نووسیووە، بەڵام وەسفی ئەو بێ جوانی بەردەوام لە هەڵکشاندایە. ئەوەش لە شەوەی ئەو وێنە شیعریانەدا بەرجەستە دەکات کە یان لە لێکچوونی نێوان دوو ڕەگەز بەرهەمی هێناون کە ئەویش یان ئافرەت دەچوێنێت بە سروشت یان بە پێچەوانەوە هەندجار ئافرەت دەکاتە چەق و سروشت بەو دەچوێنێت. یان وێنەکانی گۆران لەسەر بنەمای دووانەی دژ یان ناکۆك یان بەرامبەر پێکدێن کە لە هەردوو شێوەکەشدا چ لێکچواندن، چ دووانەی دژ بنەمان بێ پێکهێنانی جۆرێك لە هاوسەنگی کە ئێمە پێشتر وەکو هارمۆنیای سروشت یان ڕێکخستنی گەردوون باسمان کرد. ئاشکرایە (لە عەبدوڵا)، جۆرێك لە ئاهەنگ یان کێبوونەوەی سەماو گۆرانی هەبووە، گۆران نەك هەر ئەو کاتەو لەوێ بەکو لە ئەزموونی شیعری گۆراندا بەگشتی ئافرەت چرا یان بزوێنەر یان ڕۆحی کێی ئاهەنگ و ساتە خۆشەکانە، هەرچۆن بزوێنەری ژیان و سەرچاوەی ژیانە، بەهەمان شێوە ئافرەت خۆی مۆسیقاو گۆرانی و ئاهەنگ و سەمایە، ئافرەت ئەو تابلۆ ڕەنگینەیە کە لەسەر پەڕەی هەستی گۆران تابلۆیەکی ڕەنگینی جوانی بەرهەمێن و چێژ بەخشە. کەواتە لێرەدا گۆران جۆرێك شووناس دەدات بە ئافرەت کە ئەویش شووناسی ژیانە بە هەموو ڕەگەزە جوان و ناسك و هەست بزوێن و ڕۆح وروژێنەکانیەوە. بە مانایەکی تر ئافرەت سروشتێکی ڕەنگاو ڕەنگە بە جوانی دیمەن و بە دەنگی خۆش و بە ڕووی گەش و بە بۆنی سەرسامکەرەوە. بە مانایەکی تر ئافرەت هەڵگری هەموو خاسێتە جوانەکانی ناو ئەم گەردوونەیەو شان بەشانی جوانی سروشت سەرچاوەی بەرهەمهێنی هەموو چێژێکی جەستەیی و ڕۆحیە. هەروەك گۆران سەرباری ئەوەی شووناسێکی گشتی دەدات بە هەموو ئافرەت یان ڕەگەزی مێ، دیسان لەناو ئەو شووناسە گشتیەشدا جۆرێك لە پێڵەنکاری دووەمی دەکات و خاسێتە تایبەتیەکانی ئافرەتە جۆراو جۆرەکانیش دەکاتە بنەما بێ پێڵەنکردنیان کە هەریەکەیان بەشێوەیەکە، بەڵام هەموویان لەژێر ناونیشانێکی گەورەتردا کۆدەبنەوە کە ئەویش بەشداریکردنی هەموویانە لە خاسێتێکی سەرەکیدا کە جوانیە. دیارە ئەو جوانیەش بەشە جۆراوجۆرەکانی جەستەی ئافرەت،

جۆەی ئافرەت، دەنگی ئافرەت و عیشوەو نازی ئافرەت و ناسکی و رووبەری فراوانی ڕەحیی لای ئافرەت بەرهەمێنەتی. بۆگومان لێرەدا کە گۆران بەو ئاوەناوە جوانانە وەسفی بەشە جۆراوجۆرەکانی جەستەی ئافرەت و دەنگ و زمان و ئاخاوتن و جۆەو هەر شتێکی تری ئافرەت دەکات، بوونی ئافرەت وەکو هەر تابلۆیەکی جوان و قەشەنگی نێو ئەم سرووشتە پێشکەش دەکات. لێرەشدا لە ڕێگای کەمەڵك لێچواندنی ئافرەت و جوانیەکەیەوە بە ڕەگەزو جوانی ڕەگەزەکانی سرووشت ئەو تابلۆ قەشەنگە چڕ بەرهەمهێنە پێشکەش دەکات.
گۆران لە روانگەی جوانیەوە پێگەی ئەوی ئافرەت دیاری دەکات و ئەو بە پێی پێوانەی جوانی دەڕوانێتە ئافرەت و ئەوەش وای لێدەکات کە هەندێجار ئافرەت لە پێگەی ئافرەت یان مرۆڤەوە بگوازێتەوە بۆ پێگەیەکی بەرزترو وەکو بوویەکی ئەفسوونی یان بوویەك لە خەیاڵ و ئەندێشەدا سەیری بکات یان بیکات بە ئەفریدەبوویەکی ئەفسانەیی. لە هەڵبەستی"ئەڵێی ئێغر"دا گۆران رووەکاتە ئەوی ئافرەت و بەمجۆرە دەیدوێنێت:

فریشتەی، یا پەری، یا حۆری ئەی شێخی مەلەك شێوە
بەعیشوەو خوو، لە هاوجینسی بەشەر ناکەی ئەڵێی ئێغر.

گۆران بە تەواوەتی دڵنیا نیە کە ئەوی ئافرەت کام لەمانەیە: ئایا فریشتەیە، پەریە یان حۆری. ئەو ناتوانێت شووناسی ڕاستەقینەی ئەوی ئافرەت لێرەدا دیاری بکات، هۆکارەکەشی جوانی و شێخ و شەنگیەو لێرەشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گۆران تەنیا دەزانێت ئەمانە هەموویان جوانن بەڵام پێوانەیەکی دیاریکراوی نیە بۆ جیاکردنەوەی ئەمانە لە ڕووی جوانیەوە، بۆیە ئەوی ئافرەت بەهەموویان دەچوونێت. ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەوە نیشان دەدات کە لە ڕوانگەی گۆرانەوە ئەوی ئافرەت جوانی هەموو ئەو هێما جوانانەی لەخۆیدا کۆکردووەتەوەو ناتوانرێت تەنیا بە یەکێکیان دابنرێت، بەڵام شاعیر لە شتێك دڵنیایە سەبارەت بە جوانی ئەوی ئافرەت کە ئەویش شێخی مەلەك شێوەیەو بە جۆەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتیدا ئاشکرایە کە لە ڕەگەزی مرۆڤ جیاوازە. بۆگومان جیاوازبوونەکەش ئەوەیە کە لە مرۆڤی ئاسایی بەرزترو باڵاترە. لێرەدا دیار نیە ئایا گۆران مەبەستی هەموو ئافرەتانە یان ئافرەتێکی دیاریکراوە. هەرچەندە لە ئاخاوتنکردنیدا لەوە دەچێت ئافرەتێکی دیاریکراو بدوێنێت، بەڵام لەسەر بنەمای تێوانینی گۆران بۆ ئافرەت یان ژن بە گشتی ئەوە دەردەکەوێت کە گۆران هەمان تێوانینی هەیە بۆ ئافرەت یان ژن بە گشتی و لە ڕووی جوانیەوە لەسەرووی ڕەگەزی مرۆڤەوە دایدەنێت و خاسێتی ئەفسانەی پێدەبەخشێت.
سەرباری ئەوەی کە گۆران دوو سەرچاوەی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی جوانی

و هەر ئەو دوو سەرچاوەش مەتیفی درێژەدان بە ژیانن لای ئەو و هەر ئەو دوو سەرچاوەش سڕش بەو دەبەخشن بێ ئەوەی مەلی شیعری بەردەوام گڕانی بێت و لەوێشەوە نەمری بەدەست بهێنێت. بەڵام هەندجار بەئاشکرا یەکێك لەو سەرچاوانە دەکاتە سەرچاوەی یەکەم کە ئەویش ئافرەت یان ژنە، تەنانەت وایشی نیشان دەدات ئەگەر ژن و جوانی ژن نەبێت رەنگە بەتەنیا جوانی سرووشت بەس نەبێت بێ ئەوەی سڕشی داهێنان بەو ببەخشێت. گڕان لە هەڵبەستی " ژن "دا دەڵێت:

ژنە کە جلیوەیی حوسنی بە عیشق ئەکا پەراز
ژنە کە قووەت ئەخاتە خەیاڵی رەقص ئەنگیز
ژنە مووەللیدی عیشق و ژنیشە عیشق نەواز
ژنە کە تاری روبابی حەیات ئەکا تەهزیز
سەمایی واسیعی دێ گەر لە ژن بکەی خاڵی
تەجللیاتی بەدایع غرووب ئەکا دیجوور
بەسەر سەمایی تەهیدا گوشاد ئەکا باڵی
لە کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبێ تەبەسوقی نوور
لە کونجی خاتیرەما تا ژنکی شێخ نەکا
پەری سیفەت بە پەل و پێی جەمالەوە جیلوە
لە کۆ لە سەتحی زەمینا، لە سینەی فەلەکا
ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی دنیا؟

گڕان هەموو جوانی و جوڵەو دیمەن و دیاردەو بوویەکی هەست بزوێن و خێشی بەخش دەبەستێتەوە بە ژنەوە. ژن سەرچاوەی خەیاڵ و خەیاڵبەخشە بەوی پیاو. ژن سەرچاوەی عیشقەو تەنانە هەر ژنە کە ژێی کەمانی ژیان دەلەرێنێتەوەو ئاوازی جوان لە ژیاندا بەرهەم دەهێنێت. بە مانایەکی تر ژن سەرچاوەی یەکەم و بنچینەیی ژیانە و بە دەرکردنی ژن لە ژیان، ژیان مانایەکی نابێت و لە استیشدا بوونی نامێنێت. بەڵای گڕانەوە بە بێ بوونی ژن نە سرووشت و نە هەگەزەکانی سرووشت هیچ جوانیەکیان نیە، نە ئاژ رووناکی دەبەخشێت، نە هیواو ئاسۆیەك لە ناخی مرۆقدا دەمێنێت. واتە ئەوەی گڕان لێرەدا مەبەستیەتی بیڵێت ئەوەیە ژن هەرچەن سەچاوەی ژیان و سەرچاوەی خەیاڵ و ئەندێشەو ئومێدو هیواو رووناکی و ئاسوودەیی و هەموو بوونکی نوێ ئەم گەردوونەیە، هەروەها سەرچاوەی داهێنانی شیعرو مۆسیقاو گڕانیە. ئەو پێیوایە ئەگەر ژن بوونی نەبێت، بە تەنیا جوانی شتەکان کە مەبەستی هەگەزەکانی نوێ سرووشتە ناتوانن ببنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی شیعر. واتە بە بێ بوونی ژن جوانی سرووشت ناتوانێت ببێتە پاڵنەرو مەتیفی داهێنان. بەڵێ لە روانگەی گڕانەوە ژن بریتیە لە ژیان. کەواتە ژن سەرچاوەی هەموو بەرهەمهێنانکی مرۆییە. ژن هەکارو مەتیفی بەرهەمهێنانی مرۆقایەتی

و ئازادی و بەهامرۆییەکانی و هەموو شارستانێتی مرۆڤایەتیە. تا ئەو ئەندازەی کە بگوترێت ژن بەرهەمهێنی مرۆڤایەتی و بە مرۆڤبوونی ئەم ئەفریدەبووەیە کە ناوی مرۆڤەو سەروەری ئەم گەردوونەیەو دەیەوێت هەموونهێنیەکانی ئاشکرا بکات و دەسەڵات بەسەر هەموو جوڵەیەکیدا بکات و خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و چیتر بوانێك بۆ هێزی میتافیزیك، یان بوانێك بۆ هەکارە نەزانراوەکان نەهێیتەوە بۆ جوڵاندنی سرووشت و بەرهەمهێنانی ئەو رووداو و دیاردانەی کە زۆرجار سرووشت دەوخێنن و هارمۆنیاکەی تێکدەدەن و بەوەش جوانی دەشێوێنن.
ژن بەجگە لەوەی سەرچاوەی جوانی و بەرهەمهێنی چێژو مۆتیڤی داهێنانە، هەروەها هەگری هیواو هومای ئایندەو ڕوگای بەرەو ئاسۆی ئایندەو مژدەبەخشی ئاسودەییە. گۆران لەم ڕووەوە لە هەبەستی " جیلوەی شانۆ" دا دەڵێت:
فیدات ئەبم ژنی جوان، ئەی جەمالی سنعەتکار
بەڵێ دەلیلی سەعادەت ئەخەیتە پێش ئەنزار
بەلای گۆرانەوە هەگری پەیامی ئاسوودەیی ئایندەیە بەڵام ژنی جوان، هەرچەندە نازانرێت ئایا ئەو ئاسوودەیە ئاسوودەییەکی هەمیشەیە، یان ساتێکی کورت تەمەنە لە ئاسوودەیی کە بەهۆی ئەوی ژنی جوانەوە ئەم پێی دەگات. ئەگەر مەبەست لەمەی دووەمیان بێت واتە ئاسوودەیی کورت تەمەن ئەوا لە پشتی ئەم بۆچوونەوە دەلالەتی سێکسی هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لای گۆران ئاسوودەیی ڕۆحی و جەستەیی هاوشانی یەکترن و لای ئەو ئاسوودەیی هەمیشەیش لە مانەوەو داهێنان و نەمری و تێکەڵاوبوون لەگەڵ بەهای باڵاو چێژی باڵای جوانیدا بەرهەم دێت.
ئاشکرایە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیعر خەیاڵە. ئاستی بەرزی داهێنانیش لای گۆران پەیوەستە بە خەیاڵی قوڵ و مەودا فراوانی ئەوەوە، بەجۆرێك کۆی بەرهەمی شیعری گۆران وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو وەها خۆی دەنوێنێت کە جیهانێکی یۆتۆپی بێت، جیهانێك کە بە هەگەزەکانی جوانی رازێنرابێتەوەو دەستێکی هوونەری رەنگین نەخشەسازی بۆ کردبێت و کۆی جیهانەکەش وەکو تابلۆیەکی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگ خۆی نمایش دەکات. ئەوەش لە ئاستی یەکەمدا وەکو بنەمای دەق دەبێتە دەلالەت بۆ هەگرتنی مەدلولێکی گشتی کە فرەتیە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، بە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و فرە سیمایی و فرە ڕوخساری و فرە بۆچوونی کە هەموو ئەمانەش رایەڵەیەکی بەهێز پێکیانەوە دەبەستێت کە ئەویش ڕۆح و گەوهەری جوانیەو لەژێر کاریگەری هێزی گەورەو هەژمونکەری جوانیدا لەو پۆتۆپیایەدا هەموو شتێك مانای خۆی دەبێت و دەشێ شووناسی خۆیی هەبێت. گۆران لە وەسفی

هەپەکەی ژناندا کە لە " گەشت لە قەرەداخ"دا بینیوێتی دەڵێت:
خەوە خەیاڵە؟ عەردە بەهەشت؟
هەپەکەی ژنە یا هی فریشتە؟
پەلکەزێرینەی ئاوارەی بەهار
لە عەزرەت تارای سوور کەوتەتە خوار.
کاتێ گۆران ئەم هەپەکەیە دەبینێت کە دیارە لە واقیعدا ئەم بینینە رووبداوە، بەجۆرێك وەسفی دەکات کە ڕاستەخۆ ڕۆح و کاریگەری بەهێزی خەیاڵ لە وەسفکردنەکەدا دیارە، بەجۆرێك کە واینیشان دەدات ئەو هەپەکەیە لە خەون یان لە خەیاڵ دەچێت. واتە درووستکردنی ڕووداوێك لە خەیاڵدا کە بگومان ڕووداوێکە لە لوتکەی جوانیدا. ئەو بۆ ئەو ئاستە لە جوانی هەپەکێ نموونەیەکی باڵای هەیە کە ئەویش هەپەکەی فریشتەیە. ئێستا سەرسام ماوەو دەپرسێت ئایا ئەو هەپەکەیە هەپەکێ ژنە یان هی فریشتە. ئەمەش لێواندنێکە کە شێوازی دەربڕینەکەی لێکچواندنێکە لە گەوهەردا لە نێوان نزم و بەرزدا، بەڵام لە خودی ڕووداوەکەدا ئەوەی لێکچواندنی پێکراوە ئەوەندە قەشەنگ و جوانە دەگاتە ئاستی نموونە باڵاکە، واتە سەرچاوەکە. جوانی ئەم دیمەنی هەپەکەیە کە بگومان بووکیش لە ریزی هەپەکەکەدایە کاریگەری لەسەر سرووشت دادەنێت و تەنانەت سرووشت دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوەو دیمەنی جوانی هەپەکەی ژنان و تارای سووری بووك سرووشت ناچار دەکەن بۆ وەڵامدانەوە. سەرئەنجام پەلکەزێرینە کە لە دوای بارانی بەهار دەردەکەوێت و بریتیە لە گورزەیەك لە تیشکی ڕەنگاورەنگی شکاوەی قەشەنگ و جوان دادەبەزێتە خوارەوە بۆ سەر هەپەکەی ژنان، ئەگەرچی کاتی گەشتەکەو ئەو هەپەکەیەش وەرزی هاوینە. کەواتە جوانی و کاریگەری ئەو دیمەنە یەتەپیەی کە هەپەکەی ژنان درووستی کردووە تەنانەت کاری لە کات و دیاردەکانی سرووشتیش کردووەو گۆڕانکاری تێداکردوون. بەهەی جوانی و سەرنجڕاکێشی هەپەکەی ژنانەوە لە وەرزی هاوینەدا. پەلکەزێرینە کە دوای بارانی زۆری بەهار دەردەکەوێت، بەڵام لەم کاتەدا دەرکەوتووە. کەواتەجوانی ژن و کاریگەری ئەو جوانیە تەنانەت گۆڕانکاری لە هارمۆنیای سرووشتیشدا دەکات. لێرەودا زیاتر ڕۆڵی ژن وەکو کارکەری گۆڕان درووستکەر دەردەکەوێت. لە ڕاستیدا وەسفی ژن و وەسفی سرووشت لای گۆران وادەردەکەوێت لەوە جوانتربن کە خۆیان هەن(8).
وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، بنەمای سەرەکی بنیادی شیعری گۆران پەیوەندی نێوان دووانەی لێکچوو یان دووانەی دژە، ئەمەش بنەمای سەرەکی جێگیری و هارمۆنیای سرووشت و گەردوونە. گۆران سەرباری ئەوەی کە دووانەی نێرو مێ، یان پیاو و ژن وەکو دوو

پێکهێنەری سەرەکی ژیان سەیر دەکات، سەرباری ئەوەی وەکو دووانەی بەرامبەر دایان دەنێت، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە سەیری پەیوەندی نێوانیان دەکات کە تەواوکەری یەکترین. دەشێ ئەمەش لە ڕوانگەی ئەو بڕچوونەوە بێت کە پێیوایە دژو ناکۆکەکانیش یەکتری تەواو دەکەن. هەرچەندە لە ڕووی گەوهەرییەوە نێرومێ زیاتر لەوەی دژبەن، بەرامبەر، یان هاوشان یان تەواوکەری یەکترین. سەرباری ئەم لەبەرامبەر یەکتر دانانە، گۆران پیاو وەکو هێمای هێزو ژنیش وەکو هێمای جوانی-سۆز- نەرم و نیانی- ناسکی سەیر دەکات. لە وەسفی ئەو هەڵپەکێیەدا کە لە گەشتی قەرەداخدا بینیوێتی، پاش ماوەیەك لە هەڵپەڕینی پیاوان دەڵێت:
نێرەی ئافرەتە ئەمجا هەڵپەڕێ
سا هێز دەست بەردا، جوانی دەست بگرێ.
هێز وەکو گوتمان مەبەست پیاوانە و جوانیش مەبەست ژنانە. لێرەوە دیسان گۆران ژن وەکو جوانی پێناسە دەکات و لە هەمان کاتدا ئەو جۆرێك لە هاوشانی لە نێوان (هێز/ جوانی)دا دروست دەکات و ئەوەش وای لێدەکات کە تەنانەت بۆ هەڵپەکێش یەکسانی لە نێوان ئەم دوو هەگەزەدا دروست بکات. واتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە جوانی ئافرەت بە ئەندازەی هێزی پیاو گەریگەری هەیەو ڕێگا نادات هەژموونی هێزی پیاو بەسەر ئافرەتدا بادەست بێت. هەروەك ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەسەڵات تەنیا لە هێزدا نیە بەڵکو جوانیش وەکو سامانێکی مەعنەوی گەورە بەرهەمهێنی دەسەڵاتە. هەر لێرەوە لەبەرامبەر هێزی پیاودا، جوانی ژن هەیە کە دەبێتە هێی دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو هەگەزەدا. گۆران نایەوێت بە دروشمی سادەی زمانی باس لە هاوشانی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکات، بەڵکو لەبەرامبەر هێزی پیاودا هەگەزێك لای ژن دەدۆزێتەوە کە ئەوەندە تواناو هێزی هەیە لەبەرامبەر هێزی پیاو یان هەگەزی نێردا رایبگرێت. هەروەك ئاشکرایە لای گۆران پەیوەندی دەسەڵاتی بەرهەمهاتوو لە هێزی پیاو، لەگەڵ دەسەڵاتی بەرهەمهاتوو لە جوانی ژن، پەیوەندی دوژمنایەتی و لە ڕووی یەکتردا وەستان نیە، بەڵکو هاوسەنگی دروستکردن و تەواوکردنی یەکتریە.
سەرباری ئەوەی کە جوانی ئافرەت زیاتر دەچوێنرێت بە جوانی سرووشت، بەڵام لای گۆران هەندجار بە مرۆڤکردنی سرووشت هەیە. واتە خاسێتەکانی مرۆڤ بۆ سرووشت قەرز دەکات یان سرووشت بە جوانی ئافرەت دەچوێنێت کە سەرچاوەی ئەم جۆرە لە لێکچواندن لە پێش گۆراندا لای مەولەوی ئاشکرابووە. واتە گوێ و هەگەزەکانی تری سرووشتی چواندووە بە جوانی یار یان ئافرەت. گۆران لێرەدا خاسێتی مرۆڤ بە سرووشت دەبەخشێت، کاتێ دەڵێت:

سەرانسەری چەم داری ژالەیە
ئەو داوێن سەوزی سەرلق ئالەیە
□□ژ: □□ژی شایی، کات: بەیانیە
تەبیعەت مەستی بزەی جوانیە.
لێرەدا لێکچواندنی سرووشت بە مرۆڤـــ هەیە. کاتێ وەسفی داری ژالە دەکات لە وێنەیەکی قەشەنگدا باسی سەوزی داوێنی ئەو درەختەو ئالی سەری دەکـات. داوێـن بێ مرۆڤـــ دەبـێـت و زیـاتریش بێ ئـافرەت بەکاردێت. بێ نموونە دەگوترێت داوێنی کراسەکەی. هەروەك ئاێ زیاتر ئاوەێناوێکە بێ وەسفی لێو و رووەمەتی ئافرەت بەکار دێت، بەڵام لێرەدا ئەم وەسفکردنانە دراونەتە پاێ درەختی ژالە، وەکو ەگەزێکی نێو سرووشت. هەروەها بزە کە بە مانای زەردەخەنە دێت خاسێتی مرۆڤە بەڵام گێران ئەم ئاوەێناوە بەکار دەهێنێت بێ وەسفی سرووشت. واتە خاسێتی مرۆڤـــ دەدات بە سرووشت بەوەی ئاوەێناوی بزەی جوانی پێ دەبەخشێت. هەروەك ناوی ئەندامێکی جەستەی مرۆڤـــ هەیە کە بزەی لەسەر دەبێت ئەویش لێوە، بەڵام لە دەقەکەدا ناوی نەهاتووە. کەواتە سرووشت وەکو مرۆڤـــ بزەی جوانی لەسەر لێوێتی. کردنی مرۆڤـــ بە سەرچاوە بێ ئەوەی ەگەزەکانی سرووشت بەو بچوێندرێت مانای ئەوەیە کە شاعیر لە روانگەی جوانیەوە سەیری هەموو شتێك دەکات و کام شت جوانتر بێت لای ئەو دەبێتە سەرچاوە. لە زێربەی وێنەو دەقەکانیدا سرووشت و جوانی سرووشت سەرچاوەیەو جوانی ئافرەت بەو دەچونرێت، بەڵام لێرەشدا جوانی ئافرەت دەکرێتە سەرچاوەو سرووشت بەو دەچوێنرێت، یان خاسێتەکانی مرۆڤ دەدرێن بە سرووشت، کە ئەوەش بریتیە لە بە مرۆڤکردنی سرووشت. ئەوەش مانای زیاتر بەهاپێدان و بە گرنگ سەیرکردنی سرووشتە بێیە خاسێتەکانی مرۆڤی پێدەبەخشرێت.
گێران خاسێتەکانی مرۆڤـــ بەکاردەهێنێت بێ وەسفی کات، بەڵام کاتیش لەو چوارچێوەیەدا وەکو ەگەزێکی سرووشت بەکاردەهێنێت کە ئەو کاتەش پایزە. لە هەڵبەستی" پایز"دا دەڵێت:
پایز! پایز / بووکی پرچ زەرد
من مات تێ زیز/ هەردوو هاوەرد.
پایز یەکێکە لە چوار وەزەکەی ساڵ کە وەرزی پێگەیشتنی بەروبووم و پاشان گەڵاڕێزان و رووتبوونی داردرەخت و دیمەنی سرووشتە. گێران ئەم وەرزە بە بووك ناو دەبات، بەڵام بووکێکی پرچ زەرد. ئاشکرایە بووك تەنیا بەو ئافرەتە دەگوترێت کە شوودەکات و لەکاتی گواستنەوە لە ماڵی باوانەوە بێ ماڵی نوێ و بێ لای زاوا پێی دەگوترێت بووك کە لە کوردەواریدا بووك دەڕازێنرێتەوەو وەك دەزانین پێشتر تارای سوور دەدرا بەسەردا بووکدا. کەواتە گێران خاسێتی بووك وەردەگرێت

بۆ پایزو لەبری تارای سوور، ئەو بە پرچ زەرد وەسفی دەکات کە لەئاستیدا ئەوەش وەسفێکی زۆر وردو جوانە بۆ وەرزی پایز کە گۆران بە پایز دەڵێت تۆ لە جوانیدا بووکێکی پرچ زەرد نەك سەرداپۆشراو بە تارای سوور. هەروەها شاعیر لێکچوون لە نێوان خۆی و پایزدا درووست دەکات. واتە خۆی و ئەوی بووکی پایز وەکو یەك نیشان دەدات. ئاشکرایە پایز هێمایە بۆ غەمگینی و بێزاری و تەنانەت جۆرێك لە بێ هیوایی و سەرکەوتنی تەمەن. وەسفکردنی پایز بە پرچی زەردەوەو بە زیزی، ئاماژە بۆ ئەو خەمباری و بێ هیواییە دەکات کە هاوشێوەیە لەگەڵ مات و مەلولیەکەی ئەمدا. کەواتە لێرەدا خاستی مرۆڤـــ بە کات، یان بە وەرزی پایز وەکو بەشێك لە سرووشت دەبەخشرێت، کە ئەویش وەکو ئەمی مرۆڤـــ خەمبارو بێزارو بێ هیوایە. لە ڕاستیدا کات شتێکی بۆلایەنە بەڵام کاتێ خاستی پایزی پێدەدرێت، مانای وایە لە ڕۆگای ئەو خاستەوە جۆرێك لە ناساندن دێتە ئاراوە، کە خاستی بووکیشی بخرێتە پاڵ، ئەو کاتە مانای وایە لە ڕۆگای پێدانی خاستی مرۆییەوە شووناسی ڕاستەقینەی ئەو کاتە دیاری دەکرێت و ئاماژەش بۆ ئەو دەلالەت و مانایە دەکرێت کە لەپشتی ئەم کاتەوە هەیە.

هەروەك لە هەڵبەستی" هەوری پایز"دا گۆران خاستی مرۆییبوون یان بە مرۆڤکردن دەبەخشێتە هەموو سرووشت و وەکو مرۆڤـــ باسی دەکات. کاتێ دەڵێت:

بگرمێنێ، تەپ و لم دابکا، بیکاتە شەست، هەرگیز
نەوەستی قۆپی گریانی، نەوەستی هەورەکەی پایز
تەبیعەت زەردو ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە
نیشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی درشتایە.

گۆران باسی باران بارین دەکات کە لە کوردەواریدا ئەگەر یەکەم بارانی ئەو ساڵە بێت پێی دەڵێن بارانی پەڵە. لە شێوەی دەربڕینی بنیادی زمانی دەقەکەدا جۆرێك لە حەزکردن، یان پەرۆشی بۆ بارینی ئەو بارانە هەست پێدەکرێت. واتە وادەردەکەوێت کە بوونی ئەو بارانە پێویست بێت، ئەگەرچی بارانی پەڵەبێت پاش هاوینی درێژو وشك کە سەرەتای ساڵی نوێی چاندن و وەشاندنە، یان ئەگەر بارانی مەعنەوی بێت بۆ شۆردنەوەو خاوێنکردنەوەی هەموو ئەو توخم و ڕەگەزە پیس و ناشیرین و خراپانەی کەوتوونەتە سەر زەوی و دارو درەخت و ڕووی جوانی ئەوان و سرووشتیان بەگشتی تەڕخ کردبێت. ئەوی قسەکەری شیعرەکە داوای بارینی بارانی بە خورژم دەکات، بەڵام بارینی ئەو بارانە بە قۆپی گریان ناو دەبات کە گریان خاستێکی مرۆییە، بەڵام شاعیر وەسفی بارانی پێدەکات، واتە خاستی مرۆڤـــ دەدات بە باران، یان بە هەور کە باران لەوەوە دەبارێت. لە باڵکی

وەهاشدا ئەگەر هەور بگری مانای وایە باران فرمێسکی هەورە. هەبەت پایز هەمای خەمباری و دڵتەنگیە. مرۆڤ ئەگەر هەست بە دڵەنگی لە ئەندازە بەدەر بکات، گریان دەبێتە شێوەیەکی هەڵشتنی ئەو خەفەت و خەمباریەو کەمێك باری شانی ئەو سووك دەکات. هەروەك ئاشکرایە وەکو جۆرێك لە خاوێنکردنەوەی ڕۆح سەیری گریان دەکرێت. کەواتە بەهەمان شێوە ڕەنگ زەردی و مات و مەلولی پایزیش هەمان ئاماژەی هەیەو گریان هەکاڵەکە بۆ سووك کردنی باری قورسی سەرشانی پایز. کەواتە لێرەدا بە گشتی پایز وەکو مرۆڤـــ وەسف دەکرێت، یان خاسێتی مرۆیی بە پایز دەدرێت و پایز دەکرێت بە مرۆڤـــ و وەکو مرۆڤیش خەمبار دەبێت. لەم وەرزەدا سرووشت بە گشتی ڕەنگ زەردو شێواوە، درەختەکان پرچیان شێواوەو بەرگی سەوزیان زەردبووە. بەگشتی ئەم بووەی کە شاعیر وەکو مرۆڤـــ یان زیندەوەر وەسفی دەکات لە حاڵی گیان کێشان یان مردندایە. دیارە هەکاری ماتی پایزو گریانی بە قۆپی پایز مەرگی سرووشتە. لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە گۆران سرووشت و پایز وەکو مرۆڤـــ وەسف دەکات و وەکو مرۆڤـــ لەگەڵیان دەدوَێت. هەرچۆن لـە لایەکـەوە خاسێتە جوانەکـانی سـرووشت وەردەگرێـت بۆ وەسفکردنی جوانی مرۆڤ، گۆران بەهەمان شێوە خاسێتەکانی مرۆڤیش وەردەگرێت بۆ وەسفکردن یان دەرخستنی هەندێ بارو دیاردەی سرووشت. بەڵام زیاتر ئەو خاسێتانەی مرۆڤـ وەردەگرێت کە ئاماژەی خەمباری و بێ هیوایی و ناکارایی و مردن و کۆتایی دەکەن. بۆ نموونە هەور دەگری، پایز خەمبارو مات و مەلولە، تەبیعەت زەردو ژاکاوە، پایز بووکی پرچ زەردە.
دیسان گۆران جوانی ڕەگەزەکانی سروشت دەچوێنێت بە جوانی مرۆڤـــ. ئەم شوێن گۆڕینە لە لێچواندندا کە جاڵەك ئافرەت دەچوێنێت بە سرووشت و جاڵەك سرووشت دەچوێنێت بە ئافرەت، ئەوە نیشان دەدات کە ئەم دوو ڕەگەزە کە هەردووکیان سەرچاوەو بەرهەمهێنی جوانین و هەردووکیشیان سەرچاوەی ئیلهامی شیعری گۆرانن و شیعریش بەلای ئەوەوە هەکاڵەکە بۆ هەشتنەوەی ناوی مرۆڤـــ و بەجۆرێك نەمری پێ دەبەخشێت. بە گشتی ئەم دوو انە هاوشانن یان هاوتاو یەکسانن لە جوانیدا و تا ئەو ئەندازەیەی هیچ کامیان بە بێ بوونی ئەویتریان ئـەو جـوانیەی نـابێت کـە پێکـەوە هەیـانە. گۆران لـە هەبەسـتی "دارچوالەی پشکووتوو"دا، دارچوالە دەچوێنێت بە بووك، واتە درەخت لەگەڵ مرۆڤدا لێکچواندنی پێ دەکرێت، بەڵام نەمرۆڤکی ئاسایی و نە مرۆڤـــ لە ساتێکی ئاسایدا، بەڵکو ئافرەت و لە ساتێکدا کە بووك بێت، کە ئەو ساتەش بۆ هەموو ئافرەتێك هەستیارترین ساتەوەختی ژیانە، ساتی لوتکەی ڕازاندنەوەو جوانی و مەستی و چاوەڕوانی ئەو ئافرەتەیە. گۆران لەم هەبەستەدا دەڵێت:

ریزێك نەمامی دارچوالەی نازدار
كە ڕۆژێك وەستابوون لەسەر گیای بەهار
وەك بولبول ئەندامیان لە سووراو نابوو
لەنجەی تاوتاویان بێ چپەی با بوو.
دارچوالە خاستی بووكیان پێ دەدرێت و وەكو بووك سووراو دەكەن، هەروەها لەنجەولار دەكەن كە ئەمیش دیسان خاستی ئافرەتە لە كاتی جوڵاندندا. هەروەها (با) لە ڕۆژگای خاست یان چالاكیەكی مرۆییەوە وەسف دەكرێت كە ئەویش "چپە"یە، ئاشكرایە چپە دواندنی مرۆڤە بە دەنگێكی نزم. ئێستا چپە وەسفی بای پێ دەكرێت و لەنجەی دارچوالە بێ چپەی بایە. لەم لێدوانە دووجەمسەریەدا ئافرەت و سرووشت هەر جارەو یەكێكیان دەبێتە سەرچاوەو ئەویتریانی پێ بەراورد دەكرێت، یان لێكچواندنیان پێ دەكرێت. ئەمەش وەكو گوتمان دیدو تێوانینی گۆران بێ ئەم دوو ڕەگەزەی بەرهەمهێنی جوانی نیشان دەدات كە یەكێكیان مرۆڤە و ئەویتریان سرووشتە. مرۆڤـــــ بەرزترین و هوشیارترین ئەفریدەبووی ناو ئەم گەردوونەیەو ئەویتریان سرووشتی جوانە واتە ئەو سرووشتەی كە سەرچاوەی بوونە یان لە پێناوی مرۆڤدا دروستكراوە یان هەیە.
گۆران لە هەڵبەستی "دوا سەرنج"دا كە بە دەست بەسەركراوی ئەو ئافرەتە دەبینێت و ئەو بینینە دەبێتە ئیلهامی ئەم شیعرەی، ئەگەرچی واپێدەچێت ئافرەتە قژزەردەكە لە چاوەوانی كەسێكی تردا بێت و لە گۆرانی دەست بە كێت و پێوەند بێ ئاگابێت. گۆران لە جوانی ئەو شۆخە هیوای ئازادبوون وەردەگرێت. كاتێك دەڵێت:
پرشنگی نیگایەك كە لە ڕووی ڕووناك
هەڵئەستێ و تیژ ئەكشێ تا ناخی دەروون
كێپەی نوێ ئەخاتە كووڕەی عەشقی پاك
دەفری گیان لیپ ئەكا خۆزگەی بەربوون
بێ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم
نیگارێ هەكەنم شۆوەی لێت بچێ
تا هەرچەن گازی گرت لە لەش زنجیرم
ئازارم سووكتر كا خەیاڵی كچێ.
دیسان گۆران دەیەوێت لە سەر پەردەی ناسكی خەیاڵی، وێنەیەكی ئەم شۆخە بكێشێ بێ ئەوەی ئەو دیمەنە جوانەی لەیاد نەچێتەوە، چونكە پێیوایە ئەو دیمەنە جوانە هۆزێكی مەعنەوی گەورەی پێ دەبەخشێت و وای لێدەكات لەبەردەم ئازارو ئەشكەنجەی زیندانداو بەهۆزترو دان بەخۆدا گرتووتر بێت. كەواتە لێرەدا وێنەی ئەوی ئافرەت لە لایەك هیوای ڕزگاربوون بە ئەمی زیندانی دەبەخشێت و لە لایەكی تریشەوە دەبێتە هۆی سووككردنی ئازاری زنجیرو ئەشكەنجەی زیندان. ئەمەش

ئەوە نیشان دەدات ئافرەت هەر تەنیا سەرچاوەی چێژو مێتیقی داهێنان و ژیان نیە لای گەران، بەڵکو هیوابەخشی ژیان و ئازادیەو وەربەخش و بەهێزکەری گیانی بەرگری مرۆڤە بەرامبەر بە ئازارو ئەشکەنجەو زیندان. لێرەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئافرەت بە هەموو شێوەیەك مێتیقی ژیان و بەردەوامی و نەواخان و هیوای ئایندەیە.

هێناواردنی میللی، کێشەی زمان و ڕەگ چارەی کێمانیزمی کرێکاری... حەمید تەقوایی

ئەم دەقی ئەم نوسینە لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید ئامادەکراوە.
دیمانەی خەلیل کەیوان لەگەڵ حەمید تەقوایی
وەرگێڕانی: کاوە عومەر
٢٠٢٢\٠٤\٢٣

خەلیل کەیوان: چەوسانەوە وهێناواردن و تەنانەت سوکایەتی لەسەر بنەمای میللەت ڕاستیەکە کە بۆتە ئاشکرا بەسەر بەشێک لە خەڵکی ئێراندا ئەنجام ئەدرێت.
بە بەشێ ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی و کلتوریەکان بەهەی ئینتیمای نەتەوەییەوە یەکێکە لە ڕوخسارە دزێوو دژە ئینسانیەکانی کۆمەڵگەی ئێرانە. بەبەشکردنی بەشێک لەخەڵک لە سود وەرگرتن لە زمانی دایک و بەفەرمی نەناسینی زمانە باوەکان لە وەتەدا یەکێکە لە دەرکەوتەکانی هێناواردن لەسەر بنەمای میللەت.
ناسیۆنالیستەکان وقەوم پەرستەکان دەستیان بردوە بە کێشەی ستەم وهێناواردنی میللی وخراکی لێوەردەگرن. ئەوان لەکۆتایدا چەوسانەوەیەک ئاشکرادەکەن وخوازیاری لابردنی ئەو کێشەیەن.حەمید تەقوایی، تە کە ڕەخنەگری لە ناسیۆنالیست ونەتەوە چیەکان،ئایا وابیرناکەیتەوە کەلە ڕەخنەگرتنەکاتەدا لەوان تووندڕەوی دەکەن؟وابیرناکەیتەوە کە ئەوان لەسەر حەقن لەو بابەتەدا کە ئەو کێشەیە دەخەنە ڕوو و بەرجەستەی دەکەنەوە؟

حەمید تەقوایی: هەر بەو شێوەی کە ئاماژەتان پێدا کێشەی ستەم وهەژاوەردنی میللی کێشەیەکی بابەتی و واقیعیە لە کۆمەڵگەی ئێران و زۆر کۆمەڵگەی تردا. بەڵام ناسیۆنالیستەکان ئێرک وئامانجیان لابردنی ئەو ستەمە نیە. ئەوان لەسەر بنەمای ئەو چەوساوەیە بەشوێن ئامانج و خواستی خۆیانەوەن.
ناسیۆنالیزم ئایدلۆژی وسیستەمێکی هزری و بەهایی تایبەتە بەچینی سەرمایەدار. تایبەتە بە لەسەدا یەکەکان. ئیستا ئەوان لە شوێنکدا لە دەسەڵاتدان و دەوڵەتیان هەیە. لە جێگایەکشدا لە دەوڵەتدا نین و بەوتەی خۆیان "کۆمینەی میللی" پێکدەهێنن. بەڵام ئامانجیان هەر ئەوەیە کە بەدەسەڵات بگەن. کە میللەت دروست بکەن ودەوڵەت دروست بکەن، بە ئەوەی کە بازاڕی ناوخۆیی خۆیانیان هەبێت، کەکردنەوەی قازانج وکەکردنەوەی سامانی خۆیانیان هەبێت و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوریان کە لەو چوارچێوە میللیە کەدا ئامانجی بەرزیانە بهێنندەڕەو. لەبنەڕەتدا لەناو مژودا هەر بەو شێوەیە میللەتەکان ودەوڵەتەکان دروست بوون.
میللەتەکان بە لابردنی هەژاوەردنی میللی دورست نەبوون، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینێکی تازەپێگەیشتوو پێکهاتبون کەلە کەتایبەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەئەورپا لە دژی پاشا وخانەدانەکان و کۆمەڵگەی داخراوی دەربەگایەتی هاتبووە مەیدان و ئێویست بەرژەوەندی ئابوری خۆی، بەرژەوەندی چینی بەرژوازی یا سەرمایەداری دەستەبەربکات. ئەم چینە بە ئەوەی کە بازاڕی خۆی هەبێت، بە ئەوەی کە دەسەڵاتی ئابوری وسیاسی خۆی لەو کۆمەڵگە فیئودالیەدا کە خەڵکی و میر میرەیی بوون دامەزرێنێت، ناچار بوو کە هەموان لەژێر ئاڵای میللەتێکدا کەبکاتەوە، ناچار بوو کە کۆمەڵگەیەک بەناوەی میللەت و ولاتەوە دامەزرێنێت هەتا کەموو کۆیەکانی کۆمەڵگەی داخراوی فیئودالی بخاتە لاوە و دەسەڵاتی ئابوری وسیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێت. ئەمە ئیتر لە سەرتاسەری جیهاندا وەک ومیللەتەکان دروست بوون لە هەموو جێگایەک چینی سەرمایەدار دەسەڵاتدارە.
بەڵام بەشێک لە سەرمایەداران کە بەخۆیان دەڵێن "کۆمینەیی میللی" کە هەشتا وەک ودەوڵەتکیان نیە. ئەوانە لە کۆمەڵگەی تردا لەگەڵ سیستەمی ولاتی-میللی تردا کە پیشتر دروستکراوە دژین. ئەوانەش دەیانەوێت ببنە سەری ناوسەران! واتە بەشێک لە چینی سەرمایەدار کە زمان و مژوچۆی خۆیان هەیە بەڵام خاوەنی وەاتێک نیە ئەیەوێت وەاتی خۆی، واتە بازاڕی ناوخۆ و چالاکی ئابوری ،خێشی هەبێت ودەسەڵاتی سیاسی خۆشی بەدەستەوەبگرێت. ئەوانە بە ئەوەی بەو ئامانجە بگەن سود لە ستەمی میللی وەردەگرن کە کێشەیەکی واقیعیە.

ڕۆگام بدە کە نمونەیەک بهێنمەوە. دەزانیت کە کێشەی فەلەستین کێشەیەکی واقیعیە. ملیۆنەها کەس لەخاک لە سەرخاکی مێژوویی خۆیان، جێگایەک لەوێدا دەژیان. مافیان هەبوو، ئاوارە بوون وڵاتێکی ئەودا وەاتکیان بەناوی ئیسرائیلەوە دامەزراند. ئەمە کێشەیەکی واقیعیە بەڵام ئەحزاب وهێزە سەرو کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان نان دەخۆن، پایەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی هەر ئەمایە. هێزەکانی وەک حەماس، وەکو حزبوڵا، وەکو خودی کەماری ئیسلامی سودیان لەمە وەرگرتووە، خوراکیان دەدایە چەوساندەوە و مەینەتیەکانی خەڵکی فەلەستین بە ئەوەی ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیانی پێ بڕنە پێشەوە.
ناسیۆنالیزمیش هەمان دەور دەگێڕێت. ئەحزابی ناسیۆنالیستی خەڵکی پەنا بە هەڵاواردن و ستەمی میللی دەبات بە ئەوەی کە بەدەستهێنات بگات و بەرژەوەندیە ئابوری وسیاسیەکانی چینی خۆیان دەستبەربکەن. ئەو ئامانجەی کە ئەوانە بەدوایەوەن بەهیچ شێوەیەک هەمان ئامانجی چینی کرێکارو زەحمەتکێشەک نیە کە وان لەژێر ستەمی میللیدا. بەڵکو ئامانجی هەمان ئەو لەسەدا یەکانیەیە کە لەناکۆکی تەواودایە لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەری هەمان میللەت کە ئەوان پاگەندەی نوێنەرایەتیکەیان هەیە. ئەمە ئەمڕۆ لەکوردستانی عێراق وەک نمونەیەک دەبینین. بنەمای ڕەخنەی ئەمە لەناسیۆنالیزم ئەوەیە. هەتا ئەوجێگەیەی کە بە کێشەی چەوساندەوە هەڵاواردنی میللی دەگەڕێتەوە "ڕۆگەچارەیەک" کە ئەوان دەیخەنە بەردەم خەڵکی ڕێک قوڵکردنەوەی هەڵاواردنی میللیە، نەک ڕۆگەچارەی. بەهیوایی ئەوەی کەلە دریژەی ئەم چاوپێکەتنەدا بتوانین کە زیاتر ئەبابەتە ڕونبکەینەوە.

خەلیل کێیوان: لایەنێکی تری ئەم چەوساندنەوەیە بە بەش بوونی خوێندنە بە زمانی دایک و سود وەرگرتنە لێی لە بەیوبەرایەتیکان و لەکاروباری ڕێشنبیری و هاشیوەی ئەماندایە. ئەمەوێت لێتان بپرسم کە هەڵاواردنی زمانی و فەرهەنگی چ کاری گەریکی هەیە لەسەر ژیانی تاک وکۆی قسەکەران بەو زمانانە؟ چ کاریگەریکی هەیە لەسەر هەستی هاوبەشیان لە سەر هاوچارەنوسیان لەگەڵ هەموو خەڵکی دانیشتووی وڵاتدا؟

حەمید تەقوایی: بەبەوای من هەڵاواردن لە دژی زمانی دایک خەڵکیک کە بەزمانێک جگەلە زمانی ڕەواج پێدراو لەو کەمەگەیدا قسەدەکەن یەکێکە لە دەرکەوتە زەر گرنگەکانی چەوساندەوەو هەڵاواردنی میللیە، بەهەی ئەوەی کە بابەتەکە تەنها لەسەر قسەکردن نیە. زمانی دایک، زمانیکە کە تاک لەگەڵیدا گەورە بووە و لەگەڵیدا دەستی بە

قسەکردن کردوە و بەو زمانە لەگەڵ کەمەگەدا، بە کلتورێک، یان پەیوەندیەک، یا ئەدەبیاتێک ئاشنا بووشوونکی تایبەتی دەبێت لە ژیانی ئەو تاکەدا.جگایەکی جیاواز تر لەو زمانانەی کەلەوانەیە دواتر فێریان ببێت.

گەم بدە کە نمونەیەک بهێنمەوە.ئێستا زارێک لە ئێرانیەکان بە کچبەری چونەتە وەاتانی جەراوجەرو بونەتە پەنابەر.زارێک لەوانە زمانی وەاتی نیشتەجێ بونی خەیان بەباشی فێربوون و بەو زمانە قسە دەکەن.لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەزمانی دایک باشتر دەتوانن تەعبیر لە خەیان بکەن.هیچ زمانێکی تر ناتوانێت جێگەی زمانی دایک بگرێتەوە. ئەوە بە زمانی دایک،فارسی یا کوردی یا تورکی و یان هەر زمانێکی ترکە لەگەڵیدا دەستت بە قسەکردن کردوە، بەردەوام دەتوانیت هەستەکانتان دەربڕن،گاڵتە بکەیت یان تانە بدەیت،نوکتەو قسەی خۆش بکەیت،نمونەو پەندەکان بەکار بهێنیت،ئاهەنگزی وخەمی زمان وخێشیەکانی زمان زۆر باشتر تەدەگەیت و بەکاریان دەهێنیت وهتد. لەوانەیە زۆر باش لە شکسپیرو بەدلیرو هانریش هاینە بخوێنێتەوەو تێبگەیت بەڵام ئەو کاریگەریەی وای دانەین کە حافزو خیام لەسەر ئەوە هەیانە، ئەوانە نیانیە.

شارەزایانی زمان لەو باوەڕەدان کە زمان تەنها وەسیلەی قسەکردن نیە بەڵکو وەسیلەی بیرکردنەوەشە.واتە بیرکردنەوە بە بێ قسەکردن جێگای باوەڕ نیە،کەسێک کەلەگەڵ زمانی دایکیدا دەستی بە بیرکردنەوە کردوە ئەو کارە بەشێوەیەک لە کەسایەتیەکیدا هەڵکەندراوە کە ئیتر قابیلی ئەوە نیە کە جێگاکەی بگەڕێت بەزمانەکانی تر.

بەو بۆگانە بە بێشی لە خوێندن و بە بێشی لە چالاکی کلتوری وکەمەیەتی بەزمانی دایک،زەمەکی زۆر ئاشکرایە.لە زۆرێک لە وەاتەدا زمانی دایکی خەڵکێک کە لەناوچەیەکدا بەزمانی فەرمی ئەو وەاتە قسەناکەن هیچ کات بەهەسمی ناناسرێت.ئەمەی بێشک نیە لە واقیعیەتی کەمەیەتی.هەموان ناچارن لە فەرمانگەو پەروەردەو خوێندن و ئاگەیاندنکان و ئەدەبیاتدا ئەو زمانە بەکار بهێنن کە دەوڵەتی پەیوەندیدار لە کەمەگەدا بەفەرمی ناسیوە. باشە، ئەمە هەاوردنکی ئاشکرایە بە مافی کەسێک کە بە زمانی دایکێکی تر جگە لەو زمانە ئەسیەی کە دەوڵەتی پەیوەندیدار لە کەمەگەدا هەسمەتی پێداوە هاتوەتە دونیا.من هێشتا لەناو هاوڕێ کانمدا کە زمانی دایکیان زمانێکی ترە بە نمونە تورکی یا کوردی وهیترە و لەو زمانە ئاشنایەتیەکی زۆرتریان لەگەڵ ئەو زمانە هەیە،لەگەڵ ئەوەی کە زۆر کەنترۆیان بەسەر زمانی فارسییدا هەیە،کاتێک کە دەیانەوێت وای دابنێین نوکتەیەک یان قسەیەکی خۆش بکەن یا کاتێک کە بیانەوێت تواڕ و تۆیی دەربڕن دەیگەڕێنەوە بە زمانی دایکیان.ئەو زمانە

ئاسان تر بۆیان ئەم تایبەت نیە بە"کەم نەتەوەکان". بۆ فارسی زمانەکانی نیشتەجێی وڵاتانی تریش ئەم کارە هەر ڕاستە. ئەوانیش کاتێک کە دەیانەوێت نوکتەیەک و قسەیەکی خۆش بگێڕنەوە، یان، بۆ پێندێک تەعبیر لە شتێک بکەن، یا بۆ کێشەی شیعرێک ئامانجەکەیان بگەیەنن، پەنا دەبەنەوە بۆ زمانی فارسی. بۆچونی من ئەوە بەتەواوەتی سروشتیە و بەشێکە لە کۆسایەتی کەمایەتی ئینسانەکان. هەر بۆیە ئەبێت ئەم هەوڵاوردن لەدژی زمانی دایک ببێتە کێشەیەکی بکەین، ئەبێت ئەم لەناوبەرین تا بتوانین کە بانگەشەی ئەوە بکەین کە ستەمی میللی مان لەناو بردوە. ئەبێت ستەم وهەڵاوردنی میللی تەنها لەزماندا قەتیس نابێتەوە بەڵام نایەکسانی لە بەکار هێنانی زمانی دایکدا گەشەیەکی گرنگی چەوساندنەوەی میللیە.

خەلیل کەیوان: ئێگا چارەی حزبی کەمینیستی کرێکاری ئێران چیە بۆ لابردنی ئەم هەڵاوردنە زمانی-نەشنبیریە؟

حەمید تەقوایی: ئەمەلەبەرنامەی حزب و بەگشتی لەئەدەبیات و قسەوباسکان و بانگەشەکانی حزبدا ئێگا چارەی نەشنمان هەیە بۆ لابردنی ئەم کێشەیە. ئەمە دەبێت ئەبێت فرستی فەربونی زمانی دایک بۆ هەموو ئەو زمانە باوانەی کەلە وڵاتدان دەستبەر بکرێت. ئەبێت هەبونی ئەدەبیات، بڵاوکراوە، کتێب و گۆڤارو نەژنامە بۆ زمانی دایکیی خەیان و بەکار هێنانی. لە میدیا کەمایەتیەکان و لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی وەکو ڕادیۆ تەلەفزیۆن و هتد یاسایی بێت و بۆ فەرمی بناسرێ. دەوڵەت بەرپرسە لەوەی کە ئاسانکاری کاری بکات بۆ ئەوەی کە کەسانێک بۆ زمانی دایکیان (جگە لەزمانی بنەڕەتی ئەو وڵاتە) قسە دەکەن بتوانن بخوێنن، بتوانن ئەدەبیات و کلتوری خەیان بخوێنەوە و یا بیخوێنن، بتوانن بڵاوکراوەی ئەدەبی کتێب، ڕۆمان، شیعرو گۆرانی وفلیم و مۆسیقایان هەبێت، بتوانن دەزگایی ڕاگەیاندنی خەیان هەبێت (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وهتد) و بگشتی مافیان هەبێت کە بەزمانی دایک چالاکی نەشنبیری و هونەریان هەبێت. ئەبێت ئەمانە بەڕەسمی بناسرین. باسکە تەنها لەسەر فەربونی ئەلف با و خوێندن و نوسین نیە. ئەوە بابەتکە. فەربونی زمانی دایک ئەبێت لە هەموو جێگایەک بۆفەرمی بناسرێت و لەو ناوچانەدا کە بۆ زمانانە قسە دەکەن ئەبێت ئەوە بۆفەرمی بناسرێت ، ئەبێت ئەم یاسایی وکردەیی بکرێتەوە. بەڵام سەرباری ئەوانەش ئەبێت شیعر و ئەدەبیات بۆ زمانە، مۆسیقا و گۆرانی بۆ زمانە و هەموو لایەنە نەشنبیریەکانی تری ئەو زمانە بۆانە بوترێتەوە. بە نمونە ئیستا ئەم لە قوتابخانەکاندا داشتنمان هەیە بەزمانی فارسی، بەزمانی

فارسی ئەدەبیاتمان هەیە،سەبارەت بەزمانەکانی تریش ئەبێت بەهەمان شێوە بەفەرمی بناسرێت.دەوڵەت ئەرکەتی ئاسانکاری پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە دابین بکات.

خەلیل کەیوان:هەرچەن بۆت،زمانی هاوبەش یەکێکە لە پێویستیەکانی هەر کۆمەڵگەیەک.ئایا ئێوە پشتگیری کە ناسیۆنالیستەکان و نەتەوەپەرستەکان لەسەر زمانی دایک هەیانە و ئێوە ڕەگەز چارەی کە کۆمنیزمی کرێکاری هەیەتی نابێتە هۆکاری ئێوەی خاڵێک لەیەک جودابکرێنەوە،بەڵکو بەر چاوگرتنی ئێوەی کە ئێران وەاتەکی فرەزمانە وخاڵێکەشی سەربە نەتەوەی جراوجۆرن.ئایا ئەم وەاتە لە سەر لەواری جیابونەوە دانانێت و نایکاتە چەند پارچە و هتد؟ لەگەڵ ئێوە ڕەگەز چارەی کە ئێوە هەتانێو پشتگیرێک کە خاڵە پەرستەکان و نەتەوەپەرستەکان لەسەر ئێو کۆشێە هەیانە،ئایا مەترسی ئێوەی نیە کە خاڵێک لەبەرانبەر یەکدا دابنێت؟

حەمید تەقوایی: سەرەتا ئەبێت بڵێم کە ئەمە خەبەخە بۆش بۆش بون وجیابونەوە وسەربەخێیی بەکفر یان تابە یان قەدەغە نازانین.ئەمە لە ناوچەیەکدا کە کۆشەی میللی هەیە ئەگەر خاڵێک لە بارودۆخەکی ئازادانەو لە ڕەگەی گشت پرسی(ڕیفراندۆم)ەوە بیار بدەن کە جیا دبنەوە، بە پێچەوانەی هەزە ناسیۆنالیستە فارسەکانەوە،ئەمە بەفەرمی دەناسین.بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ،باسکە لەڕدایە کاتێک هەزە ناسیۆنالیستەکان پەداگری لەسەر مەسەلەی زمان دەکەن،لە ڕاستیدا ئیانەویت بە مەسەلەی میللەت دروستکردن،مەسەلەی گێشتن بە دەسەڵات و بۆخە جیاکردنەوە لەوانی تر باسی دەکەن،هەر ئێوەی کەلە سەرەتای ئەم باسکەوە خستمە ڕوو.
بەڵام بە پێچەوانەی ناسیۆنالیستەکانەوە ئەمە لەسەر بنەماو بنچینەی مافی یەکسان بونی هاوەاتیان بەرگری لە زمانی دایک دەکەین.هاوەاتیانی خاوەن مافی یەکسان واتە ئێوەی کە لەئێرانی ئەمەدا بەهەمان شێوە کە کەسێک زمانی دایکی فارسیە دەتوانێت بە زمانی فارسی کتەب بنوسێت،شیعر بڵێت،فلیم دروست بکات،نمایشی شانۆی بکات،ەادیە وتیڤی بڵێیوبەرێت وهتد وهتد،هەموو ئێو مافانە ئەبێت بە کەسەکیش کە زمانی دایکی تورکی فارسی یا عەرەبی یا هەر زمانێکی تر بەفەرمی بناسرێت.ئەمە نابێتە هۆکاری دابەش بوون، بەپێچەوانەوە، یەکێتی بەشکانە.
ناسیۆنالیزمی خاڵەکی، بە نمونە ناسیۆنالیزمی کورد،ئیۆەت لەدەوری زمانی وەات-میللەتی خۆی دروست بکات یان فیدرالی خۆی هەبێت وهەموو کارەکان خۆی بەدەستیەوە بگرێت.واتە ئیۆەت زمانی کوردی لەوەاتی

دەخوازی خۆیدا هەمان داوری هەبێت کە زمانی فارسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەیەتی.
پاشان.باسکەی ئەمە ئاوە نیە! ئەمە دەڕۆین یەکسانی هەموو زمانە باوەکان لە هەر وڵاتێکدا.ئەمە دەڕۆین لە هەر کۆمەڵگەیەکدا-ئیتر ناوی هەرچی لە بنەین،وڵاتی ئێران،وڵاتی کوردستان،یا هەر وڵاتێکی تر-هەموو زمانە باوەکان لەو کۆمەڵگەیەدا،هەر بۆشاییەکی کە ئونم کردوە،ئەبێت بەشێوەی یەکسان بە فەرمی بناسرێن و مافەکانیان لەبەرچاو بگیرێت.بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم هەڵومەرجە بخولقێنیت دەتوانیت کۆمەڵگەیەکی گەورەو یەکگرتوتر هەبێت.
ئیمە وەکو بنچینەیەک خوازیاری ئاوەیە ئاوکۆمەڵگەیانەی کە(سەرمایەدارەکان ناوی وڵات ومیللەتیان لەسەردانێن)هەرچەند گەورەتر بێت.ئەمە بەهیچ جۆرێک لایەنگری وڵاتانی زەر بچوکترو هەرکەسێک بەزمانی خۆی وهەرکەس بە کلتوری خۆی نین،بە شێوەیەک کە هاوسە زمانی هاوسێکەی تێنەگات.ئەگەر ئەمە باسی مافی یەکسان دەکەین ئێک لەبەر ئاوەیە کەکۆمەڵگە هەرچی زیاتر گەورە بکەین و هەرکەسێک بەهەر زمانێکی دایکەوە کە هەیەتی بتوانێت لەوەدا هەست بەئازادی و ئاسودەی بکات و بتوانیت بەزمانی خۆی هەموو چالاکیەک ئەنجام بدات.هەربۆیەوە ئەمە پێکەوەلکێنرو لەدۆرێک کەکەرەوی خێک و یەکگرتوو کەری خێک و هێشتن بەرەو کۆمەڵگەی هەرچی گەورەترو ئینسانی تر ئەبێت.تەنها لەبارودۆخێکی وەهادایە کە هەموان بە تامەزرۆییەوە زمانێکی سەرتاسەری و هەموو لایەک بگرێتەوە.بەپێچەوانەوە،کەسێک کە لەسەر زمانی خۆی وەکو زمانی فەرمی و سەپێنراوی میللەتێک یان وڵاتێک(چ وڵاتێک کە ئیستا هەیە وچ وڵاتێک کە دەیەوێت سبەینە دروستی بکات)جۆخت دەکاتەوە،هەر بۆیەوە ئاوە کە دەیەوێت هێزاواردن دروست دەکات،ئاوە کە ئەیەوێت،خێک و کۆمەڵگەی ئینسانی لەسەر بنەمای یەک مەڕوچەی میللی-قەومی دابەش بکات.
ئەگەر کەسێک لەسەر ئینسانیەت و کۆمەڵگەی ئینسانی دەجوڵێتەوە-نێک لەسەر ئاوەی کە چینی من ئەبێت دەستات وەربگرێت و ئەبێت من ئاڵای پیرەزیەکان و خاک و سنوری پیرەزی خۆم هەبێت و هتد،ئەگەر پیرەزیەکانی دەمارگیری میللی بخەینە لاوە،ئاو کاتێ هەر ئینسانێک بەهەر زمانی دایکێک کە هەیەتی لەگڵ ئاوانی تردا هەست بەیەکسانی دەکات و ئیتر پێویست ناکات کە باسی جیابونەوەو تێنانێت خودموختاری و فیدرالیسم و هتد بخرێتە ڕوو و ئاو جۆرێ نوسخە پێچانەوانە کە لەکردەوەدا هێزاواردن و جیاکاری میللی قوە دەکاتەوە دژواتە کنارەوە.بنەمای باسەکە مافی ئینسانیە کە جیهانداگرە.ئەگەر حکومەتێک بیەوێت کۆمەڵگە لەسەر بنەمای مافی

ئینسانی بەرەو بچێت، بەشێک لەو مافانەی ئینسانیانە بەفەرمی ناسینی زمانی دایکە بە هەموو ئەو کەسانەی کە بەزمانی جیاوجیا دەئاخفن. ئەمە لەم چوارچێوەیەدا مەسەلەکە باس دەکەین، ناسیونالیستەکانیش لە چوارچێوەی لە پێشتری بەزاکردنی زمانی دایکی خۆیان بەسەر چارەنوسی کەمینگەدا کە لەوباوەڕدایە کەمینگەی میللی ئەوانە. ئەم دوو جۆرە ڕوانینە بە کێشەی زمان و ڕێگە چارەی کێشەی زمان بەتەواوەتی خاڵی لە بیرانبەر یەکتردان.

خەلیل کەیوان: زۆر باشە،لێگەڕێ ئەم تاریفەی کە دەیت،ئێگەر بەیار بێت کە لە هەر ناوچەیەکدا خاوەنی بەزمانی دایکی خۆیان قسەبکەن، بخوێنن،چالاکیە ڕۆشنبیریەکانیان ڕەکبخەن،ئەو کاتە چ زمانێک خاوەنی وەاتێک لێگەڕێ بەیەک یەکگرتوو دەهەژمێرێ بتوانن لێگەڕێ یەک پەیوەندیان هەبێت؟کێشەی زمانی ئەسڵی نەوان خاوەنی ئەو وەاتە چی دەبێت؟

حەمید تەقەوایی: نەخێر!ئەمە گونجاوەنیە و پێویستە. تەنها لە قوتابخانەی ئەو ناوچانەی کە زمانی تر باون،وەکو کوردستان،خوزستان،ئازەربایجان و هتد،ئەبێت زمانی دایک بخوێندرێت.هەم بەواتای فەربونی خوێندن و هەم ئەدەبیات بەو زمانانە. بەڵام ئەم دەرسانە لە هەموو قوتابخانەکانی ئێران ناخوێندرێت. بەنمونە لە شیراز خوێندنی زمانی کوردی گرنگی نیە، پێوست نیە بەڵام لە کوردستان بەدنیایی دەبێت زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکاندا بخوێندرێت.
لەوەاتانی ڕوژئاوا تا ئاستێکی زۆر ئەم یاسایە لەبەرچاو دەگرن ئێگەر لە سەدا چەندێکی دیاری کراوی خویندکاران لە قوتابخانە داوابکەن کە زمانێکی ناسەراسەری بخوێنن،ئەو قوتابخانەیە ئەرکێتی کە کارئاسانی بە ئەم کارە بکات.وای دابنێین لەناو پێنابەرە عەرەب زمانەکاندا کە لەوەاتێکی ئەورپایی و یان لە وەاتێکی تردا کە ئەم مافە تا ڕادەیەک بەفەرمی دەناسێت دەژین،ئێگەر لەسەدا یەکی دیاریکراوبن کە بیانەوێت وانەی زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی شارو ناوچەی نیشتەجێ بونیاندا بێت بخوێنن.ئەرکی دەوڵەتە کە ئاسانکاریان بۆ بکات.
لە ئەرانیشدا ئەبێت ئەم مافە بەفەرمی بناسرێت.ئەبێت لەردا مافی پێنابەران باباتی باسکەی ئەمە نیە، بەڵام ئەوانەی زمانی دایکیان جیاوازە لێگەڕێ زمانی سەرتاسەری ئەبێت بەهرەمەند بێت لە مافی فەربونی زمانی دایک لە ناوچەکانی تری وەاتدا.لە ناوچەکانی کوردستانیش و ئازەربایجانیش کە زمانی ناوچەی جیاوازە و لە

ناوچەکانی تریش ئاگەر لەسەدا یەکی دیاری کراو لە خەڵک خوازیاری فەربونی زمانی دایکیان بنەبەت ئەو مافیان بەفەرمی بناسرێت.
هەرچەن بەت ئەوانە وردەکارین کە یاسا ڕونیان دەکاتەوە. بەڵام ناوەرکی بابەتەکە، بنەمای بابەتەکە، ئەوەیە کە ئەمە مافی کەسێک کە بەزمانی دایکی جیاواز دەئاخفێت بە فەرمی بناسین وبە بێشی نەکەین لەخوێندن وچالاکی هۆشنبیری وکەمایەتی بەزمانی دایکی .تەئکید لەسەر ئەوەش بکەمەوە کەڕژەی نیسبەتی جوغرافیایی تەنها لەبارەی خوێندنەوە ڕاستە.واتە تەنها بە فەربونی زمانێکی دایک لە ناوچەیەک کە زۆرینەی خەڵک زمانێکی تریان هەیە ئەبەت داوای ڕەژەی سەدی بکەن. بەڵام سەبارەت بە چالاکی ئەدەبی وهۆشنبیری و هونەری نابەت هیچ سنورداریەکی،چ جوغرافیایی یا هیچ شتێکی جگەلەوانەش،بونی هەبەت. بە ئەم جۆرە چالاکیەش ئەبەت کارئاسانی و دەرفەتی پەوست بە هەموان بەخسێنەت،سەربەخۆ لە زمانێک کە قسەی پەدەکەن.

خەلیل کەیوان: دوبارە هەر لەم پەیوەندیەوە پرسیارێکم هەیە.ئایا خوێندن بەزمانی دایک مانای ئەوەیە کە هەموو دەرسەکانی قوتابخانە وناوەندیەکانی وەکو فیزیا و کیمیا ودەرسەکانی تر،ئەبەت هەر بەو زمانی دایکە بخوێندرێن؟

حەمید تەقوایی: بەبەوای من بەو شێوەیە نیە.هەر بەوشێوەی کە و وتم کێشەی هەڵاوردنی زمانی و جیاوازی نێوان زمانەکانی دایک لەبنەڕەتدا لە دەوری ئەدەبیات وشیعرو گۆرانی و هاوشێوەکانیدا مانای خۆی دەداتبەدەستەوە. بەڵام سەبارەت بە زانست ئەبەت ئاگامان لەوە بەت کە لە سەردەمی ئەمەدا زمانی ئاسۆی زانست زمانە ئەورپیەکانە.وەاتانی هەژئاوان کە لە ێیزی پشێوەی پشڵەویە فەلسەفی زانستی-چ زانستی دەقیقە و چ زانستی کەمایەتی-دا وەستاون.زمانەکانی تر،وەک زمانی فارسی و یان زمانەکانی تر کەلە ئەران باوە.ئەو گەنجینەی زمانەکان و دەستواژە و مانا و ئەوتوانا هەمەلایەنیەیان نیە کە پشکەوتنەکان و دەستکەوتە زانستیە ئەمەژیەکان بە ئاسانی و وردبینی و ڕاستی پەویستەوە دەربڕێت.
لە ئەران،لانی کەم ئەو سەردەمەی کەمن خوێندکار بووم ،لە زانکەکاندا هەندێک لە وانەکان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێندران لەبەر ئەوەی کە بە نمونە نیان دەتوانی میکانیکی کوانتەم یا بیرکاری بەرز بەفارسی بخوێنن.فارسی بە ئەم کارە زەر زمان گرانە.دەتوانی بە فارسیش هەبەت نزیک بە زۆرینەی زمانەکان و زاراوەکان هەر بە زمانە ئاسیەکەی بوو کە تەنها بە خەتی فارسی دەنوسرا .لە هەندێک حاڵەتیشدا هەر لەو ئاستەدا باشترە کە لە

دووی ناوەندیەوە زمانی ئینگلیزی بخوێندرێت. بەو جۆرە زۆر باشترو بەربڵاوترو قوڵتر دەتوانیت زانست لە وڵاتی ئێراندا پەرەپێبدەیت. ئەمە دەمارگیریەکمان نیە.جیاوازیکی ئەمە لەگەڵ ناسیۆنالیستەکاندا ئەوەیە کە ئەمە دەماریەکمان لەسەر کلتوری خەمان،زمانی خەمان،مێژووی خەمان نیە.ئەمە دەڵێین کە ئەبێت کەمێگە بەوات بەپیری کلتوری پێشکەوتوی ئینسانیەوە و هەر لەبەر ئەوە پێ لەسەر بەها جیهانداگرەکان دەکەینەوە. بە نمونە دەستکەوتە زانستیەکان بەزمانی ئینگلیزی تەنها تایبەت نین بەو کەمێگەیانەی کە زمانیان ئینگلیزیە. بەڵکو دەستکەوتی گشتی هزری و زانستیری هەموو مرۆڤایەتیە. وەتی ئاوگەڵەکانی مێژوو بە شێوەیەک بووە کە ئەمڕۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەورووپایی پێشکەوتنی زانست و هونەرن.ئەمە پێویستە لە هەموو وڵاتان سەربخەن لەوەی کە بۆچ زمانێک دەئاخفن بەفەرمی بناسرێت.

خەلیل کەیوان: لێرەدا دواین پرسیارتان لە دەکەم،ئەوە ئاماژەتان بەزمانی ئینگلیزیدا.لە بەرنامەی حزبی کەمۆنیستی کرێکاریدا باس لەوە دەکرێت کە خوێندنی زمانی ئینگلیزی ئەبێت لە هەموو قوتابخانەکاندا لە تەمەنێکی خوارەوە دەست پێ بکات.بەرنامە دەڵێت کە زمانی ئینگلیزی ئەبێت بە تەدریج ببێتە زمانی بەیەوەبردن و پەروەردەی باو لە وڵاتدا.ئایا خوێندنی زمانی ئینگلیزی تا ئەم ئاستەی کە ئەوە جێختی لەدەکەنەوە ناکۆک نیە لەگەڵ خودی خوێندنی زمانی دایکدا؟

حەمید تەقوایی:لە هیچ ڕوێکەوە بەو شێوەیە نیە.ئەمە خوازیاری زمانی ئینگلیزین لەپاڵ زمانی ئاسیی و زمانە باوەکانی تر لەناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا.من ڕونم کردەوە کە زمانی ئینگلیزی لە ئاکامی یەک زنجیرە ئاوگەڵەی مێژوویی بۆتە زمانێکی دووەمانەد و بۆتەواوەتی کەبەند بە زانست.زانست بەنای فراوانی وشەکە،لە زانستی دەقیقەوە تا زانستی کەمایەتی و پزیشکی وفەلسەفەو تیئۆریە ئابوریەکان و مەکتەب هزریەکان و هتدئەوە یەکێک لە بەگەڵکانی گشتی زمانی ئینگلیزیە بە زمانێکی نێونەتەوەیی.
لەوەاتی سوئیدەوە لەتەمەنێکی بچوکەوە،لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە،زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت لەگەڵ ئەوەی کە زمانی سوئیدیش لە کەتاییدا بەشێک لە فەرهەنگی ئەورپاییە.لەوی زانستیەوە بە نمونە ئەو لاوازییەی زمانی فارسی نیە،لەگەڵ ئەوشدا،لەوە ئینگلیزی دەخوێندرێت،چونکە دەزانن کە زمانی دایکیان تایبەتە بە کەمێگەیەکی بچوکی چەند ملیۆنی.دەزانن ئەگەر بیانەوێت

پەیوەندی بکەن بەدونیایەوە،و بە باشی سود لە دەستکەوتە زانستی وتەکنەلۆژیا هاوچەرخ وەرگرن،ئەبیت زمانی ئینگلیزی گشتگیر بکەنەوە.لە سوئید تەنانەت زۆربەی فلیم وزنجیرە تەلەفزیۆنیەکان-کە زۆربەیان بەزمانی ئینگلیزین-دوبلاج ناکەن و هەر بە زمانی ئەسلیەکەی نیشانی ئەدەن.
ئەمە دەماوەت ئەم مەدلەلە ئیران جێبجێ بکەین.ئەمە بواردەدات کە کەمکەگەی ئێران پەیوەندیکی بەهێزتر لەگەڵ دونیا دروست بکات و بتوانیت لە تازەترین ودواین دەستکەوتە هزری و هونەریەکانی دونیا بەهرەمەند ببێت.
لە کۆتاییدا خاڵێکی تریش باس بکەم لە پەیوەند بە خەتی فارسیەوە.ئەمە دەماوەت هاوکات خەتی فارسیش بگۆڕین بۆ لاتین،هەر ئۆوکارەی کە کەمکەگەی تورکیا کردیان.زمانی فارسی زمانی فارسیە بەڵام خەتی عەرەبی کە زمانی فارسی پێ دەنوسرێت،بۆچونی ئەمە بارەکی قورسە بەسەر پیی ئەو زمانەوە.ئەگەر بمانەویت ئەدەبیاتی فارسی پێشکەوێت،خوێندن بەزمانی فارسی ئاسانتر ئەنجام بدرێت و بگەشتی وای لە بێت کە بە زمانی فارسی تەکنۆ بە جیهانێک ببیت کە تێیدا خەتی لاتین لە هەموو جگەیەک بە فەرمی دەناسن،ئەبیت خەتی فارسی بگەردرێت بۆ لاتین.ئەوە یەکێک لە یەفەرمە گرنگەکانە بۆ گەشەی زیاتری ئەشنبیری وشیعرو ئەدەبیات وبگەشتی کارەکانی نوسین وئەدەبی بەزمانی فارسی دەبیت.

۸ژانویە ۲۰۲۱

چیرۆک/ شەقامە بازنەییەکان-2- ... ڕەسوا بەختیار

شەقامە بازنەییەکان (2)

هەرچەند، دەتوانە لەشەقامە بازنەییەکان دوور بکەویتەوە، کەچی سەز و مەشک و دڵت دەیەوە بگەڕێتەوە، ناتوانە ببێتە بەشک لەژیانت.
سیاح تەمەنی لەسەرووی شەست ساڵییە، چەند جارێک ویستی خۆی دوور بخاتەوە، چەندین کەشتی نایەوە، تا وایلەهات کەسوکاری هاشای لە

بکەن، دووریان خستەوە و لەهەموو شتێک بەبەشیان کرد، ئەویش بەهەلی زانی بۆ یەکجارەکی لەشقامە بازنەییەکان دوور بکەوێتەوە.
سیاح: ڕەیشتم زۆر دوور ڕەیشتم، دوورترین شوێنی ئەم جیهانە بوو بەمەنزڵم، دەستم بەکار کرد، پارەیەکی باشم کەکردەوە، خانوو و ئۆتۆمبێلم کڕی، کارێکی باشم هەبوو، تا وایلەهات زنجیرەیەک ریسوا ڕانتم هەبوو، سەدان کەس لەلام کاری دەکرد، هیچ کاتێک ئەوانەشم قبووڵ نەدەکرد، خۆکی شاری شقامە بازنەییەکان بێ، تا لەیەکێک لەریستۆرانتەکانم کار بکات، خەزانم پێکەوە نا، خەزانەکم یەکێک لەو خاتوونانە بوو، لەدایکبووی شقامە راستەکانن، ئەلیقای ناو بوو، هەموو کات دەیویست، باسی شقام و شوێی خانوو و ژیان و گوزەرانی شقامە بازنەییەکانی بۆ بکەم.
ئەلیقیا: دەبینم هەردەم وەک یەکێکی بیرت لەلای خۆت نەبێ، پەم بۆ چیتە؟
سیاح:هیچ نییە، ماندووم، بۆ نایی چەند ڕۆژێکی دیکە بۆیەکەوە پیاسەیەکی سەر زەریای ئۆتۆسی بکەین، لەوێدا بۆ ماوەی مانگێک لەمۆتێلێک دەمێنینەوە.
ئەلیقیا: تۆ هەردەم دۆتەوە دوور بکەوێتەوە، نەخێر، من حەزم بەوەیە بۆ پیاسە و گشت بچینە یەکێک لەو شارە گشتیارییانەی لەسەر دەریای ناوەڕاستە.
سیاح: حەزی پێ ناکەم.
ئەو سەرەڕایی هەموو ئەو شتانە، هەردەم بیر و هۆشی لەلای شقامە بازنەییەکانە، بەڵام هەردەم وا نیشان دەدا. خۆی دوور دەخاتەوە، کەچی شەوو ڕۆژ و لەکاتی کارکردندا دێ و هۆشی لەلای شقامە بازنەییەکان بوو، زۆر جار بیری لەو ڕۆژگارە دەکردەوە، کە لەنەو شقامە بازنەییەکاندا بووە، تەنیا دیمەنێکی لەلا شیرین بووە، بەتایبەتی ئەو شەوانەی خەوی لێ نەدەکەوت، هەمیشە دەیی خۆی دەدایەوە، مادام خەو ناچێتە چاوم، بەڵام ئەمە هەلێکە هەموو ئەستێرەکان بژمێرم و سەیری مانگ بکەم چۆن دوای ماوەیەک لەشوێنی خۆی نامێنێ ئەگەر کەمێکیش جوولا بێ، ئەوا ڕووناکییەکەی بەرەو کزی دەچێت، کاتژمێر دوای کاتژمێر ڕەنگی ئاسمان گۆڕانکاری بەسەردا دێ، لەنزیک کاتژمێرەکانی دەمەو بەیان کاتێک سەیری مانگی دەکرد، دەیبینی مانگ بەتەواوی شوێنی خۆی گۆڕیووە و ئاسمانیش بەرەو کابووندەوەی تاریکی دەچێت، لەم کاتەدا چاوەڕوانی ڕۆژهەڵاتن دەبوو، ئاسمان هێدی هێدی، سپی دەبوو، هەموو خانوو و باخانێک لەتاریکیدا دیار نەبوون، کەچی لەو کاتەدا بەڕوونی دەبیندران، کاتێکیش خەر دەردەکەوت، لەدوورەوە تیشکەکانی دەچەقیە نێو چاوانی.

سیاح هەردەم ئەو هەستەی لێدێ و دەروونیدا بوو، کاتێک یادی ئەو شەوانەی دەکردەوە بزێک دەکەوتە سەر لێوانی.
ئەو زەرجار یاد و خەمی شەقامە بازنەییەکان تینی بە دەهێنا، ناچار تەسلیم بەخەیاڵکانی دەبوو، بەیە تەلەفۆنی بە یەکێک لێوانە دەکرد، کە خەڵکی شەقامە بازنەییەکان، کاتێکی دادێنا تا لێگەڕێ چەند کەسێک لەیەکێک لەریستەرانتەکانی کە بەتەوە و وتوێژکانیان بەزمانی شەقامە بازنەییەکان بێ.
کاتێک لێگەڕێ یەکتردا دادەنیشتن، هەردەم بەسیاحیان دەگوت: بو هیچ کەس لەزنجیرە ریستەرانتەکانت وەرناگری تا وەک شاگرد و کرێکار و سەرکار لەڕەدا کار بکەن، کەجی کاتێک تەلەفۆن دەکەی مکوڕی لەسەر ئەوەی لەدەوری یەکتردا کە ببینەوە و یادی کەسان و بازاڕ و قوتابخانە، شەڕ و کێشە و گرفتەکانی ئەو رەژگاڵە بکەین.
باسکردنی دیمەنەکان وەک ئەوەیە، هەموو ئەوانەی لەشەقامە بازنەییەکاندان حەز بەبینینی دەریا دەکەن، پارەیەکی زەر خەرج دەکەن، تا گەشت بکەن، تا دەریا ببینن، کاتێک دەچنە سەر دەریا زەر سەرسوڕمانن بەشەپۆڵکانی دەریا، بەیە دەچن مەڵەوانی دەکەن، مەڵەوانی ئەوان زەر جیایە لەهەموو مەڵەوانزانکانی دیکە، ئەمەمانان تەنیا بە ئەوەی شەپۆڵکان لەمان بدات دەجینە ناو دەریا، بەیە دەیان مەتر دەجینە نەو دەریاکە، چاوەڕوانین شەپۆڵکی گەورە لەمان بدا، ئیجا ئەو شەپۆڵە بە کوەمان دەبا گرنگ نییە، ئەمە زەر خەشی لەو شەپۆڵانە دەبینین، لەدانیشتنەکانمان دەیان وەسفی جەروجەری بە دەبینینەوە.
سیاح: ئەوە دەزانن، بەهەموو شەوێک هەوەمدا لەشاقامە بازنەییەکان را بکەم، دوورترین شوێنم هەبژارد، تا هیچ پەیوەندییەکی بەشقامە بازنەییەکانەوە نەبە، کەچی خون و خیاڵ و هەستم هەمووی لای ئەو شقامانەیە، ماوەیەک دەمویست مەژووی بسەموە، بەناو هاوەڵیان ئەستا تەمنم بەرەو پیری دەڕوات، ئەو چەندین سالەی لەرەم هەوەمدا هەموو شتێک بسەموە، وامکرد، هەموویم لەخەم دوور خستەوە، کەچی نەمتوانی بە ساتێکیش بێت، لەخیاڵ و دەو دەروونەم دووری بخەموە، هەردەم لەنیوە شەودا خون بەیەکەک لەشقامەکان دەبینم، کاتێک چاو شارکەمان دەکرد، کچە نازدارەکانیش کاتێک تەدەپڕیم، بزێکی پە لەخشەویستیت ئاراستە دەکات. دەزانن کاتێک ئەلیفیا پرسیاری خشەویستی و دەداری نەو شقامە بازنەییەکانم لەدەکات، بە زمانی ئەو ناتوانم بەتەروتسەلی دەربەینەکانم بخەمە روو.
ئەلیفیا: باشە تە زمانی ئەرە لەمن باشتر دەزانی، کەچی ئەستا لاە بوو؟

ناچار بەدەنگ دەبم دەچمەوە نێو دڵ و دەروونی خۆم.



ڕەسوڵ بەختیار

سۆشیال میدیا ڕێگە و پێگەی کاریگەریبەکانی، لەسەر ڕێوتی ژیانکرن لێ کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا…

لیکۆینەوە دەشاد کاوانی نووسەر و ڕۆژنامەگەر.

پێشەکی:.
سۆشیال میدیا ئەم فاکتە گشتییەیە کە لە ئاکامی هاتنە کایەی جیهانێکی بەرفراوانی بێکۆتا و گرێدراوی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و زیدەتربوونی خواست و ویستی تاکەکان بۆ ڕزگاربوون لە چەقبەستوویی میدیای فۆرمی و ئاڕاستەکار هاتە ئاراوە. پاش ئەوەی میدیای کلاسیک، تاکەکانی بەرەو بێزاری و ونبوونی دید و شوناسی تاکەکەسی و توانەوەی بچووتر تاک، لە ڕوانینی دەستەجەمعی جلەوکراو و بەلادابردنی مەعریفەی زاتی، لەهەمبەر لادەستدانی شوناسی

ەستەقینەی میدیا برد. بۆ ئەوەی تاکەکان لە فەزاییەکی فروان و ھەوا دا، ئاسنتر و ئازادانە بژوانن و ھاستەوخۆ و بە بوونی ھیچ فلتەرێک و بەربەستێک ئاوێتەی جیھانی زانیارییەکان و گەیشتن بە دەروەی خۆیان بن، پێنا بە سۆشیال میدیا دەبەن، ئەمەش کاردانەوەی میدیای تاکەکەسی دروست دەکات.

پێناسە:.

سۆشیال میدیا لە ڕووی زاراوەیەوە لە (Social Media) ھاتووە، واتا میدیای کۆمەڵایەتی، یان میدیای خۆک. کە ھاستەخۆ، بەکاربەر یان فان دەتوانی ماوەی لەگەڵ ھەر پێشھات و پێوستییەکانی پێخش و بەاوکردنەوە لە چوارچێوەی سیستەم و یاسا و ڕێنمایەکانی ھەر ئەپێک دا بکات، کە تێدا وەک ھەر تاکەکی دیکەی بکار بەر مافی خاوەندارییەتی بکارھێن بە یەکسانی و ئاسانترین شێوە وەردەگرێت.

سەرەتا:.

گەر بمانەوێت بە وردی لەسەرئەوە بووستین ئایە بەدیاری کراوی سۆشیال میدیا وەک پێوستییەکی حەتمی ھاتۆتە بەرھەم و خێی خزاندۆتە نێو فەرھەنگی ژیان، یان لەئەنجامی گۆشەساندن و پێشخستن و داھێنانی زانستی بووە، بە بێشک لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لەمەش دەمانخاتە بەردەم پرسکی تر کە سۆشیال میدیا جیھانکی گریمانەیی یان بەرنامە بە داھێزراوە. دەرکەوتنی سۆشیال میدیا بەرھەمی میدیا خێیەتی یا ئەوەتە پاشکشێی میدیای باوە! بە ھاتنکایێی سۆشیال میدیا حەقیقەتێک ھەیە، ئەمیش لەگەڵ ھەر جۆرە پێشکەوتنکی تەکنەلۆژیای ئامڕی زیرەک، میدیا و ھوانینکانی گەیانکاری بەخۆوە دەبینێت، جۆری بکاربردن و ماوەی خەکیش لەگەڵ میدیا گەیانکاری بەسەردا دێت، شتێك ھەیە لەبواری میدیادا، کە ھەمیشە قۆسی لەسەر دەکەین، ئەویش حەتمەیەتی تەکنەلۆژییە، زۆرجار تەکنەلۆژیا کە سەرھەڵدەدات بۆتایبەت لە بواری میدیا لەگەڵ خێیدا کۆمەڵێك گەیانکاریش دەھێنێتە ئاراوە، ئەویش ڕێنگدانەوەی بوو لەسەر ژیانی ئەمڕ لەسە بواری سەرکیدا، ئەوەی سۆشیال میدیا ئێستا ھێناویەتە ئاراوە دەتوانین لەسە ڕوانگەوە تەماشای بکەین، یەکەکیان ئەوەیە دەتوانین بڵێین دنیایەکی گریمانەییە، یەکەمیان بەجۆمسەربوونی تاکە، ئەم سۆشیال کۆمەینیکەیشنە تاك دەکات بەجۆمسەر بەو مانایەی ماوەی لەگەڵ تاك دایە، ڕاستە ماوەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ تاکدا کردووە، بەڵام ئەگەڕ دیقەت بدەیت، ئەگەڕ ماوەی خەك ماوەیەکی دەستە جۆمعی بێت لەتەماشاکردندا یان ڕادیە بەھەمان شێوە

گۆڕتنکی دەستجەمعی بێت، ئەگەر دەستاودەستکردنی ڕۆژنامەیەکیش مامۆستایەکی دەستجەمعی بێت، بەڵام مامۆستای ئەمڕۆ لەگەڵ سۆشیال میدیا مامۆستایەکی تاکە، واتە تاك دەبێت بەجەمسەر.
دەخێکی تر کە دروستی دەکات کە کەمتاك شتی تر لە تاك دەستنتاوە، گرنگترین شت سەندنەوەی تایبەتمەندی تاکە، ئەم تەکنەلۆژیایە بەتایبەتی لەسەردەمی سۆشیال میدیادا، تاك بەخێی نازانێت تادێت تایبەتمەندی خێی لەدەست دەدات، حاڵەتێکی تریش نامێبوونی تاکە، چونکە ئەو لەدەخێکدا دەژی کە گریمانییە، دەخێکی واقیعی نییەو مامۆستاکردنەکەش گریمانییە، پێیوەندییەکان گریمانییە، تادێت ئەو دەخە گریمانییە زیاتر خێی بەرجەستە دەکات.
بەواتایەکی دی تەکنەلۆژیاکان ، ئەو پێیوەندیە خراپەیە کە بەکەمترین کات و کورترین ڕێگە، بە شکاندنی سەرجەم سنووردکان خێراییە و بە بەکردنی ژیانی ئاسایی تاکەکان، کاتی ئەوەمان نییە تێنانێت پێیوەندییە ئاساییەکانمان لە دەرەوەی تەکنەلۆژیاکان ببەستین ، بەیە هانا و پەنامان بە ئەم شێوازە لە پێیوەندیکردنە دەبین و بە زەر شێوازی جەراوجەر بەکاری دێنین. کەسەکان بەبێ بوونی هیچ سنورێک لە تەواوی دونیا پێکەوە دەبەستێتەوە و دەکرێت بە ڕەهایی و بە سنوریش کاری لەگەڵدابکەیت ، گەر بەکەمی و پێکەوە بوونبێت یان بە ڕاپەاندنی کاروباری کەمایەتی و خزانی بێت، یان چاڵاکی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و ئایانی و هەربوارێکی دیکە بێت، لە هەموو کاتێکاندا بەکارهێنەری ئەو تەکنەلۆژیاتییانەین . لە یەکتر ناسین و گەیشتن بەوەی بیروڕا و وەرگرتنی زانیاری خێیی دەبینێتەوە.

جەر و پێلێنەکانی سۆشیال میدیا

لەسادەترین پێناسەدا، سۆشیال میدیا ئەو جەرە لە میدیایە کە چیتر خودی خێی بە تەنها قسە ناکات، جیاواز لە میدیا باوەکان وەک رادیۆ و تەلەڤزیۆن و میدیای چاپکراو ڕێگە بە خەڵک دەدات ببن بە شێک لە بەهای ناوەڕۆکی ئەو زانیاریەی، کە سۆشیال میدیا بڵاویدەکاتەوە. لە سۆشیاڵ میدیادا هەم دەزگا فەرمییەکان و هەم خەڵکیش دەتوانن ئازادتر بدوێن و بە ستایلی جیاواز بنووسن و بڵاوبکەنەوە.
چەند جەرێک لە سۆشیاڵ میدیامان هەیە. وەکو وترا ئەو میدیایە جیاوازی گەورەی بەشداریکردن و پەیوەندیکردنە کە دەکرێت جەری تێکەبوونی لەگەڵ خەڵکیدا بەم جەرە پێلێن بکرێت:
سۆشیال بوکمارکین :. ئەم جەرە لە سۆشیال میدیا ڕێگە بە

بەشداربووەکانی دەدات ئەو ماپەرانەی کە دەیانەوێت نیشان (تاگ) بکات لەسەر بنەمای نیشانەکردنی بەشداربووەکانی تر.
بە نەرمی بەسەر درەختی (ئالمیس)ـەوە
لە دەم هووباری پیرەزەوە
كە سەرچاوە و تینوویەتی تیا
لە تینوویەتیان دەجریوێنێ ..

لەو باخچەیەدا خیومار
باخەكی دی لە یەككرتنی دەكانمان
لەدایك دەبێ ..
كاتمان
لە ناو یەكتردا دەتوێنەوە و
پێكەوە هەشووی خەون
لە قەدەحی بێگەردماندا
دەگووشین
ئیتر چیرەكی دووانەمان لەبیر دەكەین
یەكەمیان
(لەبارەی پیاو و ژنەك
كە وەك ئاسك و شێر وان
هاتوون پێكەوە بخێنەوە

ئەوی دی دەڵێ :
خۆشەویستی بەختیاوەر نییە
دوو تەنیاییە لە تەنیاییەکدا)

شاعیرەکە بیرت لێ دەکاتەوە خیومار !
ماوەی بەینیشمان
لە لێمێ و وەنەوشەیە
کێوگەکان هێشتا کەسکن
وەرە لەگەڵم خیومار !
چیا لە هێللانەوە بەرەو لووتکەی داربەڕوان
قووتمان دەدا ..
گژ لە گیشتنیدا ماندوو دەبێ
شەمەندەفەری ئێمەش دەڕوا
بەدەنگی لەگەڵ گژدا هەدەلووشێ و
ڕیتم بەرەو سێبەر دەبزوێ و
(خوادامارا)یش
هەنگی زێڕینی بزر دەکا
چوون شازادە و عاشقەکەی
پێکەوە هەڵدێن و
مانگیش هەناسەسوار بە دوایانەوەیە ..
شەمەننەفەر ون دەبێ و
لە جەستەی شاخ دا فیشکەی دێ ..

خاك نەزێك و ئاسمان بێیند
لە پشت چیای گرانێت و
پشت چیای بازێت
ئەوەتا دەریای دیماهی نەهاتوو
با پێکەوە بڕین
ئەوە ئازادی یە .

(3)
لە فارغێنی شەمەننەفەرەکەوە بێت دەنووسم
لە کاتی ژووانی وەهمیدا
کە تەلان پەلکەزێڕینەێ لە بادا دەشکێنێ و
خەمیشی بەسەر پشتی چیاوە دەقێشێ ..

خۆر و زەنگەکان لە قوللە کێنەکانیانن
ئای لەو بانگی شوانە هەمن و بژوێنە

ئای لەو ئەوارە منداڵانەیەی
شاعیرەکەت خەشی ویست
ئای لەو ھەژە … ھەژی گەنجی
کاتێ جەستەیەك بووم
لە ھەنگی گوڵ لە کەناردا .

• ئەنتۆنیۆ ماچادۆ ، شاعیری ئیسپانیایی 1875 لە ئەشبیلیا
لە دایك بووە ، 1903 یەکەم کۆشیعری بڵاو کردووەتەوە
کە بە قەڵەمبازێك لە شیعری ئیسپانیایی لە قەڵەم درا .
لە 1898 کۆشیعری دووەمی لە ئەندەلووس بڵاو دەکاتەوە
دەگووترێ بە شاعیرانی ئەندلووسەوە کاریگەر بووە ، ھەروەھا بە
(ئیبنی عەرەبی) و ھەندێ لە شاعیرانی عەرەب لەوانە (عەبدولوەھاب
بەیاتی)

(**) ئەم قەسیدەیەی ماچادۆ لە ماڵپەڕی (دیوان العرب)ـەوە کراوە
بە کوردی
بڵوانە :

https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=5127

ھەژاوا تا ئێستاش لێ تاڵیبان تێناگات!… کارتێرماکاسیان.. وەرگێڕانی: حەسەن ئازانی

(چەنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ژەمی تازەی ئەفغانستان)

تاڵیبان وا بە زیاتر لە نیوسات دەچێت لە سەرحوکمن لە ئەفغانستان.
ئەمریکاو ھاوپەیمانەکانیشی لە پێناو گەیشتن بە سیاسەتیکی
گونجاوو مەحکەم تەکەشاوون بە وەڵامدانەوە بۆ بارودۆخ. سەرەک و
بەرپرسەکانی ھەژاوا بە شێوەیەکی گشتی پێیان باشە کە تاڵیبان
حکومەتێکی گشتگیر پێک بهێنێت و ھێز لە مافەکانی ژنان بگرێت و
ھیچیترتەنگ بە ئەندامانی سەر بە حکومەتی پێشووی ئەفغانستان

هەڵنەچنەت و هەروەها ئیدانەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیسش بکات. لە
نێو ئەو قەیرانە ئابووری و مرۆییەی کە لە ئەفغانستان دا هەیە
سیاسەتمەدارانی نێودەوڵەتی تووشی گرفتکی گەورەو ترسناک
بوونەتەوە. ئەویش ئەوەیە یا ئەوەتە تاڵیبان وەک لایەنکی تیرۆرو
بزراوی نێودەوڵەتی چاوی لێبکرێت و لێرشەوە دەبە هەموو هاوکاری
و کۆمەککی نێودەوڵەتی لە بەین، یا ئەوەتە هاوکاری و یارمەتی
نێودەوڵەتی پێبدەن و لێگەڕێن ئەو سیستەم و ژێمە بەو شیوەیەی کە
خەڵکی دەیەوێت دەوام بکات.
گرفتی جەدەلی سیاسی کە جیگەی سەرسوڕمانیشە ئەوەیە کە بۆچی جیهان
زۆرکەم دەزانێت دەربارەی ژێمی تازەی تاڵیبان. نیازەکانی تاڵیبان
و بۆچوونەکانیان و هەروەها پێکهاتەی درووستکردنی بڕیاریشیان
لە لای جیهان لەو و تەومژاویە. مەولەوی هەیبەتوواللە ئاخونزادە،
ڕابەری ئێستای تاڵیبان، چەندین ساڵە نە لەسەر تەلەفزیۆن بینراوەو
نە وێنەیەکیشی گیراوە؛ ئەندامەکانی تری ڕابەرایەتی تاڵیبانیش لە
وێنەی مەلا موحەمەد حەسەن ومەلا عەبدولغەنی برادەر و سیراجەدین
هەقانی یا ئەوەتە هەر نەبینراوون یان زۆر بەکەمی بینراوون.
کتێبەکەی بەتی دام کە لەو زووانەدا بڵاویکردەوە بە ناوی (گیان
بەدوای دوژمندا: مەلا عومەرو هەروەها تاڵیبانی نەزانراو)، ئەو
کتێبە باشترین ڕۆنمایی و یارمەتیدەری باشیشە بۆ تێگەیشتن لە
تاڵیبان. لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لەوردەکارییە کە نووسەر چەندین ساڵی
پێوە خەریک بووە کە ئەو وەک ڕۆژنامەوانیکی بنکەیکار بەدوای
تاڵیباندا گەڕاوە. ئەو کتێبە زۆرێک لە کاروباری ناوخۆیی ئەو
گرووپە دەردەخات و نیشانی دەدا کە بە ڕاستی ڕۆژئاوا زۆرکەم
دەزانێت کە ئەو جوانەوەیە چۆن کاردەکات. ئەو کتێبە زۆرترو
وردترنیشاندەدا لەوەی کە تاکو ئێستا لە لایەن ڕۆژئاواوە بە
شێوەیکی گشتی دەربارەی تاڵیبان زانراوە. بەتی دام پێشنیاردەکا کە
ڕۆژئاوا نە دەبە بەتەواوی تاڵیبان وەلانێ و گوێی پێنەداو نە دەشبە
چاوەڕێی ئەوە لە تاڵیبان بکەن کە ملکەچی فەرمان و داواکاریەکانی
نێودەوڵەتی دەبە. لە جیاتی ئەوە دەبە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا بە
سیاسەتکی کراوەترو بە چاوکی تیژترەوە مامەڵە لەگەڵ تاڵیباندا
بکەن. دەبە خۆیان لادەن لە سەپاندنی سزای زۆر قورس بەسەر
تاڵیباندا و هەوڵی زیاتریش بدەن بۆ تێگەیشتن لە تاڵیبان و بزانن
لە چ شوێنکدا دەتوانن لەگەڵ تاڵیباندا کار بۆیکەوە بکەن. وە لە
کۆتاییشا دەبە ڕۆژئاوا خۆی بەدووربگرێت لە وەی تاڵیبان بکاتە
دوژمن کە پێویست بەمە ناکات و ناشبێت خەرجی زۆر بە فیڕۆ بدەن لە
پێناوی ئەوەی کە وا لە تاڵیبان بکەن تەنازولات بکات بۆیان، چونکە
ئەمە شتکە قەت ڕوو نادات. بۆیە پێویستی کردن لە سیاسەت و

بەرنامەیەکی لەو شێوەیە لەوانەیە بتوانن و نەهێن کە ئەو وەڵاتە لەو زیاتر بکەوێتە ناو قەیران وکارەساتی مرۆییەوە.

پەکردنەوەی بەشایەکان

بێتی دام، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠وە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەفغانستان کردووە و لە ساڵی(٢٠١٢)شێوە دەستی بە نووسینی کتێبێک کرد دەربارەی مەلا موحەمەد عومەر بە ناوی : ئابڕە یەک چاوەکەی یەکەم ژەمی تاڵیبان. کە ئەو ژەمەش میواندارى لە ئوسامە بن لادن کردو حوکمی ئەفغانستانیشی کرد لە ساڵی ١٩٩٦ وە هەتا ساڵی ٢٠٠١ کە لە لایەن ئەمریکاوە وەلانرا. لە دوای وەلانرانی ژەمی تاڵیبان، مەلا عومەر زۆر بە دڵگەرمن دەبینراو هەتا وای لێهاتبوو وەک کەسایەتیەکی ڕوحانی و نادیار باسی لێوە دەکرا. هەوڵی بێتی دام بە شۆنپێ هەڵگرتنی ئابڕەکی زیرەک و لێزانی تاڵیبان وای لێو ژنێ کرد کە چەندین ساڵ تەرخان بکات لە سەرتاسەری ئەفغانستان بە گەڕان بە دوای دوژمندا. بەچوونی زاڵ و ژیرانەش ئەوەبوو کە هەر لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، مەلا عومەر لە پاکستانەوە ئابڕایەتی تاڵیبانی دەکرد. بەڵام بێتی دام، بە شێوەیەکی سەرسوهێنەرانە دوای چەندین ساڵ لە بەدواداچوون لێوبارەوە، چەندین بەڵگەی زۆر باش دەردەخا کە مەلا عومەر هەر لە نێو ئەفغانستانەوە لە شۆنێکی زۆر نزیکیش لە بارەگاو بنکەی هێزەکانی ئەمریکاوە هەتا ڕۆژی مردنەکەی لە ساڵی ٢٠١٣ئەو کارەی ئەنجام داوە. مەلا عومەر توانیویەتی خەی بەدوور بگرێت لە خە دەرخستن و لە ناو خانووی قوڵو سادەدا ژیاوە. پێوەندیەکانیشی لەگەڵ دەوروبەریدا بەشێوەی کاسێتی تۆمارکراوو نامەی دەستخێت ئەنجام داوون.

قەت نەتوانراوە بەباشی مەلا عومەر بناسرێت. ئەوەمیشە لە ناو کتێب و ئاگەیاندنەوە وێناکراوە، بە تایبەتی لە دەستپێکی ساڵەکانی جەنگەوە، ئەو وەک و کەسەکی تونڵو کە شۆنی قاعیدەی کردوە ناسرا. بەڵام بێتی دام پێی وایە کە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا و ئاگەیاندنەکان بەڵایەن نین لە بەرامبەر مەلا عومەرو تاڵیبان دا. جا لەبەرئەوەی شتیکی زۆرکەم دەربارەیان دەزانن کەوات هەڵسەنگاندنیان بە مەلا عومەرو تاڵیبان هەروەها پێوەندی ئەو دوولایە بە تیرڕوە ئاڵۆزو ناڕوون دەبێت. بێتی دام دەڵێ: "بەداخەوە ئاگەیاندنی سەرەکی و باوەمیشە باسی لە بوونی دوژمنێک دەکردو بەمەش درۆیان بە جەنگ دەدا." ئەوەی کە تێبینی کراوە ئەوەیە کە زۆر کەم زانیاری جێ باوەرو متمانە زانراوە لە دوای ئەوەی کە مەلا عومەر قەندهاری بەجێهێشت لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١. مەلاعومەرو بن لادن ئامانجی سەرەکی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوون، بەڵام ئەو دوو زاتە هەر وەک ئەوەی وابوو کە لەسەر ڕووی زەوی

نەمابن. لە ئاستیدا کاتێک کە مەلاعومەر لە ساڵی ٢٠١٣ دا مرد کەس لەدڕاوەی بازنەیەکی بچووکی دەوروبەری خۆی نەیدەزانی کە مەلا عومەر مردووە و هیچیشیان دەربارەی مەلاعومەر نەدەزانی. هەروەها زیاتر لە دو ساڵیشی خایاند هەتا زانیاری لەوبارەوە دزێی کردو جیهان پێیزانی کە مەلا عومەرمردووە.
بڕیتی دام پێی وایە کە تا ئادێیەکی زەر خراپ لە تاڵیبان گرێیشتووە. هەروەها نووسەر گەڕانەوەکەی خۆی وەک ئاستکردنەوەیەک بۆ ئەو قسەو قسەڵۆکانە دەبینێت کە دەگوترا گوایە تاڵیبان بە تووندوتیژی و سەرکوت ناسراوەو مەسیقاو گۆرانیشی قەدەغە کردووەو دەزگای سەرکوت و سزادانی هەیە و چالاکی ژنانیشی قەدەغە کردووە. لە ڕۆژگەی چەندین چاوپێکەوتنەوە کە بڕیتی دام لەگەڵ خۆکی ژەر حوکمی تاڵیبانداکردوویەتی دەڵێ: "قسەت ژیان ئەوەندە ئاسک و باش نەبووە وەک کە لە ژەرسایەی تاڵیبانداکەگوزەرت." بە دەرژایی ساڵەکانی ١٩٩٠ و بەرەو ژوور خۆشک بە تەواوی گۆڕانی لە گۆرانی و مەسیقای کڵتووری گرتووەو شەعر خوێندراوەتەوە و وەرزشیان کردووە. بەڵام ژنان بە شێوەیەکی گشتی لە ماڵدا ماونەتەوەو هەندیک لە کچانیش توانیویانە بچنە خوێندنگا و قوناخی سەرەتایی. هەروەها بڕیتی دام دەڵێ : "بەڵگەی زەر کەم هەیە کە گوایە تاڵیبان هەموو ئافرەتانی هەینی سزای بشێوەی بەردباران جێبەجێکردووە لە شارەکانی وەک کابوڵ و قەندەهار و بە زەری زەرداریش خۆکیان پڵکەش کردووە بە ئاوەی لە مەراسیمی سزادانەکە ئامادەبن و سەیر بکەن."
بە بۆچوونی نووسەر دەڵێت ئەوجۆرانەیە پاڵپشتیەکی زەرتری هەیە لەوەی کە بشێوەیەکی گشتی ناسراوە، بە تایبەتی لە ناوچە دوورە دەست و لادێکاندا. بە نموونە دانیشتوانی قەندەهارزەر پێیان خۆشبووکە تاڵیبان لەساڵی ١٩٩٤ بازرگانانی شەو ئاشووبی نەهێشت کە باج و سەرانەیەکی زەریان دەخستە سەر هاوڵاتیان و هەراسانیان دەکردن. هەروەها تاڵیبان جەرەک لە دڵنیایی و جێگیری و ئەمانەتی بە خۆک دابین کرد. بەیە بە خۆکەک کە لە کەمەڵگایەکی تەقلیدی وەک و ئەفغانستاندا بژیت، ئاساو یاساکانی تاڵیبانیان بەلاوە شتێکی سەیرنابێت. هەتا دانیستوانی کابوڵیش زەر پێیان خۆش بوو کە لە ساڵی ١٩٩٦ تاڵیبان هاتە ناو شارەکەوەو کۆتایی بەو بە سەروبەرییە هێنا. هەروەها یاساو ئاسای پێوەند بە ژیانی ڕۆژانەی خۆکیان چەسپاند، بە تایبەتی لە پێوەند بە ژیانی ئافرەتانەوە کە بی هەیە سەخت بووبێت. لە هەندێک شوێنان خۆک زەر خۆشحاڵبوون بەوەی کە خراک و پێویستیەکانی ژیان هەرزانبوون و فرۆکخانەکانیش بەووی هاوڵاتیاندا کرانەوە.
لەڕادا نووسەربو لێکۆڵینەوەیەی خۆی بابەتی هاوکاریی تاڵیبان بە

قاعیدە، کە بۆلای ئەمریکاو جیهانیشەوە خاڵکی گرنگە، ئاماژەکات. ئەو نیشانی دەدا کە پەیوەندیکانی نێوان مۆلاعومەرو قاعیدە ناڕۆشن و لەڕە بوون. دەڵێ هەرچەندە مۆلاعومەر ڕێگای بە بن لادن دا کە لە ئەفغانستاندا بمێنێتەوە بەڵام لەگەڵ بن لادن نەبوو دەربارەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و هێرشەکانی لەگەڵ بن لادن داوە کە بە میدیاکان لەدوان و قسەنەکا. کۆپکەی بن لادن لە دواییدا بە بێتی دامی گوتووە کە " پەیوەندیکان باش نەبوون. مۆلا عومەر نەیویستووە هیچ شتێک لەگەڵ باوکم بکات بەڵام نەشیتوانیوە بێتواوی گوێی پێنەدات، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە بشکۆیەکی زۆرچەرشی کرایە سەر لەدەرەوەا".

بێتی دام دەیسەلمێنێت کە بە شکۆیەکی بەرفراوان خەراپ لە تاڵیبان گەیشتوون!

بێتی، دەیسەلمێنێت کە ئەمریکا بە شکۆیەکی خەراپ مامەڵەی لەگەڵ ئەو بابەتە ئاماژە کردووە. هەوڵەکانی واشنتۆن لە نەوتەکاندا بە شکۆیەکی دیار بە پەراوێزخستنی تاڵیبان پێجەوانەی ویستی ئەمریکای لێکەوتەوە. ئەو مامەڵە خەراپەی ئەمریکا لە گەڵ تاڵیبان بووە هۆی پێکخستنی ئاوگەڵەی لێکتێگەیشتن و زیادبوونی لایەنداری و ڕێگری لە چارەسەری ماماوەندی و نەوەندگیری بە تایبەتی کە دەهاتە سەر بابەتی قاعیدە. کردەوە سەربازیەکانی ئەمریکا بە ناچارکردنی تاڵیبان تا واز لە وەخۆگرتنی بن لادن بهێنێت زیاتر مۆلا عومەری بەرەو عینادی و شڵەگیری برد تا بە هیچ شکۆیەک واز لە بن لادن نەهێنێت و داڕشی بدات. هەر بە نموونە مۆلا عومەر تووڕەتر بوو کاتێک کە ئەمریکا لە بنکەو کامپەکانی قاعیدەی دا لە بشی ڕژهەڵاتی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٨ لە تەقەی بمبارانکردنی سەفارەتکانی ئەمریکا لە کینیاو تانزانیا لا لایەن قاعیدەو. لەو بارەو مۆلا عومەر وتی:" ئەگەر هەموو جیهان دژایەتیمان بکات سەرباری دنیایەکانمان و هەر بردەوام بن لەسەر داواکردنی بن لادن لە ئەمە ئەوا ئەمە قەت بن لادن تەسلیم ناکەینەوە پێیان. لە جیاتی ئەمە ئەمە بەرەنگاری لە بن لادن دەکەین تا دوا دڵۆپە خوینی خەمان." هەرلە دوای ئەو بە ماوەیەکی کورت مۆلا عومەر ئاگاداری تەم ماینەفسکی دیپلۆماتکاری ئەمریکای کردەو کە ئەو هەرشە سەربازیانە تەنها دەبنە هۆی یەکگرتوویی زیاتر لە نێوان موسڵمانانداو هەروەها دوژمنایەتی کردنی ئەمریکا بەرفراوانترو زیاتر دەبێت. بە پێی وتەکانی یەکێک لە هاوکارەکانی ماینەفسکی دەڵێت:" ئەو ٦٠ ساروخەی کە ئەمریکا هاویشتی ێیک تاڵیبان و مۆلا عومەری خستە ناو باوەشی بن لادنەو."

لە گەڵ ئەوەشدا بێتی دام دەیەوێت کە هیوابڕاو نەبین چونکە

لەوانەیە بزووتنەوەی تالیبان لەزی بەبێت هەندێک تەنازولات بکات بە ئەژئاوا لە بەرامبەر جەرەک لە هاوبەشی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵیاندا. هەروەک بێتی دام تەبینی کردووە کە بابەتی سەرکی لای ئەو بزووتنەوەیە بریتیە لە عەقیدەوئایینەکیان وە بە هەر نرخێک بێت بتوانن نەوبانگی کەمەگای نەودەوەتی بەدەست بێنن. دوای ئەوەی کە تالیبان لە ساڵی ٢٠٠١ هەردووک پێکەری بودای لە نزیک شاری بامیان لە ناو جەرگەی ئەفغانستان ڕوخاندن و بەو هەیشەوە بزووتنەوەی تالیبان کەوتە بەر ڕەخنەو گلەیی کەمەگای نەودەوەتی ، مەلا عومەر قسەیەکی گرنگ و بەناوبانگی کرد کە وتی:" من پێوەندیەکانمان لەگەڵ ئەژئاوادا بەلاوە گرنگ نیە". هەروەها وتی: " کاری من ئەوەیە کە یاساکانی ئیسلام بچەسپێنم، لەوە نە کەمترو نە زەرتر. " لەوەش واوتر مەلا عومەر ڕازی نەبوو کە واز لە بن لادن بهێنێت و بیداتە دەست ئەمریکا. چونکە "دەترسا کە دوژمن لەبەرکی دەربێنن و وەک موسەمانی ناڕاست ناوزەدی بکەن ئەگەر بن لادن وەک دیاریەکی گەورە بدەینە دەست ئەمریکا." هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە مەلا عومەر پەنای بە خوبینین دەبرد کە لە خوێدا ڕێنمایی بکرێت کە جی بکات؟. کە ئەمەش داب و نەریتکی کۆنە لە نەو کەسانی دینیدا لە ئەفغانستان. بە سیاسەتمەدارکان زەر بە سوودە ئەگەر بە وردی سەیری ئەو نموونەیە بکەن : ڕابەری ئەستای تالیبان، هەیبەتوللا، وا دەردەکەوێت کە دەیەوێت وەک و مەلا عومەر بێت. هەیبەتوللاش هەر بە هەمان شێوە لە قەندەهار دەمێنێتەوە، لە کامەڕاو میدیا دوور دەکەوێتەوە، هەروەک مەلا عومەر ئەویش هەمان تەوانینی هەیە بە ئیسلام و تەفسیری ئیسلام، هەمان دیدو بۆچوونی هەیە لەبەرامبەر شەریعەتی ئیسلامی کە دەبە بەبێتە دەستووری دەسەڵات و حوکمەانی. ئەو کتێبەی بێتی دام وەک وەبیرهێنانەوەیەک وایە بە ئەمریکاو ئەژئاوا کە خە تەرخانکردنی بزووتنەوەی تالیبان بە ئیسلام ڕاستەو نەگەڵ، ئەوان بە ڕاستی دەیانەوێت خزمەتی وەڵاتی خۆیان بکەن، جا بە هەر نرخێک بۆیان بچێتسەر، چونکە بەلای ئەوانەوە لە هەموو شتێکی تر گرنگترە.
بەهەزی و تەکمەیی عەقیدەی ئاینیی تالیبان بە تەنیا لە پێوەندیان لە گەڵ ئەمریکادا دەرناکەوێت بەڵک و لەگەڵ پاپشتە سەرکیەکەشیان کە پاکستانە دیارە. بێتی دام دەری دەخات کە پێوەندیەکانی تالیبان لەگەڵ دراوسێکەی ئەفغانستان زەر جاران جێی گومان و لە ژەر پرسیاردابووە. سەرباری ئەوەی کە تالیبان ڕازیبوون بە وەرگرتنی هاوکاری و کەمەک لە پاکستان، بەڵام ناڕازیشن بەو مامەڵەیەی کە پاکستان لەگەڵ ئەفغانستاندا دەیکات هەروەک کە ئەفغانستان پارێزگایەک بێت لە پاکستان. هەروەها تالیبان دەست

تەوردانی دژەکی بە باش نازانێت لە کۆشەی ئەفغانستاندا. خاڵەکی گرنگ ئەوەیە کە دەبە هەموو کەس بیزانێت ئەوەیە کە تالیبان لە ناوجەرگەی ئەفغانستاندا سەری هەڵداوە. بەتی دام قسەیەکی مەلا عومەر دەگێڕێتەوە کە بە سەرەکی حیزبەکەی پاکستانی گوتووەو وەراویەتی پێی بڵێ و ئامۆژگاری کردووە ئەوەیە :" ئەوە بۆچی پەیمان بڕێن چی دەکەن لەگەڵ؟ ئەوە پەیستە جێخت لە پاکستان بکەنەوەو لە پێشدا لەوە دڵنیا بەمزرێنن."

بۆشکی تری کتێبەکەی بەتی دام

تۆژینەوەکەی بەتی دام هاوکاری سیاستەمەداران دەکات کە ڕێگایەکی تازە لە گەڵ تالیباندا بگرنە بەر. چونکە ئەگەر بەت و ئەمریکا وەک بزووتنەوەیکی تیرۆریست و بەزراوی نەدەوڵەتی مامەڵەگەڵ تالیبانەدا بکات، بۆی هەیە کە پاپشتی تیرۆریستی و تیندەوەکانی جیهان زیاتر بە لای ئەو بزووتنەوەیە پەیدا بکات کە ئەوەش ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە هەمووشت زیاتر لێی دەترسن. ڕەگای تەقلیدی ئەمریکا بە شێە لە گەڵ تیرۆریستەکان و لەدانیان لە ناو خاکی ئەفغانستان دا پەرچەکرداری زیرەکراپترو زیانبەخشتری لەدەکەوێتەوە بە ئەمریکا کە زیرتر دەبە لەوەی کە زیرەک لە سیاستەمەدارانی ئەمریکا هەستیان پێکردووە. بە تایبەتی کاتێک کە خەڵکی سیڤیل دەکوژرێت، خەڵکی لەکاڵ و ناوەوی ئەفغانستان زیرەکراپتر دەبنە دوژمنی ئەمریکا. ئەگەر ئەو جیرە لەدانەی ئەمریکا بیردەوام بەت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک لەدەوری تالیبان و گرووپە تیندەوەکانی تریلە ناوچەکەدا کەببنەوە. کەواتە بە ڕای بەتی دام ڕەبازێکی دیبلەماسیانەی لەسیرخەو بە پشوو باشترین چارەیە لەگەڵ تالیبان کە تاوانباران و خیراپکاران تەسلیم بکاتەوە.

بەپێی هەڵسەنگاندنەکەی بەتی دام ، مامەڵەی دیبلەماسیانە لەگەڵ ڕەکراوی تالیبان ڕێگایەکی ژیرانەیەو لەوانەشە بە پێی تێپەڕبوونی کات ئەو ژمارە کورسییەکی لە نێتەوەیەکگرتووەکان بە دابین بکرێت و یان هەتا بگاتە ئەوەی کە ئەمریکاش سەفارەتی خۆی لە ئەفغانستاندا بکاتەوە. ئیدارەی بایدن کارەکی ژیرانەی کرد کە ڕێگای بە بانکەکانەدا کاری خۆیان بکەن لە ئەفغانستان و کەمێگای نەدەوڵەتیش پارەکانی حکومەتی ئەفغانستانیان ئازادکرد و هاوکاریەکانیش بگەینن بە بە ئەوەی ئەمریکا لە خۆی بترسێت. جا لە کاتێکدا کە ئیدارەی بایدن لەو دواییانەدا بەیاری دا کە دەسەڵات بداتە کارو مامەڵەی بانکی بە خەڵکی ئەفغانستان، پەیستە واشتنیش بیر لە لابردنی گەمارۆ و سزای دارایی وبازرگانیش بکاتەوە بە تایبەتی لە گەڵ حکومەتی تالیبان. چونکە هەردووک حکومەتی تالیبان

و ئەمریکاش سوودمەند دەبن لە ئەفغانستانکی بەلایەن و سەربەخۆ. چونکە ئەمە دبەتە هەی کە هیچی تر ئەفغانستان نەبەتە شونک بە پشبەکی نەوان هەزە گەورەکان و دیسان هەگیرساندنەوەی شەی ناوخە لە ئەفغانستاندا.
مامەکردن لە گەە تالیبان وەک گروپکی تونددەوی بەزراو لە وانەیە پشتیوانی گروپ و بزووتنەوەی تیرەریستی تر بەدست بەنی کە واشنتەن لە هەمووشت زیاتر لەمەیان دەترسەت.
بەەام ئەوانەی کە هیوایان بەوەیە کە تالیبان ەازی ببەت بە داواکاریەکانی ەەژئاوا و حکومەتکی گشتگیر دابمەزرەنەت و ەەز لە مافی مەەق بگرەت، لەوانەیە تالیبان تووشی بیهیوایان بکات. لەوانەیە تالیبان مل بدا بە هەندک شت بە نموونە ەەگە بە هەندک کچ بدات برەن بە خوەندنگاو ەەگا بە هەندک ەەکخراوی نا حکومی بدات بە مەبەستی گەیاندنی کەمەکی مەیی و لە وانەشە تەەو لەدانی ئاشکرای ناو بازار بووەستەنە، بەەام لەوە زیاترو بەرەو ژوورتر ئەگەر لە تالیبان چاوەە بکرەت ەاست دەرناچەت و بە بنەمایە.
کاتک کە ئەگەر نەتوانرا بزووتنەوەی تالیبان لەو ەەبازەی خەی یەک تەز بهەنیەتە خوارە لە بەەوەبردنی حکومەت و کەمەگادا ئیتر وەبەرهەنانی گەورە ی ئابووریش لەو وەاتەدا بەی هەیە نەتوانرەت ئەنجام بدرەت. بەەام پەویستە هاوکاری و کەمەکی مرەیی ئەنجام بدرەن و نابە لە گەە سیاسەت تەکەە بکرەن. دەبە کەمەک و هاوکاری بگەەنرەت بە ئەفغانستان لە سەر بنچینەی پەویستیەکانی خەەک و هەژاری و داماوی خەەک نەک وەک پاداشت و چاکە بدرەت بە حکومەت لەبەرئەوەی حکومەت هەمانگی دەکات لەگەە ەەژئاوادا. بەیارەکەی ئەم دواییانەی ئیدارەی بایدن بە تەرخانەدکردنی نیوەی ئەو پارە بلەکراوەی حکومەتی ئەفغانستان ەاستەوخە بدرەت بە خەەکی ئەفغانستان نەکو لە ەەگەی حکومەتی تالیبانەوە، ەووی لە سنووردارکردنی کارکردنی ئەمریکایە لەگەە تالیبان. دیسان ئاماژەیەکیشە کە هەزە گەورەکان زیاتر تالیبان و ئەمریکا لەک دووردەخەنەوە. ئەمریکا چەند بەرژەوەندیەکی کەمی لە نەو ئەفغانساتندا هەیە، وە کاتک کە پارەی باج کە لە خەەکی ئەمریکا وەردەگیرەت و دوایی دەدرەت بە دوژمنکی پەشووی وەک تالیبان لەوانەیە لە نەو خەی ئەمریکادا بە باشی پەشوازی لەو هەنگاوە نەکرەت لە لایەن خەەکی ئەمریکاوە. بەەام لەگەە ئەوەشدا دەبە هەم ئەمریکاو هەم کەمەگای نەودەوەتی خەیان بەدوور بگرن لە کردەی کەشەگیرکردنی تالیبان.
لە کاتکدا ئەمریکاو ئەوانەی تریش بیردەکەنەوە ئاخە دەبە چەن مامەە لەگەە ژەمی تازەی تالیباندا بکەن، هەر بەرنامەیەکی باشیش

وا لە سیاسەتمەداران دەخوازە کە دەبە ئارامیان هەبە و پێیان وا نەبە کەوا خراپتر بووە، هەروەها لەسرووی هەموشەوە دەبە هەوی زیاتر بدەن بە ئەوی زرتردربارەی دایلەگچیەکان فێر ببن. جا بە ئەوی یەکەک ببینە و بزانێت کە بەتی دام پشنیارو ئاوژەکی سیاسیانەی دروست و بەجێی پشکەش کردووە، هیچ پێویست ناکات کە تاییبانی خش بوێت.
تێبینی: کارتەر ماکاسیان سەرکی بەشی توژینەوەی بەرنگاریە لە کلیژی باڵای توژینەوەی دەریایی. هەروەها نووسەری کتێبی: جەنگی ئەمریکا لە ئەفغانستاندا- مەژوو. لە سالی ٢٠١٥ بە ٢٠١٩ وەک ئاوژکاری سەرکی جەنەالی ئەمریکی جێزیف دنفەرد بووە. دواییش سەرکی ئەرکانی هاوبەش بووە..

https://www.foreignaffairs.com/reviews/review-essay/2022-03-21/west-still-doesnt-understand-taliban?

کارتەرماکاسیان
٢١ئازاری ٢٠٢٢
وەرگێڕانی : حەسەن ئازانی

پەروەردەی بانکی و خساندنی ئەقڵ و بیرکردنەوە... مەحمود عەبدوڵا

چەمکی پەروەردەی "بانک"ی لای پاوڵۆ فرێری چەمکێکە بە جۆرێک لە پەروەردەو فێرکردن کەتیدا مرۆڤ لەمرۆڤ دەخرێت و دەکرێت بەکاڵا یان میمرییەک .کە قوتابی تیدا تەنها ئامێری خەزنکردن دەبینێت.ئەم جۆرە لەپەروەردە پێیوندیەکی ناکۆک دروستدەکان لەنێوان مامۆستاو قوتابیدا،مامۆستا ئەی فەرماندە رو ئەنمایەکێر دەبینێت، لەم جۆرە پەروەردەو فێرکردنە ستونیدا قوتابی وەک ئامێر مامەڵەی لەگەڵدەکرێت،لەهەمانکاتدا ئەم جۆرە پەروەردەیە خزمەتی سیستەمی ستەمکاری و ئەقڵیەتی مەگەلی دەکات،مرۆڤی دەستوپێ سپی و بیرنەکرەوە دەگما و دواجار دەمارگیر دروستدەکات.مامۆستاش خزمەتی

ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو وچینێکی بەهێزمون دەکات لەکەمەگەدا،کەدواجار بەرهەمی ئەو مامۆستایانە تەنها خزمەتی داهاتوی ئەوچینە دەکات نەک داهاتوی قوتابیان.
لەپەروەردەی بانکیدا ،چ لەقوتابخانەو چ لەدەرەوەی قوتابخانە،پەیوەندی مامۆستاو قوتابی پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای ناکۆکی و دژیەکی . واتا لەوسیستەمە فەرکاریدا مامۆستا هەموشتزانە ،قوتابی نەزانێکی ەەها،مامۆستا ئەوەی خەی فەریبووە،دەیگوازێتەوە بەقوتابی بە گفتوگۆ و دیالۆگ وگومان و پرسیار ،مامۆستا قسەکەرەو قوتابی گوێگر،مامۆستا بیردەکاتەوەو قوتابی بیری پەدەکرێتەوە ،وە مامۆستا دەسەاتی پیشەیی و مەعریفی تەکەدەکات. لەبەرامبەردا پەروەردەکردنی ئاسایی بابەتەکان دەخاتە بەردەست بە بیرکردنەوەو تەامان و پرسیار کردن و گفتوگۆکردن واتا لەفەرکردنی ئاسایدا مامۆستاو قوتابی دوجەمسەری ناکۆک نین هەردوکیان هەم مامۆستاو هەم فەرخوازن .
لە پەروەردەی بانکیدا مامۆستا سوبەکتە،و قوتابی ئوبەکت،واتا مامۆستابکە رەو قوتابی کارتێکراو ،مامۆستا حیکایەت خوانەو قوتابی گوێگر ، ناوەۆکی وانە چیرۆک ئاسایە و مامۆستا توشی نەخۆشی گەانەوە دەبێت.لەلایەکیتر مامۆستا "لەقوتابخانەو دەرەوەی"دا، وا مامەۆ دەکات لەگەڵ واقیع وەک ئەوەی نەگەڵو بەجوڵە و یەکپارچەیە ،دەربارەی هەرشتێک بێت،ئەگەربەهایەک بێت،یان بابەتێکی مۆژووویی مامۆستا وانیشانی ئەدات کە جەگیرو نەگەڵ بەشەوەی چیرۆکی مرودو بە ەح،لەدەرەوەی ویستی مرۆڤ وێنای دەکات،وەک ئەوەی مرۆڤ بونیادنەری واقیع نەبێت.مامۆستا وابەسی بارودۆخ دەکات وەک شتێک لەدەرەوەی ژینگەی قوتابی و شتێکی نامۆ،دواجار مرۆڤ و واقیع لەیەکتر نامۆ دەبن.لەم شێوازە دا قوتابی زانیاری وەردەگرێت و لەبارودۆخیتردا توتی ئاسا دەیەتەوە ،یان لە ئیمتیحاندا نمرەی پێ بەدەست دەنێ،بەبەواوی فرەری چەندە قوتابی دەرخ بکات و مەشکی پێبکات ،زیاتر ناهۆشیار و بێ ئاگا دەبێت.بەگوێرەی سیستەمی فەرکردنی بانکی قوتابی دەفرەکە چەندە مامۆستا شتی زیاتری تێ بئاخنێ باشترە،قوتابیش چەندە وەرگرێکی باشبێت زیرەکترە.بەام لەەاستیدا ئەمپەسیە لەمرۆڤ خستن و خەساندنی ئەقڵەو دواجار تاکی بیرنەکەرەوە ،دەگمەا و دەمارگیر و دەستو پێ سپی دەخاتە کەمەگاوە.بەای فرەری هەکاری دەست وپەسپیبونی تاکەکان و وەستانی پەڕەی بیرکردنەوەیان سەرچاوەکەی ەشبینی و نائومێدیە لە وبەوبونەوەی جیهانەکەیاندا بە گەانکاری.
ئەم میتەدە لەسەرتاوە جیاوازی دەکات لەنێوان ئەوانەی زانیاریبەخشن لەگەڵ ئەوانەی زانیاریین نیە،واتا کەمەگە دابەش

دکات بۆئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن،قسەکەرو گوێگر.ئەمەی ئەمە دەیبینین هەمانشتە لەکەمەگەدا زۆرینە هەموو لەشی بۆتە گوێ،تەواژەکیش بەردەوام قسەدەکەن ،واتا لەرەدا بیرکردنەوە بە تواژەک،گوێگرتن بە زۆرینە ئەمەش خزمەتی ستەمکاری و ئایدیالۆژیای ستەمکاری دەکات،کەمەگەی پەکی دەکەوێت و خەڵکی وەک توتی ئەوە دەنگەنەوە کە گوێیان لەبووە،بە ئەوەی بوترن، لەحەقیقەتی شتەکان و پەویستیان بکەنەوە،نەک هەر ئەوە بەڵکو پرسیارو گومان بە تاوان ولادان دەزانن!ئەمەیە خەساندنی ئەقڵ و بیرکردنەوە. لەم شەوازە بانکیەدا متمانە بەماموستا ناکرێت،ماموستا بە ئەوەی بەخەی بزانە دەبێتە خزمەتکاری کەنەپەرستی و ئایدیالۆژیا ستەمکارەکە. بەبەوای پاوڵە فرێری ئەم شەوازە ی فێرکردن و حیکایەت خوانی جگە لە زۆربەی شتەکیتر نییەو توانای داهێنان دەکوژێت . بەشی هەرە گەورەی کەمەگا دەبە بگوگر بچی؟هەکارەکەی ئەم پڕوڕدە بانکیەیە کە ماموستاکان،دایک و باوک مڵاکان لەمنالیەوە ئەم میتەدە بەکار دەهێنن،دواجار لەگەورەیشدا سیستەمی بیرکردنەوەی خەڵکەکە بەم شەویە دەبێت کە زانیاری ئەداتەوە،نەک بیربکاتەوە! کاتێک ەوبەوی واقیعێک دەبنەوە وەک ئەوەوایە دەست لە دوگمەی تەسجیلێک بدەیت،ئاستەوخۆ کەمەگەک قسە دەبیستی کە خۆزنکراوە!مەجالی دیالۆگ و گفتوگۆ نییە. ئەم سیستەمە دواجار مرۆڤکان بە توانا دەکات لەوبەوبونەوەی واقیع دا دەستو پێ سپی قەدەرگەرا دەبن،چونکە پەڕژەی بیرکردنەوەیان نییە توانای بەرهەم هێنانی مەعریفەی نوێیان نییە. ئەم ەکەکوتنە ی "تەخت و میتراب"نهێنیکەی لەوەدایە،کە فێرکاری چ لەقوتابخانەو چ لەدەرەوەدا مرۆڤی دەگماو دەست وپێ سپی بەرهەم دێنێت کە دواجار هەردولا واتا ئەوانەی دەبنە واعیز و دەساتداران بەخەم دادنیشن،چونکە زۆرینە هەست بەبە توانایی دەکات لەبەرامبەر سوتە و واسەیری مرۆڤ دەکەن کە ئەوە قەدەریەتی،واقیع شتێکی نگۆڕ وەستاوە ،لەلایەکیتر چونکە مرۆڤکان دەزگای بیرکردنەوەیان لەکاردەخرێت بە واعیزکان ئاسانە ببنە حیکایەتخوان،وەک بەشی ئۆقەی تاکەکان سیستەمی بەرگری نەماوەو نەخشە زو بەوا دەکات و تەسلیم دەبێت،وە باوەیشی بەوجیاوازیە هەیە کە ئەو نەزانەو ئەویتر زانا،بەڵام لە پڕوڕدەی ئاسایدا واقیع شتێک نیە پێشبینی بکرێ ،وەستاوبێ ،بەڵکو واقیع دەخرێتە بەردەست و توژینەوەی بەدەکرێت،هەردولا،ماموستاو قوتابی پەکەوە لەگەڵی ئامان و گفتوگۆ وپرسیارو دیالۆگ دەگەنە حەقیقەت. واقیع بەرهەمی مرۆڤ نەوەستاوە نەپیرەز،نەتەکستەکان ئەزەلین،هەموشتێک شایانی لەکەینەوە و شیکاریە. مەژوو بەرهەمی مرۆڤ،مرۆڤیش بەرهەمی مەژوو نییە،بەڵکو

مرۆڤ مۆژو دروستدەکات.دەکرا هۆداوەکان بەشێوەیەکی دیکە
هۆیاندابایە....لەسیستەمی بانکیدا مامەستا جارێک زانایەکی لێهاتووگەی
خوێندن،خوێندنەوە و ...فەردەبێت لەقەناغیدوومدا فەردەکات ئەوەی
فەریبوە دەیگوازێتەوە و ،لایەنی بەرامبەر وەریدەگرێت بڕیارەهایی.
ئەم شێوازە جگە لەوەی خزمەتی ئایدیالۆژیایەکی دیاریکراو
دەکات،یان واقیع و بیرکردنەوەی باو دەسپێنێت،بەردەوام دژی ئەو
تاکانەیە کەدژی دەوەستنەوە،وەک حاڵەتی تاکەکەسی سەیری دەکەن،مەلا
دەڵێت:ئەم یان ئەو لادەر،دەبێت تێبگەیەندرێت،هەمو ئایدیالۆژیا
ستەمکارەکان وا مامەڵە دەکەن کەمرۆڤ خاوەنی هەش نییە،هەشی
بەدروستدەکرێت،بۆیە بیرکردنەوەی جیاواز ڕەتدەکرێتەوە .چونکە
لەسەرەتاوە واوەنای واقیع دەکرێت کەنەگۆڕێ نابێ بگۆڕێت.
هەرکەس ئاگاربایی ئەوە ش زیرەک نەبێت،دەزانێت ئەمەی ئەمە
دەگوزەرێت لە پەروەردەدا لەهەرەمی کوردستان فەرکردنی بانکیەو
سیستەمەکە لەخزمەت واقیعدایە نەک گۆڕانکاری،بگرە مەیلی
کەنەپەرستی لەهەڵکشاندایە،گۆڕانەوە بۆ خوافیاتو حیکایەت خوانی
ئارەزوکراوە. دەمارگیری لەهەڵکشاندایە دەخێک کە هەمومان وەستاوی
بیرکردنەوەو و لەمرۆڤخستن دەبینین. پەروەردەی بانکی هەوڵەکە بۆ
لەمرۆڤ خستن و نەزانکردنی تاکەکان،کە خەراکدەری سیستەمی
ستەمکارییە.ئەم سیستەمە وادەکات دواجار خەڵکی نەتوانن بیربکەنەوە
بۆ گۆڕینی واقیع،ئاگارچی ددانی پێدا نانێن،بەڵام لەبنەڕەتدا
کەمتوانان لە چاکردنی بارودۆخی خۆیان و پێوەندیا ن بەجیهانەوە
کەیلانەو پاسیڤە.لەچاوەڕوانی فریادڕەسدان.چاوەڕوانن کەسانی دیکە
لەچەشنی سەرکەی کاریزما دەرکەون و واقیعیان بۆ بگۆڕێت،کەدواجار
ئەو فریادڕەسەش دەبێتەوە ستەمکار.پەروەردەی بانکی مرۆڤی
خاگونجێنەر و ملکەچ وخاوشدار بەرهەم دێنێت،کە بونی خۆی دەداتە
دەست کەسانی دیکە،توانای خۆ سەلماندنی نییە لەبیرکردنەوەدا کەوتووە
و دەگۆڕێتەوە بۆ یادگە ،واتا بیرناکاتەوە،بیری دێتەوە. واقیعی
ئەمە جودایە لەدوێنێ،سبەیش جیاوازە، پەروەردە دەبێت مرۆڤێک
دروستبکات لە کارکردن لەجیهان و بارودۆخی خۆیدا کارابێت،
مەعریفەی نوێ بەرهەم بێنێت. بەڵام پەروەردەو فەرکردنی بانکی
شتێکی پێچەوانەیە. ئەمە چ دەزانین؟ ئەوە کەسی خۆی هەیە؟ هیچ
ناکرێت؟ ئەم دەربەینانە وەردی سەرزاری ئەو کەسانەن کە قوربانی
فەرکردنی بانکین،لەڕاستیدا وەک میمەری وان ،ناتوانن بیری نوێ
بەرهەم بێنن،کەلەئاستی گرفتو پێویستی ئەمەدابن. لەبنەڕەتدا ئەو
مرۆڤانە قەدەرگەران ،واسەیری خۆیان ناکەن کە تەرازوی مرۆڤبونیان
لاسەنگەو هاوسەنگیان لەدەستداوە.خاوەنی بیری ڕەسەنین واتا بیرەک
کە لەئەنجامی پرسیارو وگومان و شیکردنەوە هاتبێت،بەڵکو بیرەکەکان

کەن وەرگیراون گواستراونەوە لەمشکەکەوە بەمشکەکیتر... بەبەچونی فرێری مرۆڤبون تەنها لەگەڵ تواناوەو پراکتیکی بردەوامدا هەیە. بەڵام فێرکردنی بانکی بردەوام لە مرۆڤخستن پشدڕخات، مرۆڤی پاسیڤ و بەتواناو خاون و مەرگ دەست بەرهەم دەنێت. کە مرۆڤی مەرگدەست ئارەزودەکات شتەکان نەگەڵن ، تەنها لەمیانەی کارا و خاوەنداریەتیدا پەیوەندی بەجیهانەوە دەبێت وەک ئەرێک فرەم دەڵێت: مرۆڤی مەرگدەست کاتێک خاوەنی جیهان نەبێت پەیوەندی بەجیهانەوە دەپچڕێت دەستەبات خوازێ،ژیانی خۆش ناوێت لەچوارچێوەی بون بەخاوەنی شتەکاندا نەبێت،واتا پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤیشدا وەک کارا یە.

مەحمود عەبدوڵا

مەقەست... سەران محەمەدەسووڕە

بە لوورە هەواڵ لە ئاسمان دەنێ،
بەتاو گوێ لە زەوی قووڵاغ دەکا
خۆشەویستیی کە ناگەڕێتەوە، بۆچی نەبیسترێ!

ئاشقان لە شکستدا
پەنا بە سیگار و مەی و کوفر دەبەن
بەیەکجار هەمووبانم خستەلاوە

دەبا ببیسترێ، شکستی من
کە خوێی کەنەسارێی مەژووی لێنیشتووە.
ئاشق کە بەزرا
نابێ بەهەڵە دەستەکانی مەگیرانیی خوێن بکەن.
چ بریندارێ لەخۆ، ئەو کەسەی زامەکانی هەتوانی بیرچووبێتەوە.

ئەوێ لەکنزیکن
ئاسمانیش لەتانەوە دوور
دواجار تەنێ ئاسمان ماڵی منە.
★★★

زڵکی وشکی بەخۆن هەماسراو
لە ئازاری ماڵ دادچڕێ.
وێژدانی ئەم هەموو خۆنی تێیە
لەجەستەم دەنشرێ و
گورگەکان هەر تەنیان.
خۆی ئەو هەموو شکستە
وەک مەش نیشتووەتە سەر جەستەم و
گورگەکان هەر تەنیان
مرۆڤیش ویستی داگیرکردنی لووریانە.
دەبا گورگەکان لەتەرییدا بن
لچیان سوور
گەشتی کاەم لە کۆلەنی دەدانەکانیان
خەی لە زمانیان بسووە.
★★★

کە چاوم لەتەرایی ڕەگەدا لە ون دەبن
بەیانییان بەسەر دادێ
خەریش ڕووحم لەنەو ئەم گورگگەلە
ڕەپەش نادیاریی دەدا.
بەیانییەکی بەبەزەیی بەڕەوێ
مرۆڤی بەیانی دەبێ شەڕەنگەزتر بێت.
ئای منیش
ئەسکەکانم، پەراسووەکانم
لەدادەماڵدرێن.

گورگەیل لەناو کۆلەسەر و ئەسکەکانمدا ڕاکشاون
تینی خەریش ساردیی خۆنم دووبارە لەنەو دەمیاندا گەرم دەکاتەوە و
مەرووڵە ئاسا ختووکەی دەبەتەوە.
★★★

ئەوێ لەکنزیکن
خو[ن]ی تەنووی خەشەویستیی منیش
ئەزینگ بێ لەدایکبوونەوەی تەنیاییم،
باوەشک بێ گەلەگورک دەدا.
ئا ئەمە لەدایکبوونەوەی هەمیشەییی زەویە
دەردەک کە بەچارەسەر لەگەڵ خەی پەروەردەت دەکا، تەنیاییە.
★★★

بەیانی هەر کە خەر هەڵدێ
ئاوابوونی منیش
لە پێچی بەردەم دادگەی خودا دەکرێ،
ئاخر لەخەی هەڵدەبەنن.
★★★

ئەم گورگەیل
دەمەو ساردیی ئەویندارییەکی بەبەزەییی ماڵاواکردوو لەدەبتارێنم.
نەمناسی و نەمایەو؛ خۆشەویستیی
هەر ئەوەی خوێنت پەڕژێ.

سەران محەمەدەسووره

سیکۆلاریزم و چەند سەرنجێک..7... شەماڵ بارەوانی

بەشی حەوتەم/

لەبەشی پێشوو باسمان لەوەکرد، کە لە ئەروپا، مرۆڤەکان هەموان بە جیاوازی ئازادن، چی ئایینێک و مەزهەبێک و ناوەکیان هەبێت، کەس لەسەر ناو مەزهەب و ئایینی جیاواز، هیچ کەسێک بۆی نییە خوێنی ئەویتر ڕژێو کات، یان ڕێگری لە بکات، لەوەی پێڕەوی لە مەزهەبەکەی و ئایینەکەی خۆی بکات.
لەوە کڵێساکان، مەعبەد و ئاتەشگا و مزگەوتەکان بەو ئەڕەی ئازادی ئاییندارێ و خودا پەرستیان تێدا دەکرێت.
هیچ کەسێک بەناوی مزگەوتەوە بۆی نییە، هەرش بکاتە سەر کڵێسایەک، یان مەعبەد و ئاتەشگایەک. هەمان شتەوە مەعبەد و کڵێساو ئاتەشگایش، بۆیان نییە هەرش بکەنە سەر مزگەوت.

زەردەشتیەک و بودیەک، هیندۆسەک و جوولەک، کریستیانێک و ئەزدیەک، ئەتایستەک ئەگنۆستیکەک، هەمۆسێکشوالێک و لیسبەک و ترانز جێندەرەک، هەموویان مافیان پارێزراوە و سیستەمی سیکۆلاریزم بە یەک

چاو سێری هەر هەموویان دەکات.
کەسیان ئەو مافەیان نییە، لە ژێر هیچ ناوەکدا و بە هیچ پاساوێک، تەداخولی ژیانی ئەویتر بکات و ڕێگری لە ئازادیەکانی بکات و جۆرێ لە بدات و سوکایەتی و تەشهیراتی پێ بکات.

لەو پلورالیەتی ئایینی و کەمەنایەتی و سیاسی، کولتوور و یاسایە. پێویستە هەموو ئایین و ئایینزاکان، ڕێزی ئەو پلورالیەتە ئایینیە، کەمەنایەتیە، سیاسیە بگرن.
نابێت قەشە، لە سەر جیاوازی بیر و ڕا و ئایینەکەی، قسە بە مەنایەک بڵێت و مەنا سوکایەتی بە حاخامەک بکات و ئاسرەوانەک بە ڕێزی بە پیاوەکی ئایینی هیندەسی بکات.

لەو دیالەک هەیە، جیاوازیەکان پارێزاون، دەتوانی بە ڕێگای لێژیک و گفتوگۆ بڕێگۆ و ئەرگیومێنت و سەلماندنەوە، بەو پەڕی ئازادی بانگەشە بە ئایین و بیر و باوەڕکەت بکەیت، بە ئەوەی هیچ کەسێک لە گوڕ کاتترت پێ بڵێت.
بە مەرجێک، ڕێز لە پڕەنسیپەکانی سیکولاریزم بگرێ، ئاشتی کەمەنایەتی و ئاسایشی وڵات نەشێوێنێ، خەت لە ڕەقی مەزهەبی و ناکۆکی ئایینی و شەڕ دنوکی ئایینی بە دوور بگرێ.
ئەوانیتر و فرەیی ڕەت مەکرەوە، کولتووری پێکەوەژیان مەخەرە ژێر هەڕەشە و مەترسیەوە، تەشەنوجات و حەساسیەت و دوو بەرەکی ئایینی و مەزهەبی لە نەوان مرۆڤەکان دروست مەکە.

لەو بەت نییە، لە ڕێگای جوندان و تەشهیرات و هەڕەشەی شمشێر و چاو سوور کردنەوە و بە ناوی ئاسمان و بە پاساوی پیرۆزی و بانگەشەی پاوانکردنی مژوو و مانەپڕەکردنی حەقیقەتەکان،

خەڵک ناچاری هاتنە سەر بیر و باوەڕکەت بکەیت و دەست لە ئازادی و هەڵبژاردنیان وەربدەیت و بیر و باوەڕکەی خەت و ئایین و مەزهەبەکەی خەت تەکەڵ بە یاسا و ژیانی گشتی و تایبەتی مرۆڤەکان و کەڵ و دەوڵەت بکەیت و بە عەنتەری خەت بسەلمێنیت.

چۆن یەکەم کۆنفرانسمان لە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هەژبجە و ئەنفال ساز کرد؟... هیوا ناسیح

گەیاندنی دەسیەی ئەنفال و هەڵەبجە بە ناوەندە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان و هەوڵدان بۆ بە جینۆسایدناساندنیان کارێکە، کە دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی و پارتی هەر دوای راپەرین و پێکهێنانی ئەو حکومەتە شۆڵگیرانە کاریان بۆ بکردایە و هەوڵیان بۆ بدابایە. ئەوان کە هەم ئێتریتەیەکی خۆیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی هەیە، هەمیش بوودجەیەکی زەبەلاحیان لە موڵکی گشتی لەبەردەستدایە، زۆر ئاسانتر و خێراتر دەیانتوانی، چەندان کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەمریکا و سویسرا هەروەها پەرلەمانی ئەوروپا و شوێنانی تر ساز بکەن، وەبیانکەنە سەنتەری چالاکیەکانیان بۆ ئەو دەسیەیانە.
بە داخەوە ئەو دوو حزبە بە وەزارەتی شەهیدانەکەی حکومەتی هەرێم، لیژنەی شەهیدان وئەنفالکراوانی پەرلەمانی کوردستان وە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانەی هەندەران لە ئەوروپا و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان کارێکیان لەگەڵ دەسایەیەدا نەکرد، سەرەڕای باشیی توانا ماددی و مەعنەوی و پەیوەندییەکانیان بە وڵاتانی جهیان، کە لە ئاستی گرنگی دەسیەکە و هەروەها بانگەشەکردنییان بۆ خەباتی پارێزەریی قوربانییانی ئەو تاوانانە و مافەکانی کەسوکاری قوربانییان بێت.
ڕێکخراوی چاودێری کوردساید (چاک) کاتی خۆی چالاکترین ڕێکخراو بوو، لە بواری مافی مرۆڤ و بەجینۆسایدناساندنی کۆمەکوژیی و گەورەتاوانەکانی، کە دژ بە میللەتی کورد ئەنجامدراوە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاری دەکرد، کۆمیتەی لە باشوری کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هەبوو. ساڵانێکی زۆر بەندە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، بەرپرسی پەیوەندییە بییانییەکان، بەرپرسی کۆمیتەی سویسرا و خولێکیش بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ (٢٠١٤-٢٠١٧) سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکە بووم. لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانماندا و بۆ خۆئامادەکردن بۆ یادی هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠١١

پڕۆژەیەکم ئامادە کرد بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە بارەگای گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێف، کە تا ئەو کاتە نە حزبە کوردییەکان، نە حکومەتی هەرێم وە نە هی عێراقیش کۆنفرانسی گەورەی وایان ساز نەکردبوو، دوای سەرنج و تێبینی هاوڕێیان، بڕیارماندا بۆ وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێم بینێرین، ئەوکات د. مەجید محەمەد وەزیر بوو، چونکە لە ڕووی ماددییەوە ئیمکانییەتێکی زۆری دەوڵەت و هەروەها بۆ وەرگرتنی قیزە و ئاسانکاری سەفەری ئەوانەی داوەتدەکرێن لە کوردستانەوە بۆ پشتیوانی حکومەتی هەرێم ئەستەم دەبوو، پڕۆژەکەم لەسەر کاغەزی فەرمی و بە لۆگۆی ڕێکخراوەکەوە لە ١٢/٧/٢٠١٠ نارد. بەڵام بەداخەوە هاوکاریی پێویستیان نەکردین.
بۆیە ئەمە بە ئیمکانییەتێکی کەمی مادی و بە چەند مانگێک لە کار کێشش و ماندووبوونمان قەرەبوو دەکاتەوە و کۆنفرانسەکەمان سازکرد، واش بڕیار بوو پاش کۆنفرانس هەموو ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کران لە دووتوێی کتێبێکدا بە زمانی ئینگلیزی چاپ بکرێن، بەداخەوە لەبەر زۆر هۆکار ئەم کتێبە چاپنەکرا. شایەنی باسە حکومەتی هەرێم و حزبەکان تەنانەت لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە گرنگییان بە کۆنفرانسەکە دا نەدا، چونکە نەدەچووە بەرژەوەندی حزبییەوە و جگە لەمەش ئەمەی سازکەرانی کۆنفرانسەکە زۆربەمان نەک سەر بەبەرەی دەستەبات نەبووین، بەڵکە لەو دەموچاوانە بووین کە دوو حزبەکە بە هۆی هەڵوەستی سیاسیمانەوە لە بەرامبەر سەرکوت و دەسگیرکردنی خێپیشاندەران و پشتیوانی داواکانیانەوە بە ناحەز لە قەڵەم دەدراین، بەڵام ئەمە وەک ئەرکی سەرشانمان بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا ئەم کارەمان ئەنجامدا و دڵنیام لە داهاتوودا ڕێزی ماندووبوون و گرنگی ئەم کارە دەزانرێت، وەک خۆشم ئەمە و گەیاندنی دەسیەی ئەنفال و هەڵەبجە بە پەرلەمانی سویسرا ساڵی ٢٠١٢ پاش چەند ساڵ هەوڵ و کۆشش بۆی، بە دوو گرنگترین کاری دەزانم لە ژیانمدا ئەنجامم دابێت. لێرەدا بۆ مێژوو دەقی پڕۆژەکە، هەروەها ڕاپرتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە دادەنێم. ئەمەی دەقی پڕۆژەکە بوو:

پڕۆژە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

ب: کۆنفرانسێک لە یادی 23 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە
لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێف

سێاوێکی گەرم

سەرەتا: وڵاتی سویسرا گرنگی خۆی هەیە، بە هۆی ئەوەی وڵاتێکی بۆلایەنە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، سەنتەری ئەورووپایە، دەیان و سەدان پەیماننامە و رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لە سەر خاکی ئەم وڵاتە مۆر کراوە، ساڵانە دەیان کۆنفرانس و کۆبونەوەی نێودەوڵەتی لێ ساز دەکرێت. بارەگای زۆر لە رێکخراوە جیهانییەکانی لێیە، لەوانەش بارەگای سەرەکی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەربەنەتەوەییەکگرتوەکان، بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە پاش ئەوەی نیۆیۆرک دووەم گەورەترین بارەگای ئەو رێخکراوە جیهانییەیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، رێکخراوی خێراکی جهیانی، رێکخراوی تەندروستی جهیانی…هتد، بۆیە هەر کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی سەبارەت بە کورد لە شاری ژنێف، کە پایتەختێکی دیپلۆماسی نێونەتەوەییە و لە بارەگای ئەو رێکخراوە مانا و مەغزای خۆی هەیە، دەنگدانەوەی خۆی دەبێت و سەنگ و قورسایی خۆی هەیە.

بیرکەی پرۆژەکە:
لەسەر پێشنیازی چاودێری کوردساید – چاک، بۆ ساڵی داهاتو لە ناوەراستی مانگی ئازاردا (گەر 16/3 بێت باشترە، ئەگینا هەر کاتێکی تر لەو نێوان 28/2 تا 25/3) کۆنفرانسێک بۆ یادی هەڵەبجە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان ساز بکرێت، بە بەشداری راستەوخۆی جەنابی وەزیری شەهیدان وەک لایەنی حکومی بۆ کردنەوە و سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانسەکە، هەروەها چەند شارەزا و پسپۆڕێک لە بوارەکانی (گازی کیمیاوی و کاریگەرییەکانی لە شاری هەڵەبجە، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی دژ بە چەکی کیمیاوی، جینۆسایدی گەلان لە یاسای نێودەوڵەتیدا، کۆمەڵکوژی…هتد). لە 28 ی شوبات تاوەکو 25ی ئازاری ساڵی 2011 ئەنجومەنی گشتی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ کۆبوونەوەکانی (وەرزی شانزەهەم)ی خۆی لە هەمان بارەگا سازدەکات. سازدانی کۆنفرانسێکی وەها هاوتەریبی ئەو کۆبوونەوانە، کە سەدەها شارەزا و پسپۆڕ و یاسایی و کەسانی دیپلۆماسی و نوێنەری وڵاتان و کەسایەتیی ناودار لە چوارلای جیهانەوە بەشداری تێدا دەکەن، گرنگی و سەنگی خۆی دە ئەوەندە زیاتر دەکات.

رێکخەران: ئەم کۆنفرانسە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی بەرێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان و هاوبەشی چاودێری کوردساید – چاک / کۆمیتەی سویسرا، دامەزراوەی ئەلحەکیم – نوسینگەی ژنێف، رێکخراوی جیهانی (interfaith international Organisation) و سەرۆکەکەی بەرێز (Dr. Charls Grafz) دەبێت.

سەرنج و تێبینی:

1/ دەبێت حکومەتی هەرێم تێچوونی تەواوی بلیتی سەفەر و ڕێکخستن و وەرگرتنی ڤیزا بۆ بەشداربووان مسۆگەر بکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە کوردستانەوە دێن.
2 / ئەمە و ڕێخکراوەکانی تر کە ناویان لەسەرەوە هاتوە لە سویسرا، کاری ئامادەکردنی هەڵسەنگ بۆ کۆنفرانسەکە و وەرگرتنی مەڵەتی کۆنفرانسەکە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، مەڵەتی چوونە ژوورەوە بۆ پسپۆران و بەشداربوان و میوانەکان، دەخەینە سەر خەمان.
3/ تێچوونی مانەوە لە ئوتێل و نانخواردن و هاتوچۆی بەشداربووان و میوانەکان لەسەر وەزارەتی شەهیدان (یان بەگشتی حکومەتی هەرێم دەبێت) کەی پێویستی کرد، دەتوانین تەخمینی بکەین، کە مەسروفاتەکان چەند دەبێت)، یان دەبێت وەزارەت بڕیان جیاجێ بکات، دەکرێت و ئاسایی چەند میوانێکی ئازیز (ئەوانەی لە کوردستان یان دەرەوەی سویسراوە هاتوون) لە ماڵی دەست و ئەندامانی (چاک) جێگەو خواردنیان بۆ ڕێکبخرێت بۆ بەرامبەر.
4/ ئەو بابەتانەی لەوێدا پێشکەش دەکرێن، دەبێت لای کەمی پێش دوو مانگ لە سازکردنی کۆنفرانسەکە بگاتە دەستی لیژنەیەکەوە، کە لە نوێنەرانی وەزارەت و چاودێری کوردساید پێک دەهێنرێت.
5/ ئەو بابەتانەی لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش دەکرێن، دەکرێت و وا باشترە، کە دواتر بکرێنە کتێبێک و چاپبکرێت.

پێشنیاز:

1. بەرای ئێمە ئەو کەسانەی کە بۆ بەشداری لەو کۆنفرانسە دێن، جگە لە بەرێز وەزیری شەهیدان، دەبێت بابەتەکانیان بە زمانەکانی ئینگلیزی یان فەرەنسی پێشکەش بکەن، بۆیە گرنگە یەك لەو دوو زمانە زۆر باش بزانن. ئەم کەسانە گونجاون و دەکرێت 4 – 6 کەسیان داوەت بکرێت: بەرێزان (د. فوئاد بابان – کوردستان، مارف عومەر گوڵ – کوردستان، شەفیقی حاجی خدر – کوردستان، ئەمیری حەسەن پور – کەنەدا، شاخەوان شێرش – دانیمارک، :شێرش حاجی – بەریتانیا، ئیبراهیم مەلازادە – بەریتانیا، عادل باخەوان – فەرەنسا، نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا – دانیمارک،.....).
2. دروستکردنی پێستەرێکی ڕەنگاوڕەنگ و بە زمانی ئینگلیزی بۆ کۆنفرانسەکە.
3. چاپکردن و ئامادەکردنی نامیلکەیە بە زمانی ئینگلزی لە سەر هەڵەبجە و ئەنفال و دابەشکردنیان بە سەر میوانانی بیانی.
4. کۆنفرانسەکە دەکرێت ڕۆژێک بخایەنێت و لە 6– 8 سەعات زیاتر

نەبێت یان بکرێتە دوو ڕۆژ.
5. باشترە ئەم بابەتە جگە لە ڕێکخراوی چاک و لایەنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هیچ ڕێکخراو لایەنێکی تردا باس نەکرێت تا بریاری لەسەر نەدرێت.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە (هیوا ناسیح) نوێنەری چاودێری کوردسایدبۆ ئەم کۆنفرانسە:

تەلەفاکس 0041525343583, یان مۆبایلی: 0041763691971، hiwanaseh@hotmail.com

هیوادارین لە ماوەی مانگێکدا بە فەرمی وەڵاممان بدەنەوە…
هەر شاد و سەرکەوتوو بن…

چاودێری کوردساید – چاك
بەشی پەیوەندییە بیانییەکان
12.7.2010

پاش ئەوەی هیچ وەڵامێکی کۆنکرێتیمان لێیان نەبیست، ئیتر ناچار خۆمان دەستبەکار بووین، قسەمان لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی جیهانی کرد، کە ئەندامی ڕاوێژکاری بوون لە نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەوانیش دەزگای ئەلحەکیمAl Hakim Foundation و Interfaith international، ئازیبوون بە هاوکاریمان، تەنها سەرنجێکی د. ئەمیر هاشم سەرکی ڕێکخراوەی ئەلحەکیم، کە کەسێکی زۆر باش و دڵستی کوردیشە، ئەوە بوو کە ناوی کۆنفراسەکە وا لێبکەین (کۆمەکوژییەکانی هەلەبجە و ئەنفال، گۆڕەبەکۆمەڵەکان و بۆسەروشوێنەکان و قەرەبووکردنەوەیان) تا هەم لایەنەگرە عێراقیەکانیش ڕاکێشین بۆ کارەکە، هەمیش بابەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە ئێستادا زیندوە و بەردەوام هەڵدەرێنەوە و باس بکرێت لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییاندا، گرنگی کۆنفرانسەکە زیاتر دەکات، ئەمەش ئازیبووین.
ئاستە ئەوکات قەیرانی مووچە نەبوو، حکومەت پارەی زۆر بوو لە چاو ئێستادا، بەڵام بەداخەوە هەرچەندە بەڵێنیشیاندا هاوکارییەکی جدی و بەرچاویان نەکردین، چونکە ئەو کات گەرمەی بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن و سەرهەدانی گۆران بوو، ئەمەش بەردەوام پشتیوانیمان لە خێپشاندەران و داواکارییەکانیان دەکرد، جگە لەوە ئەمە سەر بە هیچ یەک لە دوو حزبە باڵادەستەکە نەبووین، سەرکی حکومەت ئەوکات بەرهەم ساڵح بوو، لە ڕگەی هاورێیەکەوە هەندێک هاوکاریی مادی

کردین، قوباد تاڵەبانیش کە ئەوکات نوێنەری حکومەتی هەرێم بوو لە ئەمریکا، لەرێگەی هاوڕیەکی ترمانەوە هەندێک هاوکاری کردین، سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سویسرامان کرد، جاومان بە د. فەوزی قەدور کەوت، کە خۆی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و سەربە پارتییە و نوێنەری حکومەتی هەرێمە لەگەڵ وڵاتە، ئەویش هیچ هاوکاریی نەکردین، سەردانی سەفیری عێراق لە سویسرا، د. پیرەت مان کرد، کە پارتی بوو، ئەو گوتی من کێتان دەوێت وەک کەسایەتی بۆتان داوەت دەکەم و پشتیوانیتان دەکەم بەڵام لایەنی ماددی ناتوانم هاوکاریتان بکەم. لە نێوخۆماندا کۆمیتەیەکمان پێکهێنا بۆ ئامادەکاری و سەرپەرشتی کۆنفرانسەکە، چونکە سەرەڕای گرفتەکان هەر سوربووین لەسەرئەنجامدانی. بۆ ڕێکخستنی گشتی کۆنفرانسەکە و کاروباری کۆمیتەکە من دیاریکرام وەک ڕێکخەر، واتە شەرەفی ئەوم پێبڕا، کە سەرپەرشتی سازکردنی کۆنفرانسەکەم بکەم، کە یەک لەو کارانەیە لە ژیانمدا شانازی پێوە دەکەم، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی قۆمان لێ هەماڵی، ماندوونەناسانە، شایەنی باسە بە هەکاری ئەوەی کاک کاردۆ سەرباز خۆی لە ژێنف دادەنیشت، ئەوم دیاریکرد بۆ کاروباری مەیدانی کۆنفراسەکە، کە بە هەق ئەو و کاروانی برای زۆر ماندوو بوون و بۆ ئەرک و زەحمەتی ئەوان ئەستەم بوو کۆنفرانسەکە سەربگرێت، چونکە من زیاتر لە سێ کاتژمێر بە ئۆتۆمبیل لە ژنێفەوە دوورم. بەڵام بە ناچاری و بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە چەندان جار ڕێیشتم بۆ ژنێف و کۆبونەوەمان کرد، هەموو جارێکیش ڕۆژێکی تەواوم پێدەچوو، دەبووایە مۆبەتی کارم وەربگرتایە، کە لە ئەوروپا ئەو شتانە زۆر سەختەو مەترسیکردنە بە کارەکەتەوە!

لە ناوەڕاستی مانگی دوو و سەرەتای سێی٢٠١١دا باشوری کوردستان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دواتر دا بوو، نزیکەی سەرجەم شارەکانی باشور بەتایبەت لە زۆنی سەوز دەکوڵان، ڕۆژانە خەڵک شەهید و بریندار دەبوو، دەستەڵاتی هەردوو حزبەکە تۆندوتیژییان بەکار دەهێنا، ئەمەش هەموو یان زۆربەمان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا هاودڵ و هاوخەم بووین، بەڵام نەدەکرا پاش ئەو هەموو ئامادەکارییە کۆنفرانسەکە دوابخەین. دوای چەندان کۆبوونەوە و هاتوچۆ و پەیوەندیکردن و پرس و ڕاوێژ، گۆڕانکاری بەسەر ناوی ئەو کەسانەدا هات، کە داوەت بکرێن، هەندێکیان خۆیان بۆیان نەدەکرا، و هەندێکیشیان بە هۆی کێشەی ڤیزە و پاسپۆرت و شتی وا نەیاندەتوانی بڕۆن، لەوانەی کە دیاریکرابوون و نەیویست بێت دکتۆر فاروق ڕەفیق بوو، کە چونکە هاوڵاتی کەنەدا بوو, پاسپۆرتی ئەوڵی هەبوو کێشەی ڤیزەی نەبوو، پارەی بلیتەکەشمان دەدایەوە و

شۆنی مانەوەشمان بۆیان ئامادەکردبوو، بەڵام چونکە کاتی سازکردنی کۆنفرانسەکە کەوتبووە دوای ١٧ی شوبات و ئەویش یەک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران بوو، هەرچەندە بلیتی فڕۆکەشی بڕیبوو، ئۆکەی کردبوو، بەڵام دواجار گوتی: ببورن لەم کاتەدا مەیدانی ئازادی (سەنتەری خۆپیشاندەرانی سلێمانی بوو) جێناهێڵم، چونکە خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێت، کە بە ڕاستی هەڵوێستکی جوان بوو، کاتی خۆی وتارێکم لەسەر نوسی. ناچار لەو کەشە سیاسییە بارگاوییەی باشور و کێشمەکێشمەی ئەوکاتدا بەردەوام بووین لە کارەکانمان، تا سەرکەوتووانە کۆنفرانسەکەمان ساز کرد، شایەنی باسە نزیکەی سەرجەم بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی پێشکەشکران، تەنها دوو وتار نەبێت لەگەڵ پرسیار و وەڵامەکاندا، کە لەلایەن د. بابان ئەلیاسی، کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی ئێرانەڵ و زۆر دڵسۆز و خەمخۆرە لە ژنۆف دەژی، ڕاستەوخۆ دەکران بە ئینگلیزی، شایەنی باسە ناوبراو ئەم کارەی بەبەرامبەر بەمان کرد، چونکە کارەکەمان بە یەکێکی تر سپاردبوو، لە پر خۆی زویر کرد و نەهات!
بە وردەکاریی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە لێرەدا ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسەکە، کە کاتی خۆی بڵاومانکردەوە، دادەنێم:

بە یەکەمجار لە یادی کارەساتی هەڵەبجەدا
کۆنفرانسێک لە نەتەوەیەکگرتوەکان لە سەر کێمەکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال
لەڕکەوتی 18.3.2011 ڕۆژی هەینی بە بەشداری چەندان پسپۆڕ و کەسایەتی و شارەزا لە کورد و بیانی لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستانەوە، کۆنفرانسکی نێودەوڵەتی لە نێو بارەگای سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری ژنێف وڵاتی سویسرا سازکرا، کە لە ژێر ناوی (کێمەکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، گرەبەکێمەڵەکان و بەسەروشوێنەکان و قەرەبووکردنەوەیان)ە لە لایەن ڕێکخراوەکانی (چاودێری کوردساید – چاک، ئینتەرفەیس ئینتەرناشناڵ، ئەلحەکیم فێندەیشن)ەوە ڕێکخرا بوو.
ئەم کۆنفرانسە کە سەعات 11ی بەیانی تا 5 ی ئێوارە خایاند، لە پەراوێز و هاوتەریبی خولی شانزەهەمی کۆبوونەکانی ئەنجومەنی گشتی مافەکانی مرۆڤی سەربەنەتەوەیەکگرتوەکان، بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەڕێوەچوو، کە کێمەکێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی لە خۆ دەگرت. جگە لەوەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کێمەکوژییەکانی کورد پیشانی ئامادەبووان درا، هاوکات پێشانگایەکی وێنەییش بۆ شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە شێوەی

سلاید نیشان درا.
دانیشتنی یەکەم: سەعات 11 تا 1ی پاشنیوەڕۆ
سەرەتای بەرنامەکە د. چارلز گراف، سەرۆکی ڕۆکخراوی ئینتەرفەیث ئینتەرناشنال کۆنفرانسەکەی کردەوە، باسی لەوە کرد، چۆن و بۆچی کۆنفرانسەکەیان ڕۆکخستوە، پاشان وتەیەکی پێشکەش کرد لەسەر کێشەکوژییەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن دژ بەگەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی.

- وتەی نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق کە لە لایەن باوەزی عێراق لە سویسرا د. پیرەت خوێندرایەوە
- وتەی د. عەبدولئەمیر هاشم، نوێنەری دامەزراوەی ئەلحەکیم
- پرۆفیسۆر و دکتۆر گێرهارد فرایلینگەر لە زانکۆی ڤییەننا، کە یەکەم دکتۆری ئەوروپی و بیانی بوو، کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ١٩٨٨خۆی گەیاند بووە ئەوێ و چەند بریندارێکی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ نەخۆشخانەی ڤییەنا بۆ چارەسەر. لە لێکۆڵینەوەکەیدا وێنە و داتای لەسەر مەرگەساتەکانی کارەساتەکە و چیرۆکی بەرکەوتوان و کاریگەریی گازەکان لەسەریان پێشکەش کرد.
- پرۆفیسۆر ئەنتۆن کیللەر، مامۆستای زانکۆی ژنێڤ و سەرۆک و دامەزرێنەری ڕۆکخراوی لیکنزیککردنەوەی کەلتور و ئاینەکان (SLM) وتەیەکی پێشکەش کرد، لە میانەیدا گوتی کوردستان وەاتی نەتەوە و ئاین و گروپە جۆراوجۆرەکانە، تاوانی زۆر بەرامبەر ئەم گەلە کراوەڕ، گەلانی سەر ئەو خاکە ئاشتییان دەوێت، دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێگە نەدات ئەو کۆمەڵکوژیانە دووبارە ببێتەوە.
- خاتو فریشتە کەوە، کە پسپۆڕی بواری سایکۆلۆجییە لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (شیکردنەوەیەکی دەرونی لەسەر بەرکەوتوان پاش لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی) پێشکەش کرد. لەسەر ئەوە دوا کە چۆن ئێستاش ئەو بەرکەوتوانە لە بارێکی دەرونی شلەژاو و ناجێگیردا ژیان بەسەر دەبەن و کاریگەرییەکەی هێشتا کۆتایی نەهاتوە لەسەریان.
- دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ پرسیار و وەڵام و تێچنەکان (مداخلات) و کۆمەڵێک کەس بەشداریان کرد.

دانیشتنی دووەم سەعات 3 ی پاشنیوەڕۆ تا 5 ی ئێوارە


- دکتۆر چارلز گراف، کۆبوونەوەکەی بەڕێوەدەبرد
- د. کارزان ناسیح عەلی، وتەی ڕۆکخراوی (چاودێری کوردسایبد – چاک)ی خوێندەوە. سەرەڕای ناساندنی ئەرک و ئامانجەکانی

ڕەکخراوەکە، باسی لەوە کرد، کە ئەوان ئامادەن بۆ ئەم جۆرە کارانە هاوکاری و دیالۆگ لەگەڵ ڕەکخراوە مرۆڤدۆست و جیهانییەکاندا بکەن، وە گوتی کارکردن بۆ بەجێناسایدی ناساندنی ئەم تاوانانە بەشێکە لە بزوتنەوەی دژ بە شەر وە هەوڵ بۆ ئاشتی لە جیهاندا، کە ئەرکی هەموو لایەکە هاوپشتی بین.

- د. چۆمان هەردی باسێکی ئەکادیمی زانستیی لەسەر (ژنە ڕزگاربووەکانی دوای ئەنفال لە نێوان قسەکردن و بیدەنگیدا) پێشکەش کرد، کە باسی لە غەم و ئازارەکانی ژنانی پاش ئەنفال دەکرد و جێگەی سەرنجی ئامادەبووان بوو.
- شێرش حاجی، پەرلەمانتار لە بەغدا، بە ناوی (هەڤپەیمانێتیا ئەنفال چۆن و بۆچی؟؟)، کە باسی لە بیر و هۆکاری ئەنجامدانی ئەنفال دەکرد لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، هەروەها بەشێوەیەکی داتا شۆو هەموو قۆناغەکانی ئەنفال و ژمارە و قەبارەی قوربانیان و زیانەکانی خستەڕوو لەگەڵ ناوی کەرتەکانی سوپای ئەنجامدەر و ناوی تاوانکاران.
- محەمەد جەواد ئەلحەداد: چالاکوانی ناسراوی بواری مافی مرۆڤ لە عێراق، وتەیەکی خوێندەوە. گوتی سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراق واژۆی چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی کرد بوو، کەچی بێباکانە گەورەترین تاوانییان دژ بە گەلی کوردی بێبەش ئەنجامدا. باسی لەوە کرد، کە حکومەت و پەرلەمانی عێراق دەبێت قەرەبووی زیانلێکەوان بکاتەوە و ئازارو مەینەتییەکانی ناوچە کارەساتبارەکان کەمکەنەوە. پشتگیری لە مافە نە تەوایەتییەکانی گەلی کورد کرد.
- وتەی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی کەسیان نەهاتبوون، لە لایەن (هیوا ناسیح) ئەندامی دەستەی کارگێری ڕەکخراوی چاودێری کوردسایدەوە خوێندرایەوە. سەرەڕای دەستخۆشی لەم هەنگاوە، ئەو کۆنفرانسەیان بەرزنرخاندبوو، کە خزمەتکی گەورە بە دۆسییەی کۆمەکوژییەکانی کورد دەکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.
- دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ پرسیار و وەڵام و تێچنەکان (مداخلات) و کۆمەک کەس بەشداریان کرد.

هاوکات لەمیانی کۆنفرانسەکەدا کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی (ئەنفال، ژینۆسایدکردنی کوردەکان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە)، لەلایەن شاخەوان شەرش ئەندامی ریکخراوی چاودیری کوردسایدەوە نوسراو و ئامادەکرابوو بەسەر سەرجەم ئامادەبووانداد دابەشکرا، تێیدا سەرەڕای باس لەڕ

کارەساتەکانی هەبجە و ئەنفالەکان دەکیەمەنتەکی زیشی لەسەر هەمەتەکانی ئەنفال و دادگاییکردن و بریارەکانی دادگا بەرامبەر تاوانبارانی ئەنفالی لەخی گرتبوو،.
ئەم کنفرانسە کە لەسەر پشنیازی چاودری کوردساید ئەنجام دراو زیاتر لە 70 کەس لە نونەرانی واتان و دیپلمات و نونەرانی رکخراوە جهیانییەکان و دستانی بیانیی کورد و نونەرانی حزب و لایەنە کوردستانیەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان ئامادەبوون، هەروەها هاوکات دوو سەرپەرشتیار و نونەری نەتەوە یەکگرتوەکان بە پەیوەندی لەگەڵ رکخراوە ناحکومییەکان بەشداریان کرد و زانیارییەکانیی ناو کنفرانسەکەیان تمار دەکرد.
مەبەست لە بەستی کنفرانسەکەش بریتیی بوو لە:
١. ناساندنی ئەم کمەڵکوژیانە بە جینساید لەسەر ئاستی نودەوەتیدا
سودوەرگرتن لە ئەزمونی گەلان لە کارکردن و تکشان بۆ
٢. ناساندنی ئەم تاوانانە لەباری یاساییەوە بە جینساید
٣. قەرەبووکردنەوەی زیانلکەوتوان و نەهشتن و کەمکردنەوەی کاریگەری و ئاسەوارەکانی ئەو کمەڵکوژییانە
شایەنی باسە و دەکرت بلین بۆ یەکەمجارە لە مژووی کورددا کنفرانسکی وا لەبارەگای نەتەوەییەکگرتوەکان لەسەر کارەسات و کمەڵکوژییەکانی میللەتەکەمان ئەنجام بدرت. ناشکرت نەڵین کە لە سای پارەوە پرۆژەی ئەم کنفرانسەمان دابوو بە سەرکایەتی حکومەتی هەرم و وەزارەتی شەهیدان، کەچی هیچ جرە یارمەتییەکی ماددی و مەعنەویان پشکەش نەکردین، سەرەرای ئەوەی لە هەردوولاوە بەڵنی هاوکاریان پدین.
جگەی باسە چەند کەسکی تر داوەتکراوبوون، وەک بەرزان مامست محەمەد حەمە ساح، نوسەر و لکۆلەر لە بواری ئەنفال و جینساید هەروەها کاک بەکر حەمەسدیق پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عراق و پارزەری کەیسی هەلەبجە لە دادگای بای تاوانەکان لە بەغدا، بەام بەداخەوە بە هی کشەی ڤیزەوە نەیانتوانی بن و بەشدار بن…
شایەنی باسە کاتی خی ئەم اپرتە لە زر لەسایتە کوردییەکاندا، هەروەهاش لە گڤاری (تپزاوە) ژمارە س، ئگستی سای ٢٠١١دا باوکرایەوە…



پۆستەری بەرنامەی کۆنفرانسەکە

چەند وێنەیەک لە کۆنفرانسەکەوە...






SAUDI ARABIA
F. M. HASAN
G. FREILINGER


PRESIDE C. GRAVES
A. KELLER
A. KARZAN
A. A. HASHOM



کورد ئەنفالی هەیە، بەڵام...!... د. هەرش رەسوڵ

هەموو لەم دەرفەتە بچوکەدا سەرتان بە لەدانەوەی قوانە سواوەکان دەربارەی پرسەی بەجینەسایدکردنی کورد بیشنم، ناشمەوێت لە سایادی ئەم تاوانە گەورەیەدا کار لەسەر ژەی هەست و سۆزتان بکەم، بەڵکو گەرکمە لەرەدا تەنها چەند راستیەکی تاڵ بخەمەڕو.

پاش تێپەڕبونی ٣٤ ساڵ بەسەر پرسەی کەمپەکوژیی ئەنفال و پاکتاوی نەژادیی کورد، لەو مەژوەش، دوای ٣١ ساڵ لە ئازادیی و حوکمڕانیی کوردیی، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە لە ئاست گەورەیی کارەساتەکەدا بین.. چونکە:

١- وەک پێویست و لەسەر ئاستی جیهان ئەنفال بە جینەسایدی نەناسنراوە! (دیارە ناساندن بریتییە لە بە رەسمیی ئاگاداربون، دانپیانان، لە ئێستەگرتنی بەرپرسیارێتیی، ڕەگرتن لە دوبارەبونەوە)، لەموشەوە لێپرسراوێتیی یەکەم دەکەوێتەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- گوتاری سیاسیی کوردیی روبەڕوی دەرەوەی خەی ئەوەندەی گریان و

کروزانەوە بوە لە پەناو بزەییپێداهاتنەوە و راکشانی هەست و سۆز بە قەد ئەوە کاری جددیی و شلگیرانە نەبوە لەپەناو دروستکردنی تگەیشتنکی لژیکیی لە بارژەوەندیی تاوانکەدا.

- تاکو ئستا حکومەتی هرێم و حزبکانی کوردستان، نك جاش و مستشارانی تمەتبار بە هاوکاریی بعس لە پرسی ئنفال-یان نداونتە دادگا، بکو هندکیشیان داندداون!

- ئو ناوچانی هەمەتە جیاوازکانی ئنفال گرتبونیەوە، هشتا وك پویست خزمتگوزاریی و پداویستیی ژیانکی شایستیان نگەیاندراوتە و شونواری کاولکاریی و ماوێرانیی بە سیمایانەوە دیارە.

- دخی بجماوانی ئنفال تا بە ئستاش دگات بارودخکی ناهموارە و کسوکاری ئنفالکراوان پویستییان بە دستگیریی زۆری مادیی و معنەویی و درونیی هیە.

- لە روی ئکادیمیی و زانستییەوە، هشتاش وك ئوی پویستە توژینەوە و بدواداچونی جددیی لسەر ئنفال و رهندە جیاوازکانی نکراوە.

- کایی پرورداەمان، تا هنوکش لە ئاست پویستیی ناساندن و بارجستەکردنی کارساتکە بە نوە یکلدوایکەکانی کورددا هنگاوی ئوتی نناوە و نیتوانیوە رۆی راستینی خی بگت.

- بواری هونەر و رشنبیریی کوردیی نکاراوە ببتە نمایندی شارستانیی گیاندنی واقیعی تالی ئوە رۆژی کورد، تاکو دنیا لە رگای شاکارە سینمایی و درامیی و ئدبیی و ... یکانوە ئاشنای کورد و دزکی بت.

- راگیاندنی کوردیی تا ئستاش نیتوانیوە کاری جددیی لسەر ئم پرسە گرنگ و هستیارە بکات و لە رگای راپرت و بنکەکاریی و بگفیلم و بابتەکانی ترەوە ئنفال و تراژیدیاکانی دیکی کورد لە یادەوریی و خیاندانی تاکی کورد لە کابونەوە بپارزت.

قوبادی جەلیزادە، یان هونگۆزی شیعری ناوچەگرایی لە شاکاری گەردوونییەتیدا... فازیل شەوقی

چەمکی ئەدەبیی ناوچەگرایی، دەوارکە کەبارەمی هەرچی قسەم هەیە بەدەر لە زمان و شێواز و ئاست و بیرکە و خەیاڵ..، لە ژێر ئاستووڕنگی خەیدا کە دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، کەبارەمی ئەدەبی، بە شیعریشەوە، زادەی کانیاو و گۆکان و شێپەڵ و کەنگە و کازیووەی دەقەر و ناوچە و هەرەمەکی دیاری کراون لەم گەردوونە بەسنووردا. ئەوەی سنووربەند و شوورەی ئەو لەکاییە دەشکێنێت و دەیگەنێتە دوورترین خاڵ کە مرۆڤ پێی لەسەر دانابێ، نە ئامرازە پشکەوتووەکانی میدیا و نە ئامرە تەکنەلۆژیا سەردەمییەکانن، بەڵکوو ئەدەبییەتی ئەو ئەدەب و شیعرییەتیی ئەو شیعرەیە. ناوچەگەرایی لە ئەدەبدا ـــ شیعریش وەک پەریزادی ئەو ئەدەبە، چەمکێکی پیرۆز و مەزن و داهێنرانەیە، نەک هەڵگری خەوش و کەمایەسی و گرێ و پاشاگەردانی .

دیارە، ئەدەبیی ناوچەگرایش، بەبێ هزر و خەیاڵ و داهێنانی ئەدیبی ئەو ناوچەیە مەیسەر نابێ. جا چونکە ناوونیشانی بابەتەکەمان، شیعر و قوبادی جەلیزادەیە، لەرەوە دەپێنەوە بە کناری دەقە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بەهرەمەندە.
قوبادی جەلیزادە، وەک شاعیر، بەرهرەمەندکی هەستانی پر توانست و داهێنەر و نوێخوازیی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە. توانستی لە داشتنی دەقە شیعرەکانیدا، هەڵچکەشکێنە؛ لە داهێنانی شیعری نوێدا، قەڵەمەکی لاسانکراوەیە؛ لە نوێخوازیشدا، تخوبی نوێخوازانی سەردەمی خۆی بەزاندووە. هەونتر بەمین، ئەو سێ کوچکە خولقێنەرەی ئەدەبیی زیندوو، هەڵخشکەرن بە داشتنەوەی پێناسەی شیعریی ئەو قەڵەمە لەم وشانەدا:
جەلیزادە؛ دیاردەیەکی شیعری سەربەخۆی ئەدەبیی کوردی و ئاسەیەکی والای دونیای شیعریی گەردوونییە لەم چەرخەدا. دیاردەیەک، بە واتای نەخشەساز و داڕێژەر و بونیاتنەری هەڵچکەیەکی (پێشتر نەبووی) شیعری کوردییە. ئاسە والا گەردوونییەکەشی لە چوار بنەمای ئەدەبیدا، بە گوێی دەنە بەرچاو: کەرستە شیعرییەکانی گەردوونین،

لە مرۆڤ و زیندەوەر و بەگیانەکاندا؛ زمانی ئاخاوتنی شیعریی، کەی زمانەکانی گەردوونە بە زمانی بە زمانەکانیشەوە؛ ناوەوەکی شیعریی دەقەکانی، هەست و سۆزیی شیعریی، بەمیکیاژ و دەمامکی مرۆڤکانە لە هەر کۆیەک بن؛ دەنگدانەوەی دەروونیی قۆناغەکانی، وروژێنەری دەروونی خوێنەرە، بە هەموو ڕەگەز و تەمەن و توێژ و چینەکانەوە.
لە ڕەخنە و ڕەخنەکاریی شیعری کوردیی هاوچەرخدا ـــ سەرەتای هەژاریی ئەدەبیی کوردی لەم بوارەدا تا ڕادەیەک، بەختی جەلیزادە خواڕە نییە و فەرهەنگ، قۆناغەکارییەکان لە دەقە شیعرەکانیدا کردوە. ئەلهەقی، بەرهەمی باشیشیان تێدا ڕەنیوەتەوە،
بەڵام...
ئەگەر بە چاوی قوبادناسێکی بە سەلیقە و ئەزموونداری شارەزا لە ئەدەبی جیهانی، هەستەنگاندنێکی زانستییانە بە نووسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکان بکەین، بیوێژدانی نییە بڵێین:
دەقە شیعرەکانی جەلیزادە، وەکو قەسرێکی گەورەی چەند نهەمی سەردەمی سەدەکانی ناوەندی (ڕەما)یە، ئەوەی دەربارەی ئەو قەسرە نووسراوە و گوتراوە، وەک ئەوە وایە، هەر لە یەک پەنجەرەوە سەرمان بەو قەسرە گەورەیەدا گرتبێ و کەوتبێنە وەسفکردن و پەسنکردن و کەشفکردنی !
تە بڵێی، ئەو هەستەنگاندنە، ناهەقی تێدا نەکرابێ؟!
باوەڕ مەکە! بە هەموو هزر و ئیدراک و ئەقڵەوە ئەم وشانە تەمار دەکەم. لە توانای قۆناغی ڕەخنەکارەکانیش کەم ناکەمەوە. ڕەنگبێ، جیاوازیمان، هەر ئەوەبێ تە لە گۆشەیەک و من لە گۆشەیەکی دیکەوە، سەیری ناوەوەی ئەو قەسرە دەکەین.
من ئەو شاعیرە، وەک ڕەنگەزەک دەبینم، شیعرییەتی ناوچەگرایی (کە بە زمانی کوردی لە باشووری کورستاندا دەنووسێ)، جارێکی دیکە ڕەنگبکاتەوە و شۆڕ ودیمەن و جوانی و ڕەونەقێکی شاکارانەی ئەدەبیی ئەوتەی بە بەردا بکات، کە هەموو خەستەتەکانی گەردوونییەتی پێ ڕەوا ببینێ.
دەزانم، خودی شاعیر، دەخۆشە کە ڕەخنەکاران ئەو وەک (پاشا یان سوڵتانی شیعری ئیرەتیکی کوردی) دەناسێنن. ـــ ئەم نازناوە دروستە و ستایشیش نییە.
بەڵام، پێناسەی تەواو و تەکمیلی جەلیزادەش نییە!
خوێندەوەی ئیرەتیکی و توێژینەوە لە شێواز و شێتەکاری و توێکاریی لە هونەرکاری و سنعەتی ئیرەتیک، لە دەقە شیعرەکانی جەلیزادەدا، لە پێناو کەشفکردن و ڕاڤەکردنی خودی ئیرەتیک و ئیرەتیکا، فەریکە خوێندەوە و زۆر توێژینەوەیە.
بۆچی؟

چونکە، ڕۆخنەکاری کارامە، دەتوانی لەو دیوی ئەو دەقە ئیرەتیکایانە، چەندان جیهانی دیکە کەشف بکات، کە شاعیر، بە جددی و بە فیعلی کاری تێداکردووون، وەک: جیهانی ژن وەک مرۆڤ، جیهانی پیاو وەک ژنکوژ، جیهانی ئازارکانی مەینە. جیهانی بکوژانی ژینگە و ئازادی و ژیان و ئایندە و منداڵ و وەچە و خۆشەویستی...تاد .
میکیاژکردن و پێیداهەڵگوتن بە بەگژ و دەستەواژە و هێستە ئیرەتیکاییەکانی وەک" قاچە درێژ و لووسکانت؛ گەی مەمکەکانت؛ دەپە شۆنمی سەر تووکە بەرەکەت؛ گەڵا هەنجیری نەو ئانکانت؛ بمکە بە دووش لە حەمامەکەتدا..."، خوێندنەوەی هەرزەکارانن. زەربەیجار پەیامەکانی شاعیر، لە دیوی سنووری دەقەکەدا دەدەزرێنەوە، کە ئەو بە ئینقەست لەوەی شاردونەتەوە. ئەم کەشفکرنەش ئەزموون و زانست و لەزانی گەرەکە.
هەرچەندە، شیعر، هەر یەک زمانی هەیە و مەحاڵە ترجەمە بتوانێ دەقە شیعرێک، کت و مت وەک هەیە، بگەنەتە خوێنەرەکی غەیری ئەو زمانەی دەقەکەی پێنووسراوە، بەڵام لە تێگەیشتن و حاڵی بوون لە زمانی جەلیزادە، دەکرێ بە ئاسانی پەیامی شاعیر بگەندرێتە خوێنەرانی ئەم جیهانە، جا بە هەر زمانێک بدوێن. ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی گەروونییەتی جەری بابەتەکانیەتی لە ناوەکدا:
کەبەک بە خەی و باری وەاغەکەوە، لەسەر پشتی، بە جووتە کوشکی دەاو، لە ناو بەفر و سەهۆ، لە ژێر قرمژنی دەستەژی گوللەدا، ڕەی سەختترین کۆستانی سەر سنوور، شەق دەکات، لە پێناو پارەو نانێک بە منداڵە برسییەکانی. ئەم دێمنە، قەت لەم سەدیەدا، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نابینرێ و دووبارە نابێتەوە، غەیری سەر سنوورە دەستکردەکانی نیشتیمانەکەی شاعیر نەبە، بەڵام، ئەو هێندە وەستایانە، ئەم دیمەنە بە شیعردەکات کە کابرایەکی کەمەبی لە تووڵە ڕەیەکی دێیەکەی خێیدا لە کەلمبیا، یان مەرمنداڵێکی سووری لە پەدەشتی گەلاندا، یان ژنێکی ئەرژەنتینی لە کەانیەکی بەینس ئایرسدا، هەمان موعاناتی هەبە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر.
ئەمە، زمانی وەرگەڕانی دەقەکە هاسانتر دەکات. گەردوونییەتی ئازار و ژان و خۆشەویستی و ڕق و برسیەتی، جوان لە نەو دەقەکانیدا توێندراوەتەوە، لەبەریەک دەرهێنانەویان ئاستەمە. ئەمەش گەردوونییەتی بوونی مرۆڤ. بەیە ناسینەوەی جەلیزادە، تەنها بە تاجی ئیرەتیکای سەر سەری دەقە شیعرییەکانی، غەدرێکی گەورەیە،. ناهەقییە دەرهەق ئەو هەموو شاکارانەی کە ژان و خوێن و ئایندەی مرۆڤ و ژینگە و نیشتمان و گەردوون لە خەدگرن، شاکارگەلێک کە بە خوێنی خەی نووسیویەتی و چەقەی تیژی لەسەر ملاگیراوە، بەڵام ئەو، لەوخوێنەی خەی خشبووە، لە پێناو کێشەی دەقە شیعرێکی چاوگەش!

گەشترین خاڵی درەوشاوە لە شیعرەکانی جەلیزادە لەوەدایە، کە ئەو ڕەحە، ئەو پەیامە، ئەو مرۆڤدۆستی و مرۆڤبینییە، گەردوونییە لە زەربەی دەقەکانیدا بوونیان هەیە. کەواتە ڕەنگەکەژی دەقە لەکاییەکانی بە شاکاری گەردوونی پێ بە پێستییەتی، کاتێک دەقەکانی تەرجەمە دەکرێن بە زمانەکانی دیکە.
هەر کاتێک ئەوەمان کرد، ئەوا قوباد لە ناوچەگەریەتی دەردەت و گەردوونییەتی شیعری بە خۆی زامن دەکات. واتا، شیعری کوردی لەو دیوی ئەو کەژ و شاخ و داخەدا، دەگاتە هەموو جیهان. حەتەمن، ئەو کات، ڕەخنەکاران و شیعرناسان، حەقی ئەو شاعیرە ناخۆن و پاداشتی دەدەنەوە!
هەر لە میانەی، جەلیزادە، وەک دیاردەی شیعریی و ئاسەی وانەای دونیای شیعریی گەردوونییەوە، ئەو ئیزافەیەش دەکەم: زمانی شیعری جەلیزادە، گەرچی بە ڕووالەت، تا بڕێی سادە و ڕەوان و ساکار و ئاسانە، بەڵام لەهەمان کاتدا تا بڕێی قورس و زەحمەت و گرانە، باشترین بەرگەش، زەحمەتیی لاساکردنەوەیەتی .
لە زەربەی دەقەشیعرەکانیدا، سیحرەکی شاراوەی کاریگەرهەیە لە نەوان دەستپێک و قوفەدانی دەقەکەدا: دەستپێکێک، هەر لە قسەی ئاسایی دەچێ، قوفەدانێک ،کە لە ناخەوە ڕاتدەچڵەکێنی.
ئەو، تاقە شاعیرە لە هەموو مێژووەدا، بیرەکەی (ئیلهام و سرووشی شیعری) بەتاڵ کردەوە. نزیکەی ١٧٢ دەقە شیعر، لە دوای یەک، بەبێ پسانەوە نووسی. هەر ڕەژەی دەقە شیعرەکی نوێ!

هەرچی پەیام و هاوار و قیژە و دەنگدانەوەیەک، کە لە دەقەشیعرەکانیدا، بوونیان هەیە، ڕەژانە هەستییان پێدەکەین، بەڵام، گەرووەمان توانی ئەو دەربەینانەی نییە، کە شاعیر هەیەتی. بەیە کە دەیانبیستین، وادەزانین، یەکەجار لە گوەماندا دەزرینگەنەوە.
ئەوەندەی من ئاشنا بم، بە شیعری جیهانی، ئیمڕۆ، هیچ شاعیرەک شک نابەم، وەک قوباد، ژینگە و زیندەوەر و بگیانەکانی، لە دەقەشیعرییەکانیاندا تەوزیف کردبێ. شاعیری مەرووڵە و خاخاکە و کیسەڵ و بەفر و گەڵا و دار و بەردە… . ئەگەر یەشار کەمال، سفییانە لە مەرووڵەیەک ڕادەمینێ کە خەریکی ئاو خواردنەوەیە، ئەوا جەلیزادە، ئاشقانە لە خەمی ئەو میرووڵەیە دایە، کە لە کەنار زەریایەک خەریکە نغرە دەبێ!

ئەلهەقی، جەلیزادە شاعیرەکی گەردوونییە، ئەگەر، قەڵەمەکی باڕادەست و کارامە هەبێ، بە زمانی بزانێت و لێی تێبگا و دەنگی

بگەینێتە دونیاش . لەکەلەر و تۆڕەر و ڕەخنەکاری بەتوانا، دەتوانن میتۆد و تیۆریی ئەدەبیی نوێ لە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەودا هەڵبینجن . ئەستا ئەو، وەک دیاردەی شیعریی، کەوتووەتە سەر سکەی خۆی، ئەگەر پچران و وەستان و کەوتنی نەبێتە ڕێ، دوورە نییە لە ئیستگەکانی داهاتوویدا بگاتە (قوتابخانەی شیعری پایەتی خۆی). بەڵام با جارە، ئەو پێشبینییە، بە ئایندە لەگەڵمان.

فازیل شەوقی

٧ ی نیسانی ٢٠٢٢ ـــ دوبلن

بیرۆریەکانی فەقێکی گوومان5...شەمامە بارەوانی

بەشی پێنجەم/

هەرچی عیلمو لکەلامی خوێند، بە پێلکی دارخورما و (نعل) لەی بدەن..!

لەبەشی پێشووتر باسم لەوەکرد، کە لەناو مەلا و فەقێ ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان بە گشتی ڕوانینکی نیگەتیڤ و سەقەت و هەڵو باو هەیە سەبارەت بە لەژیک و فەلسەفە و زانستی کەلام و وەهابیزمەکان خوێندنی زانستی کەلام و لەژیک و فەلسەفە، بە حەرام و تاوان و تابوو دەزانن و
لە کەنەوە هەندک لە پیاوە ئایینیە فەندەمێنتالیزمەکان سەبارەت بە فەلسەفە و لەژیک گوتوویانە:(من تمنطق، تزندق)، یان گووتوویانە(علم لا يفهمه الغبي، ولا يحتاجه الذكي!)،
واتا:زانستەکە کەسی زیرەک پەویستی پێنابەت و کەسی گەوج و گەلیش قازانجی لێناکات !!.

سەبارەت بە زانستی گوتە(علم الكلام)یش،
گوتوویانە(حوکم ئەوەیە بە ئەهلی کەلام کە لێیان بدرێت بە پێلکی دارخورما و (نعل)وە بە نەو هەز و تیرەکان دا بگەڕێنرێن و بوترێت

ئەو پاداشتی کەسەکە کە پشت لە کتێبەکەی خودا بکات و ڕوو لە کەلام بکات.)

هەبەت ئەوەش بڵێم، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە سەبارەت بە لۆژیک و فەلسەفە بە گشتی وا نیە لای پیاوان ئایینی و لە زۆرێک لەقوتابخانە ئایینیەکان و لەحوجرەکان، لە کۆنەو و ئێستاش، کتێبی مەنتیق و زانستی لۆژیک دەخوێندرێت، مەبەستم کتێبی لۆژیکی(إيساغوجي)یە. پیاوی ئایینی هەبووە چەند دانراو کتێبیشی لەو بوارە نووسیو.

بە نموونە بۆتی(محەمەد سەعید ڕەمزان بۆتی) کە مەلایەکی کورد بوو و لەو پایزەی کە بەهەڵە پێ گوترا بەهاری عەرەبی، لە 21 مارسی 2013، لە دیمەشقی پایتەختی سوریا تیرۆرکرا. جا ئەمە لە قوتابخانەی ئاینی(پەلپیتانی)، کتێبی (فقه السيرة)ی ئەو پیاوە ئاینیەمان وەکوو مەنهەج دەخوێند.
من لەحوجرە کەمەک کتێبکیتری ئەو پیاوەم خوێندەوە، لەوانە:
-اللامذهبية أخطر بدعة تهدد الشريعة الإسلامية.
-السلفية مرحلة زمنية مباركة لا مذهب إسلامي.
-الجهاد في الإسلام كيف نفهمه وكيف نمارسه.
-الحكم العطائية شرح وتحليل.
-إشكالية تجديد أصول الفقه.
-كبرى اليقينيات الكونية.
-الإنسان مسير أم مخير.
-المذاهب التوحيدية والفلسفات المعاصرة.
لەمەی دواییان باسی گرووپێ و مەزهەبێ کەلامی و فەلسەفیکان و وجودیەت و مەدەنیەت و سیکەلاریزم و تیوری پڕۆسەندن و لۆژیک و زانست کردبوو و وەڵامی فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی کرد بوو وەڵامی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی)
ماركسی دابوویەوە و گەنگەشەی فەلسەفەی ئیلحادی کردبوو.
حەقیقەت بووتی تەنها پیاوەکی ئاینی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو لاهوتی و تیولۆژیستەکی ئیسلامی و کەسەکی بەواتای وشە مرۆڤکی هۆشنبیر و مەلایەکی موتنەوەر بوو.

مەلای گەورە هەمان شتە، لە پاڵ ئەوەی مەلاو پیاوەکی ئایینی بوو، لەهەمان کاتدا هووناکبیرەکی مەزنیش بوو، تەفسیرەکەی سەبارەت بە قورئان، تەفسیرەکی زۆر لۆژیکی و ئەقڵانییە.

وڵێ ئەوشمان بیرنەچێت، وەک عەبدولکەریشم سروشی بیرمەند و عاریف و فەیلەسوفی بەناوبانگ ئەرانی و هاکردووی تاراوگە نشین دەڵێت(شارستانیەتی ئیسلامی، شارستانیەتی فیقە بووە، نەک فەلسەفە).شارستانیەتی پیاوانی ئایینی و فەقێکان بووە، نەک فەیلەسوفەکان.
بە درێژایی مێژووی ئیسلامی ئەوانەی گرنگییان بە زاستی کەلام و فەلسەفە و لۆژیک و زانستە ئەقڵیەکان داوە، هەمیشە لایەنە فەندامێنتالیستەکانەوە، هووبووی بەخنە و چەوساندنەوە و سەرکوتکردن و تەکفیرکردن و کوشتن و دڕبەدەری بوونەتەوە.

بە ئەوە سەیرکی مێژووی ئیسلامی بکەن و لاپەڕەکانی ئەو مێژووە هەڵدەنەوە، بزان چییان بەسەر باتنی و موعتەزیلە و ئیخوانولسەفا و هەلاج و ئیبولموقەفع و گەیلانی دیمەشقی و جەعدی کوڕی دەرهەم و هەموو ئەو کەسایەتیە عاریف و هوناکبیر و گرووپە فیکری و مەزهەبیانە هەناوە، کە گرنگیان بە کاری ئەقڵ و فەلسەفە و لۆژیک داوە.

جا ئازیزان ئیسلامیسیاسیەکان و سەلەفیزمەکان، ئەو هوانگە هەڵە و ناتەندروستەیان لە هەمبەر لۆژیک و فەلسەفە هەیە. گەرنا مەلاکەنکان و زەر پیاوی تری ئایینی ئەستاش هەن، دژی زانستی لۆژیک نین و ئەستایش ئەو کتێبە لۆژیکیە کلاسیکیەی ئیساگۆگی لە حوجرە و قوتابخانە ئایینیەکان دەخوێندرێت. وەکوو ئاماژەم پێدا. هەرچەند ئەو کتێبەی ئیساگۆگی هەموو شتێک نیە و دنیای لۆژیک و پانتایی فەلسەفە، زەر لەوە فراوانترە، ئەوان کەدەشیخوێنن، هەڵبەت بە خزمەتی ئایینەکە و بە خوارکردنەوە لە پێناو ئایدیالۆژیای خۆیان و سەلماندنی بیر و باوەڕی خۆیان دەیخوێنن، نەک لۆژیک لە پێناو لۆژیک.

شیعر/ سەبری ئاو... جەلال عەبدوڵا ساڵح

A

من ئەو ئادەگرم

ئەگەر ئەو ئاو وەک من ئابگرێ

من و ئەو هەردووکمان یەکتری ئادەگرین

ئەگەر پرد وەک بەراز شانی بشکێ

لافاو وەک سرووشت پێکەنێ

B

ئەو هەتاوی شەوم بوو وەک خەم

ئەو ئەستێرەی گەم بوو وەک بەردی دەم

ئەو شاتووی سپی و

کەمانی سەهەم بوو

C

ئەو لە من دا ژیا وەک خاک بەدەنگ بوو

ئەو لە عەسرا ئایی وەک دوێنێ

چارەیەکی نیە وەک پەڕێ

دەبەت وەک سبەینێ

لە چرکەیەکی ژیان دا جەم بەڕێ

D

ئەو دەڕووا، وەک ئەو دەچم

چوونمان پیویستە، وەک هاتین دوێنێ

خەو شیرینە لە خاکی نەرما

هەموو دەڕێین

وەک ئەوان وەک بەفری سبەینێ

E

من ملیۆنێک کەشتی خەراکم هەیە
من لە ماڵی برسییەتی دەژیم

بە ئەوەی تەربوون نەمرم

دەبێت میزەلانی سبەی بتەقێنم

بە ئەوەی وەک لە ناو برسییەتیدا نەمرم

دەبێت قەپ لە سەوی ئادەم بگرم

F

وەک سەوی سەوز قەیسی مزرێ

وەک چۆن بەهاووک وەک بەفر سپییە

بە ئەوەی قەیسی شیرین بێت دەبێت سەو بمرێت

وەک چۆن قەیسی دەمرێت هەرمێ لێدایک دەبێت

G

بەلای من و تۆدا

سەیارەیەک کەکی

سەربەرەوخوار ڕۆیشت و کەوت

هەردوو چاوی شکا

ئەگەر سەیارەکە نەمردایە

کەسانەکە هووناک دەبوو

من دەمیش چاوی تەم دەبینی

چۆنیەتی وتنەوەی هونراوە و سرود... عەلی حەمەشید

یەکێک لەو بابەتانەی کە منداڵان بە پرسیارەوە گوێی لێدەگرن و چژ و خۆشیی لێوەردەگرن هونراوەیە(شیعر) کە وەک گرانی دەیانەوێ هونراوەی منداڵانیش وەک دەزانین تایبەتمەندی خۆی هەیە و وا باشە ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەدا بە قوتابیانی دەڵێن شارەزایان تێدا هەبێت تا زیاتر سەرکەوتووبن لە هەڵبژاردنی ئەو هونراوانەی کە دەیانەوێت بە قوتابیانی بڵێن هەر لە باخچەوە تا پەلەکانی دواتر.مەرجەکانی هونراوەی تایبەت بە منداڵانیش بەکورتی لێم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

1. کورت و پوخت بن و کۆتاییەکی باشی هەبێت ،بەشێوەیەک کە منداڵ خوێندیەوە یان بۆی خوێندرایەوە چاوەڕوانی دەڵێی تر نەکات.
2. وشەکانی سەر بە فەرهەنگی منداڵان بن.
3. هەوڵبدرێت وشەی نامۆی بە منداڵ زەر تێدا نەبێت.
4. بەپێی ئاستی تەمەنی منداڵ نوسرابن.
5. باس یان وشەی (کوشتن،مردن، خنکان،خوێن...)ی تیا نەبێت یان هەر وشەیەکی تر لەمانە تا لەڕووی دەروونیەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ جێنەهێڵێت.
6. هەوڵبدرێت ئاسۆی بیرکردنەوە و خەیاڵی منداڵ فراونتر بکات.
7. گرنگی بە بەهاکان بگشتی بدات بۆتایبەتی بەها پەروەردەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و هەر بەهایەک کە شاعیر بەلایەوە گرنگ بێت.
8. ڕەچاوی لایەنی دەرونی تێدا بکرێت.
9. هەوڵبدرێت کە خاک و نیشتمان و ژینگە و باوک و دایک و خێزان و مامۆستا لای منداڵان خۆشەویست تر بکات ،هەروەها گیاندار و باڵندەکانیش.
10. بەکارهێنانی فەنتازیا(خەیاڵ) زیاتر وا لەمنداڵ دەکات کە چژی لەوەربگرن و زیاتر لایان بمێنێتەوە.
11. گرنگی بدرێت بە زمان و ڕێزمان و ناکرێت لەپێناو سەروا و وەزنی شیعردا فەرامۆش بکرێن.
12. تا چیرۆک ئامێز بێت باشترە و زوو دەگاتە منداڵ .
13. مۆسیقایەکی ناوەوەی هەبێت کە لەکاتی خوێندنەوەیدا منداڵ

هەستی پێبکات

14. هەوبدرێت لە شیعردا زانیاری هەبێ نەدرێت بە منداڵ، بۆیە وا باشە شاعیر کە بۆ منداڵان دەنوسێت شارەزایێکی باشی هەبێت بە ئەوەی نکەوێتە هەڵەوە.

لەڕاستیدا دەبووایە وەک پڕۆگرام لە وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێک هونراوە و سرودی تایبەت لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە ئامادەبکرایە کە لەقوتابخانەدا لەبەردەست مامۆستایاندا بووایە تا بۆپەی گونجاندن و بابەتی هونراوەکان بۆ ئەو پلەی دەیانوێت لێیهەبژێرن و بۆ منداڵانی بڵێن.لیژنەکەش وا باشە لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارانەدا سەرپەرشتی بکەن(هونراوە ،دەروونناسی،ژینگەیی، تەندروستی،زمانەوانی،کلتوریی و کەلەپور،زانستی...)چونکە منداڵ لە قۆناغی باخچە و بنەڕەتییدا کە بنیاتنانی کەسایەتیی خۆیان و دروستکردنی کۆمەڵگەیێ بۆ شەویەکی ورد و زانستییانە کاریان بۆ بکرێت تا سبەینێ کەسانێکی هۆشیار و چالاک و دروست دەربچن ،چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت هونراوە کاریگەری خۆی بەهەردوو شەوی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر منداڵ جێدەهێڵێت.خۆمان کە گەورەین تائێستاش ئەو هونراوانەمان لە بیرە کە کاتی خۆی مامۆستا بۆیزکانمان پێیان وتووین.بۆیە بۆ وتنەوەی هونراوە بۆ منداڵان وا باشە مامۆستا هەڵچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکات:

15. هەڵبژاردنی هونراوەیەک کە گشت مەرجەکانی هونراوەی تایبەت بۆ منداڵانی تێدابێت.
16. گونجاو بێت بۆ ئەو پلەی کە دەیەوێت بۆمنداڵی بڵێت،واتا لە ئاستی تەمەنیاندا بێت.
17. کورت و پوخت و ئاسان بێت و بۆ ئاوازێک بوترێت.
18. بۆ مۆبەستێک بێت کە مامۆستا پێشتر دیاریکردووە، نەک ئەو هۆزە و بڵێکەوت هونراوەیەکی هاتە بەردەست یەکسەر بۆیان بنوسێت و پێیان بڵێت.
19. پێشتر ئامادەکاری بۆ ئەو هونراوەیە کردبێت کە هۆیی بژاردووە و دەیەوێت بۆمنداڵی بڵێت،بزانێت خاوەنەکەی کێیە؟کورتەیێک دەربارەی ژیان و بەرهەمکانی و ئاگەر پەرتوک یان نامیلکەی چاپکراوی هەبوو ،یان لەگەڵ تایبەتکانی منداڵاندا ناوی هەبوو بۆ منداڵی باس بکات.
20. پەیوستە ئەو سەرچاوەیش دیاری بکات کە هونراوەکەی لەوەرگرتووە، تا منداڵ ئاگەر کەوتە بەردەستی جارێکی تر

بیخوێنەتەوە کە لەوانەیە مامۆستا دەتوانێت حەزی خوێندنەوەی منداڵ پەرە پێبدات تا منداڵان لەسەرتاوە خوێندنەوە بکەن بە کلتور.

21. ئەگەر لەقوتابخانەدا پەرتوکخانەی تێدا بوو لەوە بوترێتەوە باشترە و سەرچاوەکان لەوە هەن و لەرێشەوە هەر کاریگەری ئەرێنی لەسەر منداڵ دروست دەکات بە زیاتر ناسینی پەرتوکخانە و خۆشویستکردنی پەرتوک و گەڤار و خوێندنەوە.
22. خەڵکی ئەگەر ژوری مۆزیک لە قوتابخانەکەدا هەبوو لەوە کاریگەری باشتری دەبێت بەمەرجێک مامۆستا خەڵی شارەزای مۆزیک بێت و بتوانێت ئامێرێک بژەنێت و پێشتر ئاوازێکی گونجاوی بە ئەو هەنراوەیە دانابێت کە دەیەوێت پێیان بڵێت.
23. ئەگەر شارەزای مۆزیک نەبوو دەتوانێت سود لە هاوکاری وەبگرێت و هاوکاری بکەن بە ئەوەی ئاوازی بۆدابنێن ،یان ئەگەر ئەوان ئاوازیان داناوە بە هەمان هەنراوە کە دەزانن گونجاوە بە تەمارکراوی لێیان وەربگرێت بە قوتابییەکانی خۆی سودیان لەوەربگرێت.
24. مامۆستا دەشتوانێت سود لەو گرانییە تەمار کراوانە وەربگرێت کە تایبەتن بە منداڵان بەمەرجێک هەنراوەکە ئەو خاڵانەی لەخۆگرتبێت کە لەسەرتاوە باسمان کرد.
25. وا باشە مامۆستا ئاگاداری ئەوە بێت کە لەهەر پەرتوکێک نوسرا هەنراوەی پەروەردەیی یان بە منداڵان،مەرج نییە هەموو هەنراوەکان گونجاوبن و پەروەردەیی بن و دوور بن لە وشە و وێنەی نەشیاو.بۆیە پێویستە مامۆستا ئامادەکارییەکی باشی بە بکات و بە وردیی و بە باشی هەڵسەنگاندنی بە بکات و بیخوێنێتەوە ئەوسا بۆیار بدات کە بە منداڵی بڵێ،چونکە کارێکی وا ئاسان نییە .
26. ئەگەر لە قوتابخانەدا (داتاشە) هەبێت ،مامۆستا دەتوانێت بە ئەو کارە سودی لەوەربگرێت.

شێوازی وتنەوەی هەنراوە یان سرود:

هەموو ئەو ڕاستییە دەزانین کە منداڵان بەگشتی زۆر حەزیان لە گۆرانی و مۆزیکە و بەگوێگرتن لەگۆرانی دەخۆش دەبن و جیهانە تایبەتەکەی خۆشیان وا دەخوازێت کە بە ئەوەی چێژ لە ژیان و سەردەمی منداڵی وەربگرن ئەمەی گەورە بوریایییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین و وەک مافێکی ڕەوای خۆیان لەو کارە بوانین.بۆیە مامۆستایانی ئازیز کە هەمیشە پێشەنگ بووون لە پەروەردە و فێرکردندا بەهەمان شێوە لەم کارشدا هەر پێشەنگن و

بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە لە ئەستۆی ئێوان .لەکاتی وتنەوەی هەنراوە یان سرود دا پێویستە گرنگی زیاتر بەم بوارە بدرێت و بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێگایەکی ئاسان کە منداڵان هەم چێژی لێوەربگرن و هەم هەنراوەکەش بە ئاسانی لەبەر بکەن.

• سەرەتا مامۆستا هەنراوەکە جارێک بەدەنگەوە بە قوتابیان بخوێنێتەوە تا بتوانێت حەزی منداڵەکان بۆ هەنراوەکە لێسیمایانەوە ببینێت.

• پاشان چیرێک ئاسا باسکی کورتی هەنراوەکە بکات و ناوی خاوەنەکەی بە منداڵان بڵێت.

• ئیتر دێ دێ لەسەر وایت بۆردەکە بینوسێت و بەو ئاوازەی کە ئامادەی کردووە خۆی بیڵێت و ئێوانیش لەدوایەوە بیڵێنەوە.

• کەزانی دێی یەکەم بەباشی دەتوانێت ئێوا دەتوانێت دێی دووەم بنوسێت...بەمشێوەیە تا کۆتایی هەنراوەکە.

• دواتر دەتوانێت یەک یەک قوتابیان هەڵبسەنگێت و بیڵێنەوە.

• لەم وتنەوەیەدا مامۆستا دەتوانێت ئێوانە دیاری بکات کە دەتوانن باشتر بەو ئاوازە بیڵێن و زووتر لەبەریان کردووە وەک کەرسەک.

• دواتر جارێک ئەمان وەک کەرس بیڵێن و ئێوانەش کە ماون دوای ئەمان بیڵێن و جاری سێیەم هەمووان پێکەوە بیڵێن.

• بەدووبارەکردنەوەی لەم شێوەیە لەگەڵ مامۆستا هەمووان دەتوانن هەنراوەکە لەبەر بکەن..

• ئیتر داوا لە قوتابیان بکات کە لە پێناوی تایبەتدا بینوسن.بە وانەی داهاتوو دووبارە بکرێتەوە باشتر و ئاسانترە لای قوتابیان و بە دووبارەکردنەوەش زیاتر لەبەری دەکەن و بەخێشییەوە دەیڵێنەوە.

عەلی حەمەشید
سەرپەرشتیاری پڕۆژەیی

گۆران بە دوای بۆهاکانی جوانیدا لە شیعری گۆراندا: دوو

ئاست لە جوانی-2-… نووسینی/ عەتا قەرەداخی

(بەشی دووەم)

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە کێی بەرهەمی شیعری گۆراندا جوانی بووەتە فەزایەك کە هەژموونی بەسەر هەموو دەقەکانیدا کردووە، بەو دەقانەشەوە کە پەیوەندییان بە بواری سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاوە هەیە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە گۆران وەکو شاعیر پێوایە شیعر لە هەر جۆرێك بێت بەبێ جوانی بوونی نیە. ئەمەش لە روانگەی بەرهەمهێنانی شیعرێتەوە بۆچوونێکی تەواو دروستەو ئەوەی پێکهاتەیەکی زمانی دەکات بە شیعر تەنیا بنیادی نووسین نیە، چی ئەو بنیادە کلاسیکی بێت یان نوێ، بەڵکو لەپاڵ بنیادی زمانی یان شێوەی نووسیندا هەگەزێکی تر هەیە ئەویش بوونی شیعریەتە کە بنەمای سەرەکی شیعریەتیش جوانیە، هەربۆیە ناشێت بە بێ بوونی جوانی شیعریەت و بەو پێیەش شیعر بەرهەم بێت.

ئەم فەزای جوانیەی کە پانتایی شیعری گۆرانی داگیرکردووە بەشێوەیەکی سەرەکی دوو بوار دەگرێتەوە، کە ئەوانیش ئافرەت و سرووشتە. ئەم دوو هەگەزە هەردووکیان لە روانینی فەلسەفیەوە دوو هەگەزی نەرم، ناسك، هێمن، سۆزدارن. هەروەك هەردووکیان رووبەڕوکن لە خەیاڵ و ئەندێشەو بەرهەمهێنی ئەفسانەو یۆتۆپیان، کە ئەمانەش بەگشتی بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعری و شیعریەت و داهێناندا. ئەوەی جێگای سەرنجە لە شیعری گۆراندا ئەم دوو هەگەزە بەردەوام پێکەوە دێن و بەشێوەی ئاوگۆ دەشوبهێنرێن بە یەکتری. ئەویش بەپێی پێداویستی ئەو ئامانجەی کە دەقەکە مەبەستیەتی، یان پرسیار و جیهانبینی دەقەکە دەیسەپێنێت. هەروەك جوانی هەریەکە لەم دوو هەگەزە بەشێوەی ئاوگۆ دەبێتە سەرچاوە بۆ جوانی ئەویتریان.

لە هەبەستی (ئافرەت و جوانی) دا گۆران دەڵێت: بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز… بۆ رووناکی یە بۆ بزەی ئازیز). کاتێ گۆران لە بری زاراوەی سرووشت وشەی تەبیعەت بەکار دەهێنێت بەمان دەردەکەوێت یان بەجۆرێك هەستی پێدەکەین کە وشەی تەبیعەت وشەیەکی شیعریترە بۆ ئەو چوارچێوەی کە ئەو تیایدا بەکاری هێناوە. تەبیعەت هەموو ئەو گەردوونە دەگرێتەوە کە هەموو بوونەوەرانی تێدا دەژی بە مرۆڤیشەوە ئەمە بێجگە لە هەگەزە نازیندووەکان. لەم گەردوونەدا دوو سەرچاوەی

سەرەکی رووناکی هەن کە خۆر و مانگن و خۆر سەرچاوەی هەموو رووناکی و وزەیەو بۆ بوونی ئەو ژیان بوونی نیە. بەڵام لەپاڵ ئەم سەرچاوە گەورەیەدا گۆران سەرچاوەیەکی تری رووناکی لەم تەبیعەتدا دیاری دەکات و وایشان دەدات کە سەرباری بوونی خۆرو سەرباری بوونی مانگ، ئەم تەبیعەتە بە تاریکی دەمێنێتەوە ئەگەر بزەی ئازیز، واتە ئەوی ئافرەت بوونی نەبێت. کەواتە لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە لە دیدی گۆرانەوە ئەم گەردوونە بەبێ بوونی ئەوی ئافرەت بەبێ بەخشینی زەردەخەنەو بزەی سەرلێوی ئەوی ئافرەت تاریکستانە. کە ئەوەش لە ئاستێکی قووڵتردا مانای نەبوونی ژیانە بەبێ ئەوی ئافرەت. لێرەوە ئافرەت و بزەی سەرلێوی کە دەبێتە پاڵنەرو مۆتیڤی رووناك کردنەوەی تەبیعەت بەرهەمهێنی ژیان و زیندەگانیە لە گەردووندا، هەروەك زاراوەی بزەی ئازیز وەکو وێنە لە ناوەڕۆکدا ئاستێك لە جوانی بەرهەمدەهێنێت و نهێنیەك لە خۆیدا هەڵدەگرێت.

لە وێنەی پێشوودا جوانی ئەوی ئافرەت دەبێتە مۆتیڤی بەردەوامی ژیان، بەڵام هەر بەدوای ئەوەدا شاعیر بەراوردێك دەکات لە نێوان جوانی هەندێ لە توخمەکانی نێو سرووشت و هەندێ بەشی جەستەی ئەوی ئافرەتداو سەرئەنجامیش قورسایی بەراوردکردنەکە بەلای ئەوی ئافرەت و جوانتربوونی ئەو لە سرووشت دەشکێتەوە. گۆران دەڵێت: (کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی/ ئاڵە وەك گوڵمی گڵی مەمکی لێوی).گۆران لەنێو هۆگەزەکانی سرووشتدا بەدوای دەگمەنەکان لە جوانیدا دەگەڕێت و وەریاندەگرێت و بەراوردیان دەکات لەگەڵ هەندێ شوێنی هەستیاری جەستەی ئافرەتدا. لەو هەڵبژاردنەشدا وشەی کام بەکار دەهێنێت کە مانای هەڵبژاردنی باشترین لە ناو ئەو پڕ یان ئەو چەشنەدا دەگەیەنێت. کاتێ دەڵێت کام گوڵی کێوی مانای وایە لەنێو هەموو گوڵە کێویەکاندا ئاڵترینیان هەڵدەبژێرێت و کاتێکیش دەڵێت کام ئەستێرەی گەش، مانای وایە دوو ئاستی هەڵبژاردن هەیە یەکەمیان ئەستێرە هەڵدەبژێرێت و لە ئاستی دووەمیشدا لەنێو ئەستێرەکاندا گەشترینیان هەڵدەبژێرێت و بەراوردیان دەکات لەگەڵ گوڵم، گڵی مەمك، لێو، کە ئەو وەها وێنای ئەم سێ هۆگەزەی جەستەی ئافرەت دەکات کە ئاڵن و پێیوایە هیچ ئەستێرەیەکی گەش و هیچ گوڵێکی کێوی لە ئاڵیدا شان لەشانی گوڵمی ئەوی ئافرەت و گڵی مەمکی و لێوی نادات. لەڕاستیدا جوانی سرووشت یان وەکو گۆران خۆی دەیڵێت جوانی تەبیعەت، سەرچاوەیەو، ئەسڵەو هەموو جوانیەکانی تر لەبەرگیراوەی ئەون یان لاسیکردنەوەی ئەون. بەڵام ئاشکرایە کە لە روانگەی گۆرانەوە ئەوی ئافرەتیش بەشێکە لە کڵی سیتڵمی تەبیعەت و لە رووی جوانیشەوە لەئاستی یەکەمدایەو بۆ نیشاندانی جوانی

هەگەزەکانی سرووشت. لە کاتێکدا ئەو هەگەزانە لێکچواندنیان پێدەکرێت لەگەڵ جوانی ئافرەتدا یان بەراورد دەکرێن بە جوانی ئافرەت و زۆربەی کاتیش جوانی ئافرەت وەکو سەرچاوە یان ئەسڵ نیشان دەدرێت و لە جوانی هەگەزەکانی تری سرووشت جوانتر بەرجەستە دەکرێت. لێرەوەو لەئاستی نەبینراوی وێنەکانی گۆراندا وەکو بەشێك لە بنەمای دەق، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئافرەت وەکو هەگەزێکی مرۆیی و وەکو جوانی ئەگەر لە پێش سرووشتەوە نەبێت ئەوا هاوشانی سرووشت و جوانیەکەیەتی.
گۆران هەردوو جوانی ئافرەت و جوانی سرووشت پێکەوەتەکەڵاو دەکات و تابلۆیەکی قەشەنگی نموونەی باڵای جوانی لێ بەرهەمدێنێت. واتە شاعیر لە بەئاگاییەوە بێت یان لە نائاگاییەوە ئەو بەدوای بەرزترین ئاست لەجوانی یان جوانی رەهادا دەگەڕێت. هەروەك دیارە نە پێوانەیەك و نە ئاستێکی دیاریکراو نیە بێ جوانی و پێناسەیەکی ئاشکراش بێ جوانی رەها نیە، چونکە جوانی پەیوەندی بە هەستەوە هەیەو وەکو هەر شتێکی تری ئەم گەردوونە شتێکی ڕژەییە. لە پێکەوەبەستنی جوانی ئافرەت و جوانی سرووشتدا گۆران لە هەڵبەستی (جوانی لادێ)دا دەڵێت:

چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت
پرشنگی خشڵ ئەبەڕق ئەکا دەوروبەری پێت
ڕۆژی دەمی کەل حازرە بێ پێشکەشی بەرپێت
ئێوارەیە وا، هەگرە سا گۆزەی تازە.

شاعیر وێنەیەکی بەرجەستەی ئافرەتی لادێ پێشکەش دەکات کە چەن دەمی ئێوارە یان خەرمانشین گۆزە دەنێتە سەرشانی و بەرەو کانی دێ دەڕوات بێ ئەو هەنان. لەم وێنە بەرجەستەکراوەدا جوانیەك نیشان دەدرێت کە جوانی سادەو خاوێن و بێ رتووشی لادێیە، واتە جوانی سرووشت. ئافرەتی لادێ بە جوانیە ئاسایی و دەستلێنەدراوەکەیەوە وەکو بەشێك لەو سرووشتە وایە کە دەستی مرۆڤـــ و شارستانێتی و تەکنەلۆجیای پێنەگەیشتووە. واتە گۆران لەئاستی قۆی ئەم وێنەیەدا جوانیەك نیشان دەدات کە هاوشانی جوانی سرووشتە کە هیچ پەیەکی پێوە نیە یان هیچ پەیەکی بەرنەکەوتووە. ئەمی ئافرەت خێی جوانە، بەڵام کاتێ دەمی خەرمانشین زەردەی خەر لێی دەدا زیاتر جوانیەکی پەخش دەبێت. ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئەو خشڵ و زێڕو زیووەی بە ئافرەتەکەوەیە تیشکی زەردی خەرەتاوی دەمی ئاوابوون عەکس دەکاتەوەو وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ پەخش دەبێت و دەبریسکێتەوە، هەمان شێوەی ئەو تەسبیحە قەزوانە ئەبڕقەی کە چەندین ڕەنگ دەنوێنێت و

سەرنجی مرۆڤ بۆ خۆی کێش دەکات و دەبێتە بەرهەمهێنی جۆرێک لە چێژ، کە لەئاستیدا چێژی جوانیە. کاتێ ئەمی شێخ و شەنگ لەدەمی خۆرئاوادا بە گۆزەی سەرشانیەوە ڕێگای کانی دەگرێتەبەر، ڕێژ کە لە چرکەساتی ئاوابوونداید ئامادەیە خۆی بخاتە بەرپێی ئەمی ئافرەت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت خۆر سەرسامە بەجوانی ئەمی ئافرەت و ئامادەیە لە خزمەتیدا بێت. لێرەدا سەرباری وەسفکردنی تابلۆی قەشەنگی خۆرئاوابوون و پەخشبوونی چەندین ڕەنگ لەئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی زەردی دەم کەلدا بۆ خشڵەکانی ئەو، جوانیەکەی ئەم هێندە کاریگەرە کە خۆر هەرچەندە لە دەمی ئاوابوونیشدایە، بەڵام ئامادەیە ببێتە پەروانەی دەوری ئەم. دەشێ گۆران خۆی بەخۆر چواندبێت و جوانی ئەوی کچی لادێ بەجۆرێک کاری لێکردبێت کە سەرباری هەڵکشانی تەمەنیش بەڵام ئامادەبێت لەبەرپێی ئەوی شێخدا بمرێت. ئەمەش لەئاستیدا بریتیە لە قوربانیدان لە پێناوی جوانیدا، بەڵام جوانیەک کە دەستی لێنەدراوە، جوانی کچی لادێ، واتە جوانی سروشتی خاوێن و پاکژ. دیسان لێرەدا جۆرێک لە گەڵانی بەردەوام بە دوای گەوهەرو ماهیەتی جوانیدا دەردەکەوێت و ئەوی شاعیریش لە کێششی بەردەوامدایە بۆ گەیشتن بەو گەوهەرەی جوانی و ئامادەیشە لەناویدا بتوێتەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە گەڵانی گۆران بە دوای جوانی و گەوهەری جوانی و چێژی جوانیدا هاوشێوەی گەڵانی سۆفیە بە دوای ڕەحی باڵاو کێششکردنە بۆ دۆزینەوەو گەیشتن بەو ڕەحەو توانەوە تیایدا. بە مانایەکی تر لە ڕوانگەی گۆرانەوە جوانی بەرزو بڵندو پاکژ و بێگەردە وەکو ڕەحی باڵا. هەروەک گۆران وێ و سەوداسەری ئەوەیە کە بگات بە گەوهەری جوانی ڕاستەقینە کە ئەوەش سەرئەنجام بەرەو قۆناغی جوانیپەرستی دەیبات. هەر لێرەشەوەیە لە شیعری گۆراندا پەیوەستبوونێکی هێجگار قوڕ بە ئافرەت و سروشتەوە هەیە چونکە ئەم دوو ڕەگەزە بەرهەمهێنی ئەو جوانیە باڵایەن کە ئەوی شاعیر لە هەوڵ و کێششی بەردەوامدایە تا پێی بگات.

شاعیر نەک هەر بەچاو جوانی دەبینێت و دەناسێت، بەکو پێدەچێت لە ئاستێکی باڵادا لە دەرەوەی بینین و لەلایەن هەستەوەرەکانی تریەوە هەستی پێبکرێت. گۆران لە هەبەستی" لە درزی پەچەوە" بەجۆرێک وەسفی جوانی دەکات کە هەست دەکرێت ئەو بە چاوی دڵ یان بەچاوی ڕۆح، جوان یان جوانی دەبینێت. لەم هەبەستەدا گۆران دەڵێت:

لەپڵ نازانم چۆن سەرم هەبێ
بەرامبەرم بەژنێک دەرکەوت: وەک پەری
لەگەڵ ئەوەی لە عەباوە ئاڵابوو
لە دیمەنی شیرینی ئاشکرابوو.

ئەو باسی ئەوە دەکات کە خۆیشی نازانێت چۆن لە پێ سەری هەبێووەو بەژنکی جوانی شێوە پەری بینیووە. لێرەوە دەشێ وای لێکبدەینەوە کە بۆجگە لە چاوی ئاسایی یان بۆجگە لە هەستی بیستن، لێرەدا هەستی تر هەیە بێ پەیبردن یان زانینی هاتنی ئەو شێخە و هاتنی ئەویش هێکاربووە بێ ئەوەی شاعیر لە پێکدا سەری هەبێت، واتە سەرهەبێینی ئەم هێزکی تر درووستیکردووە کە وەکو گوتمان دەشێ بینین بێت بەچاوی رۆح یان دێ. ئەوەی ئەم دەیبینێت لە عەباوە ئاڵاوە، بەڵام لە بینینی ئەمدا هەم وەکو پەری وابووە، هەم لە دیمەنیدا شیرینی ئاشکرابووە. ئەمی شاعیر ئەو بەژنەی بینیوێتی سەرباری ئەوەش لە عەباوە پێچراوە، دەیشوبهێنێت بە پەری. هەرچەندە ئەمە نازانین ئایا جەستەی ئەو کەسە دەشوبهێنێت بە پەری یان لەسیماو روخساری، لە کاتێکدا ئەگەر ئەو لە عەباوە پێچرابێت مانای وایە ئەم نە سیماو نە جەستەشی بە باشی نابینێت. کەواتە دیسان لێرەشەوە دەشێ وای بێ بچین کە ئەم بە چاوی رۆح، یان دێ دەیبینێت و بۆی دەردەکەوێت کە هاوشێوەی پەریە. هەروەك دەشێ لەبنەڕەتدا ئەم وێنە بەرجەستەیەی کە ئەو وەکو پەیکەر پێشکەشی دەکات، لە واقیعدا بوونی نەبێت و کۆی وێنەکە درووستکراو یان بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر بێت. ئەم لێکدانەوەیەش زیاتر ڕەگای تێدەچێت. ئەویش لەبەرئەوەی کاتێ ئەفرێندەری ئەو وێنەیە بێت و لە خەیاڵدا درووستی کردبێت، دەزانێت کە شێخ و شەنگ و فریشتە ئاسا درووستی کردووە. لە لایەکی ترەوە شاعیر تەنیا لە دیمەنی ئەو بەژنەدا کە لە عەباوە ئاڵاوە شیرینی دەبینێت کە ئەویش دیسان دەشێ لە ڕەگای هەستەکانی ترەوە بگات بەو ئەنجامە، چونکە هەستی بینین بە چاو ناتوانێت خاسێتی شاراوە یان نادیاری شتەکان دیاری بکات، بە تایبەتی ئەو خاسێتانەی کە ئەرکی هەستەوەرەکانی تر دیاریان بکات. هەرچەندە لێرەدا شاعیر باسی شیرینی مەعنەوی دەکات نەك شیرینی مادی کە ئەمەی دووەمیان لە ڕەگای هەستی چێژکردنەوە دیاری دەکرێت.

شاعیر لە ڕەگای لێکچواندنی بەشەکانی جەستەی ژنەوە، کە ئاوی ژن بە پەری ناوی دەبات، بە هۆگەزە جۆراوجۆرەکانی سرووشت، تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە چەندین وێنە پێشکەش دەکات کە پێکەوە بەرهەمهێنی ئاستێکی بەرز لە جوانین و هەردوو هۆگەزی سرووشت و بەشەکانی جەستەی ئافرەت لەبەرهەمهێنانی ئەو جوانیەدا بەشداری دەکەن. شاعیر دەڵێت:

قۆ و مەچەك ساف و سپی وەك شووشە
سەرپەنجەکان یاقووتێك بوون بە ورشە
بۆینە سەر چاو: چاوێك... بۆم چ چاوێك؟

کانی سیحر، دەریای عیشوە، گۆاوێك
کەوا کەوتە بەر شەپۆلی هەستی من
لەو ڕۆژەوە هەر نقوم ئەبێ بەرەو من.

ئەوێك کە لە عەباوە پۆچراوە، ئەمی شاعیر وەسفی قۆل ـَو سەرپەنجەکانی دەکات. قژ دەچونێت بە شووشەی سپی و ساف و بێ خەوش، سەرپەنجەکانیش دەچونێت بە یاقووت. لێرەدا شووشەو یاقووت وەکو دوو ڕەگەزی سرووشتی کە هەمای سپێتی و سافی و درەوشانەوەن، خاوەنی پێناسەی خۆیانن و ناسراون، قژ و سەرپەنجەی ئەم لەگەڵ ئەوان لێکچواندنیان پێدەکرێت بەمەبەستی دەرخستنی جوانی ئەمی ئافرەت. هەروەك چاوەکانیشی لێکچواندنیان پێدەکرێت لەگەڵ کانی سیحرو دەریای عیشوەو گۆاو. لە لێکچواندنی قژ و مەچەك و سەرچەنجەدا، توخمە کانزاییەکانی سرووشت وەردەگرێت، بەڵام لە لێکچواندنی چاودا ئەو توخم و ڕەگەزانە وەردەگرێت کە پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە. قژ و مەچەك و سەرپەنجە جێگیرن، هەمان شێوەی جێگیریی کانزاو ڕەگەزە ئۆرگانیەکانی تری ناو سرووشت، بەڵام چاو بە نیگاو بینین و پەخشکردنی نهێنی و هەست و حەزو ئارەزوو لە جۆەی بەردەوامدایە وەکو ئاو کە وەستانی نیە. چاو کانی سیحرە، واتە سەرچاوەی نهێنی و کەمەرکەشکردنی ڕەگەزی بەرامبەرە، چاو دەریای عیشوەیە، دیارە عیشوە لێرەدا بریتیە لە حەزو ئارەزووی دنیایی. بەم پێیە چاو سەرچاوەی نیشاندانی حەز و ئارەزووە دنیاییەکانە. چاو گۆاوە، واتە چاو ئەو قوڵایی و ونکەرو حەشاردەرو ڕاکشەرەیە کە هەم شتەکان پەردەپۆش دەکات هەم ئاڕاستەیان دەکات و هۆکەشی ئەوەیە کە هاوشێوەی گۆاوی ناو دەریاو ئۆقیانووسەکان ڕەگەزی بەرامبەر ڕادەکێشێت و لەخۆیدا ونی دەکات. لێرەدا شان بەشانی بەرهەمهێنانی جوانی ئەم وێنە یەك لەدوای یەکانە ئاماژەی حەز و ئارەزووی جەستەیی ئەوی ئافرەت دەردەخەن و ئەوەش نیشان دەدەن کە چۆن کاریگەری خۆی لە ڕۆگای چاوەوە لەسەر ڕەگەزی بەرامبەر دادەنێت و بەدوای خۆیدا کێشی دەکات و دەیخاتە گۆاوی دەریای بێبنەوە. لێرەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە دەڕێت سەرباری ئەوەی کە ڕەگەزی نێر چەند خۆی بەهێز نیشان بدات و چەند هەمای پتەویی و تووندوتیژی و نەچەمانەوە بێت، بەڵام هێشتا نیگاو حەزو سیحری چاوی ئەوی ئافرەت هەژموونی بەسەر ئەمی پیاو یان ڕەگەزی نێردا دەکات و موگناتیس ئاسا بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت و لە گۆاوی حەز و ئارەزووەکاندا ونی دەکات. هەرئەوەش وادەکات کە ئەمی شاعیر لەو ڕۆژەوە ئەو بەژن و باڵاو ئەو چاوە ئەفسووناوییانەی بینیووە کەوتووتە ناو ئەو گیژاوە قوڵەوەو بەدوایدا دەڕوات.

لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤـــ بە سرووشتی عیشقی جوانیە. پاڵنەری ئەم عیشقەش دوو ئاستە لە چۆژ، چۆژی ڕۆحی و چۆژی جەستەیی. یەکەمیان ڕەهەندێکی سۆفیانەی هەیە و دووەمیشیان ڕەهەندێکی دنیایی هەیە. مرۆڤ بە سرووشتی پێکهاتەیەکە هەردوو ڕەهەندەکە لە بوونی ئەودا کۆدەبنەوەو ئەگەر جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا دروستبوو، ئەوا کەسێتی مرۆڤـــ هاوسەنگ دەبێت و ئەم هاوسەنگبوونەش هاوشێوەی هارمۆنیای سرووشتە. ئەگەر ناهاوسەنگیش لە پەیوەندی ئەم دوو ڕەهەندەدا هەبێت ئەوا ناهاوسەنگی کەسێتی دروست دەکات و ئەمەش هاوشێوەی تێکچوونی هارمۆنیای سرووشتە کە مەبەست لە هارمۆنیای سرووشت پێکەوە گونجاندن و پێکەوە کارکردن و تەواوکردنی یەکتری توخم و هێگەزەکانی نێو سرووشتە.

جوانی لای گەران شتێکی بێ لایەن و بێ کاریگەری نیە، بەکو سەرباری ئەوەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی چێژەو چۆژ دەبەخشێت، هەروەها ڕۆڵی کارکەرو پاڵنەریش دەبینێت لە ژیاندا یان بە دەربڕینێکی تر وەکو مۆتیڤی ژیان کاردەکات و دەبێتە هۆی درێژەدان بە ژیان و زیندەگانی بە تایبەتی گەران دیمەنێك پێشکەش دەکات کە تیایدا کەسێك بەرجەستە دەکات کە هیچ چاوەڕوانیەکی نەماوە لە ژیانداو تەنیا چاوەڕوانی مردن دەکات، بەڵام جوانی دەبێتە ئەو مۆتیڤەی کە هیوای ژیانی لادروست دەکاتەوەو ئومێدپەیداکردنەوە بە ژیان بەسەر بێ ئومێدی و چاوەڕوانی مردندا زاڵ دەبێت. لە هەبەستی (نیاز)دا گەران دەڵێت:

چاوەنوازم، سا کەی گەردوون، گەردوونی بێ باك
جانەوەری گۆڕ هان ئەدا بمکاتە خۆراك؟
بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شەڕەژنی شۆخ
بە لێوی ئاڵ، بەچاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ
بە باڵای بەرز، بەئەندامی نەرم و شل و جوان
هەوتی شیرین، عیشوەو نازی گفتوگۆ و جوڵان
بەم جوانیانە کە زینەتی بەهەشتی دنیان
بەم جوانیانە کە لە تۆدا هەموویان پەیدان
لەو ڕۆژەوە دیوومە سیحری زەردەپەڕی تۆ
دنیای دەروون مەلەکانی هاتووەتەوە گۆ
سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قۆ
باغچەی ژینم پێ بۆتەوە لە نەمامی گۆ.

ئەم لە چاوەڕوانی مەرگدایە، واتە هیچ ئومێدێکی ژیانی نەماوە، بەڵام ئەوی ژن بە جوانیەکانی کۆتایی بە بێ ئومێدییەکانی ئەم دەهێنێت و دەیگۆڕێتەوە بێ ژیان. شاعیر لە وەسفی هێگەزە جۆراوجۆرە

جوانەکانی جەستەی ئەوی ژندا هەوێنی زیندەگانی و درێژەدان بەژیان رامدەکات. کاتێ باسی بەشەکانی جەستەی ژن دەکات، وەکو هەکاری گرانەوەی کەسێکی بێئومێدبوو بێ ئامێزی ژیان سەیریان دەکات. ئەمی شاعیر لە ڕۆگای نیشاندانی دیمەنە جوانەکانی جەستەی ژن یان ئافرەتەوە دەیەوێت ئافرەت وەکو پێکهاتەیەك لە جوانی پێکەش بکات. هەر لەسەرەتاشەوە ئەو ژن وەکو یارو یاری نازدار دەدوێنێت. کەواتە لێرەدا جۆرێك لە هەگری و پەیوەندی لە نێوان خێ و ئەوی ژندا نیشان دەدات کاتێك بە دەربڕینی یار دەیدوێنێت و لەپاڵ ئەوەشدا وەسفێکی بەرزی دەکات بە دەربڕینی شۆخ و شەنگی ژنی شۆخ کە ئەمەش مانای کێبوونەوەی گەلێك سیفاتی جوانیە تیایدا. کە دواتر ئەو سیفاتەنە وردە دەکاتەوەو هەریەکەیان بەپێی گونجاندن و ڕێبینین بۆ بەرجەستەکردنی تابلۆیەکی جوان کە ببێتە سەرچاوەی بەخشینی چێژی جوانی بەکاردەهێنێت. لێوی ئاڵ، چاوی ڕەشی تۆخ، باڵای بەرز، ئەندامی نەرم و شل و جوان، ەوتی شیرین، عیشوەی ناز لە گفتوگۆو جووڵانا. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕۆگای دەربڕینی زمانەوە، گۆران کۆگایەك لە خاسێت و سیفاتی جوانی هەیە بۆ ئەوەی بیانداتە پاڵ هەر شتێك کە دەیەوێت وەسفی بکات. هەر ئەوەش هەکاری سەرکەوتنی ئەم شاعیرەیە لەبەرهەمهێنانی چەندین وێنەی شیعری ڕەنگاوڕەنگدا کە هەریەکە لەو وێنانەش بەو ئەندازەی کە بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی جوانیدا، بەشداریش دەکات لە بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکانیداو بەهەمان ئەندازەش دەبێتە ەگەزی یەکەمی زمان یان دەق بۆ هەگرتنی دەلالات و مانای جۆراوجۆر بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کە تیایدا بەکار دەهێنرێت.

ئاوەناوەکانی (ئاڵ، ڕەش، تۆخ، بەرز، نەرم، شل، جوان، شیرین)، کە وەسفی لێو و چاو و باڵا و ئەندامانی تری لەشی ئەوی ژن دەکەن، لەلایەك بەرهەمهێنی تابلۆیەکن لە جوانی، لەلایەکی ترەوە هەگری دەلالاتی مێتین و لەپشتی ئەمەشەوە جۆرێك لە ڕچوون و شۆبوونەوە بۆ ئاماژەی سێکسی هەیە کە هەستی بینین یان بیستن و بەرکەوتن لەم ەگەزانەی جەستەی مێ یان ئەوی ژندا هەستی پێدەکات یان دەیبینێت. شاعیر هەموو ئەم جوانیانە کۆدەکاتەوەو بە جوانی بەهەشتی دنیا باسیان دەکات و هەموویشیان لەوی شۆخ یان لەوی یاردا هەن. ڕەنگە ئێستا سەرنجمان بۆ ئەوە بچێت و بپرسین مەبەست لە بەهشتی دنیا چیە؟ ئاشکرایە ئەوەی باوەو پێی ڕاهاتووین بەهەشت بەپێی چەمکی ئایین ئەو پاداشتە مەزنەیە کە خودا لە دوای ڕۆژی لێپرسینەوە دەیبەخشێت بەو کەسانەی کە بڕوادارن و بەدێسزیەوە فەرمایشتەکانی ئەویان جێبەجێکردووە. ئەم بەهەشتە بەهەشتێکی

چاوەڕوانکراوەو تەنیا ئەوەندەی لەبارەوە دەزانین کە دنیایەکی بێ وێنەیەو بێ مرۆڤی زیندوو خەونکی ئایندەییە. بەڵام لەپاڵ ئەم بەهەشتەدا گۆران باسی بەهەشتی دنیایی دەکات. بۆگومان مەبەست لە بەهەشتی دنیایی دروستکردنی دنیایەکی هاوشێوەی ئەو بەهەشتەیە کە خەونی ئایندەیە. ئەمیش واتە بەهەشتی دنیایی دروستکردنی فەزاو دنیایەکە با بچووکیش بێت کە خاستەکانی بەهەشتی ئەو دنیای هەبێت. واتە دنیایەك مرۆڤ تیایدا بگات بەهەموو ئەو شتانەی کە ئارەزووی دەکات. گۆران ئەو بەهەشتە لە ئەوی ژندا دەبینێت، کەواتە لێرەدا گۆران ژن هاوشێوە دەکات لە گەڵ بەهەشتی خودادا. خاوەن بۆاو گوڵایەکانی فەرمانی خودا بە ئومێدی ئەوەن لە بەهەشتدا هەموو ئەو شتانەیان بێ دەستەبەر ببێت کە دڵیان دەیخوازێت. ئەمی شاعیریش وەها سەیری ئەوی ژنی شۆخ و شەنگ دەکات کە جەستەی ئەو و جوانیەکانی ئەو ئاماژەو جوڵەو هەوتی ئەو کە هەموویان بەهەشتی فراوانتری جوانی ئەویان پێکهێناوە، ئەمی ژن دەکەن بەو بەهەشتەی کە هەموو خواستەکانی دڵی ئەمی تێدا دەستەبەرو فەراهەم دەبێت، کە دەشێ گەیشتن بێت بە لوتکەی چێژی جەستەیی و لوتکەی چێژی ڕۆحی کە دووەمیان چێژوەرگرتنە لە جوانیەکانی جەستەو هەموو خاستێکی ژن. لێرەدا لە ئاستی قوڵتردا هاوشێوەبوونکی ئاشکرا لە نێوان بەهەشتی ژن و بەهەشتی ئەسیدا دروست دەبێت کە هەردووکیان لەبەخشینی خۆشی و چێژدا هاوشێوەن.

دنیای پڕ لەجوانی و چێژی ژن هەرئەوە نیە چێژ بەم ببەخشێت بەکو لەبەردەم دەروازەکانی مەرگەوە دەیگێتەوە بێ ژیان. هەروەکو خۆی دەڵێت لەو ڕۆژەوە سیحری زەردەپەڕی ئەوی شەڕەژنی شۆخی بینیووە، هەموو شتەك بە لایەنی ئەرێنیدا گۆڕاوە. واتە لەو ڕۆژەدا کە ئەمی شاعیر چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد جانەوەری گۆڕیان ئاشکراتر بڕێین ئیزرائیل بێت و گیانی بکێشێت، پاڵنەری ژیان و بەردەوامبوون لە ناخیدا زیندوو بوونەوەو چالاك بوون و جانەوەری مەرگیان بەزاندووە. تەنانەت بەجۆرێك وەسفی خۆی دەکات نەك هەر ئەوەی زیندوو بووەتەوە، بەکو گەڕاوەتەوە بێ قۆناغی لاوێتی، بێ ئەو سەروەختەی کە هیواو ئاوات و حەز و خۆزگەو دنیاویستی هەموو بوون و ژیانی ئەمیان داگیرکردبوو.

ئێستا ئەم وەکو لاوکی خاوەن خەون و خەیاڵی مەودا قوڵ و وەکو مرۆڤکی چالاك خۆی نمایش دەکات. هەروەك باس لەوە دەکات کە سەرچاوەی عومری جوانی ژیاوەتەوە. ئەم خۆی دەچوێنێت بە سرووشت، بەڵام سرووشتی بەهار کە کانی و سەرچاوەکان دەژێنەوە. هەروەك

ژیانی وەکو باخچەیەك وەسف دەکات کە پڕبۆتەوە لە نەمامی گوڵ. ئاشکرایە کە گوڵ بەرهەمی وەرزی بەهارە، کاتێك ئەم ژیانی خۆی دەچوێنێت بە باخچەی گوڵ، مەبەستی ئەوەیە کە ئەو گەڵاوەتەوە بۆ سەردەمی لاوێتی. هۆکارو پاڵنەرو مۆتیڤی سەرەکی ئەم گەڵانەوەیە لە کەناری مەرگەوە بۆ چالاکترین قۆناغی ژیان، ئەوی یارە واتە ئەوی شارەزنی شۆخ بە هەموو جوانیەکانیەوە. کەواتە گۆران بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە ژن یان جوانی ژن کە سەرچاوەی چێژی جەستەیی و ڕۆحیشە مۆتیڤی سەرەکی ئەم ژیانەوەیە. هەر لەرەوە ئەو دەلالەتە بەرەهەم دێت کە ژن بە جوانیەکانیەوە، وەکو گۆران پێناسەی دەکات بە گشتی بریتیە لە جوانی، نەك هەر بارگاوی کراوە بە هەگەزەکانی ژیانداستی، بەڵکو مۆتیڤی ژیانداستیەو لەم دەقە زمانیە تابلۆئامێزەدا بەجۆرێك هەژموونی ژیان بەرفراوان و باڵادەست دەکات کە مۆتیڤی مەرگدەستی لەبەردەمیدا پاسیڤ دەبێت و لەجۆە دەکەوێت و لە نێوان دوانەی ژیاندەستی- ئیرۆس و مەرگدەستی -تاناتۆسدا- ئیرۆس سەردەکەوێت و تاناتۆس دەبەزێت کە سەرچاوەی ئەم باڵادەستبوونەی ئیرۆس جوانیەکانی ژن و خودی ژنە.



عەتا قەرەداخی

چیتر لەمنداڵدانی یەسناکانم

هیچ گاتایەکی تر لەدایک نابێت... شەمای بارەوانی

کەحرفەکانم
چوونەوە سەر نەسلی کەوزانەوە
و
کچێنی ستەکانم
ڕەنگی بەوەژنیان گرت

کە نیشتمانی خۆنەکانم
پەبوو لەترپەی ئاوارەیی
و
ڕەزمانی چاوەوانیم
ئیعرابی کۆری لە وا

کەنزاکانم بە فەتوای نائومێدی
پەچرایەوە
و
مەزهەبی
عیشق بە چەقەی خوافە
نەزیفکرا
مەیە

قەراربوو
بەرلەوەی دەستنووسی خەمەکانم
پە بگرێت
و
لەهجەی گریانم پاراوبێت

بەرلەوەی
حەلاجی وشەکانم
تەریقەتی دەهریبوون بپێشن
و
بەرماڵی ئنتیمام
لە هەرتەقەی بە هیوایی
سیخناخ بە

بەرلێوی
کفری ڕەشبینی
لە میحرابی وشکانم
داگیرستە
و
فەسلی کاڵبوونەوە
لە ترپکی تەمەنم
چڕبکات

بەرلێوی
تەبەی سنعانی
پیتەکانم
بەتاڵ بەتەوە
و
ڕەهەندی بارانی بێ تاقەتی
لە دەروازەی دەروونم دابکات

بەرلێوی
گەڵای دیدەم
هەڵبوەرێت و
باهەزی عەبەس
لە سردابی ڕەحم
هەڵبکات
تەبەیتەوە

درەنگە،و کات بەسەرچوو
من ئیتر نە حەوسەڵەی
کەپی کردنی دوو ڕکات پێکەنین
و
نەیش مەزاجی
خواردنەوەی کوپک
خەندەم ماوە

تازە فانزی بینایم
چووە وەرزی کزی
و
سورەتی گەنجیم
مەحکوم بوو

بە ئایەتی پیری

ئاڤەستای ئەملم
کوژایەوە
و
چیتر لەمنداڵدانی یەسناکانم
هیچ گاتایەکی تر لەدایک نابێت

ئیدی گوێی سەمایەکیتر
لەباڵی زەربام شکۆفەناکات
و
درەختی ئشتیام
هیچ هەشووە ئامۆزکی تری
لە ناروێت

من لەمژە گۆزەی قاقام هاوێکردووە
و
خوێنی فەینم بەشکان مەحکوم بووە

لە مژە ئینجیلی ئاواتەکانم
لەمانا بەتاڵ بووەتەوە و
وەرزی مەسیحم خاچی پایزی
گرتووە

ئیدی
تەرمی خونەکانم
بە تابووتی ماڵئاوایی دەسپێرم

پاشماوەی کاتژمێرکانی تەمەنم
دەپچمەوە و
دەچمەوە سەر کەتا چرکەکانی
هاوەرین

دەمەوێ
بە نیشتمانی فرمێسک
بە کەناری عەدەم
بە باوەشی سەراب و
تاراوگەی دەشگوشین

سروود… نەوزاد بەندی

بە دەست ..بە بیر ..بە بەداریی
هەمەت ئەبەین بە ڕزگاریی ..

هیواکان ئەوەنینەوە ..
هەڵکان ئەهەنینەوە ..

چەکی باوەڕ ئەکەینە شان
مەرگ بە نیشتمانفرۆشان ..

بە دەست ..بە بیر.. بە بەداری
هەڵگەین مەشخەڵی ڕزگاریی

ئەم زەرینەی بەدەنگین
خاوەن هەڵوەست و بەرەنگین ..

لە بەدەنگیی ئەچینە دەر
لە بەرەنگیی ئەچینە دەر

چونکە هیوای گەل فرەشرا
میللەت بە بەگانە دەشرا

بە دەست ..بە بیر .. بە بەداریی
ئەبین بە خەری ڕزگاریی

خوێنی ئەنفال هەر ئەچەڕێ
تاوانە نەیینە گەڕێ ..
وا بە چاوی سەر ئەبینین
تا بە ئەم خەڵکە ئەدەڕێ ..

هەر پەیامی گەل ، پەیامە ..
ئەبە بگا وەکو نامە ..
چونکە داهاتووی تاریکە ،
هەر میللەتە بە بەرنامە ..

تەماشا کەن بۆ چاوی سەر
چەن زەی خاک ئەبرێتە دەر
ئەوان هەژاریی ئەوەنن ..
بۆیە ئەبێ شکست بخۆنن ..

ئازی نابین بەم حاڵەوە ..
بەخەم بەینە ماڵەوە ..
دەنگی میللەت زوڵاڵ نەبێ
ئازگار بوونی مەحاڵ ئەبێ ..

بە دەست ..بە بیر .. بە بڕیاری
کۆتایی دێ ستەمکاریی ..

ـــــ نەوزاد بەندی ـــــــ

دەنگی کرێکار ژمارە 32

بۆ خوێندنەوەی ژمارە 32ی دەنگی کرێکار کلیکی بکەن...

DangiKrekar_32Download

چوارەمین دیداری شیعری کوردی "یەکبەری" لە وڵاتی سویدبەوچوو

مەنسوور جیهانی

ـ چوارەمین دیداری شیعری کوردی "یەکبەری" بە بەشداریی شاعیران و نووسەرانی کورد لە شاری یەکبەری لە وڵاتی سوید بەوچوو.

چوارەمین دیداری شیعری کوردی "یەتەبارێ" Goteborgلە لایەن کەمەڵەی هونەرە جوانەکانی یەتەبارێ، بە بەشداریی شاعیران و نووسەرانی کورد و بە ئامادەبوونی گرووپی دەفی ژنانی یەتەبارێ بە هاوکاری موزیکزانی کورد "ئاسۆ دیلان" بە ئامادەی عوود لە ڕۆژانی 26 و 27 مارسی 2022 لە هۆڵی "فۆلکت هیووس" Folkets Hus Hammarkullen لە شاری یەتەبارێ لە وەاتی سوید بەڕێوەچوو.

یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەم ڕووداوە ئەدەبییە ئامادەبوونی نووسەری گەورەی کورد مامۆستا "عەبدوڵا سەراج" لە هەر دوو ڕۆژی دیدارەکەدا بوو.

"شەماڵ ئیبڕاهیم زادە" وەکوو پێشکێشکارێکی سەرکەوتوو چوارەمین دیداری شیعری کوردی "یەتەبارێ" بەڕێوەبرد و هونەرمەند "ڕەبین ڕەشید" کاری دیکەر و ڕوونەاکی ئەنجامدا و هەروەها کاروباریی تەکنیکیش لە ئەستۆی "نەوزاد باهر"ەوە بوو.

هونەرمەند "عزەت ڕەئووف" وتاری دیدارەکەی خوێندەوە و لە ڕێوڕەسمی کۆتاییشدا بەڕێز "محەمەد قادر" لە دەستەی بەڕێوەبەریی کەمەڵەی هونەرە جوانەکانی "یەتەبارێ" خەڵاتی ڕێزلێنانی بەسەر بەشداربووانداد ابەشکرد.

بەرنامەکانی ڕۆژی یەکەمی چوارەمین دیداری شیعری کوردی "یەتەبارێ" بە بەشداریی گرووپی دەفی ژنانی یەتەبارێ دەستی پێکرد و "سابیر سدیق" میوانی تایبەتی ئەم دیدارە بوو و بەشداربووانی ئەم ڕۆژەش بریتی بوون لە: "دانیاز عەبدوالڕەحمان"، "بنار کەولەز"، "ڕەسوول سەفەریانی"، "کۆژان جەلال" و "خاڵە حەمە".

بەشداربووانی ڕۆژی دووهەمی ئەم ڕووداوە گرینگە ئەدەبییەش بریتی بوون لە: "بەکر حەبیب"، "گەران سدیق"، "ڕۆژا ناسر"، "یاسین مەحموود"، "سەڵە بەرزەنجی"، "هیوا ڕەسوول" و "ئاکۆ محەمەد سابیر".

بۆ زانیاریی زیاتر:
https://www.facebook.com/kurdiskafilmtraffen



ڕێکخراوەکان(NGO)و کاری هەرەوەزی... سەلام عەبدوڵا

هەزاران کەسی ئەکادیمی، سیاسەتمەدار و شارەزا لە بواره جیاجیاکان لەگەل ئەم یان ئەو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و بە خەرجی حکومەتە سەرمایەدار و کۆمپانییە(ستەمکار و گەندەڵ و شەڕخواز)ەکان، کاردەکەن، گوایە ڕێکخراوگەلی"سەربەخۆ"و لەپێناو هوشیاری و پێشخستنی(دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی ڕۆژنامەنووسی)ن. ئەم بەڕێزانە ڕۆژانە سەرقاڵی کۆڕ و سمینار و کۆبوونەوە و میتینگن لە هوتێل و سالۆن و نووسینگە گرانبەهاکانن و کەناڵەکان ڕاپۆرت و لێدوان و ریکلامیان بۆ دەکەن و بە خەڵکیان دەناسێنن.
ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە کار بۆ(تینك تانك)ە ستراتیژییەکانی وڵاتانی ناتۆی"ئاشتیخواز و ئازاد و دیموکراسی"ن کە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەجندای وەزارەتەکانی جەنگ و کۆمپانیا و وەزارەتەکانی دەرەوەیانن.
ئەو ڕێکخراوە"سەربەخۆ"یانە بۆ جارێك ڕەخنە یان ناڕەزایەتیان دەرنەبڕیوە لە ڕۆژی صندوقی دراوی جیهانی و جەنگی ناتۆ و کوشتنی مەدەنی و ستەمکارییەکانیان نەگرتووە، بەپێچەوانەوە، بە

شانازییەوە تەشریف دەبەن بۆ لای قونسولگەری و سەفارەتەکانیان. ئەگەر ئەو رۆکخراوانە ئەوەندە پەرۆشی پێشخستن و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانن، ئەی بۆچی نەمانبینی سەنتۆالی دنیای خۆشگوزەرانی و نەهێشتنی ستەمکاری کە خۆی لە کاری هەرەوەزی دەبینێتەوە بۆاوبکەنەوە؟
بۆچی نازانن بۆ نموونە:

- هوشیاری کاری هەرەوەزی لە 14/3/ 1761 لە(فینویك-ئەسکوتلەندا-)دەستپێکردووە؟
- نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1995وە بۆیاریدا یەکی/تەموز بکرێت بە رۆژی جیهانی هەرەوەزی(Coops Day)؟
- کلتووری کاری هەرەوەزی لە کوردستان نامۆ نیە و لە هەموو ئاوایيەکان ئەنجامدراوە.

بەداخەوە ئەو رۆکخراوانە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی بیر لە بەرژەوەندی شەخسی خۆیان دەکەنەوە و زۆرك لە نووسەر، شاعیر و سیاسەتمەدارەکان رەخنەی دڕووست یان جوێن و تۆمەت بەخشین دەگرن لەم حزب و ئەو کەس، بەڵام بایەخ بە باسکردنی بەدیلی ئەم سیستەمە نادەن، باسی کلتووری هەرەوەزی ناکەن و هەوڵ بدەن بۆ گەشەسەندنی ناکەن.
ساڵانێکە رەخنە لەپێناو رەخنە بووە بە باو و جۆرێکە لە خۆیکردن و رق و تۆڵەسەندن و شەخسی ومشەخۆری و گەوجاندنی خەڵك و سەرقالیکردنی رای گشتی بە شتی لاوەکی، نەك بەهێزکردنی هوشیاری ئەتەرناتیفی دژ بەم ستەمکاری و ماڵوێرانیە.
ئێستا کاری هەرەوەزی بە بیر و توانا و هەوڵی خودی خۆمان ئەنجام دەدەین و هیچ پێویستیمان بە پارە و پولی هیچ رۆکخراوێکی دەرەکی حکومەت و کۆمپانییەکان نیە. ئەمە هێشتا لە سەرەتای کارەکانین وهەر کەسێك خۆی بە رۆشنبیر یان دەسزی خەڵکی هەژار دەزانێت و نەفرەت لە ستەمکاری ئەم حزبانە دەکات، فەرموو با لە بواری خۆی بیکات بە باس و خواستی، نەك وەك تەماشاکەر بمێنێتەوە و خۆی دوورەپەرێز بگرێت. ئەرکی یەك بە یەکی قەڵەم بەدەستان و رۆژنامە و سایتەکانی ئینترنێت و پەیجەکان ئەوەیە لە هەموو رووبەکەوە، هێز بەم کار و چالاکییە بدەن.

- **سەلام عەبدوڵا**

چەند شیعرێکی شاعیری مارکسیستی ئەمریکی جان گوودمان... و: عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

چۆن بتوانم ببم بە شاعیر
ئایا کەمێگ, وک هونەر دان بە شیعری مندا دەنێت؟
لەم کەمێگە هەناسە لەبەربڕاوە
من چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک منداڵان دەبینم دەکوژرێن؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک ئینسانێ بەساڵاچووەکان خواردنی سەگ دەخۆن؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک کچان دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتیک ژنانێ خەکانی بەتاوان دەکرێنە قوربانی؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک تۆ بەیاری ئەوە بدەی چی شیعرە و چی شیعر نییە؟
ئەی چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک ژنانێ لەسەر ئەم هەساریە بیر لەوە دەکەموە کە ئەمە ئاخرین ژنە؟

ئەم سیستەمە دەمکوژێت

من ئینسانم
پڕرسەندووترین شێوەم لە گشت شێوەکانی تری ژیان
بەڵام ئەفسووس من هەر گشت و ئەسقانم
گەر مرۆڤایەتی تا ئۆپەڕەی گەشکردن، گەشەش بکات،
من تەنانەت لە زەربەی هەرە زەر زیرەکتر و
لە هەموو خەشۆیستترم
بەڵام ناتوانم بچمە ئۆدیو ئەم سیستەمە
ئەم سیستەمە ناتوانێت وەکو ئەمە زیرەک بێت
ئەم سیستەمە بناغەکەی لەسەر قازانج و نەخشی و شێوە بنیادنراوە

ناتوانێت وەکو چۆن ئەم زیرەکین، ئاویش وابێت
ئەم سیستەمە منی زیرەکترین شەوازی ژیان و
نەو زیرەکترین توخم دەکوژێت
ئەم سیستەمە دەمکوژێت
ئەم سیستەمە دەمکوژێت

ئەمە

من تەم
تەش منی
من و تە ئەمەین
ئەمە دەتوانین ببین بەوەی دەمانەوێت
ئەمە پەویستە ببین بەوەی دەمانەوێت
ئەمە دەبین بەوەی دەمانەوێت.

باڵندەی ئازادی
باڵندەی کەیلەتی جیهانگیری
بەرەو زستانی سەرمایەداری کۆچ دەکات
دەبێت بە باڵندەی ئازادی
کە بەرەو باکوور دەتەوە
چیرۆکۆکەی دەگێڕێتەوە.

جەنگینەکی باش جەنگیم

دوواجار چی بە نەوەی داهاتوو بڵێم لەدوواجاردا؟
بەنەوەی داهاتوو بڵێم جەنگینەکی باش جەنگیوم
بەنەوەی داهاتوو بڵێم ئاپۆیم بە ئاستی
چی بەنەوەی داهاتوو بڵێم
ئاپۆیم دژ بە خراپە و ستەمکاری
چی بە لێن ترەتسکی بڵێم ئەگەر بەسەر ئەسپێکی سپیەوە بیبینم (1)
چی پێبڵێم ئەگەر لەلای دەروازە مرواریەکان بینیم(2)
پێی بڵێم جەنگینەکی باش جەنگیوم
نازانم چی پێبڵێم
پێی دڵێم دەترسام
پێ دڵێم دەترسام
پێی دڵێم ئازا و نەبەرد بووم
پێ دڵێم نەجیبزادە بووم
پێی دڵێم کەیلە بووم

پێی دڵنیام دڵ و دەروون باش بووم
پێی دڵنیام بەهێز بووم
پێی دڵنیام سەرکز و بەستەزمان بووم
پێی دڵنیام ئاسوودە بووم
پێی دڵنیام دڵخۆش بووم
پێی دڵنیام غەمبار بووم
پێی دڵنیام چێژم وەردەگرت
پێ دڵنیام تووڕە بووم
پێی دڵنیام هەشنبیر و چاوکراوە بووم
پێی دڵنیام نەخوێندەوار بووم
بەڵام پێی دڵنیام جەنگینەکی باش جەنگیوم.

خەونی ئاستەقینەی ئەمریکیی

تەنها دەمەوێت بتوانم بۆت بنووسم و
پێت بڵێم
خۆشم دەوێی
دەمەوێت بتوانم پێت بڵێم
کە جیهانێکی تازەم دەوێت
دەمەوێت بتوانم پێت بڵێم
لەوێی پێویستمە زێترم ناوێت
هەر ئەوەندەم دەوێت ژیانێکی شایستە بژیم
تا بتوانم خزمەت هاوڵاتیکانم بکەم
بەیە ئەوێت لەقووڵایی ڕوحی ئەمریکاوە پێ دڵنیام
ئەمە خەونی ئەمریکایە
ئەمە خەونی ئینسانە
ئەمە خەونی قارەمانانی وڵاتەکەمە
کە خوازیارین بۆ هەموو جیهان.

بۆ ئەو هونەرمەندەی ناخمان

من بۆ ئەو هونەرمەندەی ناخمان دەنووسم
دەنووسم بۆ ئەو هونەرمەندە،
ئەو زانایە،
ئەو کرێکارە.
چونکە ئەوەی من ئارەزوومەندیم ئەوەیە بۆ هونەرکەم
شارستانییەتێکی نوێ بنیادبنێم
جیهانێک بخوڵقێنم کە گشت کەس تیایدا هونەرمەند بن.

ئامادەکردن و وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

_____

(1) ئەسپی سپی هەمای زانیاری و ڕەشنبیریە
(2) دەروازە مرواریەکان، هەمایە بە دوانزە دەروازەکەی بەهەشت کە لە ئینجیلدا باسی لێوە کراوە.

تێبینی : ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

برسێکردن و چارەڕەشکردن وەک تەکنیکێک بۆ گەیاندنەوەی خوافیات وەکردنە پەرستگەی... مەحمود عەبدوڵا

بە ئاوی لە کشە و تەنگژە و ڕووداوکانی ئیستا تێبگەین پیویستیمان بە چەمکی نوێ یان تێگەیشتنی نوێ هەیە. ئاو وشە و دەستواژە و بابەتانەی گرنگ بوون و پیرۆز بوون چیتر مانایەکیان نیە نە بە تێگەیشتن و نە بە بەردەوام بوون. داگیرکاری و نیشتمان ئاو دوو چەمکن کە ناتوانین هەمان قورسایی و باس و خواس و دیدی سەدەی ڕابردوومان بە هەبە. سەدەی ئیستا سەدەی بەجەهەشتن و ڕاکردنە لە نیشتمان، سەدەی نابوکردن و مردنی نیشتمانە لە دڵی مرۆڤکاندا، دوو سێ دەیەی ڕابردوو، کە ئیستەش هەر بەردەوامە، پیشانیدا کە لە لای ملیۆنان مرۆڤ نیشتمان ئاو شوناسێ نانک و ئارامیەکت تێیدا دەست بکەوێ هەرچەندە هیچ ڕەگەکی ڕابردووی تێ پەوە نیە. گەر ئەم تێگەیشتنە لای چین و تەوژانەی کەمەگ کە زەربەی خەکانی ، ئەم تێگەیشتنە لای سەرمایەدارکانیش هەروایە بەڵام بە شێوەی پارە، نیشتمان ئاو شوناسێ کە بەرهەمهێنانی تیدا دەکات و سەرمایەی لە کەکە دەکات. ئاوەی جاران چەمکی نیشتمانی لە لای مرۆڤ شیرین کردبوو پێوەندیە کەمایەتی و ئازیزی و دەستی و عاشقی و گیانی سەربەستی و ئازادی میللی و نەتەوەیی و هزر و جوانەوکانی لە پێوەست بەمانەوە بوو. ئەستا چیتر نە پێوەندیە کەمایەتیکان و نە هاوڵێتی و دەستی و نە عەشق و خۆشەویستی و نە ڕەز و پیرۆزی خەزان و سەربەخۆیی وڵات و خاک وەک خۆی نەماوە، چەمکی داگیرکاری و نیشتمان و داکۆکی لە خاک و ئاوی وەتەن مانایەکی نەماوە،

گەر چەمکی نیشتمان لای ئەکرانیەکان گرنگ و پیرۆز بوایە ئاوا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بە هەزارانیان و دواتر ملیۆنانیان بەرەو سنورەکانی وڵاتانی تر ڕایان نەدەکرد ونەشتمانیان بە جێنەدەهشت و

ئاوارەی وڵاتە ئەوروپییەکان وکەندا نەدەبوون. جەنگە نوێیەکانی دنیا بە جۆرێ چەکێک دەکرێن کە توانانی بڕگری کردنی هاوڵاتیەکی ئاسایی یان سەربازێکی ئاسایی نیە وەک چۆن جاران بە داکەکی لە نیشتمان لە بڕامبڕ تەپ و دەبابە و تەیارە و هەلیکۆپتەدا بوو. چەکی دەنگی و ئەتەمی ئاسمانەکانیش ناتوانن بڕی پێبگرن و ئەوەی وا لە هاوڵاتی ئەکراینی دەکات هەڵبێ و ئاوارە بێت لەم تەگەیشتنە حازر بە دەستەوێیە کە هەموو هاوڵاتیەکی ئەم جیهانە دەزانێ و بەتایبەت دراوسێکانی روسیا کە شەڕکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیای سەربازی ئەستا ئەستەمە. ئەمە جگە لەوەی خەڵکی ئەکراین لە یەکەمین رۆژەکانی شەڕەوە بڕیان دڕکاوت ناتە و ئەمریکا تەنها بەکاریان دەهێنن و بە چەندەمین بار وڵاتەکیان دەبەتەوە شوێنی جەنگەکی گەورەی وەک لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا بوو. جا بڕگریکاری و داکەکی لە نیشتمان و خاک داگیرکردن ئەو چەمکانەن چیتر مرۆڤی پێ هەڵناخەڵەتێنرێ بەتایبەت دەبینن خودی ئەمریکا و ناتە بە ئاشکرا پێیان دەڵێن ئەمە ناچینە شەڕەوە لەگەڵ روسیادا چونکە دەبەتە جەگەی بەکارهێنانی چەکە قورسەکان کە جیهان لەگەڵ خێدا تەفروتونا دەکات.

ئەوەی شەڕی هەزی روسیا دەکات ئەو هەزە راستەڵە و فاشستانەن کە ئەمریکا مەشقی پێکردوون و بە مەبەستی دژە ورسیای ئامادەی کردوون نەک بە دادکەکی لە خاک و وڵاتەکیان. دوای دوو هەفتە لە پێلاماری سەربازی روسیا بە ئەکراین، جۆزیپ بۆریە نمایندەی یەکێتی ئەوروپا بە کاروباری دەرەوە و سیاسەتی نێتەوێیی رۆژی ٧ی مانیگی ٣ی رابردوو رایگەیاند کە ژمارەی ئاوارەبوونەکان خێیان دەدەن لە پێنج ملیەن گەر روسیا بڕدەوام بێت لە شەڕ. (س٧) لەمەش واوەتر، جوار رۆژ دوای قسەکانی جۆزیپ بۆرەڵ واتە ١١رۆژی ١١ی مانگی سێ قسەکەری نێتەوە یەکگرتووەکان بە کاروباری پەنابەرێتی لە سویسرا، کارین کەڕەر شەتەر، رایگەیاند گەر پێلامارەکانی روسیا ئاوها بڕدەوام بێت ئەوا هەفتەی ملیەنەک ئەکراینی ئاوارە دەبن. وەزیری دادی سویسریش کە گوتی نێتەوە یوکگرتووەکان پێیان راگەیاندووم کە ژمارەی ئاوارەی ئەکرانی لەوانەیە خەی بدات لە ١٥ ملیەن کەس. (س٨) لەو رۆژەوەی روسیا پێلاماری ئەکراینی داوە، خەڵکی ئەکراینی بە لەشاو ناوی خێیان دەنوسن تا بگەنە کەنەدا و دائیرەی کۆچ و پەنابەرێتی وڵاتی کەنەداش دڕگای بە خستوونەتە سەر پشت و بە ئاسانترین شێوە قبوڵیان دەکات. باشە پرۆفیسەرێڤاڵ نەوا هەراری ئاخە دەبە نەزەرکانی خەی چۆن بەبینەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەم داتایانەدا. ئەم پرۆفیسەرە کێە و چی نوسیوە لەسەر شەڕی روسیا-

ئۆکراین.

یۆقاف نۆوا حەراری و ئۆکراین

یۆقاف نۆوا حەراری لە ناو خوێنەرانی کورددا ناسراوە بە کتێبەکانی لەوانە "عاقڵ: مێژوویەکی کورتی مرۆڤ." بەهەی ئەوەی ئەو کتێبەی سەدایەکی دایەوە و خوێنەری کوردیش بە کالعادە کەوتنە سەروسەودا بە دوای کتێبەکانیدا بە هیچ پاشخانێکی زانیاری و ڕۆشنبیری لەو بارەیەوەی ئەو لەسەری نوسیوە. لە یەکەم هەفتەی هەرشە سەربازیەکەی ڕوسیا بە سەر ئۆکراین وتارێکی نوسی بە ناونیشانی (بۆچی ڤلادیمێر پوتین جەنگەکەی دەاندووە؟) و سایتی کوردەآوم وەریان گەاوەتە سەر زمانی کوردی. یۆقاف نۆوا پرۆفیسەرێکی گەنجە و لەگەڵ ئەوەی دکتۆراکەی لە سەر مێژووی سەدەکانی ناوەآستە بەاڵم سیاسەت و مێژووی سیاسەت و زانستی سیاسی شتێکە هەموو کەس ناتوانێ بە ئاسانی ئاسپی خەی تێدا تاو بدا. خەزگە هەموان کاتیان دەبوو ئەو وتارەیان دەخوێندەوە و تا بزانن ئەو بوارەی ئەو کتێبەکانی تێدا دەنوسە ئەجگار دوورە لەو بابەتە سیاسیەی ئەو شتی بە نوسیوە. وتارەکەی هەندە کرچ و کاڵ و ئاست نزمە هەر دەڵێی گەنجیکی پەست و هەرزەی سیاسی و خوێن گەرمی لە ناو گەرەپانی مەیدانی کیبۆڕ نوسیوەتی نەک پرۆفیسەرێک لە زانکۆیەک.

ئەو خالانەی ئەو لەوێدا باسیان دەکات وتنەوەی هەمان ئەو تاس و حەماماناەی میدیای ڕەسمی غەربیە بە تایبەت ئەمریکی چونکە هەموو کەشکان لە کەسێکدا بەرجەستە دەکات کە ڤلادیمێر پوتینە و تایتڵی وتارەکەشی بەو ناوەوەیە. ئەمە جگە لە تێوانینێکی مێبەستداری تێکدرانە بە لە بەردابردنی تێگەیشتینی ڕاستیە سیاسیەکان هیچی تر نیە چونکە ئەو ڕەهەندە سیاسی و سەربازیانەی ئەو لەوێدا باسیان دەکات ئەم دوو سێ هەفتەیەی دوایی شە هەمووی هەوەشاندەوە. بە نموونە پێی وابوو لە ماوەیەکی دوو سێ هەفتەیدا ڕوسیا ئۆکراین داگیر دەکات و حکومەتێکی پرۆوسیایی دادەمەزرێنێ و بەام ئۆکراینیەکان ناهێڵن تێیدا بحەسێنەوە. ئەو تێزە سەربازیەی لە ئەزمونی پێاماڕە سەربازیەکەی عەراق و ئەفغانستانەوە وەرگرتووە و وادەزانێ لە هەموو هەورێک بارانێ. دیتنی پلانە سەربازیەکان و بەیاری بەر لەسەریان کارێکی ئاسان نیە و تێنانەت خودی هەزی ڕێاماردەر ناتوانێ ئاسەیەکی ڕوونی پێ بە کە پلانەکە جێ بە جێ دەبە وەک نەخشەی بە دانراوە، بەکو ئەگەرەکانی کە دەتە پێش ئەوە پلانەکان دەنەخشێنەتەوە.



یەڤان نەوا هەراری

لە وتارەکەیدا دوو وتەی دەهێنمەوە، یەکەکیان سیاسی و ئەوەی تر سیاسی فکریە. یەکەمیان دەڵێت ” روسەکان رەنگە ئەکراین داگیر بکەن، بەڵام ئەکرانیەکان لە جەند رۆژی رابردوودا ئەویان سەلماند کە ناهێڵن روسیا وچانی تەدا بدات و بەردەوەی ببات.” (س۹) بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زنایارییانەی یەکەتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەرباترەی راکردن و ئاواربوونی ۱۵ ملیەن ئەکراینی، ئاخۆ یەڤان دەبێ هەمان قسەی هەبێ و بە خەیدا نەچێتەوە و بڵێ پەلەم کرد لە رایەکانم. ئایا یەڤان نازانێ ئەوەی شەڕی کەانێ و کەانی روسیا دەکات هەڵە راستەوەڕۆ دژە روسەکانن. ئەگەر وانیە ئاخر مەعقولە یەک لەسەر سەی دانیشتوانی وڵات دەسبەرداری ماڵ و حاڵ و وڵاتیان ببن و روو لە وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بکەن. گەر چەمکی داگیرکاری مانایەکی بمایە ئەوا لە هەفتەکانی یەکەمدا پێنج ملیەن کەس ئاوارە نەدەبوون و دژی داگیرکاری ولاتەکەیان دەجەنگان بەڵام ئەسەی مەسەلە ئەوەیە کە ئەوەی لە ئەکراین رووەدات داگیرکاری ولاتێک نیە بەو مانا سادەیی یەڤان باسی دەکات. بە زەرەک لە ناوچەکانی دنیا چەمکی داگیرکاری چیدی ئەو رەهەندە کەنینەی نەماوە و بگرە لەوانەشە لە جوانەوەی سیاسی و فکری نوەدا ئەو جێگەیەی نەمێنێ. کاتێک وڵاتێک پەمالار دەدرێ و لە هەر هەفتەیەکدا ملیەنێک رابکات ئەوا داگیرکاری نیە بەڵکو شتێکی ترە کە پرەفیسەری گەنج، یەڤان هەراری، درکی پێ ناکات. خەڵکی سادە دەزانن ئەوەی دەگوزەری تەلەیەکی ئەمریکا بوو بە روسیای دانا لە خاکی ئەکرایندا و ئەو تەڵەیە روسیای پێوە نەبوو بەڵکو ئەکرانیای پێوە بوو بۆیە وڵات بەجێ دەهێڵن و ئەوانەی شەڕ دەکەن ئەوانە بە ئایدیەلۆجیای خۆیان شەڕ دەکەن و پەیوەندی نیە بە ژیان و گوزارانی ئەوانەوە بەڵکو حوکمی هەشت ساڵەی دەسەاتدارەتی ئەوان پیشانیدا لە سەرکوت و فەبیای سیاسی و گەندەڵی و بارودۆخی خراپی ئابووری و کردنی وڵات بە

مەگەی سیخوڕیتی و تراتینی ئەمریکایی تێیدا ئاوەی بارهەم هێنا خەک شێ نەکەن و ڕاو بکەن.

زانستی سیاسی زانستێکی سەربەخۆیە و وەک زانستەکانی تر نیە بە نموونە مێژوو کە شتەکان ڕوویانداوە و نوسراونەتەوە جا درۆبن یان ڕاست و چۆنێ مەزەخانەی مێژووەوە بەڵام زانستی سیاسی زانستێکی بزاوت و پڕ جووڵەیە و کەس ناتوانێ پێشبینی و پێشهاتی لە سەدا سەدی ڕووداوەکان بکات بەڵکو شیکارکاری ئەو ڕووداوانە دەکات کە ئەو ڕۆژە یان ڕۆژگارە لەبەردەمیدا ڕوو دەدەن. شرۆڤەکاریەک کە نزیک و داتای مەلموس و بەڵگە و ڕەئی سیاسی و فکری تێدا دەخرێتە ڕوو کە هەندێ جار پێت دەڵێ هاوکێشەی ئەو ڕووداوانە بە ئەگەری زۆر ئەنجامەکەی دەبێ وەک چۆن پێش و لە سەرەتای هەرشی سەربازی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراین دەزانرا کە ڕوسیا ئەو شەڕە حەسم دەکات چونکە هاوسەنگی هێزەکان وایان دەگوت نەک گوتاری سەزداری و قسە و دروشمی بریقەدار. دەرکەوت ئاوەی نەوا هەراری پڕی وابوو ڕوسیا "بەخەرایی، بەزەبرێکی زۆر لە ئۆکرانیا بدات و، حکوومەتێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات، پاشان ژمارەیەکی داگیرکاریی لە کیف دابمەزرێنێ" (س۹) وانەبوو بەڵکو ئامانجەکانی ڕوسیا لەوە زیاتر بوو وە هیرشی ئۆکراین چۆندان ڕەهەندی تری پەکا و ئاسۆی تری کردەوە کە لە چاوەڕوانی زۆر کەسی شارەزا و پسپۆدا نەبوو لەوانە هاتنە ناوەوەی ڕەبەی ڕوسی، دروستکردنی بەرەی ڕۆژهەڵات وەک چین و ڕوسیا و هند و تەکشکانی ئەفسانەکانی لیبراڵ دیموکارسی و ..هتد.

گەر هەراری ئاوەندێ ئاگای لە سیاسەت و مێژووەکەی هەبوایە دەیزانی کە چۆندێ ڕوسیا بە سەر ئۆکراین هەڵێشە بووبێ ئەوا ئۆکراین دەئاوەندێ هەڵێشە بووە بەسەر ڕوسیا لەبەر ڕەشنایی ئەو زانیاری و بەڵگە و باسانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدان.
دووەمیان دەڵێت "ڕەشتەکی ناشیرینە، بەڵام بە نەتەوەی بندەست: ڕەگەنجینەیەکی حەشار دراوە، لە قوڵایی دەدا نۆژراوە کە بە چۆندین سەدە هەستی بەرگری بەهێز دەکات." شرۆعیەتدان بە ڕەشکردنی ڕەهەی ڕووداوەکەی پلان بۆ دانراوی ئاشکراوە جگە لە دەبەنگیەک هیچی تر نیە چونکە هیچ هزرێکی سالم و مرۆڤدۆستی بە دوای ڕەنانی ڕەگەوە نیە لە ناو میللەتەکاندا مەگەر یەقاڵیش ببێتە نیتچە و هایدگەر. باشە پرسیارێکی مەراڵی لە یەقاڵە: ئایا ئاوەی بە یەکرانیەکان دەڵێ کە ڕەشبگەرن لە ڕوسیا ئایا بە فەلەستینیەکانیش دەڵێ کە ڕەشبگرن لە ئیسرائیل؟ ئایا وتارێکی لەم شێوەیەی بە "داگیرکاری و ڕەگی" فەلەستینیەکان نوسیوە یان


بانکە و دوو هەوا. وەک خیانەتی جەرنایستە غەربیەکان و میدیاکانیان دژی ئەم ڕژهەڵبژاردنەی ئەمجارەیان نیە ئەمە ئەورووپایە ئەورووپا. ئەمانە سپی پێستن و قاوەیی و ئەسمەر نین کە ئاوارە ببن. ئەم وتەیەی دوایی یەڤانە شت زۆر هەڵدەگرێ قسەی لەسەر بکەی بەڵام لەڕادا هەر ئەوەندە بەسە.

سێ پرۆفیسۆری جیاواز و یەک بیروڕا لەسەر ئۆکراین

سێ پرۆفیسۆری بە ناوبانگ و بە توانای بواری زانستی سیاسەت، نعوم چۆمسکی و دیڤید هارڤی و جۆن مەرشایمەر، لەگەڵ ئەوەی ئەم سێ کەسە سەر بە سێ قوتابخانەی سیاسی هزری جیاوازن هەر سێکیان و هەر یەکەیان لە شوێنکەوتە قسەیان کردووە لەسەر تەنگژەی ئۆکراین هەمان دید و بۆچوونیان هەیە. چۆمسکی وەک لیبراڵێک و هارڤی وەک چەپێکی مارکسی و مەرشایمەر وەک موحافەزەکارێک یاخود ناسیۆناڵیستێک پێیان وایە ئەمریکا و ناتۆ بەرپرسی یەکەمن لە هەڵایسانی ئەو شەڕە. دیارە لەوە ئاسانتر نیە لایەنێک مەحکوم بکەیت و ئەوی تر بە قوربانی لە قەڵەم بدەی وەک خەتی ڕەسمی ڕژئاوایی و زۆرێک لە چەپەکان دەیکەن. خالی بنەڕەتی بە تێگەیشتنی ماددی لە شەڕ ئەو هەزاران کە خەریکی گرکردنەوەی ئەو تەڵە دەکانەن کە دەچەقن بە پێی ئەو هیزەدا کە دەیانەوێ تەوبگلە لە تەنگژەیەک کە ریشەی هەیە یاخود دروستی دەکەن تاکو شەڕ هەڵبگیرسێ و ئیدی سیاسەتەکانی خەیانی لەوە ببەنە پێش.


لە مەڕۆ و بە دیاریکراوی بە شێوەیەکی ڕەسمی سێ و چوار ساڵ دەبێ ڕوسیا داوا لە ئەمریکا و ناتۆ دەکات پابەند بن بەو ڕێکەوتنەی ساڵی ١٩٩٠ ەوە کە لە نیوان سەرکایەتی هەردوو لایەنی ڕوسی و ئەمریکی-ناتۆ کراوە کە تێیدا ڕوسیا داوایان لێدەکات ئەمان دەسبەرداری ئەڵمانیای ڕژهەڵات دەبن بەو مەرجەی ناتۆ لەوە زیاتر واتە لە ئەڵمانیا واوتر پێل نەکەشێ. ناتۆ هیچ پابەندیەکی هیچ پابەندبوونێکی بەم ڕێکەتونەوە نەکرد و ساڵ دوای ساڵ وەاتانی کەمارە کەنەکانی یەکێتی سۆڤیەتی یەک یەک کرد بە ئەندمای ناتۆ. کاتێک مەسەلەکە هاتە سەر ئۆکراین ڕوسیا ئەمەی بە خاڵی سوور دانا و داوای لە ناتۆ کرد کە ئەوە بڤێیە و لە بەشکانی سەرەی ئەم نوسینەدا ئاماژەمان پیدا بۆچی بە ڕوسیا بابەتی بە ئەندام بوونی ئۆکراین لە ناتۆ خەتی سوورە. ناتۆ وتیان جارە لە پلانماندا نیە ئۆکراین بکەین بە ئەندامی ڕێکخراوەکەمان. ڕوسیا لە پێنج شەش مانگی ڕابردوودا بە ڕەسمی نامەیەکی دوورودرێژی نارد بۆ ناتۆ و داوای لێکردن کە واژەی لەسەر بکەن کە ئۆکراین ناکەن بە ئەندامی

ناتۆ و بۆ ئەمەش کاتێکی دیاریکراوی دانا کە تا کۆتایی ساڵی ڕابردوو بوو. ئەو بەڵگەیەش کە ناتۆ دەبێ ئیمزای لەسەر بکات دەبێ وەک بەڵگەیەکی نوێ تەواوەیی سیاسەتی دابی پیدا بنرێ و ڕوسیا لەمە زیاتر قبووڵ ناکا ئاگادارنا ئەوا پلانی ترمان هەیە.



ئەم وێنەیە و بەڵگەنامەکە لە لایەن ڕوسیاوە باوکراوەتەوە. ڕۆژی ١٥ی مانگی ٨ی ١٩٩٠ لە ڕوسیا گیراوە. لەوەدا سەرانی ناتۆ و بلۆکی ڕۆژئاوایی بەڵێنی ئەوە دەدەن کە ناتۆ لە لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیاکە مەودای خۆی لە سنووری ئەڵمانیاوە فراوانتر ناکات . (س١٤)

دیارە ناتۆ، کە ئەمریکا و بەریتانیا سەردارن تێیدا، بە ڕەسمی ئەو داوایەی ڕوسیایان ڕەتکردەوە و وتیان ئەمە ناچینە ژێر ئەو بارە. ڕوسیا لەوە تێگەیشت کە غەرب لە ئایندەیەکی دووردا دەیانەوێ ڕوسیا وەک یەگسلاڤیا لە بکەن و ئۆکراین دەروازەیە بۆ ئەو مەوزوعە بێیە خۆی کەوتە خۆی بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی. ئۆکراین بۆ ڕوسیا مەسەلەیەکی تەواو ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕوسیایە کە مان و نامانی پەوە بەستراوەتەوە بێیە دەستی کرد بە هەڕشی سەربازی و ئەم کردەیشی ناو نا پرسەیەکی سەربازی تایبەت کە ئامانج لێی بۆ چەک کردنی ئۆکراین و دەرهێنانی لە بازنەی ڕۆژئاوایە. لەمەش زیاتر ڕوسیا چەندان جار گوتیان کە ئەمە ئامادەی بەکارهێنانی چەکی ئەتەمین گەر هەر کەس دەست بهێنێتە ڕێگامان.



نعوم چۆمسکی، دەیڤد هارڤی، جۆن میرشایمەر

ئەمانەی کە من لەسەرەوە باسم کرد هەر سێ پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان باسیان کردووە لە پێشباری قسەکانی خۆیاندا و من تەنها ئەو چەند دەقەی ئەوان دەهێنمەوە دەربارەی تەنگژەکە. بۆ نموونە نعوم چۆمسکی دەڵێت "گەر بڕیتو دەڕاوکێیەکانی پوتین لەبەرچاو بگیرایە سەبارەت بە ترسی بە ئەندام بوونی ئۆکراین لە ناتۆ ئەوا بەگومان شتێکە دەکرا بۆری پێ بگیرێ گەر هاوپەیمانی ناتۆ بازنەی ئەندامێتی خۆی فراوان نەکردایە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە. بگرە، گەر پێلکێشی ناتۆ بەشوێکی دەستانە بکرایە، دەکرا ئاسایشی ڕوسیاشی ببوایە بە بەشێک لەو فراوان بوونە." (س١٠) دەیڤد هارڤی وەک چەپێکی مارکسی هەمان شت دەڵێت "ئەو ڕەهەندانەی ئێستا لە کێشەی ئۆکرایندا دەبینین ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو ڕژگارەوە هەیە کە بەینێکی پەمەیی درا بە ڕوسیا لە دەمانی نەمانی بلۆکی سۆڤیەتیدا." (س١١) پرۆفیسەر جۆن مەرشایمەریش هەمان ناوەڕۆکی چۆمسکی و هارجی دەڵێتەوە بەڵام بەشوێکی ڕوونتر و دەخئامیزی تر. ئەو دەڵێت "ئۆکرانیەکان گەر عاقڵ بن دەبێ خۆیان بە تەواقدان بدەن لەگەڵ ئەمریکادا و بچن لەگەڵ ڕوسیا دابنیشن و کێشەکانیان حەل بکەن. ڕوسیا گەر جەنگەکەش نەباتەوە ئۆکراین دەکاتە خەرمەش. ئەمەش شتێکە ئۆکرانیەکان نایانەوێ ببینن. تۆ کە دراوسێکەت گەرلایەک بێت واباشترە بیکەیت بە هاوڕێی خۆت و هەرگیز لە خۆتی نەوروژێنی." (س١٢) لە ئاخاوتنێکی تردا دەڵێت "دار تۆوە مژنە بە ورچدا یان دار مەکە بە چاوی ورچدا چونکە نێک هەر لێت ڕادەپەڕێ بەڵکو پێلاماریشت دەدا. (س١٢) بە ورسیا ڕێک ئاوهایە کە ئۆکراین دەزانێ ئەمریکا و ناتۆ دوژمنی ئۆون و پێگەی ئۆکراینیش ئاوهایە کە نەبێت بە ولاتێکی ناتۆیی و ئەمەی پێوتراوە لەو کاتەوەی ولاتیان دروست بووە، کەچی ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوە دوژمنە سەرسەختەکەی ڕوسیای دراوسێت بەهێنی و خەندەقی بە لە بەدی لە بەرامبەر ماڵی دراوسێکەتدا و ڕژ تا ئەوارش میللەتەکەی خۆت جێش

بدی بە سیاسەت و دروشمی روسیایی دراوسێت و بگرە هەڕەشەی تا رادەی لە ناوچوونیان لە بکەی ئاخە دەبە تەرس و هەوەستی ئەو دراوسیێ چی بە بەرمابەر بە تە. زیلینسکی و ئۆکراین لە مانای ئەم دراوستیێ تێنەگەیشتن و لەبەر بۆگانەیەک هەم دراسکیان لە خیان کرد و هەم مالی خۆشیان وێرانکرد.

وشەی کۆتایی

سیاسەت دروشم و هاوار و قسەی سەزداری نیە بەکو عەقڵکە و هەموو سیاسی و سەرکردە و وڵاتێک لەی تێناگات لەوانە زیلینسکی ئۆکرانیا. لەبەدا نامەیکی جەنەڕاڵ مەزڕوم کەبانی باس دەکەم کە دەقی نامەکەم لە لا نیە و تەنها لە هەواڵکانەوە دوو سە ساڵ پێش ئیستا گوێ بیستی بووم بەیە تەنها بیرکەی ئەو نامەیە باس دەکەم کە چ ڕەهەندکی قوڵی تێگەیشتن لە سیاسەت و هاوکێشە سیاسی و سەربازیکانی تێدایە. ساڵی ٢٠١٩ کاتێک ڕۆژاڤای کوردستان زانیتیان ئەمریکا و غەرب پشتیان تێکردوون و تورکیایان دەست ئاوەڵا کرد لەوەی هەندە ناوچەی کوردستانی سوریا بگرێت، جەنەڕاڵ مەزڕوم کەبانی، فەرماندەی گشتی هێزە دیموکراتکانی سوریا، نامەیکی بە ئیدارەی ئەمریکا، دەناڵد ترامپ، نارد و تێیدا دەڵێت لە نیوان بە کوشتارگەیی کردنی خەڵکەکەم و لە دەستدانی پارچەیەک لە خاکەکەم ئەوا بژاردەی یەکەمیان هەڵدەبژێرم. ئەو دەیزانی هێزی تازە و گەنج و شەکەر چەندە مەبدەئی و بە جەرگ و چاونەترس بن ناتوانن بەرگەی ئەو سوپا سەدان ساڵە گەورەیەی تورکیا بگرن کە بە پێشکەوتووترین و قورسترین و گرانترین چەکی تازە داهێنراوی غەرب لەگەڵ ئایدیۆلۆجیتکی سیاسی ئاینی و فاشیانەدا هەرش دەکەنە سەریان.



ڤلادیمێر زیلینسکی و جەنەڕاڵ مەزڕوم کەبانی

بە زیلینسکی، حاڵەتکە قورستر و گرانترە چونکە روسیا هەر بە

تەنها بەهێزترین دەوڵەتی سەربازی دنیا نیە و بەس بەڵکو قوتبەکی جیهانی گەورەیە و خاوەن گەورەترین کەگا و بنکەی ئەتۆمیە لە جیهاندا و لەهەر چرکەیەدا ئامادەیە بەکاری بهێنێ گەر بزانێ بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەم هەڕەشەیە لە زاری یەک بە یەکی بەرپرسە گەورە سیاسی و سەربازیەکانی روسیاوە دووپات کراوەتەوە. هەرچەندە زیلینسکی لە هەفتەی یەکەمی شەڕەکەوە داوای دانوستان و دانیشتنی تایبەتی کرد لە پەتین بەڵام ئەمریکا و هێزە سەربازیەکەی ئەکراین نیانهێشت ئەوە بکات. لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و ئەوروپا یەکبینە دووپاتیان کردەتەوە کە ئامادەنین یەک سەرباز بنێرن بە شەڕی ئەکراین و تەنها ئامادەن پارە و چەک بنێرن؛ کەچی زیلینسکی هەستا لەوە تێناگات کە خەی و وەاتەکەی و میللەتەکەی حسابی مەقاشکیان بە دەکرێ کە دژ بە روسیا بەکاریان دەهێنن و هیچ تر. لەگەڵ ئەوەی چەندان جار زیلینسکی ڕەخنەی گرتووە لە گەرب و گلەیی ئەوەی لەکردوون بە نایەن یارمەتیمان بدەن کەچی هێشتا دەمدرێژی دەکات بەرامبەر روسیا لە کاتێکدا شارەکانیان یەک بە دوای یەک بەتە کەلاوە. تەنانەت ژیانی خەی لەبەر ڕەحمی روسیادایە بەڵام روسیا نایەوە بیکوژێ. بە دەردی جنێراڵێکی روسی گوتی ئەمە نامانەوە بیکوژین بەڵکو دەمانەوە ناچاری بکەین و بەت هێندە ئیمزامان بە بکات.

زیلینسکی ئەو نموونەیەیە کە هیچ کات ئەکتەرێک ناتوانێ شوێنکی سیاسی و سیاسیەک ناتوانێ شوێنی ئەکتەرێک بگرێتەوە چونکە دەورەکان جیاوازن. سەیری پەرلەمانی کوردستان بکەن بزانن کێ و چی تیایە بۆیە دەبینین جگە لە مەزەلەیەک شتێکی تر نیە. ئەو یاریە مەگەر هەر لە ڕێژاوا ڕووبدات کاتێک ئەکتەرێکی وەک ڕێگان یان مەدەلێک دەبێتە سەرۆک ولاتێک ئەمە جگە لە کوشتنی ڕوی سیاسەت و سوککردنی سیاسەت وەک زانستیک هیچی تر نیە. دیارە ئەوانە بە لەشکرێک لە ارەژکار و مامەستای سیاسی دەوردراون و وشەیەک چیە ناتوانن بە پرسی ئەوان بڵێن؛ بەڵام بە کەسکی وەک زیلینسکی کە بوکەڵەی دەستێئەمریکا بوو وە بە پشتیوانی و فەوفڵی ئەوان هاتە سەر حوکم و کاتێک ناتوانێ ئەو دەورە ببینێ وەک ئەوان ئەوا وەڵات دەبە بەو پەندەی کە لە مەژووی خەیدا نەیدیوە و لەم دنیا گەورەیەدا بە بەرجاوی هەموو جیهانەوە وەاتێک دەت و ڕێژ بە ڕێژ ولاتەکەت کاول دەکات و کەسیش ناتوانێ بڵێ لەل، بەتایبەت ئەوانەی تۆشی ئەم بەڵایەیان کرد لە هەموان خراپتر پشتیان تێکرد.

دیپلەماتی ئەمریکی خانەنشین، چاس فریمان، لە وێبسایتی "ذ گرێ

زۆن" ڕۆژی ٢٨ی مانگی ٣ی ڕابردوو بۆ تایتڵکی گۆڕەوتارێکی نوسیوە و دەڵێت "تاکو یەک ئۆکراینی بەنێ ئەمە شێوی ڕوسیا دەکەین." ئەمە لە میدیا غەربیەکانەوە وەک پشتیوانیەک و وتارێکی زۆر گرنگ تەماشا دەکرێ بەڵام ئەمە جگە لە ئیهانەکردنەک و گاڵتەپێکردنەک بۆ خۆکی ئۆکراین هیچی تر نیە. پەیامەکەی زۆر ڕوونە کە ئەمە ئەوە بۆ کوشت دەدەین تاکو دواین کەستان بەنی. زیلینسکی ڕۆژانە گوێبیستی سوکایەتی و ڕسوایی پێکردنی ئاوهایە کەچی هیشتا دەیەوێ خۆی وەک سەرکۆکی خاوەن کەستی و جەنگ نمایش بکات لە کاتێکدا، بەو هەموو پیودانگێ سیاسی و زانیاری و داتایانەی سەرەوە، کەسی ئاوها جگە لە فس فس پاڵەوانیک هیچی تر نیە.
وەک پرۆفیسەر جۆن میرشایمەر وتی گەر دراوسێکت گەرلا بوو مەیکە بۆ دوژمنی خۆت یاخود گەر دراوسێکت گەر ورچ بوو ئەوا داری تەوە مژۆنە یان دار مەکە بۆ چاویا چونکە لێت رادەێ و خراپیش پێلامارت دەدات، زیلینسکی گەر جاران ئێکتەریکی کەمیدی ناو هونەر بوو ئەوا ئیستا ئێکتەرێکی کەمیدی تراجیدی ئەقڵ لە گوێی ناو دنیای سیاسەتە کە نە لە هاوسەنگی هێزکان و نە لە ئامانجە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکا و نە لە بودەی ئەوروپا تێگەیشت. کردنی ئۆکراین بە سەرچاوەیەک لە هەموو ئاستەکانی سیخوڕی و زانستی بایۆلۆجی و گوتاری سیاسی و سەربازی بۆ ولاتانی تر بۆ هێرشە لەسەر ڕوسیا جگە لە وەرانبوونی وەاتەکەی خۆی و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس لە هاوڵاتیانی خۆی و نادیاری چارەنوسی ئەوروپا و بگرە جیهانیشی لەگەڵ خۆیدا خستە بەردەم ئایندەیەکی ڕەشەوە.

نووسینی: ئیدریس مستەفا
ڕۆژی ٤ی٤ی ٢٠٢٢

سەرچاوەکان:

1. https://theconversation.com/ukrainian-and-russian-how-similar-are-the-two-languages-178456#:~:text=As%20Russian%20and%20Ukrainian%20diverged,about%2062%25%20of%20their%20vocabulary.
2. https://indepthnews.info/index.php/opinion/5106-ukraine-should-have-a-policy-of-non-involvement-with-nato-opined-zbigniew-brzezinski

3. http://marketoracle.co.uk/article24756.html
4. https://www.clovisinstitute.org/north-european-plain/
5. https://thealtworld.com/scott_ritter/the-horrific-truth-about-the-biological-research-labs-in-ukraine
6. https://jacobinmag.com/2022/01/cia-neo-nazi-training-ukraine-russia-putin-biden-nato
7. https://voxukraine.org/en/fake-victoria-nuland-admitted-that-us-has-biolabs-in-ukraine/
8. https://www.ukrinform.net/rubric ukrainian-refugees-in-europe-could-grow-to-5m-borrell.html
9. https://www.reuters.com/world/europe/broader-war-ukraine-could-displace-15-million-swiss-minister-2022-03-11/
10. https://www.kurdrawm.com/idea/2983/?fbclid=IwAR1Remo8pTLaVaiu7JeMpIZuuqQ85alg6Lsxks9skmiplogjLC8OYFbDgv4
11. https://truthout.org/articles/noam-chomsky-us-military-escalation-against-russia-would-have-no-victors/
12. http://www.nlka.net/news/details/1377
13. https://www.youtube.com/watch?v=bkC9mZgaLDI
14. https://nsarchive.gwu.edu/sites/default/files/thumbnails/image/stepanov-mamaladze_0.jpg

---

لە پاکستان سەری مامۆستایەکی ژن دەبڕن... حەسەن ئازانی

لە پاکستان سەری مامۆستایەکی ژن دەبڕن چونکە پەغەمبەر هاتۆتە خەوی کچێکی تەمەن ١٣ ساڵی خزمی سەربڕەکان و پێی گوتووە ئەو مامۆستایە سوکایەتی بە من و بە ئیسلام کردووە بۆیە دەبێ بکوژرێت! (ئیترلێ ئێستاوە لە پاکستان ئاگەر لەخۆیشدا بتینن و گوێیان لێتبێت کە تۆ سوکایەتی بە ئیسلام دەکەیت، ئەوە سزاکەت سەربڕین دەبێت!)

پاکستان/ پارێزگای پێختون خوا لە ناوچەی دەرە ئیسماعیل خان

خوێندنگای جامیعێ ئیسلامیێ فلاح البنات

بە پێی دەیان سەرچاوەی سۆشیال میدیایی و تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامەی ڕەسمی و تەنانەت دەزگای پۆلیسی پاکستان و زۆرێک لە دەزگاو ڕاگەیاندنەکانی جیهانی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لەو ڕووداوە دەکەن:

لە ناوچەی دەرێ ئیسماعیل خان کە سەر بە پارێزگای پەختونخوایێ و دەکەوێتە سەرسنووری ئەفغانستان بە دیوی پاکستانەوە، لە خوێندنگایەکی ئایینیدا بە ناوی فەلاحول بەنات کە تەواوی مامۆستاکانی ژنن وخوێندکارەکانیشی هەموویان کچن، ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ٢٩ی ئازاری ٢٠٢٢ کاتژمێر ٧ی سەر لە بەیانی مامۆستایەک بە ناوی سەفورێ بیبی بە چەقۆ سەر دەبڕن.



دەزگای پۆلیسی پاکستان لە ناوچەکە مامۆستایەکی هەمان خوێندنگا و دوو لە خوێندکارەکان کە ئەوانیش خوشکەزاو برازای مامۆستا پلان داڕێژەکەن وەک تەمەتباری سەرەکی دەستنیشان کردوون. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی ناوچەکە، مامۆستا تاوانبارەکە کە لە هەمان کاتدا هاوڕێی مامۆستا سەربڕاوەکەش ئاستەوخۆ پلاندانەڕێژەری تاوانەکەبووە. ئێستا پۆلیس مامۆستاکە و دوو خوێندکارەکەشی گرتوون. هەروەها پۆلیس دەڵێ هەرسێک تەمەتبارەکە دانیان بە تاوانەکەدا ناوە. بەرپرسێکی پۆلیس بە ناوی نەجمول حەسەن لیاقەت

بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وت کە ئەو کەیسە هەشتا لە ژێر لێکۆڵینەوایە و دەبێ بزانرێت کە ئاخۆ ئەم کوشتنە پەیوەندی بە بابەتی سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەرەوە هەیە یاخود شتی شەخسیەو دوژمنایەتی نێوخۆی ئەو دوو مامۆستایەیە. بە پێی ڕۆژنامەی ئەلمەشریقی پاکستانی کە ڕۆژانەیەو بە زمانی ئوردو دەردەچێت دەڵێت: "مامۆستا تاوانبارەکە ناوی عومەر ئامان و دوو خوخوێندکارە تاوانبارەکەش ناوی یەکەکیان رازیە حەنیفە و ئەوەی تریشیان ئایشە نوعمان."
هەر لە سەرەمان بابەت، زاهید قوڕەیشی کە خزمی مامۆستا سەفورەیە بە پۆلیسی وت کە "هیچ دوژمنایەتییەک لە نێوانی مامۆستا سەفوروو مامۆستا تاوانبارەکەدا نەبووە". زاهید دەڵێ "زۆر جاران مامۆستا تاوانبارەکەو مامۆستا سەفورە بە یەکەوە چووون بۆ دەوام و بە یەکەوەش هاتوونەتەوەو زۆر یەکتریان خۆش ویستووە". زاهید لەو بارەوە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەڵێت کە "ئەو کارە کارەکی زۆر دەندانە بووەو داوای جێبەجێکردنی دادپەروەری لە حکومەت دەکەم". لە لایەکی تریشەوە مەولانە شەفیعو اللە بەرەوبەری خوێندنگاکە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وت کە "مامۆستا سەفورە دوو ساڵ بووە لەو خوێندنگایە دەرسی وتەتەوەو هەرسێک تاوانبارەکەش هی ناوخۆبوون."

لە لێدوانێکدا هەردووک خوێندکارەکە دانیان بە تاوانەکەدا ناوە. دەڵێن بۆیە مامۆستاکەیان سەربڕیوە چونکە لە ماڵەوە خزمەکانیان و یەکێک لە خزمەکانیان کە کچێکی تەمەن ١٣ ساڵە ئەو خوێی دیوە. لە خوێی کچە تەمەن ١٣ ساڵەکەدا ئەو مامۆستایە سوکایەتی کردووەو پێغەمبەریش هاتۆتە خوێی و فەرمانی کردووە کە دەبێ ئەو مامۆستایە بکوژرێت و تۆڵەی لێبکرێتەوە. بۆیە ئەوانیش ئەو سوکایەتیەیان بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام پێ قەبوو نەکراوەو نەیان توانیوە چاوپۆشی لە مامۆستا سەفورە بکەن. هەر بۆیەش بە ئەرکێکی ئاینی ئیسلامیان زانیوە کە دەبێ تۆڵەی ئیسلام و پێغەمبەر لە مامۆستا سەفورە بکرێتەوە. ئەو دوو کچە دەڵێن "ئەوان تەنها فەرمانی پێغەمبەری ئیسلامیان جێبەجێکردووە."
پلانکەش بەم شێوەیە جێبەجێدەکەن: ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ٢٩ی ئازاری ٢٠٢٢ کاتژمێر ٧ی سەر لەبەیانی کاتێک کە مامۆستا سەفورە بیبی بەرەو خوێندنگاکە دەچێت بە مەبەستی دەوام ، لە بەردەم دەرگای سەرەکی خوێندنگاکە دەکەوێتە کەمینی هەرسێک لە مامۆستا و دوو خوێنکارەکان کە بەرازاو خوشکەزای مامۆستا تاوانبارەکەبوون. هەرسێکیان بە ئەو کارە بە ئامادەباشی هاتوون و کوتک و تاو چەقۆیان پێبووە. هەر لەوێدا کوتوپڕ وەری گەڕاونەتە و لە عەرزیان

داوەو هەموو لەشیان بەچەق و کوتەک هەلاهەلا کردووە، دواییش بە چەق سەریان لە لاشەی کردەتەوە.
جگەی باسە کە لە پاکستان دا بە پێی یاسا سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام تاوانێکی قورسەوسزاکەی کوشتنەو لەخشبوونی نیە. هەر بۆیەش هەر کەسێک کە ئەوتاوانە ئەنجام بدات خەڵکی ئیمانداروو ئیسلامی تووندڕەوی پاکستان لە هەر کون و قوژبنێکی ئەو وڵاتەدا لەسەر پۆلیس و دەزگای دەوڵەتی ئاناوەستن کاری کوشتنەکە جێبەجێ بکەن، بۆیەک و هەر خۆیان ئاستەوخۆ هەڵدەستن بەو کارە وەک ئەرکێکی پیرۆزی ئایینی کە لەسەر شانیان واجیبە. لەو بارەوە بە پێی ئاگەیاندنەکان پاکستان لە چەند دەیەی ئابردودا ژمارەیەکی پەوانەیی یەکجار زۆری تۆمار کردووە کە خەڵکی تۆدا سەربەاوەو کێژاوەو بەردەباران کراوە لەسەر سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام.

دەگوترێت کە بەرپرسانی حکومەتی پاکستان چەندین جار ئایان گەیاندووە کە هیچ لەبوردن و لەخشبوونێک نیە بۆ ئەو گروپ و کەسانەی کە لەدژەوەی یاساو دەزگای دەوڵەتیدا بەم شێوەیە خەڵک دەکوژن لەسەر سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەر. بۆیەم هەشتا خەڵک گوێ بەو قسانە نادات و پشت ئەستوور بە هەندێک حیزبی ئیسلامی هەرە تووندڕەو بەردەوامن لەسەر ئەو سزایانە.

تووندوتیژی و سزای کوشتن و سەربڕین و بەردبارانکردن لەسەر سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام لە پاکستاندا مێژوویەکی لە مێژینەی هەیە. هەر لەو بارەوە بە پێی بەدواداچوونێکی ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئاساییش کە ناوەندێکی بەناوبانگ و جێ متمانەیە لە ناو ئیسلام ئابادا دەڵێت "لە حەوت دەیەی ئابردووداو ۹۰ نەوەد کەسی سیڤیل بە تۆمەتی سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام کوژراوون." هەربە پێی ئاپارتێکی هەمان ناوەند دەڵێت " لە ساڵی ۱۹٤۷ وە کە پاکستان سەربەخۆیی وەرگرتووە ۱٤۰۰ هەزارو چوارسەد کەس تۆمەتی سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەریان دراوەتە پاڵ و خراونەتە دادگاوە یان لە لایەن گرووپی تووندڕەوی نەو شۆڤێنیستەوە تووشی سزاو ئەشکەنجەو کوشتن و ئاوەدوونان بوونەتەوە. لە یەک دەیەی ئابردووەوە ۱۲۰۰ دەسیەی لەو بابەتە بە تۆمەتی تۆمارکراوە. کە ئەوەش ژمارەیەکی یەکجار زۆر و لە زیادبوونداید .

تا ئێستا لە زور شوێنان لە وڵاتانی ئیسلامی و تەنانەت لە وڵاتانی نا ئیسلامیش بە نموونە وڵاتە لیبڕاڵ ەکانی سوکایەتی بە

ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام یان باسی خراپی یەکێکیان یان هەردووکیان بە یەکەوە تاوانو لێخۆشبوونی نیە. چارلی عەبدو لە ناوجەرگەی پاریسی فەرەنسادا وەنەی پێغەمبەری ئیسلامی بە شێوەی کاریکاتێری درووست کردو ئەویش چارەنووسەکەی کوشتن و تیرۆرکردن بوو. ئەستا هەر ئەوە نیە کە لەسەر ئەرزی واقیع ببینرێی کە سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام بکەی سزاکەت کوشتن و سەربڕین دەبێت، بەڵک و ئاگەر لە خەویشدا بتبینن و لێت ببیسن کە سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام دەکەی دەتکوژن، بەردبارانت دەکەن، کوتک و تۆپا بارانت دەکەن و قەرتم و ملیشت بە کەردەک دەپێچنن. وەک، بە نموونە، کە بەسەر مامۆستا سەفورە بیبی د اهات لە پاکستان. تەنها لە خۆدا کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ پێغەمبەر هاتێ خەوی و پێی گوتووە کە مامۆستا سەفورە سوکایەتی بە ئیسلام و بە پێغەمبەر کردووە بۆیە دەبێ بکوژرێت. بکوژەکانیش فەرمانکەیان جێبەجێکردووە بە شێوەی ئیشکەنجەو سەربڕین. بەجگە لە خۆوەکە هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نەبووە کە مامۆستا سەفورە ئەو تاوانەی ئەنجام دابێت.

حەسەن ئازانی
٥ی ئازاری ٢٠٢٢

تێبینی: بە ئەو بابەتە سوودم لە زەر سەرچاوە وەرگرتووە . لە وانە :

https://www.aljazeera.com/news/2022/3/30/pakistan-school-teacher-killed-for-alleged-blasphemy-police
https://www.youtube.com/watch?v=WJupD14fwwA
https://www.insider.com/pakistan-teacher-killed-over-13-year-olds-anti-muslim-blasphemy-dream-2022-4
https://www.geo.tv/latest/408289-kp-seminary-teacher-slaughter-police
https://www.albawaba.com/editors-choice/pakistan-teacher-killed-blasphemy-relatives-dream-1471810
https://www.vice.com/en/article/5dga85/woman-teacher-killed-blasphemy-dream-pakistan

دڕوونناسیی.. ئەحمەد ھەزا

نەخۆشییەکی گرنگ لە منداڵییەوە: ADHD

- شپرزەیی " کەمیی سەرنجدان و جووڵەی زۆر/ هاروهاجیی"*
- قصور الانتباه وفرط الحركة*

* attention deficit hyperactivity disorder*

شپرزەیی " کەمیی سەرنجدان/ ترکیز، یان پەرتبوونی سەرنج و جووڵەی زۆر"، کە بە نەخۆشیی ADHD ناسراوە، لە گەورانداپەیوەندیی بە تەندروستیی ئەقڵەوە هەیە. لە کەمەک کێشەی بەردەوام پێکدێت، وەک هاروهاجیی لە منداڵیدا، سەرنج پەرت بوون، هەڵفتاری پەلەپەل کردن، لە گەورەبوونیشدا پەیوەندیی ناجێگیر، لاوازیی کارکردن و کەمبوونەوەی باوەڕ بەخۆبوون و خەمۆکیی و دڵەڕاوکێ و حولحولێتیی.

ئەم شپرزەییە لە تەمەنی 3- 6 ساڵیدا سەرهەڵئەدات، زۆرترینی لە تەمەنی 5 ساڵاندا، نیشانەکانی زوو دەرئەکەون، بەڵام لە هەندێک کەسدا دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەگاتە تەمەنی باڵق بوون.

لە هەر 10 منداڵێکی تووش بوو بەم شپرزەییە، سێ کەسیان ئەگاتە قۆناغی هەرزەکاریی، واتە لەو حەوت کەسەکەیتردا تەنیا پێنج و ئاستواری نامێنێت، یان شێوەی ئەگەڕێت و هاوسەنگیی دروست ئەبێت. بە نمونە ئەو گەنجانە هەندێکیان توشی خەمۆکیی و هەندێکیتریان حولحولیی دەرئەچن، یان ئەبن بە بەنگەکێش.. کەواتە پێویستە لە پێناوی پاشەڕۆژیاندا بە دروستیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە هەندێک حاڵەتدا پەیوەندیی بە پێکهاتەی مێشکەوە هەیە، بە نمونە نەخۆشی تووشبوو بە ADHD هەنگە بشی پشێوەی مێشکی – کە کەنترۆڵی لەدانی دڵ و هەڵکشستن و سەرنجدان ئەکا- بە خاویی گێشە بکات.. جگە لەوەی نەخۆشییەکە خۆی بەماوەییەو بە نەوەکان ئەگوازرێتەوە، لەبەرئەوە هەندێک دایک و باوک، کە ئەزانن خۆیان تووشبووی ADHD ن، باشترواید، وردتر چاودێریی منداڵەکانیان بکەن و پشکنینیان بۆ بکەن.

لە هەندێ باریتریشدا دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی و تاقەت نەبوون بە

خوێندنەوە، نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە دائەپۆشن و ئەیشارنەوە، لەبەرئەوە واستترە ئەو تەکلایەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە 4% مەزەندەکراوە بە تووشبووانی ADHD، زۆر زیاترە.

لە هەندە شوێنیشدا هەندە سیمای ADHD ئەبەتە خاڵی بەهێز بە کارەکانیان:
لەکەینەوەکان ئەویان دەرخستووە، کە نەخۆشی ADHD زیاتر حەزیان بە کاری داهێنەرانەو سەربەخۆیی و خەرایی لەچاو ئەوانیتردا، وەک پیشەی هونەریی و ئاگرکوژێنەوەو مامۆستایی و ئەوانەی لە بەواری ڕیکلامەدا کار ئەکەن، یان پیشە بچووکەکان، زیاتر ئەو کارانەی خەڵک زوو ماندوو ئەبێت بەدەستیانەوە.

نیشانە دیارەکانی:
1- بێ ئاگایی/ غەفڵەت و نەتوانینی سەرنجدان:
دایکان ناتوانن تێبینیی سەرنج نەدانی منداڵەکانیان بکەن، تا نەچنە بەرخوێندن، سەرەتاش مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوەدا، یان کاتە کارێک بە منداڵەکەدا دائەدا، هەستی پێئەکا.
جگە لەوەش منداڵانی تووشبوو بە ADHD ئاژاوەچین، ناتوانن سەرنجی زۆر بدەن و گوێ نادەنە هیچ یاساو ڕێسایەک و حەزیان بە بەزاندنی یاساکان هەیە، تەنانەت لە یاریکردنیشدا.. لەبەرئەوە کارەکانیان بێ ئاژاوەگێڕانەو فەرامۆشکراو ئەبینرێتەوە.
هەروەک کەشێیان لە زەروتندا هەیە لەهەر بابەتێکداو زوو تیایدا ئەوەستن، تاقەتی گوێگرتنیشیان لەوانیتر نییە.. بە دەنگەکی بچووک یان جوڵەیەک سەرنجیان ئەڕوا، لە کاتێکدا ئەوانیتر هەستی پێناکەن، یان گوێی نادەنێ.. زەحمەتە لەگەڵ ئەوانیتردا هەڵبکەن، لەبەرئەوەی توانای سەرنجدان و ناسینەوەی میزاجی ئەوانیتریان لاوازە.. بێ زینەدەخۆن و بایەخدانێ تایبەتکانی خەیانەوە سەرقاڵن.

2- چالاکیی و جوڵەی بێ ئەنداز/ هاروهاجیی بەردەوام:
ئەمجارە لە منایدا بەردەوام چاوچاو/ " مماطلة" ئەکەن، لە سەعیکردن و دەرس و دەوردا، لە یاریکردن و جگەکەی بەردەوام، لە سێ خولەک زیاتر، توانای مانەویان نییە، بە کورتییەکەی تەتکە ناگرن.. توانای یاریکردنی هەمنیان نییە، حەزیان بە ڕاوەکێ و بازهەدانە بەسەر شتومەکدا، بە جۆرێک

تەواو دایک و باوکیان بێزار ئەکەن.. تاقەتی گوێگرتنی چیرۆکیان نییە.

3- پەلەپەل:
نەمانی سەبرو ئارامیی، چاوەڕوان نەکردن لەسەرەی خۆیاندا، پەلەکردن لە وەڵامدانەوەو پێبینی قسەی ئەوانیتر، ئازاردانی خودی خۆیان، لەبەرئەوەی بە بێ بیرکردنەوە هەڵسوکەوت ئەکەن، هەندجاریش بەهەی پەلەپەلییەوە بەرکەسانیتر ئەکەون، یان لە شتی مەترسیدار نزیک ئەکەونەوە، یان لە ماڵ هەڵدێن، یان هەڵکردن بەشەقامداو خۆهەڵدان لە شوێنی بەرزەوە.

4- دڕماگیریی.
5- کێشەی زۆر لەکاتی هەوبەڕووبوونەوەی فشار دروست بوون، یان ئاڵۆزیی تێپەڕاندنی کێشەکان.
بەڵام هەریەک لە ئێمە لە یەکێک لە ساتەکاندا نیشانەی ئەم نەخۆشییەمان لەدەرئەکەوێت، بە بێ ئەوەی دووچاریشی بووبین، ئەوکاتە ئەزانین کە بە ADHD ەوە گرفتارین، کە نیشانەکانی کەمتر کەم بێن و ببنە مایەی کێشەی بەردەوام و زیاتر.. نیشانەکانیش لەگەڵ ماوەی منداڵیدا یەک بگرنەوەو پێوەندیی نەپساوە لە نێوان نیشانەکانیدا هەبن.. بەڵام لە گەورەبوونداا، بە حولحوڵتیی و شپرزەیی و دەڵاوکێ دەرئەکەون.

هەڵکارەکانی تووشبوون بە ADHD:
1- هەڵکاری بەماوەیی.
2- جگەرەکێشان و خواردنەوەی دایکان، لە دووگیانییدا.
3- دووچار بوون لە منداڵیدا بە ژەهرە ژینگەییەکان وەک خوێی فەسفات و قوڕقوشم.PBso4
دەرئەنجامە خراپەکانی:
1- تەمەڵیی لە خوێندن یان کارکردن.
2- بێ ئیشیی.
3- کێشەی دارایی.
4- کێشەی یاسایی.
5- ئالوودە بوون بە خواردنەوەو بەنگ/ هەشبەر.
6- دووبارە بوونەوەی هەوداوی ئوتومبێل، یان هەوداویتر.
7- پێوەندیی ناجێگیر لەگەڵ خێزانەکدا.
8- خراپیی تەندروستیی جەستەو ئەقڵ.

9- لاوازیی وەنەی خود.
10- هەوڵی خۆکوشتن.

چارەسەر:
باشترین ڕێگە چارەسەر، بە زاڵبوون بەسەر ADHD دا، سەرداڵنیکردنی پزیشکێ، لەبەرئەوەی جگە لە ووە دەروونیەکەی، پەیوستیی بە داوودەرمانیشە.. بەام لەسەرتادا پەیوستە دایک و باوک بە هیچ جۆرێک پەنا نەبەنە بەر لەدان و تووڕە بوون، گرنگتر ئەویە ڕاتینیان لەگەڵدا بەکاربهێنرێت و کاتی تەواویان بە جووڵە پێ ببەخشرێت، هەروەک لە هەندێ قوتابخانەدا ڕێچاو ئەکرێ.

_____

سەرچاوە:

- موقع mayo clinic / اضطراب فرط الحركة وتشتت الانتباه عند البالغين / 10/ 11/ 2021.
- منال العبدلاوي – حقائق لا يعرفها الكثيرون عن اضطراب فرط الحركة وتشتت انتباه الأطفال – موقع الجزيرة – 22/ 4/ 2021.

ئامانج و بەختەوەری لەژیاندا لەدیدی فرێدەوە... مەحمود عەبدوڵا

ئاشکرایە تاقە ڕێسایەکی مسۆگەر نییە بە بەختەوەربون.بۆئەندازەی جیاوازی مرۆڤەکان ڕێگای بەختەوەریش هەن.هەربۆیە وەک فرێد دێت :ڕێسایەکی زێڕین نییە بە بەختەوەربون کە بەسەرهەموانداا بچەسپێت. بەدرێژایی مێژوو ،فەلسەفە و ئاینەکان لە لێگەیندابون بە وەامی پرسیاری ئامانج و بەختەوەری لەژیاندا. سەرەتا ئامانج لەژیاندا چییە؟ لەوانەیە ئەوە سەرەکیترین پرسیاربێت لەژیانی مرۆڤدا؟ بەام بەدیدی فرێد سەرچاوەی ئەوپرسیارە لوت بەرزی و خۆ بەزلزانی مرۆڤ،مرۆڤ و ئیگۆی مرۆڤ خۆی دەکاتە سەنتەری ژیان ،ئینجا بەدوای

وەامی ئەوپرسیە دەگەڵت، بەڵام کەس ناپرسێت ئامانج لەژیانی ئاژەڵەکان چییە؟ ئەبەت مرۆڤ خوپەرستانە و بگرە منانانەش وەامی دەداتەوە و دەڵێت : بەخزمەتی مرۆڤ، بەڵام ئاژەڵگەلێکی زۆر هەن مرۆڤ نەشیناسیون و دەستی پێنەگەیشتون کەلەناو چون یان قەیان تێکەوتووە. هەنگێ ئەم وەامە سادەیە منانگەرایی دەرونی بێت کە دینەکان هەویانداوە بیخەنە زیهنی م رۆڤکانەوە ، سادەکردنەوە یەکی لەوجۆرە فیتاوفیتی ئۆقرەی حەشامات،هەربۆیە حەشامات بەگەرموگوڕیەوە پەشوازی لە ولامەکانی دین دەکەن تا زانست و فەلسەفە.

بەڵام بەباوەڕی فرەید پرسیاری سەرەکی ئەوێیە مرۆڤکان چییان دەوێت ؟بەدوای چییەوەن لە ژیانی ئەم دنیایەدا؟ بەگومان مرۆڤکان بەدوای بەختەوەریەوەن ، بەگوێرەی بەرنامەی پرەنسیپی چەژ . واتای سەرەکی بەختەوەریش هەر ئەوێیە واتا چەژبینین لەژیان و دورکەوتنەوە لەئازار.بەڵام پرەنسیپی چەژ دولایەنی هەیە ،لایەنکی خەلادان لەئازار،لایەنکیشی ئەزمونکردنی چەژە چەوپەکان .چالاکی مرۆڤکان لەگەڵ دوانەیی ئامانجکان بەدوئاستە دەبەن. ئەگەرچی پرەنسیپی چەژ بەکەڵک و هەستانی دەرون کەنتەڵە دەکات، بەڵام هەرلەبنەڕەتدا پرەنسیپی چەژ لەگەڵ گەردونی گچکە "مرۆڤ خەی"وگەردونی گەورە ناکەکە و ئە پرەنسیپە هیچ کات جەبەجە ناکرێت نەگەڵ یاساکانی گەردون،نەلەگەڵ هەستای کەمەگەو شارستانی ناگونجەن،وەک بەڵی مەرامی بەختەوەری لە نەخشەی خیلقەتدا نییە.
ژیان بریتییە لە بارەکی قوناس کەمەڵک ئازارو ناخۆشی ،کە بەبێ ئامرازە یارمەتیدەرکان بەرگەیان ناگیرێت. لالایەکیتر تەنها ئیمکانی هەژیەکی مامناوەندی بەختەوەری هەیە.چونکە ئەمە وادروستکراوین تەنیا لەمیانەی ناکەکی و دژیەکی چەژەکی زۆر بەدەست دەنین،کەواتا پرەنسیپی چەژ لەگەڵ خودی پەکهاتەی کەئەندامی دەرون ناکەکە. فرەید نموونەی وتەیەکی گەتە دەنەتەوە کە دەڵێت: هیچ شتەک لەوقورستر نییە بەرگەی زنجیرەیەک لەهەژە خۆشکان بگریت. بە مرۆڤ خۆشیکی بەردەوام نە ئیمکانی هەیە نەبەرگەی دەگیرێت.

مرۆڤکان سەرەگە بەکاردەنن بۆ بەرگەگرتنی واقیع و دورخستنەوەی ئازار و ناخۆشی، یەکەم ئامرازە هۆش پەرتکەرو سەرگەرمکەرکان،تەربونە جگەرەکان و مادە سرکەرکان. یەکەمیان زانست و داهێنان دەگرێتەوە،دووەم هونەرکان ،چونکە هونەرکان کەمەڵک فۆڕم و چاوبەستن بەرامبەر واقیع بەڵام کاریگەریان هەر هەیە بەهەی هەڵی فەنتازیا لەژیانی دەرونی دا، سێیەمیان مادە

سەرکەرکان وادەکەن دونیایەکی تایبەت مان هەبێت و لەواقیع دابڕێین. بەبەوای فرەید ئاینیش هەم ڕێگای خەلادان لەواقیع دەبینێت و وەک یەکە لە ئامرازە سوکنایی بەخشە و خەلادان لەواقیع ڕێگە دەبینێت . ئای ن جۆرەک وەهمای دەستە جەمعییە بە گەیینی واقیع، تا بەرگەی ژیان بگرین .ئەمای مرۆڤ لەسەلاوە بوونەوای ئازار دەبینەوە لە دونیای دەرەوە،لە جەستەی خەمان و لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤکان، بەتام ئوەی دواییان لەهەمویان کاریگەرترە. بەخە لادان لەم ئازارانە،مرۆڤکان ناچارن ئوجار واز لە بەرنامەی پرەنسیپی چڕ بەنن. بەگوەرەی پرەنسیپی واقیع هەڕس و کەوت بکەن. واتا ناچارن ئامانج و ئارەزوەکانیان کەم بکەنەوە ، بەخە لادان لە ئازاری مرۆڤکان گەشەگیری ڕەنگە تاکە ڕێگای دورکەوتنوەبت لە ئازاری مرۆڤکان. مرۆڤکان چەندین ڕێگا بەکاردەنن ،هەندەکجار دورکەوتنەوە لەئازار زادەبت و مرۆڤ بەوەندە سوکنایی دەت کە لەئازار دورکەوتەوە. هەندەکجاریش خودی چڕ دەبتە سەرچاوەی ئازار بەیە مرۆڤ دەبت وبکات گەیینی پاەنەرەکان ،یان باەاکردنیان. ئەو وزە ی ژیانە کەپاەنەرەکی سەکسی هەیە دەگەڕێت بە شتی ماقوەتر بەنمونە لەڕێگای هونەرو داهەنان مرۆڤ چڕ دەبینێت و خە لەواقیع لادەدات.واتە تەکنیکی گەیینی پاەنەرەکان . زوهد ،گەشەگیری ،هونەر ئاین ،ئەشق،کار ،هەریەک بەجۆرێک ڕێگە دەبینن لە گەیین و کەنتەڵکردنی پاەنەرەکان و دورکەوتنەوە لەئازارو بەدەستهەنانی چڕ.

بەتام بەدیدی فرەید ئاین زامانە تاقە یەک ڕێگا دیاری دەکات،لەڕێگای تەقاندنی هەش و پڕەدان بە مناگەرایی دەرونی ،جۆرە جیاوازەکان ی خەگونجاندن بچوک دەکاتەوە یەک یاسا پەشنیاردەکات بە بەختەوەری کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناکەک.هیچ کات مرۆڤکان ناتوانن بە یەک شێواز بەختەوەربن.دین تەکنیکەکی کەمکردنەوەی بەهای ژیان و شێواندنی وەنای ژیانە و لەکەوەی وەیمەدا،و بەزەری زەرداری سەردەکەوت لە وەک یەک لەکردنی خەڵک تەکهەڵکشکردنیان لەوەنەیەکی دەستجەمعیدا .ڕێگاکانی بەختەوەری زەرن،وەلە پەشنیارکردنی تاقەڕێگایەک و سەپاندنی دەبتەمایەی ئازارو بەدبەختی بە زەر خەڵکی. مرۆڤ لە و پاەنەرانەی کە کەنتەڵکراون ،چڕی کەمتری دەست دەکەوت،بەبەشبونیش ازاری کەمتر،بە پچەوانەوە لە وپاەنەرانە ی امنکراون چڕکی چەتر دەبینێت ،هەربەیە بە بەشبونیش لەیان بە ئازارترە.ئەو ناکەکیە ی نەوان پاەنەرە امکراو امنکراوکان نهەنی ئەویە کە مرۆڤکان ئارەزویان بە مادەسەکەرکان و شتە قەدەغەکراوکان زیاترە وەک دەڵێن هەرچی مەنوعە مەرغوبە.

مەحمود عەبدوڵا
سەرچاوە :شارستانیەت و ناکامیەکانی

ناساندنی کتێبی (لای کوردەکان بووم)... هیوا ناسیح

کتێبی لای کوردەکان بووم، بینەری خەباتێک بۆ ژیان (Ich war bei den Kurden, Augenzeuge eines Lebenskampfes) کە هی نوسەر و رۆژنامەنوسی ناسراوی نەمسایی فریتس زیتە (Fritz Zitte) یە، ساڵی ١٩٨٠ لە ڤیەننا بە قەبارەی ماناوەند و ٢١٠ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، وێنەی پێشمەرگەیەکی گەنج لەسەر بەرگەکەیەتی بە بێنەوێکەوە. نوسەری ئەم کتێبە ساڵی ١٩٢٤ لەو وڵاتە لەدایکبووە و ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردوە، ناوبراو بەوە ناسراوە کە ماپەرتی ڕۆژنامەوانی نوسین و وێنەیی لە شوێنە پڕ لە قەیران و جەنگەکانەوە ئامادە کردوە و لە هەندێک تەلەفزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەوکاتی وڵاتانی ئەوروپادا بڵاویکردونەتەوە، ئەم بەوە جیاواز بووە لە ڕۆژنامەنوسانی سەردەمەکەی، کە خۆی سەرکێشی کردوە و کام ناوچە جەنگ، کە شەڕ و نائارامی و خەبات و شۆڕشی تێدابووە خۆی بە هەر نرخێک بووە چێتە ئەوێ و ماوەتەوە و ماپەرتی مەیدانی ئامادە کردوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسایەتی و کاراکتەرە دیارەکاندا ئەنجامداوە و دواتر بەشێوەی کتێب بڵاویکردۆتەوە، نمونە وڵاتانی وەک یەمەن، ئەنگۆلا، سوریەنام، نیگکەراگوا، نامیبیا، چاد، سودان، کەمبۆدیا، ئەفغانسان و کوردستانە، خۆی خاوەنی زیاتر لە ٢٠ کتێبە زۆربەیانی بەم جۆرە نوسیوە. وەک دەریشدەکەوێت هەمیشە پشتی خەباتگێڕان و گەلانی چەوساوەی گرتوە و ڕەخنەی لە چەوسێنەران، داگیرکەران و سیستمی سیاسی ناوچەیی و جیهانی گرتوە. تەنانەت ڕەخنەی لە سەرکردایەتی و کاراکتەرەکانی شۆڕشەکانیش گرتوە. ئەم بە خۆی و کۆڵەپشت و کامڕا و جانتایەکەوە ملیناوە و گوێی بە مەترسی و کێشە و گرفت و هەندێک جار گیانی خۆشی نەداوە!
لە پێشەکی کتێبەکەی (لای کوردەکان بووم) نامەیەکی کوردیی دەستنوسی سامی عەبدولڕەحمان (سامی سنجاریی)، سکرتێری ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەقی ئەمانیفێستێکەشی بڵاوکراوەتەوە، کە لە

۱۵/۱۰/ ۱۹۷۹دا نوسراوە، تێیدا بە کورتی وەسفی ئەم نوسەر و ڕۆژنامەنوسانە دەکات و ئەمکارەی ئەو بۆ دەنگدانەوەی خەباتی کورد بەرز هەڵدەسەنگێنێت. بەڵام چیرۆکی نوسینی کتێبەکە بەوە دەستپێدەکات، کە نوسەر زۆر پێشتر زانیاری لەسەر کێشەی کوردەکان هەبووە و مەبەستی بووە سەردانی کوردستان بکات، لە نیوەشەوێکی پایزی ساڵی ۱۹۷۹دا تەلەفونێکی لە پاریسەوە بۆ دێت، کە کوردێک پێی دەڵێت، گەڕ تۆ وەک جاران حەز دەکەی سەردانی کوردستان بکەیت ئەوا ڕۆژی چوارشەمە ئوتێلی فێان لە شاری کۆنی ئەمانیا یەکتر دەبینین. ئەمیش ڕازی دەبێت و یەکتر دەبینن، دوای ئاشنابوون بە ئامانج و بیروبۆچوونی زیتە ڕازی دەبن هاوکاری سەفەرەکەی بکەن، پێدەچێت ئەمان سەر بە پارتی بووبێتن. ڕۆک دەکەون کە ئەم بە فڕۆکە تا ئەستەمبوڵ بچێت و لەوێ ئەندامێکیان پێشوازی لێ بکات، بۆ ناسینەوەشی پێنج کرێنییەکی کاغەزی پارەی ئەوکاتی سوید دوو لەت دەکەن و لەتێکی دەدەنە ئەم و لەتێکی دەنێرنەوە بۆ ئەوێ وەک بەڵگە. دیارە ئەم کارەی پارتی کردویەتی زۆر گرنگ بووە بۆ کاتی خۆی، کە دەنگی کورد نەگەیشتۆتە هیچ کوێ و دوای هەرەسی ۱۹۷۵ وازانراوە کە خەباتی کورد کۆتایی هاتووە، زۆر کەم ڕۆژنامەنوس و نوسەران دەگەیشتنە ناو پێشمەرگە.

بە کورتی ناوبراو خۆی دەپچڕێتەوە و سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۹ دەفڕێت بۆ ئەستەمبوڵ و وەک ڕێککەوتون لە سەعات دووی نیوەشەو لە ئوتێلی دیڤان لە ئەستەمبوڵ دێن دەیبەن. کەسێک بە ناوی عومەر وەک وەرگێڕ و هاوسەفەر سەرەتا بە ئۆتۆمبیل بەرەو باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکوری کوردستان) و لەوێوە بۆ سنوری ئێران، دواتر لەگەڵ دووکەسدا بە ڕێگەی قاچاخ و بە سواری ئێستر بە سەر سنوری پێ لە مەترسی مین و خاڵی سەربازی و شاخوداخ و دۆڵ و ڕێگەی سەخت و کەندولەند، تا بە نایاسایی دەگەنە نێو خاکی ئێران و لای بارەگایەکی پارتی دەحەسێنەوە. دیارە ئێران ئەوکات دژێکی زۆر نائارام و بارگاوی بە شەڕ و شۆڕی کاتی ناپەینی گەلانی ئێران دژ بە شا و ناکۆکی نێوان ڕژێمی ئێران (خومەینی) و حزبە کوردییەکان بووە، ئەتمۆسفیرەکە زۆر نائاسایی و پڕ لە مەترسی و دڵەاوکە و بارێکی ئاسایشی ناجێگیر بووە، بە تایبەت بۆ ئەمێکی بیانی و ئەوروپی، کە تەنها قیزەی گەشتیاری تورکیای هەبووە و بە نایاسایی هاتۆتە ناو ئێرانەوە، بەڵام ئەم گۆڕی پێ نادا و لەسەر ئەوە سور دەبێت، کە بچێت بۆ سەرکردایەتی ئەوکاتی پارتی – قیادە مووەقەتە، وە چاوی بە سکرتێری ئەوکاتی پارتی بکەوێت!

پێشمەرگەکان ئەم تێدەگەیەنن کە دوو ڕێگە هەیە، یەکێکیان ئەمینترە کە لەگەڵ مەفرەزەی پ.م کاندا و دوو سێ هەفتەی پێ دەچێت و بە پێیە، ڕێگەی دووەم بە ئۆتۆمبیلە و یەک ڕۆژ دەخایەنێت، بەڵام پێ لە مەترسییە، چونکە دەبێت بە سێ خاڵی پشکنینی هێزەکانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامیدا تێپەڕن! دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر زیتە بڕیار دەدات کەڵ ڕێگەی ئۆتۆمبیلەکە هەڵبژێرێت، هەرچەندە بۆ ئەمکی ئەوروپی و بۆ هیچ بەڵگەیەکی سەفەر و ڤیزەیەک، گەر بگیرێت بە دێنیایی بە پێی یاسای ئەوکاتی دەستەڵاتدارانی ئێرانی گولەباران دەکرێت! بە کورتی جانتا و کامێراکەی هەڵدەگرێت و لەگەڵ کەمەڵەک پ.م دا، ئەمیش بەرگی کوردی دەپۆشێت و لەگەڵ ئەواندا بە لاندڕۆڤەرێک بەڕێدەکەون! دوای ئەوەی بەڵ سەرکەشی بە هەر سێ بازگەکەدا تێپەڕ دەن، کەوەك خێی دەڵێت ئەو چەند خولەکەی لە بازگەکاندا ئۆتۆمبیلەکەیان دەوەستاند لای ئەم کات بە ساڵێک دەڵێیشت و وەخت بوو هەناسەش لەخێی ببڕێت، لای ئێوارەکەی دەگەنە سەرکردایەتی حزبەکە، کە پێدەچێت ناوچەی ڕاژان بووبێت. لەوێ سامی عەبدولڕەحمان دەبینێت، هەندێک دەحەسێتەوە و لە ژێر دەوار و چادرەکانیاندا دێت و دەچێت. پاش چەند ڕۆژێک لەسەر ویستی خێی و بە پێشنیازی سامی لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی پ.م دا لە جەولەیەکدا دەڕوات بەرەو کوردستانی باشور، بۆ بینینی ڕەوشی ئەوێ، ڕاپۆرت لەسەر کار و چالاکییەکانیان دەنوسێت. لە ڕێگا زۆر سەرما، برسێتی، شەوەڕەو و بارخەوی و ماندوێتی و ساتی پێ لەمەترسی دەبینێت، پاش ماوەیەک دەگەڵێتەوە بەرەو سەرکردایەتی، نیوەشەوێک پاسەوانێکی سامی بانگی دەکات بۆ چادرەکەی ئەو، لەوێ سامی دەڵێت: تۆ دەتەوێست گفتوگۆیەکی ئارام و درێژم لەگەڵدا بکەیت و تۆماری بکەیت، ئێستا کاتم هەیە! ئەویش تۆمارکەر دەردەهێنێت و چاوپێکەوتنێکی باشی لەگەڵدا دەکات، کە دەقەکەی لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم سامی وا دەناسێنێت: پێشمەرگەیەکی بۆ جامانە، ئەندازیار و زمانزانێکی زیرەک و بەئاگا کە لە بەریتانیا خوێندوێتی و ژیاوە، سمێتاشراو (کە ئەوکاتە سمێتاشین لە نێو کورد بە گشتی و پێشمەرگەدا بەتایبەتی زۆر نامۆ بووە). وێنەیەکیشی لەگەڵ ناوبراودا لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکەدا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها وەک تێریسێن (مونەزیر)ی حزبەکەش باسی دەکات.

یەک لەو پرسیارەی سەرنجڕاکێشانەی لە گفتوگۆکەدا هاتوە، زیتە دەپرسێت: پارتی دیموکرات هەگری چ ئایدۆلۆجییەکی زانستی و سیاسییە؟ سامی لە وڵامدا دەڵێت: شێشەکەمان پشکەوتووخوازانەیە. زیتە: بەڵام هەموو شێشەکان وا ئیدیعا دەکەن؟ سامی: وایە، بەڵام من دەتوانم بڵێم لە پێگرامی خماندا زۆر ئامانجی سیالیستیمان

وەک خاڵ جێگیرکردوە…هتد. لە شوێنکی تردا سامی دەڵێت: ئەمە جارێکی تر هەرگیز چەکەکانمان دانانێین، وەک ساڵی ١٩٧٥ و بە فەرمانی بارزانی کردمان، گەلی ئەمە بە خۆن باجەکەیان دا! لە شوێنکی تردا زیتە دەپرسێت: کامیان بێ ئەم شێشە گرنگترە، کەسایەتی سەرکردایەتی یان بیروباوەڕی سیاسی؟ سامی: بێگومان لە خاڵی یەکەمدا ئایدۆلۆجی، چونکە شەکەران دەبێت بزانن بێ چ ئامانجێک خەبات دەکەن…هتد. ئەوەی سەیرە سامی عەبدولرەحمان هەرچەندە وەک کەسێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا دیارە و قسەدەکات، بەڵام لە وڵامەکانیدا هیچ باسی حزب و لایەنەکانی تری کوردستانی باشور ناکات و ناویان ناهێنێت، وەک ئەوەی تەنها حزبی ئەوان لە مەیداندا بووبن. هەروەها ئاماژە بە ناکۆکی و خاڵی جیاوازیشیان لەگەڵ حزبەکانی تردا نادات، تەنها باسی حزبی دیموکراتی ئێران دەکات. وە وەک کەسێک دەردەکەوێت کە دەیەوێت لەسەر ڕێچکەیەکی نوێ خەبات بکەنەوە. بەڵام مرۆڤ تێی دەگات، کە پارتی باوەڕی بە فرەحزبی نەبووە.
زیتە لێرەو لەوێ لەگەڵانەکانیدا بەناوێو پ. م و گوندەکاندا پرسیاری لە پ.م و لێپرسراو و خەڵکی سادەش کردوە، لە شوێنکدا دەنوسێت: پیاوێکی سەرسپی پیری کورد لە گوندێکدا بە هێمنی و حەسرەتەوە گوتی: ئەمەی کورد گەلێکی نەناسراو و مەتەڵاوین، زۆر لاپەڕەی مێژوومان پڕ کردۆتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی هەرگیز هەڵنەدراونەتەوە، بۆیە وەک ڕازونەهێنی تا هەتایە دەمێنێتەوە!

پێدەچێت پاسداران پێیان زانیبێت کە ئەم هاتوە، بۆیە دوای ئۆتۆمبیلەکەیان دەکەون، ئەم کەڵە لەگەڵ پ.م کانی پارتیدایەڵ و پێدەچێت ناکۆک بن لەگەڵ پ.م حزبی دیموکراتدا لەوسەردەمەدا، کاتێک لەدەس هێزە ئێرانییەکە هەڵدێن بۆئاگا دەکەونە نێو ئەو گوندانەی لە ژێر کۆنترۆڵی حزبی دیموکراتدایە و ئەوەندەی نامێنێت تەقە لەیەک بکەن و کێشە دروست بێت، بۆ ئەم سەختە تێبگات، هەردوولا کوردن و هەمان بەرگ و چەکیان هەیە بۆ دەبۆ ناحەز و دژ بە یەک بن!
نوسەر بەشێکی کتێبەکەی تەرخانکردوە بۆ باس لە خەبات و سەرهەڵدانی ڕژهەڵاتی کوردستان بە ناوی (ڕاپەڕینی کوردەکان) بە درێژی باس لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دواتر هاتنەسەرکاری خومەینی و دێندەیی و تاوانەکانی ڕژێمی مەلاکانی ئێران دژ بە کورد و بێوەفاییان بەرامبەر خەباتی گەلی کورد دژ بە شا، کوشت و بڕ و گولەبارانکردنی گەنجانی کورد و …هتد دەکات. هەروەها باس لە نەدانی مافەکانی کورد

و سەرکوتکردنی کوردەکان دەکات. لە بەشێکی تردا بەدرێژی باسی دەزگای هەواڵگری ئێران لەسەردەمی شادا (ساواک) دەکات، کە چەند دانەدە و خوێنڕژ و بێبەزەیی بوونە بەرامبەر ئازادیخوازان و زیندانییانی سیاسی کورد. ئینجا رەخنە لە ڕکخراوە نوودەوڵەتییەکان و سەرکی وڵاتانی ئەوروپاش دەگرێت، کە بەوپەڕی ڕزەوە و بێ بەرژەوەندی خۆیان پشوازییان لە شا کردوە و دەستی شاژن (فەرەح زیبا) یان ماچ کردوە لە سەردانەکانیاندا.

لە بەشێکی تریدا بە درێژی باسی کوردەکانی باکور و چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت و خوێنڕژی ئەتاتورک دەکات، کە ناوی کوردەکانی گۆی بێ (تورکە شاخاوییەکان)، تەنانەت دەڵێت دیپلۆماتە ڕژئاواییەکان ئاگادارن کە بە فەرمانی ناوبراو زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کورد کوژراون و سەربڕاون، کەچی ئەم بابەتە کە جینۆسایدە کەس لە ئاستی نوودەوڵەتی بەرزی ناکاتەوە و باسی ناکات!
لە گەڵانەوەیدا بە هەمان شێوە توشی چەرمەسەری و گرفتی زۆر دەبێت، لە ئێستر بەردەبێتەوە و دانکی دەشکێت! لەگەڵ قاچاخچی فەرش و بەنایاسایی داخلی تورکیا دەبێتەوە بەڵام ئەوەی گرنگە بەلایەوە، سەرجەم نوسین و وێنەکانی گرتونی بە سەڵامەتی لەگەڵ خۆیدا دەگەیەنێتەوە ئەوروپا.
دوا بەشی کتێبەکەی بە ناوی گرکانی یان گرفتەکانی کوردەکان، هەڵسەنگاندنکی جوانی بێ شێشەکانی کورد و خەباتەکەی کردوە، باس لە نەوت و بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان و ڕکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات، ئەم جگە لە بێبەزەیی و دانەدەیی دوژمنان و یەکتربینی بەرژەوەندییەکانیان، باس لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری دواکەوتوویی و عەشایری، ناکۆکی و ناتەبایی ناوخۆیی، یەکنەگرتویی، خۆخۆریی دەکات، کەوا سەرەڕای ئەوەی کوردەکان شەکەری باشن و کێنەدەرن، ئەو هەڵکارانە نەیهێشتوە بە ئامانج بگەن. ئەم (دووبەرەکی) وەک قەدەر یان نەفرەتی کوردەکان باس دەکات کە لێیمان نابێتەوە. دیارە ئەوەش هاوڵامن کە ناوبراو تەواو پکاوەتی.
هەر لەو بەشەدا دێتە سەر کۆنگرەی نیەمی پارتی، کە لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ لە ئێران سازکراوە، جا نازانم خۆی ئامادەبووە یان نا، بەڵام ڕووداوەکانی نێو کۆنگرەکەی بەوردی تۆمار کردوە، باس لە ناکۆکییەکان دەکات کە وەک دوو باڵ دەرکەوتوون، باڵی مامی بارزانی باوک و باڵی سامی عەبدولڕەحمان، تەنانەت دەڵێت کاتک ئیدریس بارزانی لە نێو کۆنگرە داوا دەکات هیچ پشتیوانییەکی کوردەکانی ئێران نەکرێت لە شەیاندا دژ بە خومەینی، دەنگ بەرز دەبێتەوە و ئامادەبووان ئەمە وەک (ناپاکی) بەرامبەر بە

براکوردەکانیان دەبینن، دەشێت کێشەکان زیاتر خەتای ئیدریس بارزانی بووە نەک (مەسعود)، کە گوتراوە ئەوە خۆفرۆشتنە بە خومەینی..هتد. لەوێدا زۆر زەمی شا کراوە و هەوێستی خومەینی بۆ هاوکاریی پەنابەرانی عێراقی کورد لە ئێراندا بەرزنرخنراوە. دەنوسێت، لەسەر ئەمانە سامی عەبدولرەحمان و نێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی کشاونەتەوە لەێ سەرکردایەتی و وەک ئەندامی سادە ماونەتەوە.

ئەم راپەڕینی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئازادبوونی بەشێکی ئەوێ وەک دەرفەتێکی زێڕین بینیوە، بۆیە لای وابووە کە دەبێت بە هەموو پشتیوان و هاوکاریان بن، تا ئەم دەرفەتە لەدەست نەدرێت، کە بۆ هەموو کورد گرنگە. تەنانەت دەنوسێت: هەرچەندە بارزانی باوک پیربووە، وەک رەمزە و رۆزێکی زۆری لەنێو کوردەکاندا هەیە، بەڵام کۆمەکانی بەم هەوێستەیان، مەبەست لە پشتیوان نەکردنی کوردەکانی رۆژهەڵاتە، دووەم هەڵەی کوشندە دەکەن، دوای چەکدانانی ١٩٧٥ کە نوسەر بە (تەسلیمبوون) باسی دەکات. لە کتێبەکەشیدا خاڵی نۆیەمی بەیانی کۆتایی کۆنگرەی بە ئینگلیزی و ئەمانی بڵاوکردۆتەوە کە داوا لە حدکا و رژمی ئێران دەکات بە گفتوگۆ کۆتایی بە شەڕ بهێنن.
ئەم کتێبە وەک سەرچاوەیەکی مێژووی نزیکی خەباتی کورد گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەوە جێگەی رەخنەیە، کە هیچ باسێکی لەێ حزب و گروپەکانی تری ئەو کاتی باشوری کوردستان نەکردوە، وەک یەکێتی، پاسێک و حزبی شویعی و ...هتد، بەڵام پێم وایە گرنگە وەربگێڕتە سەر زمانی کوردی، بەتایبەت کە نوسەر کەسێکی بیانییە و بڵایەنانە ووداو و هەوێستەکانی نوسیوەتەوە.

-_____

سەرچاوە: Ich war bei den Kurden – Augenzeuge eines Lebenskampfes; Sitte, Fritz; Verlag Styria, 1980, Austria, ISBN: 3222112630

خوێن دۆگری... جەلال ءەبدوڵا ساڵح

...
بە ئاوەی پەیکەنەت
باخ ی مرۆڤ
چەم دەکەمە کەم
بەی دەبەم
وازم هینا لە یاری دووگیی
لەبەر ئاوەی پیری هات بە میوانیم
بانگم دەکەن، دەچم بە لایان
کەمێک هاوڕێی باشن
لەسەر کورسی ئازیکردنیان دادەنیشم
چەپڵەی سەرکەوتنیان بۆ لە ئەدەم.
پزیشکەکەم کەشکەی گۆڕە کردم
ئیتر گەشتی بۆراز ناخەم
ماڵە دراوسێکەمان خەڵکی ئەکرانییایە
هەموو ساڵێک
لە ڕۆژی کۆنەدا بانگم دەکا
دەچم بۆ لای گوندەگرم
لە قسەو ئاوازی گۆرانییەکانیی
پیی دەڵێم:

- سپاست دەکەم!
لەو ڕۆژەوە چەقۆ و مل
یەکتری دەناسن گەشت ناخەم.
حەزم لە ترێ یە!
چوارساڵە شەراب ناخەمەوە
لەبەرخاتری سرووشت
شووشەیەکم لە ڕەنگی بەلاووک
لەسەر ڕەفەکەم داناوە
چونکی دیاری کچەکە کوژراوەکەی هاوڕێمە.
لە ئەفغانستان شیعرەکی سووتان
قاچەکییان قرتان
لە دووای نان خواردنی بەیانییان
هەتا (مەندەلا)
ئازاد کرا

دەژانە سەر شەقامەکان
لە (ئەفریقا)
(کوردەکان)
کەترەکییان وا لە (قەفەس) دا
فیشەکی پەوەدەنێن
کەسوکارەکەم
سووپای (تورک)ەکان کوشتییان
ئەوکاتەی کە (لینین)
هاوڕێی (ئەتا)بوو
لە تەرەنتە
چوار کڕیکاری ئەستەمبوڵ ی
کارم لەگەڵ دەکەن
مناڵەکانییان (کورد)ی زانن
پیاوەکی (ئێران)ی
بەنی خۆی(زرەبار)ی لەدەت
(قاتل)ی ماسییە کوژراوەکانی دووای کارەساتی ١٩٧٩ر
لەوە ئاو ەاویناوەو
لەر سوورەماسی دەفرۆشت
هەموو مانگێک دەچم بۆلای
ئەو باسی (ەەفسنجان)یم بۆ دەکات
من جۆلادەکانی وڵات
ئەو کابرایەی ناوی (ئەنفال) بوو
خەڵکی(ەووتبێ) بوو
(کورد) ێک بووە چاوساغی
بەزەر دایکم یان نارد بۆ لافاوی(ئەنفال)
کەچی خاەەم کتێبەکەی باپیری
لەسەرو ەەفەکەی ژوورسەری
داناوە بە چاوەزاری
لەر بەکاری مرۆڤ ەادەنەت
ببەتە سەگی کۆەانەکانی شار
لەم سەرزەمینی لە یەکتری دابڕانێ
لە ماڵی هەر مرۆڤێکی نامۆ
وردە شووشەی ژیان ەژاوە
خوێن دەگری
کەس نایبیستێ!

قوتابیانی ریزی دواوە، قوتابیانی سزا دراو… عیسا بۆتانی

(زۆرم خۆندبوو مامۆستا هەیبەستاندم)… (دەست هەدەبم مامۆستا نامبینێت)… (مامۆستا هەمناستنێتە سەر تەختە)، ئەوانە چەند دەستەواژەیەکن کە قوتابیانی دواوەی هۆبەکانی خوێندن پێوەی گیردەن، ئاخۆ دەبێت تا چەند لەبەرامبەر ئەو گوشارە دەروونییە خۆیان بڕابگیرێ و تووشی بێهیوایی نەبن.
لەوەتی لە بیرمانە (لەسەردەمی حکوومەتی بەعس و دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستانیش) دیاریکردنی شوێنی دانیشتنی قوتابی لەنێو هۆبەدا لەسەر چەند بنەمایەك بووە، ئەگەر رەچاوی رێنماییەکانیش کرابێت ئەوا زیاتر لایەنی تەندروستی لەبەرچاو گیراوە و ئەو قوتابییانەی کێشەی بینین یان بیستن یان باڵایان کورت بووە هێناونەتە پێشەوە و لە ریزی یەکەم دندراون کە هەسوکەوتکی راستی زانستیی و پەروەردەیی و مرۆڤانەیە.
پسپۆر و شارەزایانی بواری پەروەردەیی هاوڕان لەوەی شوێنی دانیشتنی قوتابی کاریگەری بەسەر ئاستی زانستی قوتابییەوە هەیە، بۆیە دەبێت بە بایەخەوە ئەو بابەتە پلانی بۆ دابڕێژرێ و وەکو هەر لایەنکی دیکەی پەیوەست بە پرۆسەی پەروەردەیی پشتگوێ نەخرێ، تەنانەت کۆنترۆڵکردنی ژینگەی پێلیش وا دەخوازێت کە بە تەواوینکی زانستییەوە کار لەسەر دیاریکردنی شوێنی قوتابیان بکرێ کە لایەنی پەروەردەیی و شێواز و هەسوکەوتی مامۆستا؛ هەروەها ئاستی پڕگرامی خوێندن و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیش جاریوا بوونەتە بەشێك لەخواستی قوتابی تاکو زیاتر ئارەزووی دانیشتن لەیزی دواوە بکات و خۆی لەچاوی مامۆستا بدزێتەوە و لە بەشداریکردن لە وانەدا خۆی بەدوور بگرێت.
توێژینەوەیەکی ئەمانی ئاشکرای کردووە کەوا ئەو قوتابییانەی لەریزی پێشەوە دادەنیشن بە بەراورد بە هاوڕکانیان کە لەدواوەن؛ باشتر فێر دەبن. ئەو توێژینەوەیە لەهەمان گۆشە نیگاوە باسی لەوە کردووە کە هەمووان لەو بۆچوونەدان قوتابییانی ریزی پێشەوە ژیر و

زیرەکترن و لەبەرامبەریشدا ئەوانەی لەدواوە دادەنیشن قوتابی تەمبەڵن و دەیانەوێ خۆیان لە پرسیارەکانی مامۆستا بشارنەوە و حەزیان بە یاری و سەرقاڵکردن و نانەوەی گرفتە لەنێو هۆبەی خوێندن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو توێژینەوە زانستییە سەماندویەتی کەوا ئەو قوتابییانەی راستەوخۆ لەبەرامبەر بۆردی نووسینی هۆبەن لەووی فێربوون و بەشداریکردن لە ئاستێکی بەرز و باشترن.
فریدریك بلۆم کە ئەندامێکی تیمی ئەو توێژینەوەیەیە، دەڵێت:(ئەگەر بمانەوێت هەمووان بە یەکسانی سوود لە کرداری فێرکردن وەرگرن ئەوا پێویستە ماوە ماوە جۆگەڵێک بە قوتابیان بکرێ و شۆنیان بگۆڕدرێ… وا پێویست دەکا حەفتانە شۆنی قوتابیان بگۆڕدرێ تاکو بەپێی ژمارەی قوتابیانی هۆبەکە هەمووان چانسی دانیشتن لەیزی پێشەوەیان بەر بکەوێت و وەکو یەك فێر ببن و تێکڕا خۆیان بە زیرەك و ژیر ببینن).
سەرکەوتنی پرسەی فێرکردن و بەرزبوونی ئاستی زانستی قوتابیان هەمیشە بەوە دەپێودرێ کەوا قوتابیان تا چەند لە پەیوەندیی و بەشداریکردنی بەردەوامدان لەگەڵ مامۆستا، ئەو قوتابیانەی بەهۆی بێ پلانی کەوتنەتە ریزی دواوەی هۆبە بیرکەیەکی وایان لەلادا دروست دەبێت وەکو ئەوەی سزا درابن یانیش جێی گرینگی مامۆستا نەبن و چاوی مامۆستایان لەسەر نەبێت… ئەو قوتابییانە تووشی نائومێدی دەبن کە چەندین جار خوازیاری بەشداریکردنن لە بابەتەکانی وانە و بەهۆی دووریی و نادیدەگرتنیان لەلایەن مامۆستاوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ناڕەخسێت، بۆیە دواجار ئارەزووی ئامادەکردنی ئەرکەکانیان نامێنێت و خۆیان وەکو کەسی پشتگوێخراو دەبینن و مرۆڤی شەرمنیان لێ دروست دەبێت کە بوێری قسە و گفتوگۆیان نەبێت… ئەوەش دەرەنجامێکە کەوا کەس حەزی پێ ناکا!
لەووی دەروونیشەوە ئەو قوتابییەی بە درێژایی ساڵی خوێندن لە دواوە و لەتەنیشت دیوارێك دادەنیشدرێت هەست بە پەراوێزخستن دەکا و خواستی لەسەر خوێندن نامێنێت و ئاستی فێربوونی لاواز دەبێت.
مامۆستایەکی وێاتی میسر کە شێوازی جۆگەکێی قوتابیانی تاقیکردێتەوە دەڵێت:(ڕێگایەکی بەسوود و ئاسانە، بەوە قوتابیان بە یەکسانی فێر دەکرێن و لەووی دەروونییەوە کەس خۆی بە فەرامۆشکراو نازانێت).
هەروەها سەبارەت بە کاریگەری ئەوە لەسەر قوتابی، ڕامانووسی میسری مستەفا عەبدولعەزیز، لە ڕامانی (دوا پەیام)دا باس لە سەردەمی خوێندن دەکات و دەپرژێتە سەر ئەوەی کە زۆرینەی قوتابیان و ماڵباتەکانیشیان پەرۆشی ئەوە بوون کە مندااڵەکانیان چانسی ئەوەیان هەبێت لە ریزی پێشەوەی هۆبەدا دانیشن لەبەر ئەوەی هەردەم

خەڵکی وا تێگەیشتوون کە ئەوانەی لە ڕەحلەی یەکەمن زیرەکترین و سەرکەوتووترینی پڵن. لەمڕووەوە لە بۆگەیەکی ئەو ڕمانەدا دەڵێت:(تەنها بەشێك لە قوتابیان خۆیان پێیانخۆش بوو لە دواوە دانیشن، ئەویش بەهۆی ئەوەی خاوەن جەستەیەکی گەورە بوون… ئەوان بەخۆیان دەیانزانی کە لەو ئاستەدا نین شەو و کێبڕکێ لەسەر ڕەحلەی ریزی پێشەوە بکەن. دەیانویست لەچاوی مامۆستا دوور بن و بۆ ئەوەی کەس بیانبینێت هەرچیان بوێت بیکەن… تەنانەت ئەگەر بیانەوێت بۆ خۆیان بشنوون).

غانم خەلیل کە ڕمانووس و دەرچووی زانکۆی مووسڵە ئەویش لە یادداشتەکانی خۆیدا بە شانازییەوە باس لەوە دەکات کە هەمیشە لە قوتابخانە لە ریزی پێشەوە دادەندرا، ئەو دەڵێت:(لە ناوەندی حەدبای کۆن، کە خۆشترین ساڵەکانی تەمەنم تێیدا بەسەر بردن… هەمیشە لەبەرچاومە وەکو ئەوەی دۆنێ بووە، گڵۆپانەکەی… تەنانەت تۆزی تەباشیرەکەی کە بەسەرمدا دەژا لەبەر ئەوەی لەهەموو ئەو پلانەی ئەو قوتابخانەیە کە تێیدا خوێندم لە ڕەحلەی یەکەم دادەنیشتم).

زۆرجار نادادیی لە دیاریکردنی شوێنی قوتابیان و قۆرغکردنی ڕەحلەی پێشەوە بۆ بەشێك (کە دەکرێ منداڵی مامۆستایان بن) دەبێتە بیرەوەرییەکی ناخۆش و ئەو مرۆڤانە تاکو گەورەش دەبن بە هەستێکی ناخۆش بیریان دەکەوێتەوە، لەمڕووەوە لە زۆر کەس گوێبیستی ئەوە بووینە کە خەونیان بەوە بینیووە لە ریزی پێشەوەی هۆبەدا دانیشن بەڵام هەرگیز ئەو خەونەیان بۆ نەهاتۆتە دی).



شیوعی… عەبدولسەتار نور عەلی… و/ ئەحمەد رەجەب

لە گیرفانی شیوعییەك دەگەڕم
بۆ بۆاوکراوەیەکی نهێنی ،
باس لە هەژارانی جیهان
لە کرێکاران ،
حوتیاران ،
هەر کەسێك زەحمەتدەکێشێ بکات ،
بۆ ئەوەی پاروکەی* لە
ئاوێکی خاوێن کە وشك نابێت بخوسێنێت ،
بۆ ئافرەتێك دەگەڕم
لە بێستانێکی سەوزدا بەختەوەر بێت ،
بۆ منداڵان
لە گۆرەپانەکانی گۆڵگەی گواندا ،
لە پێناو نیشتمانێکی ئازادو بەختەوەردا.
بۆ قیرشێکی(1) رەش ،
گۆڵای زەرد (2) ،
کە لە زەلکاوا (3)اتێگلاون (4) مەگەڕێ
لە چەقویەك لە پشتی پشتەوە ،
لە نیشتمانێکی پشت ستوونەکانی(5) زیندانەوە!

_____

6/4/2022عەبدولسەتار نور عەلی**
و/ ئەحمەد رەجەب
6/4/2022

** شاعری گەورەوناسراو
تێبینی :
*مەبەست نانە رەقەی هەژارانە.
(1)پارەوپوولی تورکیە لە کاتی سوڵتانەکانی عوسمانلی بەکار هاتووەو، هەروا لە میسریش بە کارهێنراوە.
2) مەبەست لە پروپاگەندەی روو زەردە کە هەمیشە هاشەوهوش دەکات و رووداوەکان گەورە دەکات و،رەنگی زەردیش لە عورف وعادەتی کۆمەڵایەتییەوە، دەستەواژەیەکە بۆ کاری خراپ و شتی بێ قیمەت.

(3) قووڵو لیته وپیسی.
(4) وزه وەردەگرێت
(5) لە دەقە عەربییەکە تەنها ستوونە بەبێ زیندان.

شووناس و هاوسەنگی جوانی لە شیعری گۆراندا:... نووسینی/ عەتا قەرەداخی

- سەرەتا:

-١-

پێویستە بزانین مەبەستمان لە "شووناسی جوانی" چیە. بێ ئەو مەبەستەش دەبێ هەریەکە لە شووناس و جوانی بە جیا پێناسە بکەین و پاشان لە پەیوەندی نێوانیان بدوێین و لەوێشەوە هەوڵبدەین ئاخاوتنی جوانی لای گۆران بکەین و شووناسی جوانی وەك چەمکی ئیستیك لە شیعری گۆراندا دیاری بکەین. ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێیستمان بەوەیە لە رەهەندەکانی جوانی و چۆنێتی بەرهەمهێنانی، یان بەرجەستەکردنی جوانی لە شیعری گۆراندا بدوێن، بە تایبەتی پێویستە لە دوو ئاستدا باسی جوانی بکەین. یەکەم جوانیەکی تایبەتی یان لۆکاڵی، دووەم جوانیەکی گەردوونی، کە دیاریکردنی ئەوەش دەریدەخات بۆچی پێگەی گۆران وەکو شاعیرێکی داهێنەر لە مەودایەکی قووڵدا چەند پەیوەستە بە شووناسی کوردبوونەوە، هەروەها چۆن لە رونگەی جوانی گەردوونیەوە پەیوەستە بە مرۆڤایەتیەوەو کوردبوون لە چوارچێوەی مرۆڤبووندا سەیر دەکات و جوانی کوردیش وەکو بەشێك لە جوانی گەردوونی دەبینێت.

کاتێ باسی شووناس دەکەین، دەشێ ئاستەوخێ خەیاڵمان بێ ئەو کارتە بچێت کە کەسێك هەیەتی و ناو و زانیاریە تایبەتیەکانی ئەو کەسەی تێدا تۆمارکراوەو وێنەکەیی لەسەرە. ئەمەش دیارە بێ ناسینەوەو جیاکردنەوەی ئەم کەسەیە لەهەر کەسێکی تر. لە ئاستیدا ئەمە شووناسی ئاسایی هەرکەسێکەو

ئەرکی ئەم شووناسەش ناسینەوەو جیاکردنەوەی هەر کەسێکە لەوانەی تر بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسە. هەر لێرەوە دەتوانین ئاماژە بێ ئەوە بکەین کە شووناس بریتیە لە:
لەو خاسێت و بیروباوەڕو کەسێتیەی کە ئەوە نیشان دەدات یان دەردەبڕێت کە شووناسی خود بێ کەسێك بنیاد دەنێن. کرداری بەدەستهێنانی شوونـاس دەشێ داهێنەرانـە بێـت یـان روخێنەرانـە(1). یـان دەتـوانرێت بگـوترێت: شوونـاس ئـەو هەلومەرجە یان ئەو خاسێتە بێت کە تیایدا کەسێك یان شتێك ئەو خاسێت و بیروباوەڕانەی دەبێت کە ئەو کەسە یان ئەو شتە جیادەکاتەوە یان دەیناسێنێت. یان شووناس هەستی پێبەخشینی هاوشێوەیەتیە بەخود، یان بەشێوەیەکی تر شووناس هەلومەرجی بوونی کەسێك، یان بوونی خودێکە کە جیاوازە لە ئەوی ترو لەو ناچێت، یان ئەوی تر نیە. لە پشتی هەموو ئەم بۆچوونانەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە شوونـاس ئـەو چەمکەیـە کـە ئامادەبوونی کەسێك یا پێکهاتەیەك یان شتێك یان چەشنێك نیشان دەدات، بەجۆرێك کە تایبەتمەندی خۆیی هەبێت و لەوانی تر نەچێت و جیاواز بێت و لەڕێگای خاسێت و بیروباوەڕو دەربڕینەوە بوونی ئەم کەسە یان پێکهاتەیە دەناسرێتەوەو بە تەواوی لەوانی تر جیادەکرێتەوە. لەم رووەوە شیعری گۆران وەکـو بەرهەمـی داهێنـان تایبەتمەنـدی خۆیـی هەیـەو ئـەو تایبەتمەندییەش لەوانی تر، یان لە بەرهەمی ئەوانی تری جیادەکاتەوەو وەکو بوویەکی تایبەتی یان بوویەکی جیاواز لەوانی تر دەیخاتە ڕوو. ئەم جیاوازبوونەش خاسێتی تایبەتی و جیاکەرەوە بەم ڕەگەزەی داهێنان دەبەخشێت. خاسێتی سەرەکی بێ ئەوەی شیعری گۆران شووناسی هەبێت تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەم شاعیرەیە کە سەرلووتکەی ئەو تایبەتمەندێتیەش"جوانیە". بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێن جوانی ڕەگەزێکی هەرە سەرەکیە لە بەخشینی شووناس بە شیعری گۆران. هەروەك ئاشکرایە "جوانی" لای گۆران دابەش دەبێت بەسەر دوو ئاستدا کە یەکەمیان جوانی سرووشتەو دووەمیان جوانی ئافرەتە. کە سەرئەنجام پێکەوە کێکردنەوەی ئەم دوو ڕەگەزە یان ئەم دوو بنەما سەرکیە بەرەو ئاستێکی بەرزتر لە قسەکردن لەسەر جوانی لەلای گۆران رامـان دەکێشێت، کـە ئەویـش تایبەتمەنـدی ئـەم دوو ئاستەیە لە جوانی کە ئەوەش بە مانای جیاکردنەوەی جوانی کوردیە لە جوانی ئەوانی تری غەیری کورد. هەر لێرەوە قسەکردن لەسەر شووناسی جوانی لای گۆران دێتە پێشەوە. بۆیە

جێگای خۆیەتی لێرەدا بپرسین ئایا جوانی لای گەران یان لە شیعری گەراندا پێناسەیەکی تری هەیە یان شووناسێکی تری هەیە بۆجگە لە شووناسی کوردبوون؟
کەواتە جێگای خۆیەتی پێش ئەوەی باسی شووناسی جوانی بکەین لە شیعری گەراندا، باشتر وایە ئاخاوتنی ئەوە بکەین کە شیعر چیە؟ جوانی چیە؟ چۆن گەران جوانی هەم وەکو فەزاو هەم وەکو بەشێك لە بنیادی زمانی بەرجەستە دەکات، یان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. جوانی ئەو وێنەو چرکەساتانەیە کە بەرزترین و باڵاترین و دیارترین سەرسامی بە ڕۆح دەگەیەنێت و نیشانی دەدات. جوانی ئەو چرکەساتانەیە کە مرۆڤ تیایاندا هەست بە ئازادی و بوونی ڕاستەقینە دەکات، جوانی ئەو چرکەساتانەیە کە تیایاندا مرۆڤــ هەست بە شانازیو شکۆمەندی دەکات. واتە جوانی ئەو ساتانەیە کە تیایاندا مرۆڤــ هەست بە ژیان دەکات. جوانی بریتیە لە ئاسوودەیی هەست و ڕۆح و لە ڕۆگای ئــەو وێنــەو تێگەیشتــن و بۆچوونــانەوە وەســف دەکرێــت و وێنادەکرێت کە بەربەستەکان دەبڕن و دەگەنە مەشك یان عەقڵ یان هەستی مرۆڤــ و زیاتر وەکو پێوانەی هەست و سۆزبزوێن سەیر دەکرێت. "جوانی لە چوارچێوەی هونەردا بریتیە لە پێوانە، یان ئەندازەی پەیوەندیکردن و گەیاندنی سەرکەوتووی نێوان بەشداران- گواستنەوەی چەمك و بۆچوونە لە نێوان هونەرمەندو وەرگردا(2). بەم پێیە بۆ وێناکردنی جوانی دەبێ سەرچاوەی بەرهەمهێن و وەرگر هەبێت کە ئەمەی دووایيان ڕۆڵی هەڵسەنگێنەریش دەبینێت و شووناسی جوانی یان دژی جوانی دیاری دەکات و بەبێ بوونی وەرگر جوانی وەکو هەگەزێکی بڵایەن دەمێنێتەوە."هونەری جوان سەرکەوتوو دەبێت لە وەسفکردنی هەستە هەرە قوڵە ئامانجدارەکانی هونەرمەندو چەمك یان تێگەیشتنە دڵگیرەکاندا.

ئەگەرچی ئەو ئامانج و تێگەیشتنانە جوان و گەشاوە بن، یان تاریك و نائاشکراو تەمومژاوی بن. لەبەرئەوە جوانی بێ هەمیشە هەگەزێکی زاتیە(3). بڕگومان شتێك نیە بە ناوی هونەر بە بێ جوانی کە مەبەستمان لە هونەر کۆی بوارەکانی داهێنانە لە ئەدەب و هەونەرو زانستە مرۆییەکاندا. بۆیە ئەوەی ئاشکرایە زۆرجار بە داهێنان دەگوترێت بەهونەرکردن. واقیع یان دەرەوەی هونەر جۆرێك لە جوانی تێدایە، بەڵام جوانیەکی دەست لێنەدراوە، یان سرووشتیەو شێوەی تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگە. داهێنان ماناو دەلالەت بەخشینە بەو تابلۆیەو

بە ەگەزەکانی نێو ئەو تابلۆیە. هەرچەندە ئەو بۆچوونە باڵادەستەش هەیە کە کێی هونەرەکان لاسایکردنەوەی جوانی سروشتن. دواتر دێینە سەرباسی وێناکردنی جوانی لای گۆران بەراورد بە جوانی سرووشت خێی. گۆران تابلۆی جوانی خێی لە ێگای داشتنی وێنە لەدوای وێنەو وێنە لەپاڵ وێنەداو وێنە لەناو وێنەدا بەرجەستە کردووە، کە دەشێ ئەوەش وەکو بەرهەمهێنانی وێنەی شیعری ناوبرێت کە ەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیعریەتە و ئاستی باڵای بەرهەمهێنانی شیعریەتیش لای گۆران پەیوەستە بە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بەرهەمهێنانی وێنەی شیعریەوە لای ئەم شاعیرە.
کەواتە وێنەی شعری چیە؟ بێگومان وێنە کە لێرەدا مەبەستمان لە وێنەی شیعرییە یەکێکە لە بەرهەمەکانی زمان، واتە زمان وێنەی شیعری درووست دەکات یان بەرهەم دەهێنێت. وێنە خێی جۆرێکە لەبەرجەستەکردنی تابلۆی زمانی. "خاستێکی زمان کە لە بواری شیعردا گرنگە بریتیە لە توانای زمان بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەری لە مێشك یان عەقڵدا کە ئەوەش تا ئەندازەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەوەیە کە لە ێگای وروژاندنی ئەندامە هەستیارەکانەوە دەخوڵقێندرێت(4). ئێمە هەندجار لەبارەی وێنەی زیهنیەوە قسە دەکەین کە مەبەستمان کاریگەریە لەسەر مێشك یان عەقڵ کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ێگای پەیبردنمانەوە بە شتە بینراوەکان لە ێگای چاو و دەمارەکانی بینین و پانتاییە گونجاوەکانی مێشکەوە بەرهەم دێت. کەواتە لێرەدا ئاشکرایە کە وێنە لە ێگای زمانەوە بەرهەمدێت و هەست، مێشك، پەیبردن، عەقڵ شێوەی بەرجەستەی ئەو وێنەیە دیاری دەکەن. ئاستی جوانی یان پێوانەی جوانی وێنە، ئاستی کاریگەری لەسەر مێشك یان هەست و عەقل دیاری دەکات. هەندجار وێنە بەشێوەیەکی بەرجەستە دەبینرێت، یان هەستی پێدەکرێت. هەندجاریش ئاستی رامکردنی وێنە یان وەرگرتن و پەیپێبردنی ئاسان نیە، بە تایبەتی ئەو جۆرەی وێنە کە دەشێ بە وێنەی هەستی ناوبرێت و لە چوارچێوەی هەستدا درووست دەکرێت، یان بەرهەم دەهێنرێت. دیارە وێنە - ئیمەیج- کە وشەکە ریشەیەکی لاتینی هەیە بە مانای هاوشێوەبوون، لێکچوون، وێناکردن، تێگەیشتن، لاسایکردنەوە یان کێپیکردن دێت. وێنەی عەقڵی یان زیهنی نواندنێکی کۆنکرێتی شتێکە، کە دەشێ هەست پەی بەهاوشێوەبوونی ببات. هەر لەم بارەیەوە ئەزرا پاوەند دەڵێت:

وێنە ئازی فیکری و سۆزداری لە کاتێکی دیاریکراودا دەنوێنێت. وێنەی شیعری خۆی دەگوازێتەوە بۆ ناو مێشکی عەقڵی ئەمە لە کاتگای ناردنی بریسکەوە، وەکو ئەوەی دەخرێتە سەر شاشەی فیلم(5). دیارە وێنە هەستی وەرگر یان خوێنەر دەجوڵێنێت یان دەوروژێنێت و لە خوێندنەوەیەکی بابەتێکی رووتکراوە لە کاریگەری هەگەزە هەستیەکانەوە دەیگوازێتەوە بۆ ئاستی وروژان و هەڵچوون و لەوەشدا چێژ بەرهەم دێت، کە یەکێکە لە ئامانجەکانی دەق. گەیشتن بە چێژی دەق گەیشتنە بە خاڵێك وەکو ئەنجامی بڕندبوون سەیر دەکرێت. کەواتە وێنە یان وێنەی شیعری هەرچەن هەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیعریەتە، لەهەمان کاتدا هەگەزێکی سەرەکی بەرهەمهێنانی چێژەو هاوکات ئامادەکەر یان جوڵێنەری وەرگرە بۆ گەیشتن بەو چێژە کە بە چێژی دەق ناودەبرێت و لە ئاستێکی باڵاتردا دەشێ پێی بگوترێت چێژی جوانی. هەروەك لە گەیشتن بە لوتکەدا باری جوانیپەرستی بەرهەم دەهێنێت کە رەنگە جوانی لە شیعری گێراندا بە ئاسانی گەیشتبێتە ئەم ئاستە لە بەرهەمهێنان و بەخشینی چێژو بەو پێیەش جوانی لای گەران باری جوانیپەرستی لای وەرگر یان خوێنەر دروووست دەکات کە هاوشێوەی پاکژبوونەوەی رۆحی یان تواندنەوەی سۆفیە لە نوری باڵادا. لێرەوە جێگایەك بۆ قسەکردن لەسەر شووناسی جوانی لای گەران یان لە شیعری گێراندا ئاشکرا دەبێت، بەڵام هێشتا ئەوەش بریتی نیە لە کێی شووناسی جوانی لای ئەم شاعیرە لەکاتێکدا ئاستی جوانی لە بەرهەمی ئەودا هەندێجار لەسەرووی دەست پێگەیشتنەوەیە.

ئەمە باسی شووناس و جوانی و وێنەی جوانی بەرهەمهێنمان کرد کە ئەویش وێنەی شیعریەو وەکو هەگەزی سەرەکی شیعریەت لێیدواین. هەروەك بەدوای ئەوەدا ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە ئاستی جوانی لە شیعری گێراندا تەنیا لەو سنووردا نەماوەتەوە کە سەرچاوەی چێژێکی ئاسایی بێت وەکو بەشێك لە چێژی دەق، بەکو پەیوەستبوونی وەرگر بە جوانیەوە لە شیعری ئەم شاعیرەدا لە روانگەی وەامدانەوەی خوێنەر یان وەرگرەوە دەشێ بگاتە ئاستی جوانیپەرستی کە ئەوەش لە گەوهەردا پەیوەستە بە جواناسی یان ئاسەتیکەوە، واتە ئەو قۆناغەی مامەڵەکردن و پەیوەستبوون بەجوانیەوە کە خوێنەر یان وەرگر بەشێوەیەکی نەستی یان نائاگایانە بە دوای خێدا کێش دەکات. کەواتە بابزانین مەبەست لە جواناسی یان جوانپەرستی یان

ئەسەتیك چیە؟ "جواناسی زاراوەیەكە دەكۆیتەوە لە جوانی و هونەر و لە تێگەیشتن لە شتە جوانەكان"(6). دیسان لەبارەی جواناسیەوە هاتووە: جواناسی لێكۆینەوەی فەلسەفیانەی جوانی و چێژە. ئەم چەمكە بە تووندی پەیوەستە بە فەلسەفەی هونەرەوەو دەكۆیتەوە لە سرووشتی هونەرو چەمكەكانی لەو رووەوە كە بەرهەمە تاكە كەسیەكان یان تاكەكانی هونەر راڤەدەكرێن و هەڵدەسەنگێنرێن(7). وەكو دەردەكەوێت جواناسی پەیوەندی بە جوانی و چێژی جوانیەوە هەیە كە ئەوەش بەرهەمی سرووشتی جوانیە. جواناسی وەكو چەمكێكی فەلسەفی لێكۆینەوەی چەمكی جوانی دەكات و سرووشتەكەی راڤەدەكات و لێكدەداتەوەو هەیدەسەنگێنێ و لەوێشەوە دەرئەنجامی ئەو هەسەنگاندنە دەبەستێتەوە بەو ئاستەی چێژەوە كە خودی جوانی، هەرجارێكی جوانی بێت بەرهەمی دەهێنێت. ئاشكرایە لای گران یان لە شیعری گراندا دوو هەگەزی سەرەكی بەرهەمهێنی جوانین كە ئەوانیش ئافرەت و سرووشتن.

بۆیاردانی ئەوەی كامیان یەكەمەو كامیان دووەمە رەنگە كاكێكی ئاسان نەبێت، یان دەشێ ئاستر وابێت كە بگووترێت ئەم دوو هەگەزەی بەرهەمهێنانی جوانی لە شیعری گراندا بە شێوەیەكی گشتی هاوسەنگن و هەردووكیشیان سەرچاوەیەكی قوتریان هەیە و پەیوەست دەبنەوە بە شوونەكەوە كە وەكو دواتر باسی دەكەین شوونەكانی جوانی كوردستانیە.

سەرچاوەكان:

1- Leary M. R. Tangney. Handbook of Self and Identity, New York, 2003, p. 76.

2- Wikipedia . 3- Ibid

4- Lynn Altenbernd and Lesie. L. lewis. A Handbook for the Study of Poetry, Macmillan, London, 1966, p. 12.

5- John Drury , The Poetry Dictionary, Writer's Digest Books, 2nd ed. 2006, pp. 141-142.

6- Oxford Advanced Learner's Dictionary, 7th edition, Oxford University press, 2005, p.24.

7- Northrop Frye, Anatomy of Criticism, Princeton and Oxford, .1990, p. 81

سیکولاریزم و چند سرنجک-6-... شەماڵ بارزانی

بەشی شەشەم/

لەمیانی ئەو پێنج بەشەی پێشووتر زانیمان کە حەقیقەت و ماهیەت و زەرورەتی چەمکی سیکولاریزم چییە. حەقیقەتی ژیان و مرۆڤ و ئازادی لەسایەی سیکولاریزممان بۆ ڕوونبووەوە. بەمان بۆیان بوو کە سیکولاریزم هیچ کاتێک موورادیفی بێ دینی و هاوتای بێ بەوایی و دژایەتی کردنی ئایین و بێ مانای قەدەغەکردنی ئایین نایەت. گەر سەیریش بکەین لە ئەروپا، کەواتگەلێکی بەمانای وشە، سیستەم سیکولاریزم و لانکەی سیکولاریزمن.

هەرگیز، لەسایەی هیچ یەکێک لەو وڵاتە سیکولاریستانەدا، ڕێگری لەئایین نەکراوە و ناکرێت، بگرە زۆر ڕێزی ئایینەکانیش گیراوە و دەگیرێت و هەموو ئایینەکان ئازادی تەواویشیان پێدراوە. بەڵکوو ئەوان تەنها قەدەغەی تەکفیرکردنی هەردووک کایەی ئایین و سیاسەت بە یەکتری دەکەن. نەک قەدەغەکردن و دژایەتی کردنی ئایین. ئەوان هەردووک دەسەڵاتی ناسوتی(زەمەنی و دنیایی)، و لاهووتی(ئاسمانی و ئایینی)یان لەکتری جوێ کردووەتەوە. لەو وڵاتە سیکولاریستانە دا، وەکو ئاماژەم بوکرد،

بگرە ئازادی بیر و بیر باوەڕی ئایینی و مەزهەبی زۆر زیاترە، بە ڕاورد بەو وڵات و شوێنانەی ئیسلامین. لە نموونەی:ئێران، سعودیاو ئەفگانستان.. تاد. ئەو وڵاتانەی کەئیسلامگەراکان و فەندەمێنتالیزمەکان بە ناوی ئایینەوە حوکمی دەکەن. لەو(وڵاتە سیکولاریستەکان) کەس بەی نییە،

لەسەر ناوی عومەر و عەلی، ئەبوو زەڕ و موعاویە، سونە و شیعە، حەنەفی و شافیعی، مالیکی و باتینی، دوانزە ئیمامی و زەیدی، کەمەڵ و بزوتنەوە، یەکگرتوو و سەلەفی، تاڵیبان و داعش، بەکە حەرام و قاعیدە و فلان فیرقە ئایینی و فیسکە گرووپی تری ئیسلامی، لەسەر ماتریدی بوون و موعتەزیلەیی بوون، لەسەر حەمبەلی بوون و ئەشعەری بوون، یەکتری بکوژێت و خوێنی یەکتری بڕژێت و یەکتری تەکفیر و

تەبدیع بکات و بستەوە. وەک ئاوەی لاواتە ئیسلامیکان بە درۆزایی ستان ساڵە، بگرە زیاتر لەهەزار و چوارسەت ساڵە ئاوە دەکرێت.

---

3 نامەی ئەنگلس بە مارکس.. و: سەلام عەبدوڵڵا

لەم 3 نامەیە بە کورتی تەوانینی مارکس و ئەنگلس پیشاندەدەن سەبارەت بەو بارودۆخە کە پێغەمبەری ئیسلام شڕشی کردووە. ئەمە یەکەم نامەیە و لە رۆژانی داهاتوو دوو نامەکەی تریشیان باوەدەکەمەوە.

نامەی ئەنگلس بە مارکس
مانشیستەر 24.ئایار. 1853
… دوێنێ ئەو کتێبەم خوێندەوە کە باسیم بێ کردی سەبارەت بە نەقشە عەرەبییەکان وچۆن بایەخی خێی هەیە سەرەڕای ئەوەی کە گشتی باسی پیاوئاینییەکان و تەوراتە بەشەوەی بۆزئاوەر. سەرکەوتنە مەزنەکەی لەوەدایە کە توانیویەتی بیسەلمێنێ کە جیبۆن هەندێ هەڵەی کردووە سەبارەت بە جوگرافیای کۆن. ئەمە ئەتوانین بەو هەڵانە ئەو ئەنجامە دەستکەوێت کە لاهوتی جیبونیش هەڵەیە. بابەتەکەێ جوگرافیای مێژوویی دوورگەی عەرەبییە بە قەڵەمی بەڕێز(شارل فۆرست)ەێ.
ئەوەی مرۆڤ ئەتوانێت لەو کتێبە دەستیبکەوێت، ئەمەیە:
1- باسی رەچەڵەك لە(تکوین) و پێی وایە رەچەڵەکی نوح و ئیبراهیمە…هتد، هەژماری زۆر دروستە بێ عەڵە بیابانشینەکانی ئەو کاتە. بە گوێرەی خزمایەتی زمانەوانی نزیك یان دوور…هتد و، وەك دەزانین ئەو عەڵە بیابانشینانە لەوکاتە و تا ئێستاش بەردەوام ناوی خێیان ناوە(وەچەی صالد، وەچەی یوسف…هەروا)، واتە کوانی فۆان و فیسارە وەچە و ئەم ناولێنانە کە لە شێوەی بوونی شوانکاری سەرچاوەی وەرگرتووەو، لەدواییدا هەر بێ ئەم ناولێنانە دەمانباتەوە.
ناو هەژمارەکەی(تکوین) زیاد یان کەم دووپات دەکرێتەوە لە جوگرافیاناسە دێرینەکان. هەروا رۆژهەڵات ناسە نوێکان دەیسەلمێنن

كه ناوه كۆنەكان لەگەل گۆڕانكارییەكان لەسەر زاراوە ناوچەییەكان هێشتا لە زۆربەی ناوەكان ماونەتەوە.
هەرچییەك روویدابێت، دەردەكەوێت كە خودی جووەكان هیچ تر نەبوون بێجگە لە عێلێكی بچووكی بیابانشین، ڕەك وەك هەموو ئەوانیتر و، بارودۆخە ناوچەییەكان و كشتوكاڵییەكەی لە ناكۆكیدا بوون لەگەل بیابانشینەكانی تر.
2- ئەوەی پەیوەندی بە داگیركاریە گەورەكانی عەرەبەوە هەیە كە كاتی خۆی باسمان لێوە كرد: بیابانشینەكان وەك مەغولەكان، ماوە ماوە كاری داگیركارانەیان دەكرد. ئیمبراتۆرییەتی ئاشووری و بابلی هاوتا لەلایەن عێلە عەرەبە شوانكارەكان دامەزران كە پاشان خەلافەتی بەغدایان لێ دامەزرا.
كلدانییەكان كە دامەزرێنەرانی ئیمبراتۆرییەتی بابلین، ئێستاش بە هەمان ناو(بنی كالد)و شوێن هەن.
پەرەسەندنی خێرای شارەكان وەك نەینەوا و بابل بە هەمان شێوە بە وردی پێشی 300 ساڵ روویدا و هاوشێوەیان شارگەلی مەزن دامەزران وەك (أغرا و دلهی و لاهور و مونان) لە هیندستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی داگیركاری ئەفغانی یان تتەری. ئا بەم شێوەیە فتوحاتی مەحەمەدی زۆرێك لە خەسڵەتە تایبەتەكانی لەدەستدەدا.

3- پێدەچێ كاتێ عەرەبەكان لە باشووری ڕۆژئاوا جێنشین بوون، وەك بیناسازییەكانیان دەیسەلمێنن، شانیان لە شان شارستانییەتی میسری و ئاشوورییەكانیان دەدا. ئەمە شتی زۆر لەوە فتوحاتی مەحەمەدی ڕوونەدەكاتەوە. ئەوەی پەیوەندی بەو ئاینەوە هەیە، پێدەچێت بە گوێرەی ئەو نەقشە كۆنانە لە باشوور كە تێدا نەریتی كۆنی قەومی عەرەبی باپیرانی یەكتاپەرەستی(لەنێو هیندی و ئەمریكاییەكانیش باپیرانی)، ئەو نەریتەیە كە عیبرانییەكان بەشی زۆر كەمی لەو نەریتە پێكدەهێنن.
شێوەشی ئاینی مەحەمەد وەك گشت بزووتنەوە ئاینییەكان، لە ڕووكەشیدا بەرچدانەوە بوو، گەڕانەوەیەكی زارەكی بوو بەرەو ڕابردوو و ساكاری. ئەمما كتێبی گوایە پیرۆزی یەهودی هیچ تر نیە بێجگە لە تۆمارگەیەك بۆ نەریتی ئاینی وخێڵەكۆنەكانی عەرەبەوە و ڕاستكراوەتەوە بە كردەی زوو جیابوونەوەی یەهودییەكان لە دراوسێ دەمارگیرەكانیان، بەنام بیابانشینەكان-ئەمە ئێستا بە ڕوونی بۆ من دیارە-.
ئەوەی دەوری فەلەستین بە دیوی عەرەب تەنها بە بیابان و زەوی بیابانشینەكان گیراوە، شیكاری گەشەكردنی جودامان بۆ دەكات.
بەنام نەقشی عەرەبی كۆن و نەریتەكان و قورئان و ئەوساكارییە كە

پەمان دەکرێت رەمزەکانی هەموو رەچەڵەکان بکەینەوە…هتد، ئەم راستییە دەیسەلمێنێ کەوا ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی عەرەبی بووە یان زوونتر بڕۆین بەگشتی سامی بووە وەك حاڵەتی قارەمانێتی ئیدا و ساغای ئەمانی لای خەمان.

دەسزتان: ف. أ
سەرچاوە: مراسلات ماركس انجلز، ترجمە فؤاد ایوب، لاپەڕەی 83-92

نامەی ماركس بۆ ئەنگلس
لەندەن لە 2 حوزەیران 1853
….ئەوەی لە نامەکەت پەیوەندی بە عبرانی و عەرەبەوە هەیە بایەخێکی گەورەی لەلام وروژاند. و بەم بۆنەیەوە:
1- دەتوانین بیسەلمێنین کە هەر لەسەرەتای مێژووەوە پەیوەندی گشتی هەبووە لە نێوان ئێلە رۆژهەاتییەکان، لە نێوان بەشکیان کە جێنشین بوون و بەشتکی تری ئێلەکان درۆژەیانداوە بە ژیانی بیانی.
2- لە سەردەمی مەحەمەد رۆگاکانی بازرگانی لەنێوان ئەروپا بۆ ئاسیا تا رادەیەکی زۆر گۆڕا و شارەکانی دوورگەی عەرەبی کە پشکی گەورەی بازرگانیان هەبوو لە گەل هیندستان، لە حاڵەتی وێرانی بازرگانی بوون. بەگشتی ئەم خاڵەی هێزکی گەورەی پێدا.
4- سەبارەت بە مەسەلەی ئاینەکەوە، لە هاوکێشە گشتیەکاندا چارەسەر دەکرێت و پاشان وەامی پرسیارەکە ئاسان دەکاتەوە: بۆچی مێژووی رۆژهەات وەك مێژووی ئاینەکان دەردەکەوێت؟
سەبارەت بە پکهاتنی شارە رۆژهەاتییەکان، مرۆڤ ناتوانێت لە کتێبەکەی پیرە فرانسووا بیرنیە شتکی باشتر و بریقەدار و جوان و زیندووتر بخوێنێتەوە(ماوەی 9 ساڵ پزیشکی لاورنغ زیبە بوو).(….)
بیرنێ پێوایە بەراستی شێوەی بنەەتی هەموو دیاردەکان لە رۆژهەات- مەبەتی تورکیا و ئێران و هیندستانە- ئەوەیە کە موکایەتی تایبەتی زەوی بوونی نییە. ئەمەە کلیلە راتەقینەکەیە و تەنانەت بۆ ئاسمانی رۆژهەاتی…

نامەی ئەنگلس بۆ ماركس
مانشیستەر لە 6. حوزەیران. 1853

…لە راستیدا نەبوونی موکایەتی تایبەتی زەوی کلیلی هەموو رۆژهەاتە بەنیسبەت مێژووی سیاسی یان مێژووی ئاینی، بەام سەیر ئەوەیە چۆن رۆژهەاتییەکان تەنانەت بە شێوە دەرەبەگایەتەکەیشی نەگەیشتن بە موکایەتی خانوبەرە ؟
پەموایە هکارەکەی بەشێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەوا، بۆ

پەیوەندی بە سرووشتی زەوی، بەتایبەتی بەو بەشی بیابانە پانوبەرینەکەی کە لە دوورگەی عەرەبییەوە درێژەی هەیە تا ئێران و هیندستان و وڵاتی و تتەر تا دەگاتە بەرزاییەکانی زوورگاوی ئاسیا.
لێرەدا ئاودێری دەستکرد یەکەم مەرجی کشتوکاڵی بووە و ئەمەش کاری کەمەڵە، هەرێم یان حکومەتی ناوەند بووە. لە هیچ رۆژێك لە رۆژان هیچ حکومەتێکی رۆژهەاتی لە 3 ئیدارە زیاتری نەبووە: دارایی(چەپاوکردنی ناوخۆ)، جەنگ(چەپاوکردنی دەرەوە و ناوەوە)، کارە گشتییەکان(بایەخ بە زاوزێ)ی دەدا.
حکومەتی بەریتانی لە هیندستان بەرچاو تەسکانە رەفتاری لەگەڵ خاڵی یەکەم و دووهەم کردووە و خاڵی سێهەمیان بە تەواوی پشتگوێ خستووە تا ئەو رادەیە کە کشتوکاڵی وڵاتەکە مەترسی وێران بوونی هەیە.
لێرە هەرگیز کێبرکێی ئازاد سەرناکەوێت.
ئەو پەینریزکردنی دەستکردی زەمینە کۆتایی هات لەگەڵ خراپبوونی سیستەمی ئاودێری، ئەو حەقیقەتە سەرسوڕهێنەرەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە رۆژێك لەرۆژان تەواوی ناوچەکان ئاوەدان بوون و ئێستا نەماون و لەناوچوون وەك شاری(تدمر،بترا و کەلاوەکانی یەمەن و ناوچەگەلی تر لە میسر و ئێران و هیندستان)و ئەو راستییەشمان بۆمان شی دەکاتەوە کە یەك جەنگی وێرانکەرانە دەتوانێت وڵاتێك بۆ چەندین سەدە چێ بکات و هەموو شارستانێکەی لەناوببات.
پێموایە وێرانکردنی بازرگانی لە باشووری دوورگەی عەرەبی پێش مەحەمەد کە تێ بە دروستی بۆی چوون، یەکێکە لە هۆکارەکانی شێشی مەحەمەد، ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە. من مێژووی بازرگانی یەکەم شەش سەدەی پێشی مەسیح بە تێروتەسەلی نازانم تا بۆیاربدەم لەسەر بارودۆخی ماددیانە بەگشتی وبە گوێرەی پێویستیش لەبارەی هۆکارەکانی پەسەندکردنی بازرگانی بەڕێگای ئێران بۆ دەریای رەش و بەڕێگای بەندەری فارسی بۆ سوریا و ئاسیای بچووك لەسەر رێگای دەریای سوور. بەهەر حاڵ دیارە دابینکردنی ئاسایشی رێژەیی رێکخراو بۆ کاروانەکان لە ئیمبراتۆرییەتی فارسی کە ساسانییەکان حوکمڕانیان دەکرد، کاریگەری گەورەی هەبووە، بەڕام یەمەن لە ااانی 200- 600 لەژێر دەسەاتی ئەحباشەکان بوو و تا رادەیەك یان داگیرکراوە یان تاانکراوە. شارەکانی باشووری دوورگەی عەرەبی کە هێشتا لە سەردەمی رۆمانییەکان ئاوەدان بوون، لە سەدەی حەفتەم یوون بە کەلاوە. لە ماوەی 500ساڵدا بیابانشینەکان دەوروبەری ئەوکەلاوانە بۆوایان هێنا بە نەریتی خورافی و ئەفسانەیی پەتی لەبارەی رەچەڵەکیان(بۆوانە قورئان و مێژوونووسی عەرەبی النفیری) و ئەو ئەلفوبێیەی کە نقشەکانیان پێ نووسیوە لەو دەڤەرە بەتەواوەتی نەناسراوبوون گەر چی ئەلفوبێی تر نەبووەو خودی نووسین

به کردەوە لەبیرکرابوو.
ئەو شتانە کە هاوشێوەی نەقشەکان بوون لە پایەیاندا((پایەوانەکان))یش هەبوون و مەرجی بازرگانی گشتی بوون، جۆرە وێرانی راستەوخۆ و توندەو بەشێوەی رەها ناکرێت راڤەی تریان بێ بکەن بۆجگە لە داگیرکاری حەبەشییەکان کە پێش هاتنی مەحەمەد بە 40 ساڵ لەناوبران. شایانی باسە کە ئەمە یەکەم کاری هوشیاری قەومی عەرەبی بۆدا بوو و داگیرکارییەکانی فارسەکانیش لە باکوورە کە نزیك مەککە بوونەوە، هاندەریان بوو.
من لە رۆژانی داهاتوو بایەخ بە ژیانی خودی مەحەمەد دەدەم و هەرە چییەك بێت، تا ئێستا وای دەبینم مەرکی پەرپەرچدانەوەی بیابانشینەکانەڤ دژ بە جووتیارە نیشتەجێبووەکانی شارەکان، ئەوانەی لەو کاتەدا کە لە ئاینەکانیان تا رادەیەکی زۆر بێهۆشت بوون بە تێکەڵکردنی پەرستنی بۆگەنیان بۆ سروشت و ئاینی یەهودی و مەسیحی بۆگەن.

□
سەرچاوە: مراسلات ماركس انجلز، ترجمە فؤاد ايوب، لاپەڕەی 83-92

سێبەر – مۆچیاری… نوسینی ئیدگار ئالان پۆ/ وە: پ.ی.د.

مەحەمەد عەزیز سەعید

سێبەر کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکیە. ئیدگار ئالان پوو، نوسەر و شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمەریکی نووسیویەتی. نوسەر لە 19/1/1809 لە بۆستن-ئەمەریکا لە دایك بووە. لە 7/10/ 1849 لە تەمەنی چل ساڵیدا لە ماریلاند – ئەمەریکا کۆچی دووایی کردوە. نوسەر لە ساڵی 1903 ئەم چیرۆکەی بەچاپ گەیاندووە.

ئارەزووی لە مردن هەڵاتن…بەڵێ ، هەرچەندە بە دڵی سێبەردا تێپەڕ بووم – سروودی داوود پێغەمبەر.
بەڵێ ، ئەوە منتان خوێندەوە، هیَشتا لە ژیان دا ماوون، بەڵام من دەنووسم، ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش، چوومەتە ناوچەی سێبەرەکان.

لەاستیدا، گەلێ شتی نامۆ، ڕوودەدات، شتە نەبینیەکان ئاشکرا دەبن. چەندین سەدە دەڕوات، بە بێ ئەوەی هیچ کەسێك، ئەم یادەوەریانە ببینێ. هەندێکیان باوەڕی پێ ناکەن، هەندێکیان گومانی لێ دەکەن، کەسانێك هەن، هەست بە پیتە هەڵکەندراوەکان، بە هەڵکێنەری ئاسنی ، لە سەر تابلۆکان دەکەن.
ساڵ ساڵی ترس بوو، پێ بوو لە هەستی تۆقێنەر، لە سەر زەوی هیچ ناوێکی نەبوو، پەرجوو، نیشانەجیاکەرەوەی زۆر ڕویان دا بوو، هەشە ڕشانەوە ، باڵەکانی کڕشابوو بە هەموو لایەکدا، بە ناو دەریا و سەرزەویدا. جادووگەرەکان، دەیانزانی ئاسمانەکان دیاردەی چارەسەریان هەیە، لەلام ڕوون بوو، "ئێنیسی" یەنانی، لە ساڵی 794 نزیك دەبووینەوە، هەسارەی موشتەری دەچێتە ناو ئالقە سوورەکەی زوحەل. ڕووحی ئاسمانەکان، ئەگەر هەڵە نەبم، ڕووحی ئاسمانەکان، باڵی ڕادەکڕشا، نەك هەر بەسەر زەویدا، بەڵکوو بەسەر مرۆڤایەتی و بیرەوەرییەکان و تۆ ڕامانینەکانیش دا.
شەوێکیان، حەوت کەس بووین، لە هۆتێکی گەورەدا، لەناو کڕشکێکی گەورەی تاریك بە ناوی " پتۆلیمایس" بە دەوری شووشوەکانی پێ لە شەرابی ماڕنی، دانیشتبووین. هۆڕەکە تەنها یەك دەرگای گەورەی هەبوو، لە مس دروست کرابوو، "کڕینڕس" دروستی کردبوو، چۆن دروست کردنێك، زۆر دەگمەن بوو، لە ناوەوەدا دادەخرا. پەردە ڕەشەکان، ژوورەکەیان دەپاراست، مانگ و ئەستێرە غەمگینەکان و شەقامە چۆ َلەکان، لە ناو پەردەکاندا دیار بوون. لە دەورو پشتمان، لە نزیکمانە ، گەلێ شت هەبوو، نەمدەتوانی گرنگیان بێ بدەم – هەست بەخنکان، شتی سروشتی و ڕووحی – قوورسایی لە هەوادا، گەمارۆدان، لە سەرو هەموویانەوە، ئەو هەستە ترسناکە، کەسانی نەسرەوت هەیان بوو، کاتێك هەستەکان لە خەو هەڵدەستن، هێزی ڕووحە وەستاوەکان، بە دڵندەیی دەگەشێنەوە، قوورسایییەکی کوشندە دەیان هاڕ.
بەسەر جەستەماندا بڕاو دەبووەوە، لەسەر شتەکانی ژوورەکەدا، بە ناو ئەو پەرداخە شەرابەی دەمان خواردەوە، هەموو شتێك وا دەردەکەوت، پەستێنراوە، خەیاڵە هێزە، هەموو شتێك، جگە لە حەوت چرا ئاسنەکە، ڕووناکی کردبووەوە، زۆرمان خواردبوو و خوارد بووەوە. گێی ئاگر لە داوە باریکەکان هەڵدەستا، هەروا دەمایەوە، زەرد هەڵ گەڕاو و وەستاو. هەموویان لەوێ دانیشتبوون، بە دەوری خوانی " ئیبێنی" دانیشتبووین، وەکوو ئاوێنەی لێ هاتبوو، دەمان ڕوانیە دەم وچاوی زەرد و چاوە درەوشاوەکانی هاوڕێکانی.
لەگەڵ ئەوەشدا، پێ دەکەنین، دڵخۆش بووین، بەو شێوە هیستیرییەیەی تۆ ی دابووین – گۆرانی شێتانەمان دەگووت، زۆرمان دەخواردەوە، کاتێك بیرمان دەکەوتەوە، شەرابە ماڕنیەکە، خوێنی بە بیر

دەهێنایەوە، خۆ ئەگەر کەسی هەشتەم لە ژووەکە بێ، ئەوا "زوڵەس" ی لاوە. درۆژ کرابوو، مردوو بوو، کفن کرابوو، واڵەتی جنۆکەو و شەیتانی بوو.
بەداخەوە، بەشداری خوشیمانی نەدەکرد. دەم وچاوی مەینەتی تێدا بەدی دەکرا، چاوەکانی، مردنی نەهێواندبووەوە، لەنێو گەرمەی هەشە هێشانەوە – وا پێدەچوو، گرنگی دەدات بە خێشیەکەمان، بە هەمان شێوەی گرنگی دانی مردووەکان بە سەرپەرشتیکارانی مردن. بەڵام من و "ئانیوس" هەستمان کرد، چاوە مردووەکان ، تەماشامان دەکەن، هەوڵم دا لە بینینەکەی تۆ نەگەم، زۆر بە گرنگییەوە تەماشای قووڵایی ئاوێنە ئەبەنۆسیەکەم دەکرد، بە دەنگی بەرز، گۆرانی دەڵێم، بە ئاوازی گۆرانییەکانی کۆی " تیەس".
وردە وردە وازم لە گۆرانی ووتن دەهێنا، دەنگدانەوەی گۆرانییەکەم لە ناو پەردە تاریکەکاندا دوور دەکەوتەوە، لاواز دەبوو، نەما. گۆرانیەکەم لە ناو پەردەکاندا نەما، سێبەرێکی تەماوی دەرکەوت، شێوەی نەبوو، شێوەیەك لە سەر شێوەی مرۆڤ ، مانگ پێش ئاوا بوونی دروستی دەکا. سێبەری مرۆڤ نەبوو، سێبەری خواوەند نەبوو، سێبەری هیچ شتێکی ناسراو نەبوو. لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی لە ناو پەردەکەدا هەندێك هەڵە لەرزی، لەسەر ڕووی دەرگا مسەکە، ڕاست ڕاوەستا.
سێبەرەکە نەناسراو بوو، شێوەی نەبوو، هیچ نیشانەیەکی نەبوو، سێبەری مرۆڤ یان خواوەند نەبوو – خواوەندی یۆنانی، یان کلدانی یان میسری. سێبەرەکە زۆر هێمن لە سەر دەرگا گەورەکە دەجووڵا، هیچ قسەی نەدەکرد، هەق بووبوو، بە هۆقی مایەوە. ئەگەر هەڵەنەبم، دەرگاکە بەرامبەر پۆ یەکانی " زۆیلەسی" لاوی مردوو بوو. ئێمەی حەوت هاوڕێکە، ئازایەتیمان تێدا نەبوو، تەماشەی ئەو سێبەرەی لە پەردەکانەوە هاتبووە دەرەوە بکەین، چاومان نزم کردبوو، تەماشای قووڵایی ئاوێنە ئەبەنۆسەکەمان دەکرد. لە کۆتاییدا، من و ئەنۆس ، بە چرپەی هەندێ ووشە، لە سێبەرەکەمان پرسی، دەربارەی " ناو و شوێنی دانیشتنی"، سێبەر وەڵامی دایەوە:
من سێبەرم، شوێنی دانیشتنم نزیك قەبری " پتولیمیاسە"، نزیك دەشتە دۆزەخە ڕصاصیەکانی دەوروپشتی جۆگەلەی شاڕان. هەر حەوتمان لەترسان هەستاین، ڕاوەستاین، لەترسان هەڵە دەلەرزین، تێقیبووین، دەنگی سێبەرەکە وەکوو دەنگی یەك کەس نەبوو، بە ڕکوو وەکوو دەنگی کۆمەڵێك کەس وابوو، دەنگەکە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕا، دەهاتە ناو گومان، لاسایی زاراوە زانراوەکانی هەزاران هاوڕێ ی مردوومانی دەکردەوە.

Shadow- A Parable …. Edgar Allan Poe
پ.ی.د. مەحەمەد عەزیز سەعید لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە
کەڵەڕی پەروەردەی بنەەت، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

لێگەڕێ ئامێرکان سێما دەکێین… شیعــری شیوانــگ/ وێرگێڕانــی: نێوزاد مدحەت

بەڵێدانێکی نێگەتیڤ،
لێدێ و لێدێ…

هێژان دەڕواو ئەم سێما دەکێین

لێگەڕێ ئەو ئاوازەدا، پێیەکانمان ناوەستێ

هەزم دەپروکێ، ئەم یاسا پەڕاینێ ناگەڕێ

هەمیشە قەڕەباڵغییەکی زەر، هەشتا هەستکردن بە تەنیایی

لە پەڕەکدا ئامێرێک ئاوازەکەی دەگەڕێ

لە چاو تروکانێکدا دەستی کەسێک دەپەڕێ

هاوارت لە ناو دەنگی ئامێرەکاندا دەخنکێ

خوێنی گەرمی تە ناتوانێت ئاگر لەو ئامێرانە بێردا

ئەوەتانێ ئەوانی تر خوێن ساردانێ جێیان هەشتی

هەروەک ئامێرێکی شکاو

کە بوو خوێنی تازە ژاوی تێ، وەک ئەوانی تر سێیەوە

ئاوا بێ ئەسەر؟

-_____

لە ئەدەبیاتی چینی کرێکاری چینییەوە.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
نەوزاد مدحەت

_____

بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گوومڕا...3...شەماڵ بارەوانی

بەشی سێیەم/

بڕۆن بۆ بەو دەستانەی خەم سەری مەلا بەختیار ببەم..!

وەکو لە بەشی یەکەم باسم کرد، بەرلەوەی تووشی گێڕانی فیکری بم، سەر بە هێزێکی ئیسلامی سیاسی کۆنزەرقاتیف بووم، کە خەی بە مەدەنی ناوزەد دەکرد، وەلە من لەناخەوە هەڵگری بیری ڕادیکاڵی بووم و کەسێکی زەرئایدیەلۆژیست و تابەیت بیرتەسک و ئەقڵ ژەنگاوی و ئاسە داخراو بووم.

جا بەو بۆنەیەوە،
هەشتا لە قۆناغی غێبوبەی فیکری و زەر بە تووندنی لە ژەرکاریگەری عاتیفەی دینی دا بووم و بۆنجی ئایدیەلۆژیای ئیسلامی سیاسی بەری نەدابووم و فەقێیەکی تابەیت دگماتیزم و بناژە خواز بووم.

بیرمە لە حوجرە بووم و ڕۆژێک فەقێیەک سیدیەکی هێنا حوجرە، دیباتێکی نەوان مەلا بەختیار و ئەبووبەکر کاروانی ئیسلامی سیاسی و چەند کەسێکی تری ئاماستە سیکەلار بوو،
مەژووی مونازەرەکە، دەگەڕایەوە بۆ ساڵی1999.
مونازەرەکە سەبارەت بە(ئازادی ژن و بنەماکانی مەدەنیەت) بوو.

جا ئەمە بەو پەڕی عاتیفی و حەماسەتەوە لەگەڵ فەقێیەکان بەدەم

سەیرکردنەوە، کاتێک سەرەی قسەکردنی کاروانی ئیخوانی دەهات، دەستمان بە چەپڵەدان و دەنگ هەڵبڕین و پێکەنین و خۆشحاڵی دەربڕین دەکرد، وەکوو ئەوەی بڵێت لە هەڵکە و لە گەڵ ئامادەبووانی مونازەرەکە ئامادەبین و بڵێین ئەها بردمانەوە و کاروانی ئیسلامی، مەلا بەختیاری سیکەلاری بەزاند و ئەوەی ئەم بەوی کرد، با بە دەواری نەکردووە، حەقیقەت واش نەبوو، قسەکانی مەلا بەختیار زۆر واقیعی تر و لۆژیکتر و بەوا پێکراوتربوون و مەلا بەختیار زۆر زاڵتر و پێ مەعریفەتر و لە دەربەینا زۆر بە هەزترووە لە مونازەکەش دا، زیرەکتر و بە تواناتربووە کاروانی هەر بەو بڕاورد نەدەکرا.
وەلێ ئەمە ئەو کات، ئایدیەلۆژیای ئیسلامی سیاسی و هەست و سۆزی ئایینی و دەروەشایەتی کردن بە ئیسلامی سیاسی کۆری کردبووین و هەستی بینینی حەقیقەتی شتەکان وەک خۆی لە سەندبووینەوە و بە فەلسەفەی بشفەت، هەربزنە، کارمان دەکرد و

دەمانگووت: مەلا بەختیار هەر چی بڵێت و چی بێت، لە هۆشنگەری و عیلم و مەعریفە و فەن و سەقافەت دا، هەر کاروانی لەو زیرەکتر و بە تواناترە و مەلای مولحید و سیکەلاریست، هەرگیز، ناتوانێت موناقەشەی کاروانی بکات!

جامن لۆژەر لەویشەوە دەمگووت: بە کۆرایی چاوی ناحەزان و کافران، هۆژەک دادەت و دەوڵەتی ئیسلامی و حوکمی ئیسلامی دەگۆڕێتەوە، بڕۆن بێت مەلای بەختیار، بەو دەستانەی خەم، گەشە و گەش سەرت بەم. هۆژگار هات و چوو، بەر لەوەی دەوڵەتی سیوکراتی دروست بێت، ئەو دەوڵەتەی هەموو خەون و ئاواتی من بوو،(خوایە کۆربم و لە خەونیش ئەو هۆژە هەشە و حوکمی ئیسلامی سیاسی نەبینم)، من تووشی گەڵانی فیکری بووم و دواتر لە هۆگای سەشیاڵ میدیا و فەیسبووکەوە، من و مەڵا بەختیار بووین بە فرەند و هۆژانە ەاو بەچوونمان لە سەر کەمەڵێک چەمکی وەکوو:هۆشنگەری، فەمینیزم، ێیفەرمی ئایینی، ئەقڵانیەت و فەندەمێنتالیزم و ..تاد. دەگەیەوە و دیالێک و گفتوو گەمان لە سەریان دەکرد.
Seen by Shamal Ismael Kareem at Wed 11:12 PM
Shamal Ismael Kareem
وەئێستاش، من بە حوکمی کاری نووسەری و هۆژنامە نووسیمەوە، بە (23)، هۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕی ئاڵاستە سیکەلارست و نەتەوەیی و چەپ، دەنووسم، بەردەوام و بە بچڕان، وە لە نەوان ئەو ژمارەیەدا، پێنجیان ماڵپەڕەکانی مەلا بەختیارن،

ماپەی:(دابەان)، و (چاودێر)، و (ڕوانگە و ڕۆخنە)، و (گۆڤاوەژ)، و (فەرهەنگی ڕۆشنگەری)،
بابەتی ئەدەبی و فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیری دەنووسم و دەیان بابەتیشم سەبارەت بە بوارەکانی : کۆمەڵایەتی و فیکری و ئەقڵانی و مەدەنیەت و مۆدێرنتە و فەمینیزم و سیکۆلاریزم و فەندەمێنتالیزم و ڕانان بە کتێبە ئەدەبی و فیکریەکان و ڕۆمانەکان و هەروەها شیعری خەیشم لەو ماپەڕانە دا، بەاو بووتەوە و تائێستا لە سەر پێشنیاز و داواکاری خودی مەلا بەختیار خەیشی، لە سەر یانزە کتێب و تێزێکی بڵاوکراوەزیان، لە نموونەی:
١-دیموکراسی دوای جەنگی سارد.
٢- ئازادی عەقڵ و کۆمەڵی مەدەنی.
٣- دیموکراسی و دوژمنانی
٤-پێشبینی سەرهەڵدان و مەترسیەکانی داعش
٥- دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنتەو پێست مۆدێرنتەدا.
٦- کوردەواریی و ڕۆشنگەری هاوچەرخ.
٧-یەکەمین کەس، یەکەمین مونازەرەی دوای ڕاپەڕین.
٨-تەتالیتاریزمی ڕۆحی و ئێرکەکانی ڕۆشنگەری هاوچەرخ.
٩-شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم.
١٠-دۆیانەی دیموکراسی و سەڵەفیەت.
١١-دوور لەڕق و تەرەفگیری چەند سەرنجێک لەسەر لابەری بیرۆکەری.
١٢-ژن جۆهەری دیموکراسییە لەو سەردەمەی جیهانگیریدا.کە ئەمەی دوایی تێزێکی بەڵگەزیان بوو.
نووسیومەو کە خەی زیاتر لە(20)، لە کتێبکانی خەی بە دیاری بەخشی بەمن و لەو دوانزە کتێبەیش کە لەسەرم نووسیون،

چەندین ڕۆخنەیشم لەی گرتووە، لە میانی نووسینەکانم سەبارەت بە کتێبکانی ئەو، بە دەگمەکی زەرفراوان و زەر بە خۆشحالیشەوە قبوڵی کردووە و بەر لەوەی لە سەریشیان بنووسم، پێشم گووت: هەرگیز، موجامەلەت ناکەم، ئەلحەق گووتی: بە دڵی خۆت بینووسە و ناتبووڕم، ئەگەر بە دڵی خۆت و زەر ئازادانە، ڕۆخنەم لە نەگریت و هەڵسەنگاندن و ڕانان بە کتێبکانم نەکەیت. هەمووێشی لە ماپەڕەکانی:(دابەان)، و (چاودێر)، و (ڕوانگە و ڕۆخنە)، و (گۆڤاوەژ)دا، بەاوبوونەتەوە، بە ئەوەی دەستکاری یەک دێڕی نووسینەکانم بکرەت، یان ڕۆخنەیەک و وشەیەکم لابرابەت، یا مەلا بەختیار پێی دڵگران و قەڵس ببووبەت.
ئێستاش (ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر) وا خەریکن، هەمووی لە دوو تۆی کتێبکدا لە چاپ دەدەن و دواتر بەاوی دەکەنەوە.

ئەوەش بڵێم:
دووەم کتێبی شیعریم(پارچە شکاوەکانی دڵم)، مەلا بەختیار لە سەر ئەرکی خۆی بۆی چاپکردووم.

لە کۆتایی ئەو بڕگەدا، ماوەتەوە بڵێم:
بەو چەشنە، ئیتر من گۆڕام و ئەو فەقێ دۆگماتیزم و وشک باوەڕە و فەندەمێنتالیزمەی جاران نەمام، تابڵێم سەری مەلا بەختیار، یان هەر سیکۆلاریست و چەپ و بە دینێک دەبڕم،
گەر دەوڵەتی سیوکراتی و حوکمی سیوکراتی بگۆڕتەوە، یان ڕەخنەی بە ئەندازەی مەزهەبیانە و ئایدیۆلۆژیانەم لە دێ دا، لە بەرامبەریان دا،
هەڕەت و تف و نەفرەت و نزای خراپیان لە بکەم، وەکو ئەوەی کاتی سەرۆکی فەقێیاتیم، لە هەمبەر حزبی شیوعی و بارەگای حزبەکەیان دەکرد، لە هەولێری پایتەخت، نەخێر ئەو سەردەمە گوزشت و ئەو جاران بوو، من ئیتر ئەو قەناعەتە داعشی و ئەو هەموو ڕەق و دەمارگیری و نەفرەتەم لە مشک و دێ و دەروونم دا، بە هەرمان و هەمیشە دەرکرد و فڕێدا و ئێستا بە پێچەوانەوە،
من لە بەاوکراوەی چەپ و نەتەوەیی و سیکۆلاریستان، وتار و بابەت و شیعرەکانم بەاو دەبەتەوە و بە کاکە مەلا بەختیاریش،
سڵاوێکی جیاوازی نەوانمان، لە دنیا بینینمان سەبارەت بە هەندێک چەمک و بۆچوونی سیاسی و، حزبایەتی، وەلە خاڵی هاوبەشمان زەر زیاترە، ئەوکات من کەسێکی فەندەمێنتالیست و ئیسلامیست، ئەویش لیبڕاڵ و سیکۆلاریست بوو، ئێستا منیش هەمان شتەوە کەسێکی ئاڕاستە لیبڕال و سیکۆلارم.

لە کۆتایی دا، جیهان بینی و تێڕوانینی مەلا بەختیار هەرچییەک بێت لە بارەی حزبەوە، یاخود سیاسەتەوە، ئەوە ئازادی و مافی خۆیەتی و منیش مافی خۆمە هاوڕا، یاخود ناتەبا و جیاوازبم، مەرجیش نییە من وەک نووسەرێک کە هەمیشە بە لایەنانە دەنووسم، لە گەڵ وشە بە وشەو دێ بە دێ و تەواوی ناوەڕۆکی کتێبەکان و زمانی نووسین و هەموو دەستەواژە و دەربڕینەکانی مەلا بەختیار. هاوبیر و تەباو هاوڕابم، وەلە سەرجەمی هەر جیاوازیێک لە دید و تێڕوانینمان.

من هەردەستەک لە خزمەت پڕۆژەی ڕۆشنگەری و پرسەی مەدەنیەت و نەتەوەکەی خۆی و مرۆڤ دەستیدا بێت،

لە خزمەتی بەهاکانی سیکولاریزم و دنیای مەدەنیەت و بیری مەدەرنەتە و یەکسانی جەندەری و چەمکی نەتەوە پەروەری و ڕەبازی مرۆڤ دەستی و

خۆباتی چینایەتی دا بێت،
کە هەموو ئەو کۆنسێپت و مەفهومانە، سەنگەر و ڕوانیا و ئەقیدە و پێنسیپ و پیرۆزیکانی من و ماکی پێنووس و هێڵ و هەنگاوی منیشن.
هەردەستێک لەو بوارە کاربکات، من ئەو دەستە دەگووشم و دەستخۆشی لێ دەکەم و پشتگیری و هاوبیری و هاوبەشی دەکەم. جا هەردەستێک بێت.

کێچ... بەختیار محەمەد

عاشقەکانی با
کێچیان کرد،
وەك ئاسکە کێویی
پێدەشت و چیا
بێ نیشتمانی بەفر
کێچیان کرد.
عاشقەکانی باران
تنێك تنێك
ژانە ناو دەریا،
لەوێ ون بوون
بوونە ناسنامەی هەموو دنیا.
عاشقەکانی بەفر
کێچیان کرد،
وەك دارکاژ
لە قەدپاڵی شاخ و
لە دارستان و
لە کەنار ڕێگاکان
باڵای خۆیان
سپی پێش کرد
بوونە فریشتەی ئاوارەی
هەموو دنیا.
عاشقەکانی ڕووبار
بێ ئەوپەڕی دنیا،
بێ نیشتمانی شینی

بۆ پاسەپۆرتی دەریاکان
کۆچیان کرد،
لەوێ بوونە
دوڕ و لەعل و مەرجان
ون بوون
لەبەر چاوی هەموان.
عاشقەکانی تەنیایی
کۆچیان کرد
لە نیشتمانێک،
کە لەوەتەی هەیە
لە ناو دەمی
سەدان ئەژدیهایە.

بەختیار محەمەد

نامەیەک بۆ نیشتمان... شیعر: ایرج جنتی عطایی/ بۆ کوردی کردن: پشکۆ ناکام

یاران.....

بۆ بۆ دۆنگ دامۆنیشن

ووڵات، لۆ سۆبەری سۆدارۆیاێ

بۆ بۆ دۆنگ دامۆنیشن

لۆبەر تۆوری دڕندەکانێ

بۆ بۆ دۆنگ دامۆنیشن، یاران

بۆ بۆ دۆنگ دامۆنیشن

لۆ ووڵاتی ئۆمۆیا

وەڵام فیشەکی گەاویە

گەر لە دادپەروەری بپرسی

هەر دڵگەیەکی تر داخراوە

جگە لە دڵی دڵزالەتی

بە دەنگ دامەنیشن یاران

ئەران لە سەبەری سەداریایە

بەوانە ، ووشات غەرقی غەم و نەهامەتی

ئاخ نیشتمان..ئاخ نیشتمان..ئاخ نیشتمان

لە غەما چیمەن بەستوویەتی

ئاخ نیشتمان..ئاخ نیشتمان..ئاخ نیشتمان

لەبەردەم تابوت و کفنا

لەسەر خە هەستنە سەر پێ

ئەی غەرقی

هەزاران دەردی بێ دەوا نیشتمان

ئەی نەچیری

گورگی موبتەلای ئەجەل..نیشتمان

قوربانیەکانت هەموو بێ بەرگی

خوەناوی...نیشتمان

ئازیز نیشتمان

غەریب نیشتمان

بێ ناز نیشتمان

دایە ببینە

بوکی نیشتمان بۆ" جیازی" بووە

دایە ببینە

دەستی بێگانە درێژ بووە

هەر لە تەکی

بە نسیبی پێنگ و بەراز بووە

ئازیز نیشتمان

غەریب نیشتمان

بە ناز نیشتمان

بەکەس نیشتمان

لە هیچ کەسا هیممەت و باوەڕ و

خۆ ڕاگری نیە

ژیانی ئەمە گیان هەڵکەشانە

ژیان نیە

لە هیچ لایەکەوە ڕێی هەڵاتن و

رزگار بوون نیە

ئەی خاکی تۆ، گەوهەر و

یاقووت و ئاڵتون، نیشتمان

" سلەمانی"یەکان هەموو گرفتاری موسیبەتن

"هەولێر"یەکان

ڕووخاوی دەستی ترسن

"گەرمیان"یەکان، دووچاری میحنەتن

بە هەر ژن و پیاوێک

میحنەت سەرایە نیشتمان

ئازیز نیشتمان

غەریب نیشتمان

بە ناز نیشتمان

ئەو دووپشکەی کەوتە نیشتمان

ئامادەیە

ئەو خائین و جەللاد و ستەمگەرانە

ئامادەن

ئەو مەر و تەمار و بەگانە

ئامادەن

ئەوەی نەکراوە ئەو زەردارانە

بەرامبەرت کردیان

ئازیز نیشتمان

غەریب نیشتمان

بە ناز نیشتمان

_____

" نامە بە وطن"

شیعر : ایرج جنتی عطایی

بە کوردی کردن: پشکە ناکام